ناوی کتێب: ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە... سبەی مێژووە

نووسەر: د. بورهان أ. یاسین

شوێنی چاپ:

ساڵی لەچاپدان:

چاپخانەی:

نەخشەی بەرگ:

تیراژ:

ژمارەی سپاردن:

د. بورهان ئەبابەکر یاسین

# ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە

# سبەی مێژووە

# ناوەرۆك


پێشەكی نووسەر ....................................................٤
هەوڵێك لە ڕێی بەزانستكردنی سیاسەت لە كوردستاندا ...................٦
ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە...سبەی مێژووە ...................................١٢
دەربارەی مێژوو ..................................................٢٩
كوردستان لە سیستەمی نوێی جیهانیدا.....................................٤٤
نەتەوە ی كورد و سیاسەتە كوردییەكان لە بەردەم جیهانێكی پڕ لە گۆڕاندا.....................................................................٧١
بوون یان نەبوونی توركیا لە یەكێتی ئەوروپادا چی دەگەیەنێت بۆ كورد؟...................................................................٨٢
ئۆرگانێكی (كۆنگرەیەكی) نەتەوەیی پێداویستیەكی مێژووییە ......٨٧
چاوپێكەوتن سەبارەت كۆنگرەی نەتەوەیی.......................... ١٠١
چەند سەرنجێك دەربارەی خەباتی چەكداری جووڵانەوەی نەتەوەیی
كورد لە كوردستانی باشوور ........................................١٠٦
ئایا كاتی ئەوە هاتووە پ.ك.ك. واز لە خەباتی چەكداری بهێنێت؟ ... ١٣٩
شكست و سیاسەتی گۆڕینی شكست بە (سەركەوتن ) ..........................١٤٣
شەڕی خۆكوژی لە كوردستانی باشوور و چەند تێبینییەك ...............١٦٧
كاتێ كە بەها نەتەوەییەكان دەبنە قوربانی ..............................١٧٨
ئایا دەرفەت هەیە ئاشتیش خۆی تاقی بكاتەوە؟ ..........................١٨٢
ڕاپرسێكی *گزینگ* دەربارەی ململانێی-(ی.ن.ك.) و (پ.ك.ك.) ............١٩٢

پاشكۆ ...
ڕاگەیاندنی كۆنفرانسی دووەمی كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان – سوید لەمەڕ هەڵوەشاندنەوەی كۆنگرە ........................................... ٢٠٤
نووسەر لەچەند دێڕێكدا ................................................... ٢٠٩

# پێشەکی "نووسەر"

ئەم نووسراوانەی بەردەستت کۆمەڵێك وتارو چاوپێکەوتنن کە لە ماوەی (١٠) ساڵدا ئەنجامدراون. هۆیەکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەیان لە شێوەی ئەم پەرتووکەی بەردەست ئەوەیە کە نووسراوەکان هەموویان لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دراون و بڵاو کراونەتەوەو بەکەمی گەیشتوونەتە بەردەستی خوێنەر لە کوردستان. لەبەر ئەوەی هەرنەبێ هەندێ لە بابەتەکان بۆ ئەمڕۆش و بۆ داهاتوویەکی نزیك یا دووریش گرنگییان هەیەو دەبێ، بڵاوکردنەوەیان شتێکی پێویست بوو. هەڵبەتە لێرەدا بە پلەی سەرەکی دەخوازم سوپاسێکی بێپایانی برای خوشەویستم کاك تەحسین قادر بکەم کە هەر لە قۆناغی پێشنیارکردنی بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینانە تا گەیاندنیان بە چاپ لەسەر شانی خۆی و بە زەحمەتی ئەم خۆشەویستە بووە.

هەر لەم دەرفەتەدا دەخوازم ئەمە بە خوێنەر رابگەیەنم کە وا خۆم بە تەواوەتی رازی نیم لە رادەی پێشکەوتوویی زوبانم، چ هی گفتوگۆ بێت یا هی نووسین، لەگەڵ داوای بووردن. ئەوەی تریشیان ئەوەیە کە بابەتەکان هەندێ وشەی بیانی تیایە کە (بە کوردیکراون),

**هۆی بوونی ئەم وشانە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بابەتەکان و لە بەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە ئەم بابەتانە بە پلەی یەکەم کاتی خۆی بۆ خوێنەری کورد لە ئەوروپا ئەنجام دراون.**

**جارێکی تر سوپاسی گەرمم پێشکەش بە برای خۆشەویست کاکە تەحسین قادر دەکەم، بە هیوای سەرکەوتن بۆی لە هەوڵە دڵسۆزەکانیدا.**

**بورهان ئەبابەکر یاسین**

**سوید – لوند**

**٢٠٠٢/٢/١**

# هـەوڵێـك لەڕێـی
# بەزانستکردنی سیاسەت لە کوردستاندا

پاش ئەوەی زەمانـە لەسـاڵی ١٩٩٩ دا بـەرەو دەرەوەی وڵاتـی بـردم ، بـۆ یەکـەم جـار لـەڕێی خوێندنـەوەی چاو پێکەوتنێکیـەوە "د.بورهـان یاسـینم" ناسـی. ئەوەی بەگشتی سەرنجی ڕاکێشام پرۆگرامە زانستی و ڕەخنە گرانەکەی بـوو . یـەکێ لـەو خاڵانـەی جـەختی لەسـەر کردبـوەوە ((پێوسـتی گـۆڕینی ڕوانگـەی حزبـەکانی باشـوری کوردسـتان بـوو لەسـەر کـوردی دیاسـپۆرا، لـە خەسـارەی نەتەوەییەوە بۆ سامانی نەتەوەیی))!

لەگەڵ دڵخۆش بوونی زۆرمدا بەوەی لە دەرەوەی وڵات ، ئەکادیمی وا دڵسۆزو بوێر و بیر ئازادمان هەیە، نیگەرانیش بووم بەوەی چۆن هەتا ئەو کاتە پێی ئاشنا نەبووم و بەگشتی بیرو بۆچونەکانی لەناو وڵات بڵاو نەبونەتەوە ! پاشان لە مایسی ٢٠٠٠ لە شاری یۆتۆبۆری سوید کۆمەڵەی کلتوری بروسك کۆڕێکیان بۆ "د.بورهان "ساز کرد، بابەتەکەی هەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداری بوو لە باکور و باشوری وڵات ، زانایانەو دوور لە سۆز و لایەنخوازی گەوهەری هەردوو بابەتی"چەند سەرنجێك دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور" و "شکست و

سیاسەتی گۆڕینی شکست بە سەرکەوتن" ی خستە ڕوو .

لەم لێکۆڵینەوانەدا "د.بورهان" خەباتی چەکداری لە چوارچێوە ((پیرۆز)) کراوەکەی دەردێنێ و سنوری گفت و گۆی ((ڕەوایی و ناڕەوایی)) ئەو شێوە خەباتە دەبەزێنێ و دەیخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە !

سەرەتا لە جولانەوەی (١٩٦١-١٩٧٥) دەکۆڵێتەوە سەبارەت بە ململانێی فیکری و سیاسی ڕۆشنبیران لەلایەك و لایەنی خێڵەکی ناو بزووتنەوەکە و کاریگەری بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ و لە ئەنجامیشدا زاڵبوونی سروشتی عەسکەرتاری، هەروەها خەباتی چەکداری و هاوپەیمانێتی ناوچەیی و هەرێمایەتی و کاریگەری ئەم هاوپەیمانێتیە بۆ کۆتایی هێنان بە جولانەوە چەکداریەکە، پاشان سەرەنجامە پۆزەتیف و نیگەتیفەکانی ئەو ئەزموونە دەخاتە ڕوو .

ئینجا جولانەوەی (١٩٧٦-١٩٨٨) ش اتەوەو لەو باوەڕەدایە دەبوایە دوای شکستی ١٩٧٥ ، بەووردی و بە وڵی پرپپپرسیارێك بخرایەتە ڕوو ((ئایا کورد بەردەوام بێت لەسەر خەباتی چەکداری یان وازی لێ بێنێت؟ ئەگەر وازیشی لێ بێنێت ، ئایا ئەلتەر ناتیڤی ئەو شێوە خەباتە چی بێت؟

د.بورهان لەو باوەڕەدایە دوای هەرەس هێنانی ١٩٧٥ وای پێویست دەکرد خەباتی چەکداری شێوەی تر وەربگرێ واتە لە ڕۆخەوە بگوازرێتەوە بۆ چەق، ئەگەر نا باشتر وا بوو جارێکی دی دەست بە خەباتی چەکداری نەکرێتەوە بە هەمان میتۆدی جولانەوەی پێشوو کە بریتیە لە شەڕی چەکداری لە ڕۆخەوە دژی چەقی یەکەم (داگیرکەری یەکەم) بە پشت بەستن بە چەقی دووەم (داگیرکەری دووەم).

لە باسی دووەم دا (( شکست و سیاسەتی گۆڕینی شکست بەسەرکەوتن)) د.بورهان بابەتیانە ڕوداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی باکووری کوردستان و بەتایبەتی (پ.ك.ك) هەڵدەسەنگێنێ. سەرەتا وەڵامی پاساودانەوەی شکستی

خەباتی چەکداری-سیاسی پ.ك.ك بە پیلان و دوو ڕوویی سیاسەتی زل هێزەکان بەوە دەداتەوە: ((ناسروشتی ئەوەیە سیاسەتی دەوڵەتان دوو ڕوو نەبێ !))

پاشان دیالێکتێك و میکانیزمی هەرە گرنگی خەباتی چەکداری باکوور هەر وەك باشوور بە *یەکێتی و دژایەتی* هەردوو نیوە بازنەی خەباتی ئازادیخوازی دژی ڕژێمێکی داگیرکەر و نیوەکەی تریش بە هاوپەیمانی جوڵانەوەکە لەگەڵ ڕژێمێکی داگیرکەری بەشێکی تری کوردستان دەچوێنێ ، کە تێك شکاندنی نیوەی دووەمی بازنەکە (هاوپەیمانی نێوان سوریا و پ.ك.ك) جوڵانەوەکەی بە بن بەست گەیاند .

دوای ئەوە قۆناغی چونە ئەوروپا و دەستگیر کردنی سەرۆکی پ.ك.ك لەلایەن تورکیاو هاوپەیمانەکانیەوە شیدەکاتەوە و دەگاتە ئەوەی: ((گرێدانەوەی چارەنوسی مەسەلەکان بە تەواوەتی بە ئوجەلانەوە وای کرد لەگەڵ دەستگیر کردنی ئەودا تەواوی ئیرادەی پ.ك.ك و چارەنوسی کێشەی کورد لە باکوور دەستگیر بکرێ)).

لەم بارەیەوە وازهێنانی پ.ك.ك لە خەباتی چەکداری بە هەنگاوێکی درەنگ وەخت هەروەها کاردانەوەیەك دەزانێ ((هەر وەك چەك هەڵگرتنەکە)) نەك ئەلتەرناتیڤێکی ستراتیژی، کە دەبوایە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە هەنگاوی هوشیارانەی بۆ بنرایە.

کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ڕاوەستانێکی رخنەگرانە لەسەر ((کۆماری دیموکراتی)) دەهێنێ وەك کلیلی چارەسەر و دەرمانی هەموو دەردەکان کە بەردەوام لە باکور و باشور بانگەشەی بۆ دەکرێت. لای وایە سیستەمی دیموکراسی شێوەیەکی هەرە باشی ڕێکخستن و بەیەکەوە ژیانە، کە مافی تاك و کۆ دەپارێزێ. هەرچەندە بە هۆی کۆمەڵێ هۆکاری مێژوویی-سیاسی-کلتوری بە دیموکراسی کردنی ئەم وولاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە زۆر

زەحمەتە. بەڵام گەر بێتە دیش ئەوا ئۆتۆماتیکی چارەسەری کێشە ئیتنیکی و نەتەوەییەکان ناکات، لەم بارەیەوە نمونەی بەریتانیا و ئیرلەندە، باسك لە ئیسپانیا و کیوبك لە کەنەدا دەهێنێتەوە .

حاڵەتی کوردستان و دەوڵەتە داگیر کەرەکانی بە (( کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی)) دەچوێنێ و دەڵێت : ((تورکیا لەباری سیاسەتی ڕەگەز پەرستی (ئەپارتاید) لە هەندێ لایەنەوە لە سیستەمی کۆنی ئەفریقای خوارووشی تێپەڕ کردووە ، دەبێ هەر لەبەر ئەوەش بێ نیلسۆن ماندێلا ڕەفزی ئەوەی کرد خەلأتی ئەتاتورك — لە تورکیا - وەرگرێ)).

ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەو هەموو کوردەی دانیشتووی یۆتۆبۆرین ژمارەیەکی کەم ئامادەی کۆڕەکەی د.بورهان بوون ، کەمتریش بەشداری پۆزەتیفانەی گفت و گۆکانیان کرد ، ئەمەش سەرچاوەیەکی تری نیگەرانی کردنمان بوو .

بۆیە هەر ئەو ڕۆژە بیرۆکەی کۆکردنەوەو بەچاپ گەیاندنی نوسینەکانی ئەم بەڕێزەم هات بە بیرداو پاش ئەوەی نوسینەکانی تریشم چاوپێکەوتن کە بە زمانی کوردی هەروەها سویدی و ئینگلیزی نوسینی، زیاتر پرۆژەکەم لا گەلاڵە بوو .

ئەوەی جێگای سەرنجی هەردووکمان بوو پاش زیاتر یەکتر ناسین و ئاڵ و گۆڕی بیروڕاو نوسین، لێك نزیکی و لەیەك چوونی زۆر لەبۆچونەکانمان بوو، کە لە کاتی جیاواز و شوێنی دوور لەیەك و بێ ئاگاداری لەیەکتر نوسراون و بلأو کراونەتەوە ، تەعلیقی بەڕێزی لەسەر ئەم دیاردەیەش ئەوە بوو : ((ئەم دوبارە و چەند بارە بوونەوەی بیروڕایانە لۆژیك و دروستی بۆچونەکان دەسەلمێنێ، بە پێچەوانەوە بیروڕای ئێمە مانان گەر لە یەکتر نەچن نا ئاساییە)).

ئەو بابەتانەی د.بورهان لە چوارچێوەی ئەم کتێبەی بەردەستتان دا

قسەی لەسەر کردوون ڕاڤە کردنی مێژووە وەك زانست و وەك سەرچاوەی بۆ گەڕانەوە لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا ،ئامانجەکەشی نەخشاندنی ڕێبازی سیاسی کوردستانیانە و چەسپاندنی ناسنامەیە، ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێشە د.بورهان سەرەڕای ئەوەی وەك زاناو ئەکادیمی لایەنە تیوریەکانی بابەتەکان دەخاتە ڕوو لەهەمان کات دا هێڵە سوورەکان دەبەزێنێ و خاڵ دەخاتە سەر حەرفەکان: ((دیارە سوود وەرنەگرتن لە دوو دەرفەتی لکاو بە جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە نێونەتەوەییەکان، بەلاّم لە حاڵەتی سێیەم دا ، واتە سوود وەرنەگرتن لە دەرفەتی ڕەخساو دوای تەواو بوونی شەڕی سارد و شەڕی ئازاد کردنی کوەیت، هۆیەکەی تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تەبایی و هاوکاری لە نێوان بەشەکانی جیاوازی جولاّنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و بەتایبەتی لە نێوان سەرانی کورددا)) دەرمانی ئەم دەردە گەورەیەش بەم جۆرە دیاری دەکات: ((چوارچێوەی حزب و حزبایەتی کاڤ نیە بۆ خەباتی کورد پێویستە پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکانی کورد میکانیزمی ڕاوێژکاری بە شارەزایان و پسپۆڕان جێبەجێ بکەن و گوێ لە ڕای ئازاد بگرن بەمەش سیاسەت دەکرێتە کارێکی پرۆفیشناڵی و سنوری حزبایەتیش تێك دەشکێنێ)).

منیش هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەم چەپکە بیروڕا ئازاو ئازادانەیەی د.بورهان پێشکەشی خوێنەرانی خۆشەویست دەکەم بەهیوای شڵەقاندنی گۆمی پرسیار و گومان و تێڕامانیان لەسەر ئەو پراکتیکانەی دەربارەی چارەنوسیان کراوە و دەکرێت.

واش ڕێکەوتووە ئەمڕۆ ٢٠٠٢/٣/٧ ئەم چەند ووشەیە بنووسم کە یادی یانزە ساڵەی ڕاپەڕینی مەزنی ئازاری(١٩٩١)ە لەو ڕۆژەدا لەگەڵ کۆمەڵی زیندانی سیاسی لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی ڕزگار کراین و دووبارە زیندوو بووینەوە، هەر ئەم ڕۆژە یادی یەکەمین ساڵی کۆچی دوایی دایکی مەزن و

خۆشەویستمە، لە چلەکەیدا پەیمانم دایە خۆشەویستی ئەویش بدەمە گەل و نیشتمان ئەوا لە یەکەم ساڵی یادکردنەوەکەیدا ئەم چرایەی بیرو تێڕامانەکانی د.بورهان بە خوێنەران دەگەیەنم هیوادارم هەموو ساڵێ بتوانم بەم شێوەیە ڕێز لەم بۆنەو یادە بگرم.

**تەحسین قادر، ٧/ ٣/٢٠٠٢**

# ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە، سبەی مێژووە

| |
|---|
| **دیداری گۆڤاری *گزینگ* ژمارە ١٢ هاوینی ١٩٩٦** |

**گزینگ:** پێش هەموو شتێك، بە پێویستی دەزانم بە ناوی (گزینگ)ەوە بۆ ئەو وتووێژە سوپاستان بکەم، دیارە بەرلەوەی بچینە سەر باسەکەمان، خۆشحال دەبین ئەگەر لەسەر چالاکی و ژیانی ئەکادیمی خۆتان کورتەیەکمان بۆ باس بکەن.

◘ بەڵێ، من لەدایکبووی کوردستانی باشوورم، ساڵی ١٩٥٦ هاتوومەتە دونیاوە، خوێندنی زانکۆم لە عێراق ئەنجامداوە، ساڵی ١٩٨٣ هاتم بۆ سوید و پار (١٩٩٥)، لە زانکۆی لوند بە پێشکەشکردنی نامەی دوکتۆرا دەربارەی (کورد لە سیاسەتی زلهێزەکاندا)، خوێندنی باڵام تەواو کرد، ژمارەیەك وتارم نووسیوە و بەشداری ژمارەیەك کۆنفرانسی ئەکادیمی بووم لە سوید و، هەروەها لە دەرەوەی سویدیش.

**گزینگ:** ببورە، بەرلەوەی بچینە سەر پرسیارێکی تر، ئایا دەکرێ ڕوونی بکەنەوە کە چ کۆسپ و ئاستەنگێك هاتە ڕێگات بۆ نووسینی نامەی دوکتۆراکەتان؟

◘ بە گشتی دەتوانم ئاماژە بۆ ژمارەیەك كۆسپ و تەگەرە بكەم كە هاتوونەتە ڕێگام. یەكەمیان، كارێكی ئاسان نەبوو كەوا سەرپەرشتكارێك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیم بكات لە كاتی نووسینی نامەكەمدا. بەهەرحال دوای هەوڵێكی زۆر توانیم پرۆفیسۆرێك كە تایبەتمەندە بە ململانێ ئەتنیكیەكان، ڕازی بكەم ببێ بە سەرپەرشتكارم. دووەمیان، مەسەلەی سەرچاوەی ئەسڵی و دەستی یەكەمە، كە لەبەر نەبوونی دامەزراوی كوردی ئەكادیمی بەتواناو بە گشتی نەبوونی ئەرشیفی كوردی، زۆر ئاستەنگی هێنایە پێشەوە. دیارە بۆ كاری دوكتۆراكەم توانیم سوود لە سەرچاوەی بەریتانی، كە ماتریاڵە دیپلۆماسییەكەی لە Public Record Office كۆكراوەتەوە، وەرگرم. هەروەها بە سەردانێكی دوو حەفتەیی بۆ ئەرشیفی ئەمریكی كە ناوی (National Archives)ە، زۆرم سوود وەرگرت. جگە لەم دوو ئەرشیڤە سوودم لە سەرچاوەی كوردی و فارسی و عەرەبیش وەرگرتووە. سێهەم ئاستەنگ، دیارە زۆر پێویست بە ڕوونكردنەوەی ناكات، ئەویش مەسەلەی زمان و شارەزابوونە لە سیستمی خوێندن و لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی لەم وڵاتەدا.

**گزینگ:** كاك بورهان، ئەگەر ئیجازە بدەن، یەكەم پرسیارمان با لەسەر (مێژوو) دەست پێبكەین. بە ڕای جەنابت مێژوو وەكو زانست زیاتر لەسەر چ فاكتۆر گەلێك پێدادەگرێ و گرنگی ئەم زانستە چۆن دەبینن؟

◘ ئەم پرسیارەتان دیارە زیاتر لایەنی تیۆری و میتۆد دەگرێتەوە و زیاتر ئەوە دەگەیەنێ كە ئایا مێژوونووس لە مەسەلەی فەلسەفەی مێژوودا لە كوێ دەوەستێ و چ هەڵوێستێك وەردەگرێ.

دیارە لە زانستی مێژوودا پێ لەسەر زۆر فاكتەر دادەگرێ، وەكو: ئایدیۆلۆژی؛ ململانێی چینایەتی؛ كولتوور و شارستانی؛ شێوازی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی – سیاسی؛ ئایین؛ ناسیۆنالیزم؛ چالاكییە ئابوورییەكان؛ تاكەكەس و دەوری فكری یا پراكتیكیان؛ جوگرافیا و بە تایبەتی

ژیۆپۆلیتیك؛ وەهەر نەبێ لە دوو سەد سالی دواییدا دیارە دەوری دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوەیی وەك فاکتەرێکی گرنگ تەماشا کراوە. زۆرجار وا دەبێ کە مێژوونووس جەخت لەسەر فاکتەرێك دەکات و دەیکاتە چوارچێوەی تیۆری و میتۆدێکی لێکۆڵینەوە. ئەم هەڵبژاردنە دیارە هێندێ جار لەسەر بنچینەی قەناعەت و بۆچوونی ئایدیۆلۆژییەوە دێت و هێندێ جاریش لەبەر ئەوەیە کە مێژوونووس بیروباوەری بە مەدرەسەیەکی مێژوویی تایبەت هەیە و جاری واش هەیە کە بابەتەکە و شێوەی ئەوەی پێی دەڵێن پرۆبلێماتیزەکردن و پرسیارە سەرەکییەکانی باس، وە یاخود چوارچێوەی زەمەنی لێکۆڵینەوەکە وا دەکەن کە هێندێ فاکتەر جەختیان لەسەر بکرێ و پێی لەسەر دابگیرێ. بە لای خۆمەوە هەوڵی ئەوە دەدەم کە کراوە بم بەرامبەر هەر فاکتەرێك کە لە کاتێك، شوێنێك، یا ڕووداوێکی تایبەتیدا دەوری خۆی دیتبێ. وە هەوڵی ئەوە دەدەم کە ڕووداوی مێژوو بە دابڕاوی نەبینم، بەڵکو بەستراوە بێت، بەپێی ئەوەی پێی دەڵێن قانوونی پەیوەندییە تەریبییەکان (واتە پێوەندی ڕووداو و دیاردە مێژووییەکان بە ڕووداو و دیاردەی پێشتر لە زەمەندا)، وە قانوونی پێوەندییە ئاسۆییەکان واتە پێوەندی دیاردە و ڕووداوەکان لە هەمان کاتدا. دیسان دەخوازم لە ئاستی جیاجیادا تەماشای پێشوەچوونی مێژوویی بکەم، بۆ نموونە بە گۆڕان و ڕۆلی ئەکتەرەکانی تێکەڵ بە ڕووداو و پێشوەچوونەکە.

لە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتدا، دەمەوێ بڵێم کە بەڵێ مێژوو زانستێکی گرنگە. مێژوو؛ دەتوانرێ وەکو سەرچاوەی ڕابوردووی مرۆڤایەتی تەماشا بکرێ. لەم ڕابوردووەش دیارە سوود وەردەگیرێ بۆ هەرنەبێ دووپات نەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابوردوو، بۆ ڕێگرتن لە دووپاتبوونەوەی هەرەس و کاریسە مێژووییەکان کە تیایاندا مرۆڤ دەوری سەرەکی هەبووە. بە ڕاستیش لە مەدرەسە فەلسەفییە جیاجیاکاندا، جەخت کراوەتە سەر شتی جیاجیا لە پێناسەی مرۆڤ، بۆ نموونە دیکارت و بیرکردنەوە، شوبنهاور و زمان و توانای قسەکردن، مارکس و توانای دروستکردنی ئالەت و کەرەسەی بەرهەمهێنان،

ئەرەستۆتالیس و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ. بەڵام پێناسەیەکی تری مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ زیندەوەرێکی خاوەن مێژووە واتە جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی ئاژەڵ ئەوەیە کە توانای سوود وەرگرتنی هەیە لە ڕابوردووەکەی بۆ باشکردنی ژیانی. دوو، لایەنێکی تری مێژوو ئەوەیە کە مێژوو وەك سەرچاوەی بۆگەڕانەوە (reference) بۆ ئەو کەسانەی کە بڕیاری سیاسی وەردەگرن یا لە هەنگاوێکی سیاسیدا پێ هەڵدەگرن. بە ڕاستیش گوتراوە کە سیاسییەکی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە مێژوو باش بزانێت. جاری وا هەیە گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و ڕووداوی مێژوویی پێویست دەبێت بۆ وەرگرتنی بڕیارێ یا هەڵسوکەوتێ کە پێوەندی بە ئەمڕۆ یا دواڕۆژەوە هەیە بۆ ڕەوایی دان بە بڕیار یا هەڵسوکەوتەکە. سێ، مێژوو بەکار دێت بۆ دروستکردنی بیروڕای سیاسی واتە ئەوەی پێی دەگوترێ (opinion). تا ئەو ڕادەیەی ئەم باسە سیاسەت و مێژوو دەگرێتەوە ئەوا دەتوانرێ بگوترێ سیاسەت بەردەوامی مێژووە، ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە سبەینێ مێژووە. چوار، مێژوو بەکار دێت وەکو کەرەسەیەکی دروستبوون یا دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵێکی ئیتنیکی. دروستبوون مەبەستم لە ڕۆڵی کاری مێژوویی و ڕووداوی مێژووییە لە دروستبوونی ناسنامە (identity)ی نەتەوەیی وەکو شتێکی خۆڕسك و بە بێ بەرنامەکردن. وە مەبەستم لە دروستکردنیش ئەوەیە کە هێز و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران ڕۆڵی خۆیان ببینن لە بەرهەمهێنانی مێژووی نووسراو و جەختکردنە سەری لە گەشەپێدان و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی؛ ئەوەش پێی دەڵێن بەمێژووکردن (historicism) لە پرۆسەی (ناساندن)دا واتە (identification).

**گزینگ:** زانستی (مێژوو) لە ڕوانگەی سیاسەتی نێونەتەوەییەوە چۆن سەیری (نەتەوە) دەکا؟ بە تایبەت بە سەرنجدان لەو گۆڕانکارییانەی کە لەم دواییانەدا ڕوویان داوە.

■ دیسان وا دەزانم پرسیارەکەتان زیاتر لایەنی تیۆری دەگرێتەوە. لێرەدا وەڵامەکەم دوو لایەنی هەیە: یەکەمیان مەسەلەی پێوەندی زانستی مێژووە لەگەڵ زانستی سیاسەت وەکو دوو دیسیپلینی باس و لێکۆڵینەوەی جیا لە یەکتر، بەڵام لە هەمان کاتدا لە یەکتر نزیك. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەرچی مێژوو و سیاسەت، بە تایبەت سیاسەتی نێونەتەوەیی وەکو دوو دیسیپلینی سەربەخۆ تەماشا دەکرێن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی تیۆری و میتۆد و چەمك (concept)ە بەکارهاتووەکان هاوبەشییێکی زۆر هەیە. لایەنی دووەم ئەوەیە ئایا لە پرۆسەی مێژووییدا نەتەوە و دەوری لە گۆڕانکاری و پێشوەچوونە مێژووییەکان چۆن دەبینرێن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە بزانین کە پێناسەی نەتەوە لە لای هێندێ لێزانی ناسیۆنالیزم دەبەسترێتەوە بە بوون و پێشکەوتنی دەوڵەت، بەڵام لای هێندێکی تر بە بنچینە و هۆکارە ئیتنیکییەکانەوە دەبەسترێتەوە. مەسەلەیەکی تری گرنگ لەم ڕوانگەیەوە ئەوەیە کە ئایا ئەکتەر کێیە لە سیاسەت و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. ئایا دەوڵەت و نەتەوەی خاوەن دەوڵەت تەنها ئەکتەری سەر مەیدانی سیاسییە یا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتیش ( non-state nation)دەتوانێ ئەکتەر بێ لەسەر مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا؟ ئەم پرسیارانە بۆ مێژوونووس و سیاسەتزان وەکو یەك گرنگە، تەنها فەرقیان لەوانەیە فەرقی کاتی یا زەمەنی و یاخود میتۆدی بێت.

لەم بواری لێکۆڵینەوەیەدا، دوو مەدرەسەی جیاواز هەن: یەکەمیان مەدرەسەی تەقلیدییە. دیارە ئەم مەدرەسەیە تەنها دەوڵەت و نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەتی دیاریکراو وەکو ئەکتەر لەسەر مەیدانی سیاسەت و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەناسێنێ. بیانووی ئەم مەدرەسەیەش بۆ ئەم بۆچوونە زۆرە، دیارە لێرەدا دەرفەت کەمە بۆ شیکردنەوەی. مەدرەسەی دووەمیان، دیارە نەتەوە، گەر خاوەن دەوڵەتیش نەبێ، بەڵکو وەکو کەمایەتییەك لە دەوڵەتێك یا لە ناو چەند دەوڵەتێکدا بژێ، وەکو ئەکتەری نێونەتەوەیی تەماشای دەکا. بیانووی ئەم مەدرەسەیەش لەم ڕووەوە زۆرن؛

وەكو: نەتەوەیەكی بێ دەوڵەت دەتوانێ تەئسیر بكاتە سەر سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە و ئەمنی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانەی كە تێیاندا دەژی، تەئسیری نەتەوە لەم بوارانەدا زیاتر دەبێ ئەگەر ئەم نەتەوەیە ڕێكخرابێ لە جووڵانەوەی سیاسیدا. هەڵبەت ئەو نموونانەی كە ئاماژەیان بۆ كراوە لە لایەن ئەو لێزانانەی خاوەنی ئەم ڕایەن، نەتەوەی كورد و فەلەستینی و هێندێ نەتەوەی ترن. دیارە من خۆم ئەو بۆچوونەی دووەمیان بە پەسند دەزانم و سوودیشم لێ وەرگرتووە وەكو مۆدێلی لێكۆڵینەوە لە نووسینی نامەی دوكتۆراكەم.

**گزینگ:** بە گوێرەی ئەو فاكتۆرانەی كە نەتەوەیان پێ پێناسە كراوە، ئێوە بە تێكڕایی لەسەر گەلی كورد وەك نەتەوە چ ڕاو بۆچوونێكتان هەیە؟

◘ بەڵێ، دیارە فاكتەری زۆر هەن باسیان لێدەكرێ لە كاتی پێناسەكردنی نەتەوەدا. لە زۆربەی حاڵەتدا، دوو لایەنی مەسەلەكە دەخرێنە ڕوو، مەبەستیشم ئەوەیە كە نەتەوە وەكو دیاردەیەكی مێژوویی – سیاسی، لە ناوەرۆك و شێواز و پێشوەچوون و دەربڕینیدا، دوو لایەنی هەیە: یەكەمیان لایەن و فاكتەرە بابەتییەكان، ئەوی تریشیان لایەن و فاكتەرە خۆییەكانن. دیارە بەشی یەكەمیان زمان و كولتوور و تەقلید و خاك و مێژوو و هەستی هاوبەش دەگرێتەوە. لایەنی دووەمیان دیارە بە سیاسیكردنی دیاردەی نەتەوە دەگرێتەوە. لێرەشدا وەعی نەتەوەیی، ڕادەی خۆ ڕێكخستن، پرۆژەی نەتەوەیی و دروستكردنی تەباییەكی (**solidarity**) نەتەوەیی و كۆبوونەوە لە دەوروبەری پرۆگرامێكی سیاسی یا پرۆژەیەكی نەتەوەییدا. لێرەدا هەڵبەت ڕێكخراو و كەسایەتی ڕۆشنبیری و زۆر لایەنی تر ڕۆڵی خۆیان دەبینن. تا ئەو ڕادەیەی مەسەلەكە پێوەندی بە كوردەوە هەبێ، دیارە نەتەوەی كورد لایەنە بابەتییەكانی پێكهاتنی نەتەوەیی زۆر بەهێزن، وە لەم ڕووەوە نەتەوەی كورد مەترسی لەسەر نییە كە لە فاكتەرە بنەڕەتییەكانەوە لێی بدرێت بۆ لەناوبردنی، هەرچەند هێندێ هەوڵی شۆڤینیستی تا ئێستا لە كاردا هەبوون

و هەن بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بەڵام بێگومان تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو نەبوون. دیارە بێهێزی لە ڕووی فاکتەرە خۆییەکانەوە هەیە، ئەمەش شتێکی بەرچاوە.

لێرەشدا دەمەوێ بڵێم کە بەڵێ ڕاستە دابەشبوونی کوردستان هۆکارێکی گرنگە لە دابەشبوونی نەتەوەی کورددا، بەڵام جووڵانەوەی سیاسی کوردستان یا ڕاستتر وایە بڵێین کە جووڵانەوە سیاسییە کوردستانییەکان وەکو فاکتەری خۆیی تا ئێستا دەربری ئەم ڕاستییە ژیۆپۆلیتیکییە بوون، کەچی بە پێویست دەبێ جووڵانەوەی سیاسی لە کوردستاندا ئەگەرچی لە ئاستی فکریشدا ببوایە پێویست بوو پرۆژەی نەتەوەیی کوردستانی بخستایە ڕوو، کە ئەویش بە پێویست دەبووایە ڕەتکردنەوەی ئەم دابەشبوونە بێت. کە ئەم باسە دەکەین دەبێ بۆچوونی پسپۆری کورد (مێهرداد ئێزەدی) * مان لە بەرچاو بێت کە دەڵێ: (ترسی ئەوە هەیە کە دوای دە ساڵی تر باس لە چەند نەتەوەیەکی کورد بکرێ لە بری نەتەوەیەکی کوردی). لەوانەیە مرۆڤ بە تەواوی لەگەڵ مەترسییەکەی بەڕێز مێهرداد ئیزەدیدا نەبێ، بەڵام هەرنەبێ تا ئێستاش دیارە لە ناو پرۆسەی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا دیاردەیەکی زۆر نێگەتیڤانە هەبووە، ئەویش ڕەوایی دانە بە دابەشبوونی نەتەوەی کورد بەسەر چەند وڵاتێکدا یا هەر نەبێ لە باشترین حاڵەتدا، خۆگونجاندن بووە لەگەڵ ئەو ڕاستییە ژیۆپۆلیتیکییەی دابەشبوونی کوردستان، نەك کارکردن بۆ ڕەددانەوە و بە ناڕەوایی ناساندنی ئەم واقیعە.

بەڵێ، دیارە بیر و بۆچوونی جیاواز هەن لە مەڕ پێناسەی نەتەوەو هۆکارەکانی دروستبوون و گەشەکردنی. وە هەروەها، بەڵکو بە تایبەتیش، پێوەندی ئەم چەمکە یا تێرمە بە چەمکی دەوڵەتەوە. دیارە لەم بارەیەوە زانستی مێژووش وەکو هەر دیسیپلینێکی زانستی تر هەمەڕەنگی و جیاوازی زۆری تێدا بەدی دەکرێ لەم لایەنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن. دیارە لە ڕووی مێژووییەوە کە باس دێتە سەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە پەیوەست

(context)ێکی ئەوروپییەوە ئەوا دەتوانین بە گشتی پەنجە بۆ دوو مەفهوومی نەتەوە، کە لە یەك جیان، ڕابکێشین کە ئەوانیش مەفهوومی ئەڵمانی و فەڕەنسەیین؛ کە یەکەمیان جەخت دەکاتە سەر لایەنی ئیتنیکی و زمان و بگرە هاوبەشی خوێنیش، کەچی هی دووەمیان واتە مەفهوومی فەڕەنسی جەخت دەکاتە سەر دەوڵەت کە تێیدا تاکەکەس خۆی وەکو هاونیشتمان (citizen)ی وڵاتەکەی تەماشا دەکات و سنوور و ئاڵا و کەسایەتی سیاسی دەوڵەتەکەی خۆی لەبەرچاوە. بەرانبەر بەمەش هاونیشتمان مافە ئەسڵییەکانی زامن دەکرێت لەلایەن دەوڵەت و دامەزراوەکانییەوە. دیارە مەفهومی ئەڵمانی کاریگەری خۆی خستووەتە سەر ئەوروپای ڕۆژهەڵات و جیهانی سێهەم بە گشتی، وە مەفهوومی فەڕەنسیش زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا جێگای خۆی کردۆتەوە. لەم بە گشتیکردن (تعمیم)ەشدا دیارە ئیستیسنا (لەمپەڕ) هەیە. لە ناو ئەم زانایانەی کە نەتەوە و مەسەلەی ناسیۆنالزمیان کردووەتە بابەتی باس و لێکۆڵینەوە، ئەوا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێ؛ ئەویش زۆرجار لەسەر مەسەلەی جەختکردنە لەسەر فاکتەری یان فاکتەرێکی تر و گوێ نەدان بە فاکتەرەکانی تر. جاری وا هەیە لایەنی ژیانی ئابووری نەتەوە، کولتوور، بە سیاسی بوونی نەتەوە بە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی خەباتکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، یا مەسەلەی هاوتەبایی سیاسی لە نێوان ئەندامانی نەتەوەکە وەکو پێوانە تەماشا دەکرێن بۆ بوون و پێشوەچوونی نەتەوە. زۆر بەداخەوە، لێرەدا دەرفەتم نییە بە درێژی ئەم شتانە ڕوونکەمەوە، هیوادارم بە وتارێك بتوانم لە بوارێکدا بە تێروتەسەلی لەم شتانە بکۆڵمەوە.

زۆر بە کورتی، من دوو چەمکی نەتەوەی کولتووری (cultural nation) و نەتەوەی سیاسی (political nation) لێك جیا دەکەمەوە. وە گواستنەوەی یەکەمیان بۆ حاڵەتی مێژوویی – سیاسی دووەم هەر بە ئەوە ناکرێ کە بە شەو و ڕۆژێ نەتەوەیەك ببێ بە خاوەنی دەوڵەت، بەڵکو بە

پرۆسەیەکی یەکجار ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی، فیکری، کولتووری و سیاسی دەکرێ. ئەو کاتە نەتەوە بە سیاسی لە قەڵەم دەدرێ کە پێوەندییەکی ئاشکرا ببینرێ لە نێوان بەشێکی هۆشیاری نەتەوە لەگەڵ پرۆژە نەتەوە سیاسییەکانیدا. جاری وا هەیە پرۆژە سیاسییەکە مەبەست لە دامەزرانی دەوڵەتی ناسیۆنالیش نییە. دەربارەی بڕگەی هەرە دوایی پرسیارەکەتان گەر مەبەستتان لە بیر و بۆچوونی نوێ ئەوە بێ کە شتی تازە نووسراوە لەسەر بابەتی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، ئەوا بێگومان دەڵێم بەڵێ. بە ڕاستیش ئەوەی لەم دە ساڵەی دواییدا دەربارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم نووسراوە، شتێکی یەکجار زۆرە، دەشێ نووسینەکان مێژوویی، سیاسی، ئیتنۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی یا سۆسیال — ئەنترۆپۆلۆژی بن. ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە کێشەی نەتەوەیی لە گۆشە بۆچوونی ئەم دیسیپلینانە هەموویانەوە بابەتی باسە.

**گزینگ:** کاك بورهان، ئێوە لە باسەکەتاندا ئیشارەتتان بەوە کرد کە لایەنە بابەتییەکانی پێکهاتنی نەتەوە لای کورد بەهێزە و لەو بارەیەوە مەترسی لەسەر نییە، ئایا ئەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە ئەمڕۆ دەیبینین و بە تایبەت لەگەڵ ئەو قسەیەی (مێهردادی ئیزەدی) ناکۆکی نابێ کە لە سەرەوە ئاماژەتان پێکرد؟

▫ دیارە بۆچوونەکانی بەڕێز مێهرداد ئیزەدی بە تەواوەتی ڕەتناکەمەوە. کە دەڵێم لە لایەنی بابەتییەوە، دیارە مەبەستم زیاتر ئەو لایەن و فاکتەرە بابەتییانەن کە بە پرۆسەی هەزاران یا سەدان ساڵ هاتوونەتە بەرهەم یا پەیدا بوون، وە یا هێندێ فاکتەری نەگۆڕاو وەکو خاك یا نیشتمان، بەڵام لە لایەکی ترەوە هێندێك لایەنی بابەتی هەن کە تەمەنی لە حەفتا ساڵێك زیاتر نابێ، ئەویش هاتنەکایەی ژمارەیەك دەوڵەت بوو، کە کوردستانیان بە سەردا دابەشکرا. بە پێوانەی کاتێکی دووورودرێژی هەزاران یان سەدان ساڵ، دیارە حەفتا ساڵ (١٩٢٠ تا سەرەتای ١٩٩٠ەکان) ماوەیەکی زۆر نییە. بەڵام ئەوەی دەمەوێ دیسان جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئایا ئەم

واقیعی دابەشبوونی كوردستانە بە درێژایی هەمان حەفتا ساڵ ڕەتكراوەتەوە و بە ناڕەوا ناسراوە و خەبات بۆ گۆرانی كراوە لە لایەن جووڵانەوە سیاسییە كوردیەكانەوە؟ یا بە پێچەوانەوە ئایا ئەم واقیعە ڕەوایی پێدراوە و وەك ڕاستییەكی نەگۆڕاو هەڵسوكەوتی لەگەڵ كراوە؟ دیارە مەترسی لەوەیە كە لایەنە خۆییەكەی نەتەوەی كورد یان ڕوونتر بڵێین جووڵانەوەی سیاسی كوردستان جورئەتی ئەوەی نەبووە واقیعی دابەشبوون ڕەتكاتەوە، بەڵكو زۆرجاریش بوون و بەردەوامی جووڵانەوەی كورد لە پارچەیەكی كوردستان لەسەر حیسابی جووڵانەوەكانی تر لە پارچەكانی تری كوردستان یا هەرنەبێ لە پارچەیەكی تری كوردستان بووە. كاتی ئەوە هاتووە كە ستراتیژی ڕەتكردنەوەی واقیعی دابەشبوونی نەتەوەی كورد و وڵاتەكەی ببێ بە ستراتیژی جووڵانەوەی نەتەوەی كورد. دیارە هەر ئەم زەرورەتە مێژووییە بووە كە بووەتە هۆكاری هەرە گرنك بۆ لەدایكبوونی فیكری دامەزراندنی ئۆرگانێكی نەتەوەیی سەرانسەری كوردستانی. هەڵبەت ئەوەی ڕوویداوە و لە بەردەوامی ڕووداندایە ئەوەیە كە ئەم ئۆرگانە زیاتر لە ژێر ناوی كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان لە زۆر وڵات لە جیهانی ڕۆژئاوادا دروست بوون بە مەبەستی هێنانە كایەی ستراتیژێكی كوردستانی لەسەر بنچینەی یەكبوونی دۆزی كورد. خۆم لەگەڵ ئەم جۆرە هەوڵانەدام و بە پێی توانا كاریشی بۆ دەكەم.

**گزینگ:** ئێوە وەك شارەزاییێك بە تایبەت كە تێزی دوكتۆراكەتان لەسەر قۆناغێكی گرنگی مێژوویی بزووتنەوەی كورد (كۆماری كوردستان) ئاراستە كراوە، دوێنێ و ئەمڕۆی بزوتنەوەی كورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

◘ بە ڕاستی دەكرێ ئەم هەڵسەنگاندنە بە گەلێ شێوە بكرێ. ئەم هەمەجۆرەیی هەڵسەنگاندنەش دیارە بەستراوەتەوە بە، بۆ نموونە ئەم پرسیارانەی كە مرۆڤ دەیەوێ وەڵامیان بداتەوە، وە یاخود ئەم خاڵە گرنگانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ لێكۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن. زۆر بە كورتی لەم

سەدەیەدا، دەتوانرێ جووڵانەوەی کورد لە سێ فەترەی زەمەنی جیاواز، بەڵام لە هەمان کاتدا لە زۆر ڕووەوە لەیەکچوو هەڵبسەنگێندرێ و لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێ. یەکەمیان ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، دووەمیان ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و سێهەمیان ئەم ٥ — ٦ ساڵەی دواییە واتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی شەری سارد و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و لەناوچوونی ئەوەی پێی دەگوترا بلۆکی ڕۆژهەڵات وە یاخود مەنزوومەی سۆسیالیستی.

دیارە ڕووی لە یەکچوونی ئەم سێ فەترە زەمەنییە، هەڵبەتە لە دیدی کوردییەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەر سێ حاڵەتدا میکانیزم و گۆڕانی نوێ لە ئاستی جیهانی و ئیقلیمییەوە هاتنە کایەوە کە تیایدا دەرفەت و هەلی مێژوویی بەدی دەکرا و دەکرێ بۆ نەتەوەی کورد. لایەنێکی گرنگی ئەم سێ حاڵەتە مێژووییە دیارە دەگەڕێتەوە بۆ تێکشکان و یا هەر نەبێ بێهێزبوونی یەکێ لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان؛ لە حاڵەتی یەکەمدا، تێکشکان و لەناوچوونی ئیمپراتۆری عوسمانی، لە حاڵەتی دووهەمدا بێهێزبوون و کزیی ئێران کە ئەمەیان زیاتر لە ناو جەنگی دووەمی جیهانیدا واتە بەهۆی داگیرکردنی ئێران لە لایەن بەریتانیای مەزن و یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤١دا ڕووی دا. وە لە حاڵەتی سێهەمدا تێکشکانی ماکینەی زەبر و زەنگی عێراق و گەمارۆدانی ئابووری و دیپلۆماسی لەسەر ئەم وڵاتە لەگەڵ شەری ئازادکردنی کوەیت. دیسان گۆڕانکارییەکان و دەرفەتە مێژووییەکان دەبێ لە سێ ئاستەوە تەماشا بکەین، یەکەمیان لە ئاستی جیهانی و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هاوسەنگی هێز لە جیهاندا، دووەم لە ئاستی ئیقلیمی، ئەویش گۆڕان لەمەڕ ئەو ناوچەیەی کە کوردی تێدا جێگیر بووە؛ ئاستی سێهەمیان ئاستی نەتەوەیی کوردە. بە ڕاستیش بۆ ئەوەی ئەم سێ حاڵەتە مێژووییەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن، بەراوردیان بکەین لەگەڵ یەکتردا وە بە پێداگرتن لەسەر هەر سێ ئاست و بە وردی شیکردنەوەیان، دیارە کاتێکی زیاتر و دەرفەتی ترم پێویستە، بەڵام هەر نەبێ دەربارەی ئەمڕۆ واتە

حاڵەتی سێهەم مرۆڤ دەتوانێ ئەوە بڵێ کە لە ئاستی جیهانی و ناوچەییەوە، ئەمرۆ دەرفەتێکی مێژوویی لە ئارادایە، هەرچەندە بە هەمان شێوە و بە هەمان قورسایی ئەم دەرفەتە تەواوی کوردستانی گەورەی نەگرتۆتەوە، بوار بۆ گۆڕانی پۆزەتیڤانە زیاتر لە کوردستانی باشوور ڕەخساوە، بەهۆی بێهێزی عێراق و بوونی پارێزگارییەکی نێونەتەوەیی لە کورد لەم بەشەی کوردستان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چ لە ئاستی کوردستانی مەزن و چ لە ئاستی کوردستانی باشوور دیارە، بەداخەوە ڕۆڵی ئاڵقە یا ئاستە کوردییەکە لە گۆڕانکارییەکاندا لاوازە، ئەگەر نەڵێین هەر بە تەواوی دیار نییە. ئەمەش یارمەتی ئەوە نادات کە دەرفەتە مێژووییەکە بقۆزرێتەوە و سوودی لێ وەرگیرێ.

وا دەزانم ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕووی جیهانی و ئیقلیمییەوە هاتنە کایەوە لەگەڵ کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا و دەستپێکی نەوەدەکاندا دەبووایە گۆڕانێکی بە پەلە و پڕ بە پێستی قۆناغە مێژووییەکە بکەوێتە ڕیزەکانی جووڵانەوەی سیاسی کورد لە تەواوی کوردستانیشدا، دەبووایە گۆڕانکارییەکی بە پەلە لە بیر و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا بکرێ کە گونجاو بێ لەگەڵ قۆناغی نوێدا.

ئەوەی کە پێویست بوو دەبوایە لە یەکتری نزیکبوونەوە و هاوکاری و هاوتەبایی لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تەواوی کوردستان هاتبایە کایەوە. لە لای هەر ڕێکخراوێ نەرمییەکی زیاتر نیشان بدرایە لە ڕووی هەموو مەسەلەکان و بە تایبەت بابەتی هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوە کوردیەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورە. ئایا نەدەکرا لە ئاستی سەرکردایەتییەکان، میکانیزمێکی ڕاوێژکاری نەتەوەیی و پرس بە یەکترکردن بهاتبایە کایەوە، بۆ باشتر حاڵیبوون لە گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکە و بۆ هارمۆنیزەکردنی هەڵوێست و بڕیارەکان؟ بەڵام ئەوەی کە ڕووی دا و ڕوو دەدات نەك هەر بەردەوامی پچڕپچڕی و دابەشبوون بوو لە ناو ڕیزەکانی جووڵانەوەکە بەڵکو لە هێندێ کاتدا ململانێی ناهەموار و

خۆكوژ و دەرفەتكوژیش سەریان هەڵدا، چ لە ئاستی كورستانی مەزن و چ لە ئاستی یەك پارچەی كورستاندا.

دیارە سوود وەرنەگرتن لە دوو دەرفەتی لكاو بە جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆكارە نێونەتەوەییەكان، بەڵام لە حاڵەتی سێهەمدا، واتە سوود وەرنەگرتن لە دەرفەتی ڕەخساو دوای تەواوبوونی شەری سارد و شەری ئازادكردنی كوەیت، هۆیەكەی تا ڕادەیەكی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تەبایی و هاوكاری لە نێوان بەشەكانی جیاوازی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی كوردستان و بە تایبەتی لە نێوان سەرانی كورددا.

**گزینگ:** كاك بورهان وا بزانم لەم دواییانەدا سەفەرێكی كوردستانتان كردبوو، ئەگەر دەكرێ تكایە كورتەیەكمان بۆ باس بكەن بە تایبەت بە سەرنجدان و وردبوونەوەتان لە وەزعی خەڵك و هەروەها ڕێكخراوە سیاسییەكانی وڵات، پیاو تا چ ڕادەیێك دەتوانێ بە داهاتووی كوردستان خۆشبین بێ؟

◘ دیارە مەبەستتان كوردستانی باشوورە..

**گزینگ:** بەلێ..

◘ بە گشتی دەتوانم بڵێم وەزعی ئابووری و سیاسی و ئیداری خەڵك خراپە و بۆ بەشێك لە خەڵكەكە باری ئابووری گەلێ ناهەموارە. هەموو بوارەكانی ژیان وەكو خوێندن، مەسەلەی تەندروستی، ڕێكخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و زۆر بواری تر، خراپی بارودۆخەكەی پێوە دیارە. ئەوەی لە هەمووی خراپترە ئەوەیە كە نەوەك ژیانی خەڵك ڕۆژ بۆ ڕۆژە، بەڵكو سیاسەتی پارتە سیاسییەكانیش، بە تایبەتی هی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانی كوردستان، سیاسەتی ڕۆژ بۆ رۆژە. بەڕاستی كاری سیاسی ئەم دوو پارتە، زۆر تەرخان كراوە بۆ مەسەلەی ململانێی نێوانیان. ململانێكە نەك هەر بارە سیاسی و ئابوورییەكەی یەكجار شێواندووە بەڵكو ململانێكە تەهدیدی راستەوخۆیە بۆ دوارۆژی گەلی كورد بەتایبەتی

کوردستانی باشوور.

به بەستنەوەی ئەم پرسیارەتان لەگەڵ پرسیاری سێهەمتان دەربارەی مێژوو دەڵێم ئەم دوو حزبە لە شەڕە خۆکوژییەکەیاندا دوو جار تەقدیر بۆ مێژوو دانانێن: یەکێکیان مێژووی نووسراوە و ئەوەی تریان ئەو مێژووەی کە سبەینێ دەنووسرێتەوە. مێژووی دوێنێ وامان پێدەڵێ کە زۆربەی کات ململانێ و ناتەبایی لە نێوان ڕیزەکانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا، بە هەموو شێوەکانیەوە، بووەتە هۆی لاوازی و کزی ئەلتەرنەتیڤی کوردی و لە دەستدانی دەرفەت. دووبارەکردنەوەی ئەم شێوە هەڵە و میکانیزمە بە لای کەمەوە گوێنەدان و کەم بایەخدانە بە مێژووی نەتەوەی کورد. لایەنی دووەمیان ئەوەیە، ئەو مێژووەی کە سبەینێ دەنووسرێتەوە بێگومان لاپەڕەیەکی ڕەش تۆمار دەکات بۆ شەڕی خۆکوژی و ململانێی ئەم دوو حزبە. ئەگەر هەریەکی لەم دوو حزبەش دڵی بەوە خۆش کردبێ کە بەڵێ سبەینێ (مێژوونووس)ێك دێت و ئەم حزبە بەحەق دەزانێ و ئەوی تر ناحەق، ئەوا بە هەڵەیەکی گەورەدا دەچن. پێداگرتنی ئەمڕۆ لەسەر ئەم ململانێیە دەربارەی قەوارە و مەودای ئەو زیانەیە کە ئەم شەڕە دەیگەیێنێ بە ئەزموونی کورد و پێداگرتنی سبەینێش وا دەزانم هەر زیاتر لەسەر ئەوە دەبێ. بە لای جەماوەریشەوە دابینکردنی ژیانی ئەمڕۆ و دواڕۆژی سیاسی کوردستان مەسەلەی ئەساسییە، نەوەك بە حەق زانین یا ناحەق زانینی ئەم لایەنە یان ئەو لایەن.

**گزینگ:** هەر وەك خۆشتان گوتتان ئەم قۆناغەی ئێستامان کە باشترین دەرفەتی مێژوویی تێدا ڕەخساوە زۆر گرنگە، بە ڕای ئێوە چ بکرێ باشە، بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بە تەواوی لەکیس نەچێ؟

◘ دیارە ئەو پرسیارە قورسە و هەرکەس و لایەنێکیش دەکرێ بە شێوەیەك وەڵامی بداتەوە!

بۆ ئەوەی بزانین کە لە ڕاستیدا دەرفەت هەیە یان نا، خۆی لە خۆیدا

پێویست بە لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوە دەکات. دەرفەت شتێ نییە لەسەر مێزێکی ڕازاوە پێشکەش بە نەتەوەی کورد کرابێ لە بەشێکی کوردستان یان لە سەرانسەریدا، بەڵکو دەرفەت دەربری هێندێ هەلومەرجی سیاسی — مێژووییین کە لە کات و زەمانێکدا پەیدا دەبن. بۆ ئەوەیش کە لەم ڕوانگەیەوە لە دەرفەت (نەك هەر وەکو قسەیەکی سەرزارەکی) بگەین، ، ئەوا قۆناغی چەند ساڵانی دوایی و ئەوڕۆمان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی لێزان و شارەزایان هەیە. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە شتەش مومکین بێ، ئەوا دەستپێشخەری شارەزا و لێزانی کورد و دۆستانی کورد بەس نییە، بەڵکو پارتە سیاسییەکان پێویستە جەخت لەسەر ئەم جۆرە پێویستییە بکەن و مەبەستیان ئەوە بێ کە سوود وەرگرن لە بیر و بۆچوونی ئەم شارەزایانە. سەرکردەکانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان دەبێ بگەنە ئەو قەناعەتە کە ئیتر سەرکردەیەك بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەك یا چەند کتێبێك ناتوانێ بەرەنگاری هەموو ئاڵۆزی و ڕووداو و تێکهەڵچوونەکانی سەردەم ببێ. کاتی ئەوە هاتووە کە بە جددی میکانیزمی ڕاوێژکاری و پرسکردن و گوێگرتن بۆ ڕای ئازاد، وە بەر لە هەموو شتێ بۆچوونی شارەزایان، ببێ بە مێتۆدی کارکردن.

ئەم شێوە گۆڕانە زۆر لایەنی پۆزەتیڤانەی هەیە، هەر نەبێ لێرەدا دوویان دەستنیشان دەکەم: یەکەمیان بەم شێوەیە سیاسەت دەکرێ بە کارێکی پرۆفیشناڵی واتە نەجاتدانی سیاسەت لە مومارەسەکردنی لەسەر ئەساسی حەدس و گومان؛ وە دووەمیشیان بەم شێوەیە سیاسەت سنووری حزبایەتی تێکدەشکێنێ، تەواوی نەتەوە و پرسەکانی دەبن بە مەیدانی بیر و بۆچوون و کاری سیاسی؛ وە سەرکردەش ئەو کاتە، هەر نەبێ لەم گۆشەبینینەوە وەکو سەرکردەی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان هەڵسوکەوت دەکات. ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە لەو ڕووەوە کە عەقڵیەتی بە دەوڵەت بوون و دامەزراوی دەوڵەت دەهێنرێتە ناو جووڵانەوەی سیاسی کوردستان، وە بیر و بۆچوونی سیاسی لە هێندێ قاڵبی ئامادەکراوی ئایدیۆلۆژی — سیاسی

دەردەکات و دەیکات بە دەربری بیر و بۆچوونی پسپۆر و لێزانان. ئەوی دەمەوێ دیسان جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە وشەی دەرفەت نابێ دەربڕێکی خۆشبینانە بێ بۆ حاڵەتێك و بەس، بەڵکو ئاکامی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەم حاڵەتە بێ لە هەموو هەلومەرجەکانیدا، وە لەسەر هەر سێ ئاستی نێونەتەوەیی و ئیقلیمی و نەتەوەیی کوردیدا دەبێ تێگەیشتنێکی قووڵ بەدی بێت لە میکانیزمی ژیانی هاوچەرخ بە هەموو لایەنەکانییەوە.

لایەنێکی تری وەڵامەکەم ئەوەیە کە ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ کار بۆ ئەوە بکەن کە چوارچێوەی حزبایەتی و جەماعەتگەری تێکبشکێنن، وە کوردایەتی بە مانا هەرە فراوانەکەی بکەن بە چوارچێوەی بیرکردنەوە و داڕشتنی ستراتیژییان و کاری سیاسییان. بۆ ئەم مەبەستەش گۆڕانی بە پەلە پێویستە لە ناو ڕیزەکانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا، وە بەر لە هەموویان پێویستی هێنانەکایەی میکانیزمی پرس بە یەکترکردن و گوێ لە یەکترگرتن لە ئاستی حزبە سیاسییەکان لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە. هەر ئەمڕۆ زۆر شت لە ئارادا هەن وەکو بارودۆخی عیراق و دواڕۆژی ئەو وڵاتە وەکو دەستپێشخەری شا حوسێن بۆ دامەزرانی سیستمی فیدراڵی لە نێوان عێراق و ئوردندا وە هاوپەیمانی نێوان ئیسرائیل و تورکیا و دواڕۆژی ئێران. ئەمانە هەمووی و زۆر شتی تر پێویست بە بیر و بۆچوونێکی کوردی و کوردستانی دەکات. پرسیار ئەوەیە ئایا سەرانی کورد لەسەر ئەم مەسەلانە و زۆر مەسەلەی تر وتووێژ دەکەن و هەوڵی هێنانەکایەی تەسەورێکی کوردستانی دەدەن؟

لایەنێکی تری وەڵامەکە ئەوەیە کە دەبێ جووڵانەوەی سیاسی کوردستان لە بنەڕەتەوە بەدیموکراسی بکرێ. ئەم دیموکراسیکردنەش دیارە ئاستی عەقڵیەت، کولتووری سیاسی، شێوەی ڕێکخستن لە ناو ڕێکخراوە سیاسییەکان، پێوەندی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پێوەندی لە نێوان جووڵانەوەی سیاسی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

دیارە بەشێکی وەڵامەکەش ئەم مەسەلانە دەگرێتەوە کە دەبێ بە

زووترین کات، بە ڕوحی کوردایەتی و لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی گەل کاری لەگەڵدا بکرێ. دیارە مەسەلەیەکیش چارەکردنی ململانێی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و گەڕانەوەی ڕەواییە بۆ پەرلەمان و حکومەتی ئیقلیمی کوردستان. هەرچەند من وا دەزانم چارەسەری کێشەی ئەم دوو حزبە لەسەر دوێنێ یە زیاتر لەوەی کە لەسەر مەسەلەکانی ئەمڕۆ و سبەینێ بێ. ڕاستە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لایەنێکی زۆر گرنگە لەم ململانێیەدا، بەڵام ڕابوردووی دوورودرێژی ئەم دوو هێزە پڕە لە ئاڵقەی تراژیدیاوی و دوژمنایەتی.

هەڵبەت مەرجێکی گرنگ بۆ پێکهاتنی ئەم دوو هێزە ئامادەییانە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە مێژووی پێوەندییەکانیان لەبیر بکەن و ئەو بەشەی دەشمێنێتەوە، بۆ یەکتر و بۆ جەماوەر ساغی بکەنەوە. با ئەم هێزانە چیتر لە جیاتی دوێنێ و بۆ دوێنێ لە دژی یەکتر نەجەنگن، با باس لە دەرفەتی ئەمڕۆ و سبەینێکی باشتر بۆ نەتەوەی کورد ببێ بە بابەتی باسلێکردن و کاربۆکردن.

**گزینگ:** دیسانیش سوپاس لەوەی کە وەختمان گرتن.

◘ منیش زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە.

---

* Izadi, M. *The Kurds: A Concise Handbook,* (Washington. Philadelphia. London: Taylor & Francis International Publisher).

# دەربـارەی مـێژوو

**چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی *الاتحاد* ژمارە ٣٣٧، ١٩٩٩/٩/٢٤**

**الاتحاد: هەروەکو لە هاوڕێکانت بیستومانە تۆ هەر لە زووەوە لەو کاتەی خوێندکار بوویت لە ئامادەیی و زانکۆ گرنگییەکی تایبەتیت دەدا بە مێژوو... تا چ ڕادەیەك ئەم گرنگیدانەت پاڵی پێوەنایت بۆ تایبەتمەندی (تخصّص) لە بواری مێژوودا؟**

◘ گرنگی دان بە مێژوو وەکو تایبەتمەندی ئەکادیمی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی خوێندنم لە زانکۆ، بەڵام زووتر لە ڕۆژانی خوێندنی ئامادەییم گرنگیدانم بە شێوەیەکی گشتی بە مێژوو لە سێ شتەوە هەڵقوڵاوە، یەکەمیان: زانیاری مێژوویی وەکو لایەنێکی گرنگی هوشیاری و ڕۆشنبیری گشتی، دووەمیان: گرنگیدانم بە تایبەتی بە مێژووی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەی کورد بۆ تێگەیشتنی باشتر و قوڵتری بارودۆخی سیاسی نەتەوەکەم، سێهەمیان: خوێندنەوەی مێژوو و دەوڵەمەندبوون بە زانیاری مێژوویی بۆ تێگەیشتنی میکانیزم و بەرەوپێشچوونی و دیاردە سیاسییەکان بە گشتی. بە مانایەکی تر گرنگیدانم بە مێژوو لە قۆناغی ئامادەییدا زیاتر هەڵقوڵابوو لە گرنگیدانم بە ڕۆشنبیری سیاسی. لە ڕاستیدا لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی

خواستێك و پەرۆشییەكی زۆرم تیابوو بۆ خوێندنی زانیاریی سیاسەت لە زانكۆ، بەڵام لەبەر زۆر هۆ ئەم خواستەم نەهاتە دی. بەم مانایە وەكو تایبەتیمەندی ئەكادیمی تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئازادانەی خوێندنی زانكۆوە هەیە من بە مەجبوری چووم بۆ بەشی مێژوو، بەڵام لە هەمان كاتتدا بە بۆچوونی ئەوكاتەم، بە ڕاستی هی ئێستەشم، نزیكترین تایبەتمەندی ئەكادیمی لە زانیاری سیاسەت مێژوو بووە. بە مانایەكی تر هەڵبژاردنم بۆ بەشی مێژوو ڕاستە مەجبورییەكی تیابوو بەڵام لە هەمان كاتتدا نزیكی زانیاری مێژوو لە زانیاری سیاسەت و گرنگی مێژوو بۆ تێگەیشتنی سیاسەت و قەناعەتم بەم ڕاستییە ئارەزوویەكی بەهێزی لا دروست كردم بەرامبەر بە خوێندنی مێژوو لە قۆناغی زانكۆدا. هەر لە ساڵی هەوەڵی خوێندنی زانكۆش حەزێكی بەتینم لا دروست بوو بۆ تەواوكردنی خوێندنی بەرز لە بواری مێژوودا.

**الاتحاد:** لە كوێ بڕوانامەی دكتۆرات وەرگرت؟ وە ئایا نامەی دكتۆرات دەربارەی مێژووی نوێ یە یا كۆن؟

◘ خوێندنی بەرزم بە پلەی دكتۆرا لە زانكۆی لوند – سوید تەواو كرد. نامەی دكتۆرام لە چوارچێوەی مێژووی نوێدایە و بابەتەكەشی كوردە لە سیاسەتی زلهێزەكاندا لە ساڵانی ١٩٤١ – ١٩٤٧ واتە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و دەستپێكی جەنگی سارد.

**الاتحاد:** ئایا لەو باوەڕەدا نیت كە لێكۆڵینەوە لە بواری مێژووی كۆنی كورد ئەو گرنگییەی وەرنەگرتووە كە شایەنیەتی؟

◘ ئەز لەو باوەڕەدام كە نەوەك هەر مێژووی كۆنی گەلی كورد بەڵكو مێژووی نوێشی پڕ بە پێستی لێی نەكۆڵراوەتەوە. بە ڕاستی گەلی كورد یەكێ لەو گەلانەی ڕۆژهەڵاتە كە بەشداری كاریگەری هەیە لە مێژووی دروستكراو یا با بڵێین لە بەرهەمهێنانی ڕووداو و پێشەوەچوونە مێژووییەكاندا بە

تایبەت لە ڕووە شارستانییەکەی، بەڵام لە لایەکی ترەوە گەلی کورد یەکێکە لە هەژارترین گەلانی ڕۆژهەڵات لە ڕووی مێژووی نووسراودا.

لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا، ئاشکرایە کە مێژووی کۆنی گەلی کورد کەمتر لێیکۆڵراوەتەوە. بێگومان گەلی کورد دەوڵەتی خۆی نەبووە و داگیرکەرانی کوردستانیش جگە لە هەوڵی لەناوبردنی فیزیکی کورد هەوڵی بێ مێژووکردن و بێ کەلتوورکردنیان داوە، بەڵام کورد خۆشی، با بە ئاشکراتر بیڵێم جووڵانەوە سیاسییەکەی یا سیاسییەکانی تا ئێستاش نەیان توانیوە ئەم جووڵانەوەیە بەدامەزراو بکەن، بەو مانایەی کە ئەم دامەزراوانە بیانتوانیایە ئەو ڕۆڵە ببینن هەروەك دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەیبینن لە حاڵەتی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکاندا. وا دەزانم دەمێکی زۆرە کاتی ئەوە هاتووە جووڵانەوەی سیاسی کوردستان بە دامەزراو بکرێت و کورد بەم شێوەیە هەرنەبێ دوو قازانج دەکات، یەکەمیان بەم ڕێگەیە مومارەسەی میکانیزم و کاری دەوڵەت دەکات؛ دووهەمیان نەتەوە لە ڕووی عەمەلییەوە، بە مانا سیاسییەکەی، ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە سبەینەیەکی زوو یا درەنگ ببێ بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی. دەتوانین پرسیار بکەین کە بۆ تا ئێستا دامەزراوێکی کوردی نەبێ کە یارمەتی لەچاپدانی نامیلکەیەکی دکتۆرا بدات یا دارایی سەفەرێکی ئەرشیف بۆ خوێندکارێکی کورد مسۆگەر بکات؟ وا دەزانم مەسەلە نەبوونی ئیمکاناتی دارایی نییە بەڵکو نەبوونی ئەو تەوەجوهەیە. دەبێ لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە هەر هەوڵێکی هێنانەکایەی دامەزراو بۆ ناو دروستکردن و پروپاگەندە بێت بۆ ئەم حزب یا ئەو حزب یا تاکتیك بێت کەوا پێی لە هەر جۆرە تەسکبینییەك هەڵگرتبێ نەك هەر ئەو هەوڵە سەرکەوتوو نییە بەڵکو دەکرێ زیانبەخشیش بێت.

وا دەزانم کەمی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆنی کورد دەگەڕێتەوە بۆ کەمی سەرچاوەی مێژوویی لەمەڕ مێژووی کۆن، بەڵام ئەگەر مەسەلە بۆ هەندێ مێژوونووسی کورد ئاسانی لێکۆڵینەوە بێت لە مێژووی نوێ ئەوا دیسان ئەم

بیانووە و ئەو تەوەجوهە ناڕەوا نییە. بێگومان دیارە، بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە لە مێژووی سوید وا لە خوێندکارانی خوێندنی بەرز لە بواری مێژوودا لە سوید دەکات کە زۆربەیان دەربارەی مێژووی سوید بنووسن و ئەم مێژووەش دیارە بەشی زیاتر لێکۆڵنەوەیان دەربارەی ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەڵێن local history (مێژووی تایبەت بە ناوچەیەکی تەسك) بێت. دەگەڕێمەوە و دەڵێم مەسەلەی سەرچاوە زۆر گرنگە لە هەڵبژاردن و کارکردن لەگەڵ هەر بابەتێکی مێژوویيدا. زۆرجاریش مەسەلەی دۆزینەوەی سەرپەرشتیکارێکی گونجاو (مناسب) مەسەلەی بڕیاردەرن. بەش بە حاڵی خۆم هەڵبژاردنی بابەتی باسەکەم پەیوەندی بە بوونی ئیمکانیەتی بەکارهێنانی سەرچاوەی بەریتانی و ئەمریکی و بوونی دوو دانە سەرپەرشتکار کە تایبەتمەندییان مەسەلەی نەتەوەیی و جەنگی سارد بوو.

بەهەرحاڵ لەوە دەترسم هەندێ جار باس لە ئاسانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد شێوەیەك بێت لە تانەدان یان کەمکردنەوەی نرخی ئەو بەرهەمە مێژووییانەی کە دەربارەی مێژووی نوێی کورد ئەنجامدراون!

**الاتحاد:** ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوس و ڕۆژئاوایی بەشدارییەکی زۆریان بووە لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد، چۆن ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە دابەش دەکەیت؟

◘ دەتوانرێ ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە دەربارەی کوردیان نووسیوە بە شێوەی جیاجیا دابەش بکرێن؛ دەکرێ لەسەر ئاستی ئەکادیمی و نائەکادیمی دابەش بکرێن، هەروەها لەسەر بنچینەی مەنهەجی لێکۆڵینەوە یاخود لەسەر بنچینەی بیر و بۆچوونی جیاجیا (بۆ نموونە ڕەسمی یا ناڕەسمی)... هتد.

**الاتحاد:** ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوس، وە بە تایبەتی دوای شۆڕشی بەلشەڤی، مێژووی گەلان و گەلی کوردیان نووسیوەتەوە بە پێی میتۆدی سۆسیالیستی (کۆمۆنیستی)، ئایا تەئسیری ئەو میتۆدە بە پۆزەتیف و نێگەتیف چی بووە

لەسەر نووسینی مێژووی کورد؟

◘ وا دەزانم وا باشترە بووترێ نووسینی مێژوو بە پێی مەنهەجی مارکسی نەك مەنهەجی ئیشتراکی یا شیوعی. دیارە ئینکار ناکرێ کە نووسینی مێژوو لە ڕۆشنایی ئەم مەنهەجە باشییەکی تیایە کە ئەویش جەختکردنە لەسەر هەرنەبێ میکانیزم و هێزی پاڵدەرە لە جووڵانەوەی مێژوودا کە زۆرجار لە دەرەوەی ئەم مەنهەجەدا لەبیر دەکرێن یان گرنگی زۆر کەمتریان پێدەدرێ. ئەز وا دەزانم کە نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر ئەساسی مەنهەجی مارکسی سوودی زیاتر دەبێ ئەگەر بێت و ئەم مەنهەجە بخرێتە کار لە هەوا و کەشێکی ئازاد و لیبرالدا نەوەك لە چوارچێوە و سایەی سیستەمێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی، کە بۆ نموونە ڕژێمێکی سۆسیالیستە، کە ڕژێم خۆی ئەم شێوە مەنهەجە زۆر یا کەم دەسەپێنێ بەسەر ئەم مێژوونووسانەی لە ژێر سایەی ئەم جۆرە ڕژێمەدا دەژین.

وا دەزانم بەکارهێنانی ئەم مەنهەجە (میتۆدە) بۆ نووسینەوەی مێژوو بە گشتی هەندێ لایەنی نێگەتیڤی لێبۆتەوە لە ڕووی مەعرفە و هوشیاری مێژوویی لای تاکەکەس بەڵام بە تایبەتی لە ڕووی بەرهەمە ئەکادیمییەکانەوە. زیانی ئەم شێوە مەنهەجە زێتر دەبێ ئەگەر ئەم مەنهەجە بە زۆر یا کەم سەپێنرا یا تەنها ئەم مەنهەجە (ڕێگا پێدراو) بووبێ لەبەر ئەوەش مێژوونووس ڕێگەی تری نەبووبێ تەنها بەکارهێنانی ئەم مەنهەجە نەبێت، هەندێ جار بەکارهێنانی ئەم مەنهەجە لەبەر ئەوە نەبووە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی باشترین سەرئەنجامی زانستی بەدەست دێت بەڵکو لەبەر خاتری موتابەقەی یا گونجانی ئەم مەنهەجە بووە لەگەڵ بۆچوونی ئایدیۆلۆژی مێژوونووس و موتابەقە لەگەڵ هەوا و کەشی ئایدیۆ – سیاسی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە مێژوونووس لە چوارچێوەیدا کاری کردووە. تەئسیری نێگەتیڤی (خراپی) بەکارهێنانی ئەم مەنهەجە دیسان زێتر بووە لە کاتێکدا ئەگەر بەکارهێنانی ئەم مەنهەجە ئاسۆی بیرکردنەوەی زانستی

مێژوونووسی بە تەواوەتی داگیرکردبێ و بووبێتە ڕێگری بینین و هەڵسەنگاندنی مەنهەجە زانستییەکانی تر کە دەکرێ بە بەکارهێنانیان بەرهەمی مێژوویی زانستیتر و ئامانجپێکەرتر بێت.

**الاتحاد: خەڵکانێك هەن کە دەڵێن دەبێ مێژووی کورد سەرلەنوێ بنووسرێتەوە، تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا ڕێکیت؟**

◘ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەتان، پێویستە ئەمە بڵێم کە مێژوو بەکار هاتووە لە زۆر بواری جیاجیادا. یەکێ لەو بوارانەی کە بە شێوەیەکی چالاکانە مێژوو تیایدا بەکارهاتووە مەسەلەی بەهێزکردنی ناسنامە (هویە)ی ئیتنیکی یا نەتەوەیی بووە. هەڵبەتە ئاشکراترین لایەنی ئەم بەکارهێنانی مێژووە بەکارهێنانیەتی لە چوارچێوەی پرۆژەی نەتەوەییدا و زۆر بە تایبەتیش لە پرۆسەی خەملاندنی زەمینە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و هەروەها لە کاتی دامەزراندنیدا. جگە لەمە، هووشیاری (وعی) مێژوویی وەکو ئامراز و جەمسەری بەیەکەوە بەستنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە پێی دەگوترێ نەتەوە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییش دیسان گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی هەیە. وا دەزانم چۆن پرۆفیسۆر فریدریك بارپ **(Fredrik Barth)** جەخت لەسەر گرنگی سنوورە ئیتنیکی و کولتوورییەکان دەکات، بە تایبەت لە بواری ململانێ ئیتنیکییەکان، هەروەهاش مرۆڤ دەتوانێ باس لە سنوورە مێژووییەکانیش بکات، نەوەك هەر بە مانای ڕاکێشانی خەتی سنووری مێژوویی لە ناو خودی هۆشمەندی (وعی) تاکەکەس کە ئەندامی ئەو نەتەوەیەیە و هەروەها لە ناو هۆشمەندی بە کۆمەڵی نەتەوەکەش.

حەز دەکەم لێرەدا ئەوە بێژم کە مێژوو لە سالآنی سەدەی نۆزدەهەم و بە تایبەتی لە بەشی دووهەمی سەدەکەدا پرۆسەی بە زانستیبوونی گەیشتە لوتکە (قمە)؛ وە ئەوەی گرنگە لێرەدا بیڵێین ئەوەیە کە ئەم پرۆسەی بە زانستیبوون یا کردنی مێژووە شان بە شانی پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتن و پێگەیشتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، بە تایبەتی لە ئەورووپای

ڕۆژئاوادا. له پرۆسەی هێنانەکایەی گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا پێویستییەکی (مُلِح) هەبوو بۆ جەختکردنە سەر سوود وەرگرتن لە مێژوو واتە لە گەشەپێدانی هۆشمەندی مێژوویی نەتەوە بۆ بەهێزکردنی جەمسەری پەیوەندییەکانی ئەندامانی نەتەوە بەیەکترەوە لە لایەك و بۆ ڕەوایی دان بە کەسایەتی نەتەوەیی دەوڵەت.

دیارە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو (اعاده کتابه التاریخ) ئەزموونێکی تازە و تەنها بەستراو نییە بە وڵاتانی جیهانی سێهەم، بەڵکو لە ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژئاواشدا سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو هەبووە. نموونەیەکی بەرچاو نووسینەوەی سەرلەنوێی مێژووە لە ئەمریکا لە ساڵی ۱۸۲۰ بەولاوە. بە مانایەکی دیکە دوای نزیکەی ٥٠ ساڵێك لە شۆڕشی ئەمریکا و ڕزگاربوونی ئەو وڵاتە دەستکرا بە نووسینەوەی مێژووی ئەمریکا وەکو مێژووی خۆی نەك وەکو بەردەوامی بۆ بەشێك لە مێژووی بەریتانیای مەزن. بە مانایەکی تر تا ساڵی ۱۸۲۰ شتێك نەبوو بە ناوی مێژووی ئەمریکا لای (ئەمریکیەکان) بەڵکو مێژووەکە هەمووی مێژووی بەریتانیا بوو. هەڵبەتە زۆر گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ڕاستە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو لە حاڵەتی ئەمریکادا لایەنێکی پێشکەوتنخوازی هەبوو بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنێکی تری نێگەتیڤیشی هەبوو: لایەنە پێشکەوتنخوازەکەی بریتییە لە سەربەخۆزانینی مێژووی ئەمریکا بەرامبەر بە بەریتانیا وەکو هێزێکی داگیرکەر و (کۆلۆنیالیست)، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووە بریتییە لە شێواندنی زۆر ڕووی ڕاستی مێژووی ئەمریکا بۆ نموونە شێوەی باسکردن لە (هنود الحمر)؛ ڕۆلیان و بەسەرهاتەکانیان و کوشتنی بەکۆمەڵیان لە لایەن مرۆڤی سپی و... هتد.

دیارە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بەشێك بووە لە پرۆسەی دامەزراندن و بەهێزکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی (مۆدێرن)ی سەربەخۆ. لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە زۆربەی زۆرجار لە ژێر سەرکردایەتی دکتاتۆرێك و سیستەمێکی تاکە حزبی یا

تۆتالیتێردا بووە، دیارە پرۆژەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو، وەکو یاریدەدەرێکی ئەو پرۆسەیە، ڕەوتێکی نێگەتیڤانەی وەرگرتووە. دیارە نموونەیەکی بەرچاو، کە جێگای سەرنجە، پرۆژەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو بووە لە تورکیا لە ژێر سایەی دامەزرێنەرەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک. ئەتاتورک وەکو بەشێك لە، وە یاریدەدەرێك بۆ، پرۆژەی دامەزراندن و بنیادنانی تورکیای مۆدێرن گرنگی تایبەتی دایە نووسینەوەی مێژوو و بەرهەمی ئەم گرنگیدانەش دوو تیۆری سەرسوڕهێن بوون: ١) ئەو تیۆریەی کە دەڵێ زمانی تورکی مەنتیقیترین زمانی دونیایە... ئەم تیۆریە ناسراوە بە (**The sun language**)، ٢) ئەو تیۆرییەی کە دەڵێ شارستانی تورك سەرچاوەی شارستانیەتی ئینسانیەتە.

وا دەزانم لە ڕووی ڕەوایی پێدان بە هەڵسوکەوت و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا بەرامبەر بە گەلی کورد، ئەو هوشیاری (وعی)یە مێژووییە چەوتە ڕۆڵی دوژمنکارانەی دیوە و دەیبینێ، بە مانای خۆ بە لەسەرترگرتن (تعالی) و خۆ بە زلزانینی مرۆڤی تورك بەرامبەر بە خەڵکی تر، ڕاست و ڕێك پێ هەڵدەگرێ لە پرۆژەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئەتاتورك هی ١٩٣٠ەکانی ئەم سەدەیەیە، دیارە بەشێك لەو ململانێیەی تورکیا و کورد پەیوەندیدارە بەو هوشیارییە مێژووییە: قەبوڵکردنی یا ڕەتکردنەوەی؛ بە ڕاست زانینی یا بە پێچەوانەوە نیشانەی پرسیار و گومان خستنە سەری.

هەڵبەتە نەتەوەی کورد پێویستی بە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو هەیە، بەڵام دیارە دوو پرسیاری گرنگ لێرەدا هەن: ئایا کێ و چ لایەنێك بەم کارە هەڵدەستێ یا هەڵدەستن و پرسیاری دووهەمیان ئەوەیە ئایا (ڕێنمایی)و ناوەرۆکی ئایدیۆ – سیاسی و فەلسەفی ئەم پرۆژەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووە چی دەبێ؟ بۆ پرسیاری یەکەم دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ نە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی و نە ئۆرگانێکی کوردستانی نەتەوەیی سەرتاسەری ئازاد و سەربەخۆ هەن کە بەرپرسی پرۆژەی سەرلەنوێ

نووسینەوەی مێژوو بگرنە ئەستۆی خۆیان. دیارە دابەشبوونی کورد و داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە لایەن ژمارەیەك وڵاتەوە گەلی کوردی لە کوردستانی مەزن دووچاری چەند پرۆژەیەکی سیاسی ناوچەیی، بەڵکو ناوچەیی زۆر تەسك و سنورداریشی کردۆتەوە کە لە زۆر حاڵەتدا حزبێك یا ڕەنگێکی ئایدیۆلۆژی عەقڵ و پاڵپێوەنەریانن. ئەوەی کە خەراپتریشە ئەوەیە کە ئەم پرۆژە ناوچەییانە زۆرجار لە حاڵەتی دژایەتی و ململانێدان لەگەڵ یەکتردا، کەواتە تەعامولکردن لەگەڵ وەعی مێژوویی و هێنانەبەرهەمی مێژووی نووسراو کێ و کام هێز کرداره مێژووییەکان بەرهەم دەهێنن مۆری ئەم دژایەتی و ململانێیەی دەکەوێتە سەر. هەڵبەتە وەعییێکی مێژوویی کە لەم شێوەیە بێ نەك هەر نابێتە هۆکارێکی پۆزەتیڤانە بۆ ئەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەواری (نەتەوەی کورد) بە ڕێگەی ئەوەی کە پێی دەڵێن زاکیرەی مێژوویی بەیەکەوە ببەسترێنەوە، بەڵکو پارچەپارچەی کردووە. حەز دەکەم بۆ نموونە ئەوە بڵێم کە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی هەندێ دامەزراوەی نەتەوەیی، لەمانەش ئەکادیمی، وە هەروەها هەوڵی ئەو حزبە بۆ دامەزراندنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانی سەرتاسەری و بە نەتیجە ئەو کار و پرۆژانەی لەو دامەزراوانە و کۆنگرەیە دەبنەوە لە هەوڵێکی حزبی و بە ڕەنگێکی ئایدیۆلۆژی و لە بۆچوونێکی تەکتیکی تەسك دەرناچن.

پرسیاری دووەمیشیان کە لە سەرەوە کردم دەربارەی ناوەرۆك و ئاراستەی پرۆژەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو گرنگیەکی تایبەتی هەیە. بەش بە حاڵی خۆم ناوەرۆکی ئینسانی و جەختکردنە سەر نرخە مرۆڤایەتی و پلورالیستی و دیموکراسیەکان و جەختکردنە سەر نووسینەوەی مێژوو بە شێوەی هەرە ئۆبجەکتیڤی (بابەتی و بێلایەن) لە نووسینی مێژوودا و لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی مێژوویی دەتوانێ باشترین شێوەی ڕەتکردنەوە بێت بۆ ئەو مەعریفە مێژووییەی کە بەرهەمهێنراوە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کە ناوەرۆکە ئایدیۆلۆژیەکەی ڕەگەزپەرستی و خۆ بەزلزانینی

نەتەوەی سەردەست بووە. مێژوو نووسین بە ناوەرۆك و تەوەجوهە ئینسانییەكەی دەتوانێ یەكێ لە زامنكەرەكانی ئاشتی و هاوئاهەنگی و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی بێت هەم لە ئاستی بەیەكەوە بەستنی ئەندامانی نەتەوە بەیەكەوە (نەتەوە لە ناوەوە) وە هەم لەسەر ئاستی پەیوەندییەكانی نەتەوە بە نەتەوە و گروپە ئیتنیكییەكانی تری دەوروبەر. بە مانایەكی تر ئەگەر وەعی مێژوویی ئەو خەسڵەتەی هەبێ كە ببێ بە هۆی خۆ بەزلزانین و بەسەرتر زانینی نەتەوەیەك یان گروپێك بەرامبەر بە نەتەوە و گروپەكانی تر، ئەوە هەرگیزاو هەرگیز ئەم جۆرە وەعیە زیانبەخش دەبێ، هەروەك بووە لە ڕابردووشدا. بە مانایەكی تر لە ناو لاپەڕەكانی ئەو مێژووەی كە دەنووسرێتەوە، بە تایبەتی مێژووی (رەسمی) وەكو دەربڕێك بۆ هەر پرۆژەیەكی بە ڕەسمی و سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو دەتوانرێ تۆی ئاشتی و تەبایی و یەكتر قەبوڵكردن بچینرێ و یا بە پێچەوانەشەوە تۆوی ڕق و كینە و دوژمنایەتی بچێنرێ، كە هەمیشە نەوەی داهاتوو بەری ئەوەی كە چیندراوە (بە باش یا خەراب) دەدورێتەوە. بە كورتی ئەز حەز بەو مێژوو نووسینە دەكەم كە شارستانیی مرۆڤایەتی وەك كتێبێك دەبینێ كە هەر فەسلێكی ئەم كتێبە گەلێكی سەر ئەم زەمینە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ گەلانی تر و بە پشتبەستن بە ڕاستییە بابەتییەكان، بینووسێتەوە.

**الاتحاد:** جووڵانەوەی ڕۆشنبیری لە ئەوروپا و دەرەوەی وڵاتدا بە گشتی دابڕاوە لە جووڵانەوەی ڕۆشنبیری لە كوردستاندا، وە ئەمە هەوڵی مێژوونووسانیش بۆ نووسینەوەی مێژوو دەگرێتەوە، ئایا ئەو هەنگاوانە چین كە دەبێ بنرێن لە پێناو وەدەستخستنی پردی پەیوەندی لە نێوان هەردوولا؟ وە چۆن دەتوانرێ دەنگی ناوەوە بگاتە دەرەوەوە و هی دەرەوەش بگاتە ناوەوە؟

◘ ناتوانم بڵێم كە جووڵانەوەی ڕۆشنبیری لە دەرەوە بە تەواوەتی دابڕاوە لە جووڵانەوەی ڕۆشنبیری لە ناوەوە، بەڵام لە لایەكی ترەوە دەتوانم ئەوە

بلێم که پەیوەندیدان و وەرگرتن و تەفاعولێکی دینامیکی وەکو پێویست نییە. وا دەزانم ئەم حاڵەتە بەشێکە لە حاڵەتێکی یا ڕاستییەکی گشتی تر کە ئەویش پەیوەندییەکانی کوردی دیاسپۆرایە بە نیشتمانەوە وە یا تەفاعولی ڕۆڵ و چالاکییەکانی کورد لە دەرەوە بە باشترین شێوە بە جووڵانەوەی سیاسییەوە لە کوردستان. من وا دەزانم هۆیەکی گرنگی ئەم حاڵەتە گشتیە ئەوەیە کە ساڵانێکی زۆرە هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەڵسوکەوتیان کردووە لەگەڵ کوردەکانی دەرەوە هەروەکو ئەوەی ئەم کوردانە **خەسارەتێکی** نەتەوەیی بن نەوەك **دەستکەوتێکی** نەتەوەیی. دیارە لە نێوان ئەم دوو دیتنەدا (بینینی کورد لە دەرەوە وەکو خەسارەت یا وەکو دەسکەوت) جیاوازیەك و دژایەتییەکی زۆر هەیە و ئاکامی ئەم شێوە دیتنەش (واتە بینینی وەك خەسارەت) دیارە زیانێکی ڕاستەوخۆ بووە کە بە تەواوی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان گەیشتووە.

وا دەزانم ماوەیەکی زۆرە دەبووایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان وا هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ دیاردەی (کورد لە دیاسپۆرا)، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا دەژین، وەکو ئەوەی ئەم کوردانە لە ناو خودی دڵی جیهاندا، یا مەرکەزی هەرە گرنگی جیهاندا، لە ڕووی سیاسی و دبلۆماسی و ئابووریدا، دەژین. وەك هەر تەئسیرێکی پۆزەتیڤانە لەمەڕ مەسەلەی کورد لە ناو خودی ئەم دڵەی مەرکەزی جیهانەدا ڕاستەوخۆ تەئسیر دەکاتە سەر جووڵانەوەی سیاسی لە کوردستان، کە لەم حاڵەتە فەراغ یا ڕۆخی ئەم مەرکەزەیە، دەکات. هەڵبەتە وا دەزانم لە ساڵانی دواییدا بە تایبەتی لە کۆتایی هەشتاکانەوە گرنگی پێدانێکی بەرچاو هەیە لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە بە کورد لە دەرەوەی وڵات. ئەم گرنگی پێدانە چەند هۆکارێکی هەن لەوانە:

١) زێدەبوونی ژمارەی کورد لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی توخمی خوێندەوار و پێگەیشتوو؛ ٢) هەندێ ڕووداوی گرنگ وەکو بۆ نموونە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆچڕەو ڕۆڵی کوردەکانی دەرەوەی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانەتر

هێنایە بەرچاو؛

٣) ژمارەیەکی زۆر چالاکی لە دەرەوەی وڵات کە زیاتر لە لایەن کوردەکانی دەرەوە بە گشتی و بە بێ تەوەجوە و ئیلتیزامی حزبی ڕاپەڕێنراون لەمانە بۆ نموونە بەستنی ژمارەیەکی زۆر کۆنفرانس و، ڕێکخستنی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵەی دامەزراوەی جیاجیادا و ... هتد.

٤) زێدەبوونی وەعی لای هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەربارەی گرنگی ڕۆلی کوردەکانی دەرەوە. هەموو ئەمانە و زۆر هۆی تر وای کردووە کە ڕۆڵی کورد لە دەرەوەی وڵات زێدەتر و گەشتر پیشان بدرێ لە چاوی ناوەوەدا. وا دەزانم لە پەیوەندییەکانی کوردەکانی دەرەوە بە ناوەوە دوو هۆکاری نێگەتیڤ بوون و هەن، یەکەمیان هۆکارێکی سایکۆلۆژییە لە پەیوەندییەکاندا و دووەمیان پەیوەندییە قەیراناویەکانی کوردانی بێلایەنە لەگەڵ ئەو کوردانەی کە لە ڕووی حزبییەوە بەستراوەن یان ئیلتزامیان هەیە. لێرەدا موناسەبەیە ئەوە بڵێم کە من خۆم گرنگی ئەو پەیوەندییانە و ئیشکالیاتی کە پێیانەوە لکان دیومە و پێشنیارم کردووە لە ساڵی ١٩٩٢دا کە حکومەتی ئەو کاتەی ئیقلیمی کوردستان زەمینە خۆش بکات بۆ بەستنی کۆنفرانسی جیاجیا بە تایبەت لە مەڕ باری سیاسی ناوچەیی و جیهانی مەسەلەی کورد کە تیایاندا پسپۆری کورد لە دەرەوە و لە ناوەوە بەشداری بکەن و ئەم کۆنفرانسانە لە وڵات ببەسترابان.

هەڵبەتە هەوڵی مێژوونووسانی کورد لە دەرەوە جیا ناکرێتەوە لە هەوڵی ئەوانەی لە دەرەوە وە بەشێکیش لە ئەزمە و ئیشکالیەتی پەیوەندییەکان کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد مێژوونووسانیش دەگرێتەوە.

ئەوەی کە پەیوەندی بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە هەیە ئەوەیە کە ڕێگا زۆرن بۆ بنیادنانی پردی پەیوەندی. لێرەدا ڕۆلی هێزە سیاسییەکان زۆر گرنگە کە لە ڕۆشنبیری حزبی و دەزگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیان هەوڵی ئەوە بدەن ئەو پەردە نێگەتیڤەی کە بەسەر کوردی دەرەوە و دیاردەی بوون لە دەرەوە و... هتد لا بدەن. لای تریش ئەوەیە کە پەیوەندییەکان

دەبێ بە دیموکراتی و نەتەوەیی (کوردستانی) بکرێن. چوارچێوەی حزب و بە حزبی بوون کافی نییە بۆ خەباتی کورد. ڕای سەربەخۆ دەبێ بە ڕێزەوە گوێی لێبگیرێ و حیسابیشی بۆ بکرێ. بە پەیوەندی لەگەڵ خودی ئەم پرسیارەت کە گرنگە وا دەزانم جێگای خۆی بوو کە کۆنفرانسێکی ناوەوە و دەرەوە ببەسترایە کە تیایدا پسپۆران لە بواری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیو وسیاسی و هی تر بە باسی جۆراوجۆر بەشدارییان بکردایە و دەرەنجامەکانی کۆنفرانس سوودیان لێوەربگیرایە لە بواری سیاسەتی عەمەلیدا.

**الاتحاد:** لە چاوپێکەوتنت لەگەڵ گۆڤاری (*گزینگ*)، کە لە سوید دەردەچێ، گوتوتانە کە ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە سبەینێ مێژووە... ئایا مێژوونووسان چۆن مێژووی سبەینێ دەنووسنەوە؟

◘ بە ڕاستی من ئەم شتەم وتوە وەکو دەربڕینێك بۆ لەیەکتر نزیك بینینی سیاسەت و مێژوو لە دوو ڕووەوە:

١) لە یەکتر نزیکی زانستی سیاسەت و مێژوو لە ڕووی بەکارهێنانی هەندێ تیۆری و چەمکی زانستی. بەو مانایەی هەروەك دیسپلین (تایبەتمەندی) سوود وەردەگرین لە کۆمەڵێ تیۆری و مەفاهیمی زانستی لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان.

٢) دەکرێ بە ئاسانی بگوترێ کە هەر چالاکی و کردارێك و هەڵوێستێك و بگرە بڕیارێکی سیاسی مێژووە بەڵام لە حاڵەتی بەرهەمهێنان و ئەنجامداندا. بەم مانایە ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین سیاسەت لە ئاستی بڕیار و کردار و پەیوەندییەکان، بە تەئکید سبەینێ دەبێ بە مێژوو و ئەم مێژووەی ئەمڕۆ دەینووسینەوە سیاسەتی دوێنێ بەشێکی گرنگیەتی. دەمەوێ لێرەدا ئەو تێبینیە بدەم کە لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژوویی تەنها باسی سیاسەت نییە و دووەمیشیان من لەو وەڵامەی گۆڤاری گزینگدا و دیسان لێرەشدا هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەت، وەکو چمك، دەکەم لە بوار و لە ئاسۆ هەرە فراوانەکەیدا. دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، هیوادارم

مێژوونووسەکان بە ئینساف و بابەتییانە ئەم مێژووە بنووسنەوە.

**الاتحاد: زۆر جار عیبارەتی دووپاتبوونەوەی مێژوو دەبیستین، بۆ ئەمە چی دەڵێیت و چۆن دەکرێت سوود لە مێژوو وەرگرین؟**

◘ من باوەڕم بەوە نییە کە مێژوو بە شێوەیەکی حەرفی و بە هەموو تەفسیلاتییەوە خۆی دووپات بکاتەوە. بەڵام لێرەدا دوو شت هەن:

١) لە مێژوودا شتێك هەیە بە ناوی لەیەکچوون (تشابە analogy)، بەو مانایەی کە زۆر ڕووداوی مێژوویی هەن زۆر لەیەك دەچن لە ڕووی میکانیزمی ڕووداوەکان یا دەرەنجامیان یا هەرلایەنێکی تری ڕووداو یا پێشوەچوون.

٢) ئەوەی زۆرجار خەڵك بە دووبارەبوونەوەی مێژووی دەزانێ یا بە عەرەبیەکەی (اعادە التاریخ لنفسە) لە ڕاستیدا بەردەوامی مێژووە نەوەك دووبارەبوونەوە. یاوازییەکەی تەنها ئەوەیە کە مرۆڤ دەربڕی دووپاتبوونەوە (اعادە)ی بەکار هێناوە لە بڕی (بەردەوامی). دەمەوێ لێرەدا یەك نموونە بهێنمەوە کە بە ڕاستی تیایدا دەشێ، وە بە قەناعەتی من، پێویستە کە دەربر (تعبیر)ی بەردەوامی مێژوو تیادا بەکار بێت لە بری دووپاتبوونەوە. هەرەسهێنانی سەرهەڵدانی چەکداری کورد لە باشووری کوردستان ساڵی ١٩٧٥ "دووپات دەبێتەوە" لە ساڵی ١٩٨٨ –١٩٨٩دا لە هەمان بەشی کوردستان و لە ١٩٩٨ – ١٩٩٩ سەرهەڵدانی چەکداری کورد لە باکوور تووشی شکستێکی گەورە دەبێت. بۆ تێگەیشتن و وەسفکردنی ئەم ڕووداوانە زۆر کەس دەربڕی "دووپاتبوونەوەی مێژووی" بەکار هێناوە، بەڵام لەم سێ حاڵەتەدا لەیەکچوونی مێژوویی و بەردەوامی مێژوو دەبینم، نەك دووبارەبوونەوەی. بەڵام لەوەش گرنگتر ئێمە با بێین تەماشا بکەین چ هۆکارێکی مێژوویی هەیە کە (بەردەوام)ە بە درێژایی ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمی جووڵانەوە چەکداریەکانی کوردستان. ئەوەی کە هۆکارێکی (بەردەوام)و چارەنووسساز بووە پشتبەستنی جووڵانەوە چەکدارییەکانە بە

هێزێکی داگیرکەری کوردستان یا چەند هێزێکی داگیرکەر بۆ گوزەران و مانەوە و مسۆگەرکردنی توانا جەنگییەکان دژی داگیرکەرێکی تر. ئەمەیە ڕاست و ڕێك کە هۆکاری بوون و گەشەکردنی جووڵانەوە چەکداریەکانە و لە هەمان کاتیشدا هۆی هەرە چارەنووسسازە لە هەرەسهێنان و شکستی هەمان ئەو جووڵانەوانە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەڵێم کە دەبێ دەربڕی سوود وەرگرتن لە مێژوو لە پەیڤێکی سەرزارەکی و عبارەتێکی ڕازاندنەوەی خیتابی سیاسی ببێتە مەنهەجێکی عەمەلی.

**الاتحاد:** زۆر سوپاس بۆ ئەم هەلە.

■ منیش سوپاستان دەکەم.

# کوردستان له سیستەمی نوێی جیهانیدا*

**گۆڤاری *یەکگرتن*، ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٩٣**

دەمەوێ سەرەتا بەوە دەست بە باسەکەم بکەم کە تا ئێستا پێناسە و واتە و ستراکتەرێکی ئاشکرا بۆ ئەو سیستەمە لە ئارادا نییە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە سیستەمێکی کۆن کاتی بەسەرچووە و هەڵوەشاوەتەوە، ئەویش سیستەمی ماوەی جەنگی سارد بوو. ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات زیاتر پرۆسەیەکە بۆ دروستبوونی سیستەمێکی نوێ و دیاریش نییە چەندی پێدەچێت بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە لەسەر بنچینەیەکی قەرارگرتوو دابمەزرێ. دەشێ کاتێکی زۆری بوێ و لەوانەیە چل پەنجا ساڵێکی پێبچێ تا جارێکی تر ئەو سیستەمە کۆن دەبێ و یەکێکی دیکە لەسەر بنچینەی گۆڕانی تەرازووی هێزەکان دێتە پێشەوە. واتە باشتر وایە بڵێین ئێمە *لە قۆناغی گواستنەوەداین* لە نێوان سیستەمێکی کۆن و سیستەمێکی تازەدا. بێگومان تا سیستەمی نوێی جیهانی دادەمەزرێ بە چەند تاقیکردنەوەیەکی سەختدا تێدەپەڕێ، دیارە ئەو کاتە جۆرج بووش لە (١٩٩٠/٩/١٣)دا باسی ئەو مەسەلەیەی کرد، ئەوکاتە جیهان بە تاقیکردنەوەیەکدا تێدەپەری، ئەویش تاقیکردنەوەی ئازادکردنی کوەیت بوو لە دەست هێزەکانی سەددام. بەڵام لە

دواییدا ئەو سیستەمە لە هەندێ قۆناغدا وەستا یان گیریخوارد، ئەویش بەهۆی مەسەلەی عێراقەوە، واتە مانەوە یاخود نەمانەوەی سەدام حوسەین و کارکردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا لە عیراق، تاقیکردنەوەیەکی سەختی دیکە، مەسەلەی یۆگۆسلاڤیایە کە تاکو ئێستا ئەوروپا و ئەمریکا چارەسەریان بۆ نەدۆزیوەتەوە. شایانی باسە، لە کێشەی کوەیتەوە بۆ یۆگۆسلاڤیا پەیوەندی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ڕووی کارکردنەوە بۆ دامەزراندنی ئەو سیستەمە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە کاتی کوەیتدا دەستی باڵا یاخود دەسپێشخەری هەمیشە هی ئەمریکا بوو، بەڵام کە بەرەو مەسەلەی یۆگۆسلاڤیا دەچین، دەبینین ئەوروبای ڕۆژئاوا هەوڵی ئەوە دەدات تەرازووی هێزی خۆی لەگەڵ ئەمریکا هاوشان بکات و پێی بڵێن ئەوانیش وەکو ئەمریکا، بگرە زیاتریش، ڕۆلیان لە مەسەلەی یۆگۆسلاڤیادا هەیە، چونکە مەسەلەکە لە ناو ئەوروپادا ڕوو دەدات.

دەمەوێ لەم مەسەلەیەدا واتە لە باسی سیستەمی نوێی جیهانیدا مێژوویی بم و بچمە دواوە و بڵێم: ئەمە یەکەم سیستەم نییە جیهان بەخۆیەوە دەبینێ و ئەگەر حیسابی ئەوەی ئەم ڕۆش بکەین، ئەوا جیهان هەرنەبێ پێنج سیستەمی بەخۆوە بینیوە:

سیستەمی یەکەمیان لە کۆنگرەی ڤیەنادا ١٨١٥، دوای تێکشکاندنی هێزەکانی ناپلیۆن پاش شەری واترلۆ دامەزرا، ئەو سیستەمە لەسەر بنچینەی چەمکی بوونی دوو شێوە دەوڵەت: دەوڵەتی بەهێز و دەوڵەتی بێهێز، دامەزرا.

سیستەمی دووەمیان ئەوەی ساڵی (١٨٧٨)ی کۆنگرەی بەرلینە، کە لەوێدا دەکرێ مەسەلەی کورد لە دوو ڕووەوە باسبکرێ: ڕوویەکی باسکردن لە ناو کۆنگرەکەدا باسکردنی داهاتووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، هەندێك هێز هەبوون (وەکو ڕوسیا) بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاریان دەکرد و هەندێك هێزیش (وەکو بەریتانیای مەزن) بۆ مانەوەی. ئەگەر بهاتبایە لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشایەتەوە یا کار بۆ هەڵوەشانەوەی بکرابایە، بێگومان مێژووی مەسەلەی کورد ڕەوتێکی دیکەی وەردەگرت، بەڵام

کۆنگرەکە بە مانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆتایی هات. ڕووەکەی تر لە کۆنگرەکەدا مەسەلەی کەمەنەتەوایەتییەکانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، ئەگەرچی ڕاستر وایە بڵێین مەسەلەی کەمایەتیە دینییەکان بوو، چونکە لە ناو سیستەمی میللیەتی (millet) عوسمانیدا چەمکی دینی هەبوو تا چمکی ئیتنیکی. واتە باسکردنی کەمایەتییەکان لە کۆنگرەی بەرلین لەسەر بناغەی دینی بوو نەك نەتەوەیی.

سیستەمی سێیەم بریتییە لە هی تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە تایبەتی لە پەیمانی فەرسای (١٩١٩)و سیڤەری (١٩٢٠)ەوە، لەوێدا بۆ هەمووومان ئاشکرا بوو کە مەسەلەی کورد ڕووناکییەکی تێدابوو و چاوەڕوانی دوارۆژێکی باش و بوون بە خاوەن دەوڵەت یان کیانی بۆ دەکرا.

سیستەمی چوارەم دوای تەواوبوونی جەنگی دووهەمی جیهانی بوو، کە بە نێوی جەنگی ساردەوە ناودەبرێت، لێرەشدا دەکرێ باسی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکرێن کە لەناو مەسەلەی کورددا هاتنە ئاراوە، بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، واتە دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی کۆماری مەهاباد، کە پێوەندی لەگەڵ سەرەتا زۆر زووەکانی جەنگی ساردا هەبوو.

سیستەمەکەی ئێستاشیان ئەوەیە کە لەساڵی ١٩٨٩ بە دواوە و تاکو ئێستا دەبینرێ.

سیستەمی نوێی جیهان هەتا ئێستا دانەمەزراوە و زیاتر شتێکە لە گۆڕاندایە. لەوانەیە بڕوای من لەوەی وەزیری کاروباری دەرەوەی دانیمارکەوە نزیکبێ کە لە بری (disorder) (order)ی بۆ ئەوەی بەکارهێناوە، واتە شتێکە ناڕێکخراوە و سیستەمێکی ناجێگیرنووە و دەیەوێ شێوەیەکی ڕێکخراو وەربگرێ، لە ڕاستیدا ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانەی لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا ڕوو دەدەن ئەوە نیشان دەدەن کە کام لەو دوانەیە.

وا بزانم شتێکی چاك دەبێت کە باسی ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە بکەین کە ئەم سیستەمەی لەسەر دادەمەزرێت، ئەوەش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە: ئایا سیستەمی نوێی جیهانی ئەوە دەگەیەنێت کە بە

شێوەیەکی ئاشتییانە مامەڵە لەگەڵ ململانێ ناوچەیی و نێونەتەوەیی و ناوەکییەکان بکرێ و پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی پرنسیپی ڕێز و مافی دەربڕینی هەر لایەك و هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردن لە پرنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەبێ؟ ئایا ئەم سیستەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تەنانەت بنیات دابنرێ بۆ تەرازووی هێز دوای هەڵوەشاندنەوەی تەرازووی هێزی ماوەی جەنگی سارد لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت وەك سەرکردەی جەمسەرێکی ئەو تەرازووە؟

لە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوەدا، دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، هەرنەبێ لەم دوو سەد ساڵەی دواییدا، پرنسیپی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنچینەی هاوسەنگی هێز بەڕێوە چووە و ئەکتەری سەرەکیش لەو پەیوەندییانەدا دەوڵەت بووە.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو تیۆرییە جیاجیایانەی کە سەبارەت بە شیکردنەوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ئارادان، کە تیۆری (هانس مورجنتاو) یەکێکە لەو تیۆرییانە و لەسەر فیکرەی سیاسەتی واقیعیانە (realpolitik) دامەزراوە و هێز و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت دوو چمکی ناوەندین تیایدا، سیستەمی نوێشمان دیسان لەسەر بنچینەی هاوسەنگی هێز، هەڵسوکەوتی دەوڵەتیش لەسەر بنچینەی سیاسەتی واقیعیانە بە دوو چمکە بنچینەییەکەیەوە: هێز و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا ئینکاری ئەوە ناکرێ کە لە داهاتوودا هەندێ چمکی وەکو مافی مرۆڤ و هی تر ڕۆڵی زیاتر وەردەگرن.

لە لایەکی ترەوە، هەتاکو ئێستا باس لە چوار مۆدێل دەکرێت بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیستەمی نوێی جیهانی لە داهاتوودا:

١) مۆدێلی یەکەم: **The Interdependence – Global Village Model**.

٢) مۆدێلی دووەم: **Pax Democratica Model**.

٣) مۆدێلی سێیەم: **Collective Security Model**.

٤) مۆدێلی چوارەم: **Pax Americana Model**.

بە پێی مۆدێلی یەکەم، جیهان زۆر بچووك بۆتەوە و کۆمەڵێك کێشە هاتونەتە ئاراوە کە پێویستیان بە هاوکاری و کاری هەموو دەوڵەتەکان هەیە، وەك: ژینگە، ئابووری، ئاسایش و شتی تر. بە پێی مۆدێلی دووەم، کە زۆر گەشبینانەیە، لە داهاتوودا شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا نابێ و مەسەلەی دیموکراسیەت بەرەو پێشەوە دەچێت و دەوڵەت دوای دەوڵەت، کۆمەڵگا دوای کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسی دەچن و لە ئەنجامدا هەموو بەرەو ئاشتی دەڕۆن. مۆدێلی سێیەم، کە زیاتر بۆ ماوەی سالانی (١٩٣٠)ەکان دەگەڕێتەوە، واتە پێش پەیدابوونی جەنگی دووەمی جیهانی، لەسەر فیکرەی (سەرۆکی ئەمریکا) ویلسۆن بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی جیهانی کۆمەلەی نەتەوەکان دامەزرا، بەلام لە ساڵی ١٩٣٩دا، پاش ئەوەی ئەڵمانیای نازی دنیای بۆ ناو جەنگێکی جیهانی ڕاکێشا، نوشستی هێنا. بە پێی مۆدێلی چوارەم، ئەمریکا لە داهاتوودا تاکە هێزێك دەبێ کە دەتوانێ بڕیار لەسەر زۆر شت بدات لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا. وا بزانم جۆرج بووش کاتی خۆی لە قسەکانیدا لە ١٩٩٠/٩/١٣دا زیاتر کاری بۆ ئەمجۆرە سیستەمە دەکرد تاوەکو سیستەمێك کە لەسەر بنچینەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دامەزرابێ.

سەبارەت بەو چوار مۆدێلە، هەتا ئێستا ئەوە ڕوون نییە ئەو سیستەمەی ئێمە باسی دەکەین بە پێی کام مۆدیلێ دادەمەزرێ، بەلام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم دەشێ لەسەر بنچینەی پێوەندی نێوان زیاتر لە مۆدێلێك لەو مۆدێلانە دابمەزرێ، واتە دەشێ توخمەکانی دوو یان سێ مۆدێلی تێدابێ.

مەسەلەیەکی گرنگ لە باسکردنی سیستەمی نوێی جیهانیدا، تەواوبوونی جەنگی ساردە. ئەو مەسەلەیە گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، یەکێك لەو کەسانەی لەسەر ئەو بابەتەی نووسیوە و گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری خستۆتەوە، مێژوونووسێکی ئەمریکی بە ڕەچەڵەك یابانییە بە نێوی (فرانسیس فۆکۆیاما)، ئەویش لە ڕێگەی وتارێکەوە بە ناونیشانی (کۆتایی مێژوو **The End of History**).

فۆکۆیاما دەڵێ (ئێستا لە سەردەمی تەواوبوونی مێژووداین، تەواوبوونی

مێژوویش بە سەرکەوتنی فیکر و ئایدیۆلۆژییای لیبرالی و لەناوچوونی فیکری کۆمۆنیزم هاتە ئاراوە). بێگومان ئەگەر ئێمە لێکدانەوەیەکی وامان بۆ جەنگی سارد هەبێ، ئەوا لێکدانەوەکەمان گەشبینانەیە. باشتر وایە بڵێین ئەو جۆرە ململانێیە لە ئەوروپا خۆیدا لە ئەنجامێك، بەڵام لە ئەوروپا بترازێین و بچینە (جیهانی سێیەم)، ئەو جیهانەی ئێمەی لێوە هاتووین، ئەوا لەو بڕوایەدام ململانێکە تازە خەریکە دەستپێدەکات، تازە ئەوروپا باس لەوە دەکات لە جیهانی ئێمەدا دیکتاتۆریەت هەیە. هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەو دیکتاتۆرانە، ئەو ڕژێمانەی مافی مرۆڤیان پێشێل دەکرد، یارمەتی سەرەکیان لە زلهێزەکانەوە بوو، چونکە لەسەر بنچینەی ئەو یارمەتییانە ئەوان دەیانتوانی دەستێکی ئەمیسنی ئەو زلهێزانە بن. بە واتایەکی دیکە، ئیمڕۆ مەسەلەی قۆچ قۆچانێی فیکری لیبرالی و فیکری دیکتاتۆری گواستراوەتەوە جیهانی ئێمە.

دەکرێ ئەنجامەکانی تەواوبوونی جەنگی سارد بەو شێوانەی خوارەوە تەماشا بکرێن: یەکێك لە ئەنجامەکان ئەوەیە کە ئیتر سنووری دەوڵەتەکان پیرۆز نین. ئەمەش بێگومان سوودێکی زۆری بۆ مەسەلەی کوردستان هەیە. ئەنجامێکی دیکە مەسەلەی دەستخستنە نێو کاروباری دەوڵەتانەوەیە کە تا ڕۆژی ئیمڕۆ شیاو نەبوو. شایانی باسە، بەخێری ئەو قۆچ قۆچانێ و ململانێیەی نێوان دوو زلهێزەکە، کە زیاتر لە وڵاتانی (جیهانی سێیەم) بەکاریان دەهێنا، هەریەك لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت دەستێکی ئەمینی پاراستنی ئەو سنوورانە بوون. ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەو سنوورانە وەك پرنسیپ پیرۆز بوون، بەڵکو زیاتر پرنسیپیان بەکار دەهێنا بۆ پیادەکردنی سیاسەتی واقیعیانە، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە هەڵنەوەشێنەوە، چونکە هێز ئەوان هێز بوو بۆ ئەمریکا یاخود یەکێتی سۆڤیەت و بە پێچەوانەشەوە. بەڵام لە ئەنجامی نەمانی ئەو ململانێیە، دەوڵەتان بە تەنیا ماونەتەوە، زۆرجاریش دەبینین لە کاتی دروستبوونی کێشەیەکدا کە پێوەندی بە ئاسایشی جیهانی یاخود ناوچەییەوە هەیە، زلهێزەکان لەوە

ناسڵەمێنەوە پرنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی بچنە نێو ئەو دەوڵەتانەوە و هەندێك سیاسەت پیادە بکەن کە تا ئێستا شیاو و لەبار نەبووە. ئەنجامی سێیەم مەسەلە ناوچەییەکان و شەڕە ناوخۆییەکانە کە ئێستا سەبەرخۆیی خۆیان وەردەگرن، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. لە کاتی جەنگی ساردا ئەو شەڕە ناوخۆییانە، کە لەسەر بنچینەی ئایدیۆلۆژی یاخود بە ناوی (شەری ئازادیخوازانە) پیادە دەکران، دەبوایە پاڵ بدەنە یەکێتی سۆڤیەت یاخود ئەمریکا، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێ بوەستن. زۆربەی جاریش وا دەبوو زیاتر پاڵ بدەنە یەکێتی سۆڤیەت. لە هەر بارێك لەو دوو بارەشدا بزووتنەوەکان لە بری ئەوەی مێژووی خۆیان بنووسن، زۆرجار مێژوویان بۆ دەنووسرا واتە لە دەرەوە ڕا و بڕیار لەسەر چارەنووسیان دەدرا. لە ئەنجامدا ئەوەش گەلێك جار تووشی تراژیدیا دەبوون، لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا و بە بڕیارێك هەڵدەوەشانەوە. دەتوانم نموونەی زۆر لەم بوارەدا بهێنمەوە، جگە لەوەی مەسەلەی کۆماری کوردستان بە سەرەتای جەنگی ساردەوە دەبەسترێتەوە، کارەساتەکەی ١٩٧٥یش ڕاستەوخۆ دەشێ ببەسترێتەوە بە ململانێی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکاوە. ئەویش لە دەستپێکی پەیمانی یەکێتی سۆڤیەت و عێراق (ئەپریلی ١٩٧٢) و خۆماڵیکردنی نەوت (حوزەیرانی هەمان ساڵ) و... هتد، بەوجۆرە کورد لە عێراقدا بووە بەشێك لە جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا کە لە پشت ئێرانەوە دەوەستا و یەکێتی سۆڤیەت کە لە پشت عێراقەوە دەوەستا. ئێستا ئەو مەسەلەیە نەماوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ئازادبوونی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانە، ئەگەر زۆر گەشبینانە قسە نەکەین، هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بە نەفرەت دەکران، چونکە ئارامیان دەشڵەقاند و بە هۆکاری پشێوی دەژمێردران، بەڵام ئیمڕۆ زیاتر هەوڵی تێگەیشتن لەو بزووتنەوانە دەدرێ و هەوڵ دەدرێ ببەسترێنەوە بە هەندێ چەمکی وەك دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینەوە.

وا بزانم بۆ هەمووومان ئەو پرسیارە گرنگە، وەك لە گفتوگۆکاندا

دەرکەوت، کێ هێزی سەرەکی دەبێ لە جیهاندا؟ ڕاستە ئەمریکا لە کاتی شەڕەکەی کوەیتدا ئەو خواستەی نیشان دا کە ببێ بە سەرکردە و سەرکێشی ئەو سیستەمە جیهانییە و هەتا ئێستاش لەسەری بەردەوامە. خۆ ئەگەر لە داهاتووشدا بۆی بلوێ ئەوا ئەو مۆدێلی پاکس ئەمەریکانەی پێشوو دەکاتە پرنسیپی (سیستەمی نوێی جیهان)، ئەمەش بە بەکارهێنانی هەندێ چەمکی وەك مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئەوانە. بە بڕوای من پێدەچێ ئەو ستراکتەرەی (بنەمای) سیستەمی داهاتوو زیاتر لەسەر بنچینەی دابەشبوونی هێز دەبێت. ئەم دابەشبوونەش هەندێ جار لەسەر بنچینەی سەربازی — ئاسایشی دەبێ و هەندێ جار لەسەر بنچینەی ئابووری و هەندێ جاریش لەسەر بنچینەی ناوچەیی، لێرەدا دەکرێ بە چوار شێوە تەماشای ئەو دابەشبوونە بکرێت:

١) ئەمریکا لە هەندێ مەسەلەی ئابووری و ئاسایشدا ڕۆڵی یەکەم دەبینێ.

٢) ئەمریکا و ڕووسیا ڕۆڵی کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەتۆمی دەبینن، هەرچەندە زۆر دەوڵەتی تریش ئەوجۆرە چەکەیان هەیە. لەم ڕووەوە ڕۆڵی ئەمریکا و ڕووسیا لەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی کەمکردنەوە یان لەناوبردنی ئەو جۆرە چەکە وەکو مۆنۆپۆل تەماشا دەکرێ، ئەگەرچیش هەندێ وڵاتی تر هەن کە بەدەنگهاتوون و دەیانەوێ لەو گفتوگۆیانەدا بەشدار بن، بەڵام ناتوانم ئیمڕۆ بڵێم ئەوە لە داهاتوودا دەبێتە حەقیقەت یاخود نا.

٣) ئەمریکا و بازاری هاوبەشی ئەوروپا و یابان و پڵنگەکان (کۆریای خوارووو و ئەوانی دیکە) لە مەسەلەی ئابووری و بازرگانی نێونەتەوەییدا ڕۆڵی بنچینەیی دەبینن.

٤) هێزە ناوچەییەکان لە داهاتوودا ڕۆڵێکی کەم لە مەسەلە ناوچەییەکاندا نابینن، بۆیە دەمەوێ ئەو هێزانەش بخەمە پاڵ ئەو هێزانەی تا ئیمڕۆ وەك زلهێز تەماشا دەکرێن، چونکە ڕۆڵی خۆیان دەبینن. بۆ نموونە تورکیا کە لە سێ ڕەهەندی (بعد) خوارووی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەڕاستی ئاسیا و قەوقازدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

ئەوەی پێوەندی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانەوە هەیە بە گشتی، جا لە هەر پارچەیەکدا بێ، چوار پرسیار گرنگە لەسەر مەسەلەی دابەشبوونی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ واتە پرسیار لەسەر ئەوەی کێ دەبێتە هێزی پلە یەك و کێ دەبێتە هێزی پلە دوو، یەکەم: ئایا ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕۆڵی پلە یەك وەردەگرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمریکا ڕۆڵی پلە دوو؟ دووەم: ئایا ئەمریکا ڕۆڵی پلە یەك وەردەگرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕۆڵی پلە دوو؟ سێیەم: ئایا ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕۆڵیان یەکسان دەبێ لەگەڵ هەندێ گۆڕاندا لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە و لە مەسەلەیەکەوە بۆ مەسەلەیەکی دیکە؟ چوارەم: ئایا دەشێ ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕۆڵی خۆیان بدەنە هێزە ناوچەییەکان و خۆیان خەریکی مەسەلەی زۆر گرنگتر بن، وەك پێوەندی نێوان خۆیان و پێوەندییان لەگەڵ یابان و سیاسەتی نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی گشتی؟

ئەو بۆچوونانەی هەتاکو ئێستا هەن بریتین لە:

١) ئەورووپای ڕۆژئاوا دەبێتە ئەکتەری پلە یەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا زۆر کەس داوای ئەوە دەکەن، یەکێك لەوانە هینری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکایە کە لە وتارێکدا نووسیویەتی (لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا ئەمریکا دەبێ حیسابی ئەوە بکات کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجێبهێڵێ، ئەگەر بەجێشی نەهێڵێ ئەوا ڕۆڵی بنچینەیی بداتە ئەورووپییەکان).

٢) بۆچوونێك هەیە کە دەڵێ ئەمریکا دەبێتە هێزی پلە یەك و ئەورووپای ڕۆژئاواش دەبێتە هێزی پلە دوو. ئەمەش زیاتر بۆچوونی خەڵکانێکە لە ئەمریکا کە بەرژەوەندی بنچینەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینن، بە پێوەند لەگەڵ مەسەلەی نەوت و هەندێ مەسەلەی تر، وە بە پێویستی دەزانن ئەمریکا بە هەموو توانای خۆی هەوڵی ئەوە بدات نەك هەر ببێتە ئەکتەری پلە یەك، بەڵکو کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، بە تایبەتی هی نەوت، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ کۆنترۆڵی ئەورووپای ڕۆژئاوا

و یابانیش بکات، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر پشت بە نەوتی ئەو ناوچەیە دەبەستن.
٣) بۆچوونەکەی دیکە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا وەکو یەك بن، ئەم بۆچوونە پێی وایە لە داهاتوودا ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا، بە پێی هەندێ تێڕوانین، پێویستە هاوسەنگ بن، چونکە هەندێ بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی هاوبەش کاریان لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەمە تەنیا دوابڕوا نییە سەبارەت بەو مەسەلەیە، چونکە بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە پێی وایە ئەگەرچی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا لە سەرەوە بە شێوەی ڕێکەوتن سیاسەتەکانیان دەنوێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ململانێ لە نێوانیاندا هەیە. لێرەدا تێگەیشتن لەو پەیوەندیانە بۆ ئەکتەرە سیاسییەکانی کوردستان مەسەلەیەکی گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانرێ لەسەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنە سیاسەتەکان داڕێژن و بڕیارەکان وەرگرن.
٤) بۆچوونی چوارەم پێی وایە ڕۆڵی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا کەم دەبێتەوە و ڕۆڵی هێزە ناوچەییەکان زۆر دەبێ. ئەوەش ئەنجامی هەندێ بڕوای ئەوروپا و ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەبارەت بەوەی سەرپەشەیان لە قازانجیان زیاترە لە ناوچەکەدا، بۆیە ڕۆڵی خۆیان دەدەنە هێزە ناوچەییەکان و خۆیان وەك هێزی پلە دووی ناوچەکە قبووڵ دەکەن.

بەهەرحاڵ، من لەو بڕوایەدام کە دەبێ ئەوروپای ڕۆژئاوا لە داهاتوودا حیسابی پلە یەکی بۆ بکرێت لە ناوچەکەدا. ئەوروپا پرۆژەی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا، پرۆژەیەکی کۆنی چەند ساڵ بەر لە تەواوبوونی جەنگی سارد. مەبەست پرۆژەی خوارووی ئەوروپایە: فەڕەنسا، پۆرتوگال، ئیسپانیا و ئیتالیا، بە نێوی (پرۆژەی کاری هاوبەش لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست). ئەم پرۆژەیە کاری زۆری بۆ کراوە، بەڵام هێشتا نەبۆتە حەقیقەتێك. هەروەها فیکرەی تریش هەیە بۆ دروستکردنی پرۆسەیەك وەك پرۆسەکەی هلسنکی (کۆنفرانسی هلسنکی) لەسەر مەسەلەی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و هەندێ مەسەلەی تر، کە پێوەندی هەبێت بە وڵاتانی دەوروپشتی دەریای

ناوەڕاستەوە و تیایدا ئەوروپا و ناوچەی ئێمە لە شێوەی پرۆسەیەکدا تێکەڵ بەیەك دەبن، دیارە ئەمەش لەسەر بنچینەی مێژوویی، جیۆسیاسی، جوگرافی و زۆر شتی تر دەبێ، پێم وایە ئەوروپا هۆی (بارودۆخی یاریدەدەر)ی مانەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر بێ تاکو ئەمریکا.

گفتوگۆیەك لەگەڵ نووسینی کوردناسێکدا بە نێوی (ڕۆبرت ئۆلسۆن)، سەبارەت بە بەراوردکردنی دەرفەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە ساڵانی بیست و ساڵانی نەوەتدا، هاتۆتە ئاراوە. بە بڕوای من ئەو شێوە بەراوردکارییە زیاتر لە سوودێکی هەیە بۆ:

١) پەیداکردنی زانیاری دەربارەی هێزە جیۆستراتیژییەکانی کە لە ناوچەکە و دەرەوەدا هەن.

٢) تێگەیشتن لەوەی چ پرۆسەیەك خەریکە لە ناوچەکەدا پێدابگرێ و ببێتە مۆدێل و چ هێزێك لە ناوچەکەدا بزربووە و ڕۆڵی نەماوە.

دۆزینەوەی ئەو شێوە میکانیزمە، بە بڕوای من، شتێکی گرنگە بۆ باسکردن لەسەر دەرفەتەکاوی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی یاخود گۆڕانی بارودۆخی کوردستان بەرەو باشتر و هاتنەکایەوەی هەندێ قەوارەی سیاسی یا چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم، ئەوەی لە ناوچەی ئێمەدا ڕوودەدات زیاتر وابەستەیە بە هەژان یان تێکشکاندنی ئەو ئەمری واقیع (status quo)ەوە کە نەك لە جەنگی دووهەمی جیهانییەوە، بەڵکو لە تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و دروستبوونی دەوڵەتە دەستکردە زۆرەملێکانەوە بەسەر ناوچەکەدا سەپێنراوە. ئەو ئەمری واقیعە تا ئێستاش بەردەوامە. کێشەی کوەیت و تێکشکاندنی ئامێری جەنگی عێراق مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ میللەتی کورد، چونکە بە بڕوای من ئەو تێکشکاندنەی عێراق تێکشکاندنی سێکوچکەی تەرازووی هێزی ناوچەکەیە، ئەوەی عێراق و تورکیا و ئێران پێکیان هێناوە. واتە ئەگەر عێراق لە ناوچەکەدا لاواز بوو، تورکیا و ئێران چییان بەسەر دێت. باسی ئەگەری پێکدادانێکی سەربازی

نێوان تورکیا و ئێران دەکرێ، بە بڕوای من ئەوە شتێکە نابێ بە دووری بزانین و پێویستە دووریخەینەوە لە مەسەلەی ویست و ناویست. دەبێ ئەوە بزانین کە هەژانێکی دیکەی وەك ئەوەی کوەیت لە ناوچەکەدا، دەشێ دەرفەتە مێژووییەکە بۆ گەلی کورد گەورەتر و لەبارتر بکات.

هەندێ شەڕ لە پێناو ئاشتی یاخود ئاشتییەکی باشتردا دەکرێن، هەندێکی تریش بۆ تێکشکاندنی ئاشتییەکی خراپ و بەسەر خەڵکدا سەپێنراو. ئەو ئاشتییەی لە کۆنگرەی لۆزان سەپێنرا بەسەر کورددا، ئاشتییەکی خراپ بوو و دەبێ هەڵوەشێتەوە وە دەخواسترێ بە توانای خۆیی کورد هەڵوەشێتەوە. ئەمە ناکۆکییەکە، چونکە بە پێی ئەمری واقیع نەمانتوانیوە هەڵیوەشێنینەوە. ئێمە خاوەنی بزووتنەوەیەکی چەکدارین لە کوردستانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات کە نەك هەر نەیانتوانیوە ئەمری واقیعەکە لەناوبەرێ (هەڵوەشێنێتەوە)، بەڵکو نەیتوانیوە بێهێزیشی بکات. کەواتە ڕەنگە هەندێ هەژان و گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا زیاتر ڕووناکی بداتە کورد بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو ئەمری واقیعەی بەسەردا نەسەپێتەوە.

لەم بارەشەوە دەشێ ئاماژە بدرێت بە هەندێ مۆدێل بۆ تەرازووی هێز لەو سێ کوچکەیەدا: یەکێکیان ئەوەیە هەرسێ دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا بێهێز بن، دووەمیان ئەوەیە هەرسێ دەوڵەتەکە بەهێز بن، سێیەمیش ئەوەیە ئەگەر عێراق لەناو بچێ ئەوا ئێران و تورکیا دوو هێزی هاوتا بن. ئەگەر مۆدێلی سێیەم، کە فیکرەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عوسمانییە (واتە دەوڵەتی عوسمانی نوێ) ببێتە حەقیقەتێك ئەوا ڕەنگە کۆنفدراسیۆنێکی کوردستانی باشوور و تورکیا سەرهەڵدات. ئایا کام لەو سێ مۆدێلە دەبێتە حەقیقەت و بزووتنەوەی کورد سستەماتیکانە ("مەنهەجیانە") کار بۆ کامیان دەکات؟ واتە بە پێی کارێکی بە پلان و نەخشە بۆ دانراو؟ ئایا یەکێك هەڵدەبژێرن کە پێیان خۆشە و شیاوە؟ ئایا یەکێك هەڵدەبژێرن پێیان خۆشە و شیاونییە؟ یاخود ئەوە هەڵدەبژێرن کە دەشێ دەرفەتی زیاتربێ بەڵام لە سوودی ئێمەدا نەبێ؟

وا تێدەگەم لە مەسەلەی بەراوردکردنەکەی نێوان ساڵانی بیست و ساڵانی نەوەتدا دەبێ تەماشای سێ شت بکەین: یەکێکیان خودی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانە، ئەویتریان سیستەمی ناوچەییە، ئەویتریشیان سیستەمی جیهانییە.

ئەوەی پێوەندی بە میکانیزمە ناوەکییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانەوە هەیە، بێگومان زۆر مەسەلە هەن کە دەشێ بخرێنە ژێر بەراوردکردنەوە؛ شێوەی ڕێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، ئاستی هوشیاری و دروشمە سیاسییەکان، بەگشتی پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەکە. ئەوانە زۆر مەسەی گرنگن کە دەبێ بخرێنە قاڵبی بەراوردکاری بارودۆخی کوردی بیستەکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە. لە (سیستەمی نوێی جیهانی)دا من لەو بڕوایەدا نیم (لەوانەیە ڕاستیش نەبم) بتوانین بە توانا خۆییەکانی بزووتنەوە چارەسەرێکی هەمەلایەن و یەکبوو بۆ مەسەلەی کورد بدۆزینەوە، ئەمەش لەسەر بنچینەی ئەو ڕاستییانەی خوارەوە:

١) نەبوونی ستراتیژیەتێکی سەرتاسەری کوردستانی. ئەوەی ڕاستی بێت بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری کوردستانی مەزن لە ئارادا نییە بۆ دۆزینەوەی چارەیەك یاخود ڕێگەچارەیەك بۆ مەسەلەکە. ئەگەر بووترێ پارتی کرێکارانی کوردستان لە کوردستانی باکوور خاوەنی ئەو چارەسەرەن، دەڵێم نەخێر. ئەوەی تا ئیمڕۆ بەدی دەکرێ، چەند بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی جیاجیایە لە پارچەکانی کوردستاندا. لێرەشدا ڕەنگە مرۆڤ کەم تا زۆر لە بۆچوونەکەی (میهرداد ئیزەدی)یەوە نزیکبێ کە دەڵێ: (ئەگەر کورد بەخۆی ڕانەگات، ئەوا دوای دە پانزە ساڵ دەبێ باسی نەتەوە کوردییەکان بکات نەك نەتەوەی کورد). ئەمە کێشەی کوردی قووڵتر کردۆتەوە و ڕەنگە کەم تا زۆر بە بێ ئاگایی یا بە ئاگاییەوە کورد قبووڵی کردبێ، بەڵام ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کار بۆ ئەوە بکرێ ستراتیژیەتێکی سەرتاسەری بێتە ئاراوە. واتە چەمکێکی گشتی هەبێ کە لە ژێریدا چەند چەمکێکی تایبەتی هەبن؛ دروشمێکی سیاسی گشتی هەبێت کە لە ژێریدا چەند دروشمێکی سیاسی

تایبەتی هەبن.

٢) کەموکوڕییەکی دیکەی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەوەیە کە تاکو ئێستاکە *پرۆژەیەکی نەتەوەیی* کوردی لە ئارادا نییە، شتێك بە ناوی پرۆژەی نەتەوەیی کوردی نییە کە لە نێویدا "پەیمانێکی" نەتەوەیی (national charter) دەربڕدرابێ (وەك ئەوەی فەلەستینییەکان کە مافی یاسایی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی و ئابووری و کولتووری... هتدی تێدایە) بێ ناکۆکی حزبایەتی و لە بازنەیەکی کوردایەتی و نەتەوەییدا، واتە لە بازنەیەکدا کە میللەتەکەمان ئینتیمای بۆ شتێك هەیە هاوبەشە و سەروو هەموو ئەو سنوورانەیە کە دەوڵەتان و حزبەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان لە پارچەکانی کوردستاندا دایان ناوە. باوەڕم وایە ڕاگەیاندنی پرۆژەی نەتەوەیی مەسەلەیەکی گرنگە و ناساندنی بە کورد کارێکی گرنگترە.

٣) ئەگەرچی ئەو ڕاستییەش قبوولکەین کە کورد بزووتنەوەی نەتەوەیی جیاجیای هەیە لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا، ئەوا هەرنەبێ ئەم قۆناغەی گۆڕانکارییەکان ئەوە دەسەپێنێ بەسەر هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەکە و ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا لەسەر کەمترین ئاست (الحد الادنی)ی کاری سیاسی نەتەوەیی، ئۆرگانێکی نەتەوەیی، بۆ نموونە بە نێوی (ئەنجومەنی یەکخستنی نەتەوەیی باڵا) دامەزرێنن. ئەم ئەنجومەنە دەتوانێ تا ڕادەیەك وەڵامێکی شیاو و پڕاوپڕ بێت بۆ پێداویستییەکانی قۆناغی ئیمڕۆی گۆڕانکاری و پەیوەندییە جیهانییەکان. لێرەدا ناتوانم بە درێژی باسی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بکەم، بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی دیکەدا ڕۆشناییان بخەمە سەر.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئیمڕۆ بزووتنەوەی سیاسی کوردستان نەك هەر بەو شتانەی سەرەوە (ئەو سێ خاڵەی سەرەوە) نامۆیە، بەڵکو ناتەبایی لێرە و لەوێش لە نێوان بزووتنەوەی سیاسی پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ پارچەکانی دیکەدا بەدی دەکرێ. نموونە بۆ ئەوە، تێکهەڵچوونەکەی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ی نێوان هێزەکانی حکومەتی کوردستان و هێزەکانی

PPKیە.

مەبەست لە باسکردنی ئەو سێ خاڵەی سەرەوە ئەوەیە، ئەگەر سیستەمێکی نوێی جیهانی یان هەرنەبێ بارودۆخێکی نوێ هاتبێتە کایەوە لە بنەما (ستراکتەر)ی سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، ئەوا پێویستە بەم پێیە و وەك پێویست بزووتنەوەی سیاسی کوردستانیش تازەبوونەوە و نوێبوونەوە بەخۆوە ببینێ. پێم وایە، جگە لە بەرچاوگرتنی ئەو سێ مەسەلەیەی سەرەوە کە زۆر گرنگن، دەبێ هەندێ گۆڕانکاری تریش لە مەیدانی خەباتی سیاسی کوردستاندا بێنە ئاراوە، لەوانەش:

١) لایەنی ئایدیۆلۆژی بزووتنەوەکە؛

٢) بنەماکانی ڕێکخستن، لێرەشدا دەبێ بازنەی کوردایەتی دەستپێك بێ و بازنەی حزبایەتی تێکبشکێنرێت؛

٣) دروشمە سیاسییەکان.

٤) *بەدامەزراوکردنی بزووتنەوەی کورد*، جا سیاسەتی بزووتنەوەکە بێت یاخود دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. لێرەدا گرنگ ئەوەیە ستراکتەری دەوڵەتێك بخەینە نێو قاڵبی کاری سیاسی خۆمانەوە، بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین و ئەگەر سبەینێ بووینە دەوڵەت یاخود زەمینەی ئەو دەوڵەتە ڕەخسا، ئەوا ئەو دەوڵەتە بۆ ئێمە نامۆ نەبێ و بتوانین کاری لەگەڵدا بکەین.

٥) ئیمڕۆ بۆ نوێکردنەوەی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان زۆر گرنگە سیاسەت وەك بەهرەیەك (هیوایەت) مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت. واتە ئیتر بزووتنەوەی کورد کاری سیاسی بکاتە ئیحتراف و خەڵکانی لێزان لە بوارە جیاجیاکاندا نەك هەر گوێیان لێ بگیردرێ، بەڵکو لە لایەن سەرکردەکانەوە بۆ ڕاوێژکاری پەنایان بۆ ببردرێ. لە م بوارەشدا دەشێ بپرسین: ئایا میللەتی کورد بۆ هەتا ئێستا خاوەنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی ڕاوێژکاری نییە کە بتوانێ سوود لەو کەسە شارەزایانە وەربگرێت، جا کورد بن یاخود لە بواری کورددا شارەزابن، بۆ داڕشتنی بڕیارە سیاسییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی سیاسییە کاربەدەستەکان؟

٦) بۆ پێڕاگەیشتن بەو گۆڕانکارییانەی جیهان لەم قۆناغەدا، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بگات و تێڕامان و چارەی شیاویشی هەبێ بۆ بارودۆخ و کێشەکان، هەروەها لە پێناو بەدامەزراوکردنی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، نەتەوەی کورد پێویستی بە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی نەتەوەیی کوردی هەیە، من یەکەم کەس نیم بانگەوازی ئەوە دەکەم و تەنیا دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە.

٧) بیرکردنەوەیەکی نوێتر و گونجاوتر لە ئامرازی خەبات، واتە پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا بزووتنەوە لەسەر خەباتی چەکداری بەردەوام بێت یاخود باس لە ئەڵتەرناتیفی تر بکات؟ بێگومان دەربڕینی ئەمجۆرە پرسیارە، سەرەڕای بوونی زۆر هۆ، گرێدراوی تەواوبوونی جەنگی ساردە. شایانی باسە، لە ژمارەی (١٥)ی گۆڤاری یەکگرتندا سەبارەت خەباتی چەکداری و ئەڵتەرناتیفە شیاوەکان بابەتێکم بڵاو کردۆتەوە (هەروەها لەم پەرتووکەی بەردەستدا بابەتەکە بەرچاو دەکەوێت).

ئێستا هەر لەسەر ئەو خاڵەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، من چۆن بابەتی ئیحتیمالی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ساڵانی بیستدا دەبەستمەوە بە ستراکتەری هێزەوە لە جیهان و ناوچەکەدا، بە هەمان شێوە حەز دەکەم لە ساڵانی نەوەتیشدا بیبەستمەوە بە ستراکتەری دابەشبوونی هێز و گۆڕانکارییەکانی تەرازووی هێزەوە لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە. فیکرەی دروستبوونی دەوڵەتی کورد لە ساڵانی بیستدا، فیکرەی پەیمانی سیڤەرە، کە ئینگلیزەکان مەبەستیان دروستکردنی دەوڵەتێکی بەربەستکەر (عازل) بوو لە نێوان ڕووسیای بەلشەفی و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێوان تورکیا و دوو ئازەربایجاندا و تێکشکاندنی توانای یەکگرتن یاخود پێکەوەبوونی تورکیا و ئازەربایجان لەسەر بنچینەی پان تورکیزم. واتە مەسەلەی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە لەسەر بنچینەی مافی چارەی خۆنووسین نەبووە، بەڵکو لەسەر بنچینەی دیتنی ستراکتەری هێز و هێزە جیۆستراتیژییەکانی ناوچەکە بووە.

لێرەدا دەشێ بپرسین: بۆچی دەوڵەتی کوردستان دروست نەبوو؟ دیسان دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوە بنەڕەتییانەی لە ئارادان. سەبارەت گۆڕانی بڕوای بەریتانییەکان لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە یاداشتێکی (ونستون چرچل **Winston Churchill**)دا (١٩٢٠) شتێکی زۆر گرنگ هەیە، تەنانەت خوێندنەوەی لە سالآنی نەوەتیشدا گرنگی ئەو یاداشتەمان بۆ دووپات دەکاتەوە. یاداشتەکە دوای پەیمانی سیڤەر نووسراوەو دەڵێ ئەگەر ئێمە تەماشای هێزەکانی ناوچەکە بکەین (واتە ئەوەی دەوروپشتی کوردستانیان گرتووە) چوار هێز بەدی دەکرێن: یەکەمیان یۆنانییەکانە کە دەبێ بە پێی چرچل خەتیان بەسەردا بهێنرێ، چونکە گرنگییەکی سەرەکییان نییە و بەرژەوەندییان لە ناوچەکەدا نییە. دووەمیان تورکە و سێیەمیان عەرەبە و چوارەمیشیان ڕووس. کاتێك دێتە سەر باسی عەرەب و تورك و ڕووس چرچل دەڵێ، دەبێ ئێمە هەموو هەوڵێك بدەین بۆ ئەوەی عەرەب و تورك، وەکو دوو میللەت، لە ناوچەکەدا بەهێز بن و دۆستی ئێمە (واتە دۆستی بەریتانیای مەزن) بن، بۆ ئەوەی نەبنە دۆستی ڕووسیای بەلشەڤی و مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانمان لە ناوچەکەدا دروست نەکەن. هەروەها دەڵێ ڕووس دوژمنی ئێمەیە و پێویستە بە یارمەتی عەرەب و تورك بەرژەوەندییەکانی خۆمانی لێ بپارێزین. جا لێرەدا دەشێ بپرسین ئایا دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە نێوان عەرەب لە خوارەوە و تورك لە سەرەوە نەدەبووە هۆی ئەوەی ئەو دوو میللەتە ببنە دوژمن، واتە دوژمنی بەریتانیای مەزن؟ لە وەڵامی ئەوەدا چرچل دەڵێ بەڵێ: دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لەو ناوچەیەدا هەڵەیەکی کوشندەیە، چونکە دەبێتە هۆی دوژمنایەتیکردنی عەرەب و تورك بۆ بەرژەوەندی بەریتانیەکان.

با بێینە سەر ئەو هێزانەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەن و بزانین کێن. ڕووسیا کەم تا زۆر ڕۆڵی کەمبۆتەوە. بەڵام ئیسلام ڕۆڵی زۆر بووە، ئەمەش لە هێلکارییەکەی چرچل بۆ ناوچەکە نییە. واتە هێزێکی نوێ هاتۆتە پێشەوە کە دەبێ کورد حیسابی بۆ بکات و بتوانێ ئەڵقەیەك لە مەسەلەی ئیسلامدا

لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا پەیدا بکات. لێرەدا من وا بیر دەکەمەوە، لەوانەشە ئەوە تەنها ویستیش بێت، نزیکبوونەوەی کورد بە شێوەیەکی گشتی لە تورکیا، هەرنەبێ کوردی عیراق و تورکیا، وە دۆزینەوەی جۆرێك لێك تێگەیشتن لەگەڵیدا، یارمەتیدەرە بۆ تێکشکاندنی ئەو سیاسەتی سێ کوچکەیەی دەوروبەری کوردستانی تەنیوەتەوە. خولانەوە لە نێو ململانێی نێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا (تورکیا و عێراق و ئێران) دەبێتە هۆی مانەوە و تێکنەشکاندنی ئەو سێ کوچکەیە. بە بڕوای من تێکشکاندنی ئەو سێ کوچکەیە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا شیاوە، ئەگەر کورد ستراتیژییەتێکی مەزن (**grand strategy**)ی هەبێت و لە ماڵی خۆیەوە دەسپێبکات، چونکە ئەڵقەیەکی ڕێگر هەیە، ئەویش *پەیوەندی کوردی — کوردییە*، واتە پەیوەندی نێوان کورد لە کوردستانی باشوور لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی باکوور. ئەگەر بێینە سەر ستراتیژیات و تێگەیشتنی هاوبەش، ئەڵقەیەکی بەتاڵ پەیدا دەبێت و ناتوانین ستراتیژییەتی کوردی — تورکی — ئەوروپی پیادە بکەین. جارێکی دیکە ئەوە دووپات دەکەمەوە کە دەرفەتی تێکشکاندنی ئەو سێ کوچکەیە بە ڕێگەی تورکیا و ئەڵقەیەکی کوردی — تورکی و لەسەر بنچینەی هەندێ چەمك لە ئارادایە. یەکێك لەوانە مەترسی ئیسلام بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا و مەترسی ئیسلام بۆ تورکیا و کوردستان. چونکە لە تورکیا مەترسی شۆڕشێکی ئیسلامی لەو جۆرەی ئێران لە ئارادایە و بەڵگەی زۆر دەربارەی گرژی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا بەدەستەوەن، ئەویش لەبەر پشتگیریکردنی ئێران بۆ تیرۆری ئیسلامی لە تورکیا.

بە بڕوای من یەکێك لە هێزە بنچینەییەکانی ناوچەکە تورکیایە، تورکیا بەرەو ئەوە دەڕوات گرنگی زیاتر لای ئەمریکا و ئەوروپا پەیدا بکات، گرنگیەکەش لە سێ ناوچەدایە:

١) خوارووی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا (ناوچەی بەلقان)؛

٢) ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست؛

٣) ناوەڕاستی ئاسیا.

لەبەر ئەوەی دواڕۆژی تورکیا وەك هێزێکی زل لە ناوچەکەدا، نەك بۆ خۆی زل بەڵکو بە بەها بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا، چاوەڕوانکراوە. ئاخاوتنەکانی ئەمریکاش لەسەر زاری وەزیری کاروباری دەرەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەمریکا هیچ کاتێك ئامادە نییە پشتی تورکیا بەردات. بەو پێیە تورکیا نەك هەر لە جێگەی خۆی نەماوەتەوە، بەڵکو وەکو وڵاتێك بەهێزتر و بەبەهاتر بووە بە سیاسەتی ڕۆژئاوا و ئەمریکا، وە لە داهاتووشدا هێزی زیاتر دەبێ. ئەگەر قسەکەی ئۆزال بە حەرفی وەرگرین، ئەوا ساڵانی دوو هەزار ساڵانی تورك دەبێ، واتە تورك دەبێتە هێزێکی زل، بۆیە دەبێ کورد حیساب بۆ ئەوە بکات. لێرەشدا قسەی یەکێکم وەبیر دێتەوە کە دەیووت: ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان کورد پەساپۆرتی لە برۆکسل بۆ دەرچوایە، ئەوا بەختەوەر دەبووم (بە مانای بینینی بوونی تورکیا بە ئەندام لە خێزانی ئەوروپیدا وەك شتێکی ئیجابی بۆ کورد).

## گفتوگۆ دەربارەی ئەم باسە

**عومەر شێخ موس:**

من یەك دوو تێبینیم هەیە، دوایی لە گفتوگۆکانی کۆتاییدا هەندێ ڕاوبۆچوون دەردەبڕم. لێکۆڵینەوەکەت زۆر جوان داڕشتووە و لایەنی زۆر گرنگت هێناوەتە گۆڕێوە کە لە کاتی بڵاوکردنەوەدا سوودیان دەبێت. ئەگەرچی من تۆزێ لە بڵاوکردنەوەی دانیشتنەکەمان سڵ دەکەمەوە و دەشێ تووشی کێشەبین، چونکە لە (یەکگرتن)دا بڵاو دەبێتەوە و لەوانەیە برادەران تەماشای نەکەن و نەیخوێننەوە، بەڵام بێگومان ڕووناکبیران سوودی لێ وەردەگرن و بەهۆی ئەوانەوە لە ناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە.

تێبینی یەکەمم لەسەر سیستەمە جیهانییەکانە کە تاکو ئێستا

هاتوونەتە ئاراوە. ئەوە ڕاستە و لە جێگەی خۆیدایە، بەڵام ڕەوتێك یان مەیلێك لە لای ئەورووپییەکان هەیە هەتا سیستەمێك لای خۆیان دەسپێنەکات نازانن سیستەمێکی دیکەی جیهانی هەبووە.

تێبینی دووەم کە سەرنجی ڕاکێشام، ڕۆڵی تورکیایە، ڕاستە ئێستا تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و ئۆزالیش خواستی گەورەی هەبوو بۆ نوێکردنەوەی تورکیا لەسەر بنچینەی ئیمپراتۆریەتێکی عوسمانی، بەڵام ئایا ئەوە مەیسەر دەبێ؟ زۆر کەس لە شارەزایانی سیاسەتی ناوچەکە و بۆ خۆشمان لەوە دەترساین پاش دارمانی یەکێتی سۆڤیەت تورك زمانەکانی ئەوی ڕوو لە تورکیا بکەن و خۆیان لەگەڵ تورکیادا بە دەوڵەتێك بناسێنن. ترسەکەش زیاتر لەسەر کوردستان و ئەرمینیا بوو و ئەگەر ئەو کارە سەری بگرتایە ئەوا باری کورد و ئەرمەن زۆر خراپ دەبوو. ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەو وڵاتانە پشتیان لە تورکیا کردووە، چونکە تورکیا نا توانێ ئیمکاناتی ئابوورییان بۆ مەیسەر بکات. نە تورکیا بووە پردێك بۆ پەیوەندیکردن بە ئەورووپا و بازاری جیهانییەوە. ڕاستە تورکیا لە ململانێدا لەگەڵ ئێران و ڕۆژئاواش پشتی پێ دەبەستێ، ڕاستە تورکیا دەیەوێ ڕۆڵێك لە ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینێ، بەڵام ئایا تورکیا دەتوانێ لە داهاتوودا ئەو ڕۆڵە ببینێ، بە تایبەت پاش ئەوەی ئۆزال ڕۆیشت؟ چونکە ئۆزال پیاوێکی دووربین و قووڵبین بوو و بە شێوەیەکی ستراتیژی بیری دەکردەوە و خاوەن جورئەتیش بوو بۆ هەنگاو هەڵهێنان. من بەرامبەر ئەو مەسەلەیەی تورکیا هەڵوەستەم هەیە.

تێبینی سێیەم سەبارەت بەوەی ناکۆکی نێوان ئەورووپا و ئەمریکا دێتە کایەوە. پێم وایە ململانێی نێوان ئەمریکا و ژاپۆن، ئەورووپا و ژاپۆن سروشتێکی هەیە کە جیاوازە لەگەڵ سروشتی جیاوازی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا. ئەمریکا و ئەورووپا، سەرەڕای ململانێی سیاسی و ئابووری و پایەداری، هەمیشە جۆرە ڕێکەوتن و لێك نزیکبوونەوەیەکیان هەیە لە چوارچێوەی پەیمانی ناتۆدا. ئایا ئەمە بەردەوام دەبێت یاخود نا؟ دیار نییە،

ئێستا لەسەر (گات) ڕێکنەکەوتوون و خەریکە شەڕێکی ئابووری بێتە کایەوە، لەسەر ئەوەی لە شەری کەنداودا پشتگیرییەکی چاکی ئەمریکایان نەکرد، بەڵام هەر هاوکارییەکی فراوانیان هەیە. بۆیە بە بڕوای من مەسەلەکە ناوەڕۆکێکی زیاد لە پێویستی درابووێ.

**خالید نازدار زادە:**

بۆچوونەکانم زۆر پێ باشبوو و تا ڕادەیەکی زۆریش شتی نوێیان تێدابوو بۆ منیش. ئەوەی جێی سەرنجە بەلامەوە، هێماکردنەکەبوو بە چرچل. ئەگەر ئێمە باسی بۆچوونی چرچل بکەین پاش ساڵی ١٩٢٣، ئەوا دەبێ قسە لەسەر بۆچوونەکەی ساڵانی (١٩٢٠ — ١٩٢٣)یش بکەین کە بەرامبەر (کۆکس) ئەڵتەرناتیڤی کورد لە پێش هەموو ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە دادەنێ. کۆکس دەیویست کوردستان بخاتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عێراقەوە، بەڵگە بۆ ئەمە نووسینەکانی (ئۆلسون)ە. دەبێ لێرەدا گۆڕانی ئۆلسونیش باسکرێت و ڕاستییەکی مێژووییش بەرامبەر چرچل دەربڕدرێت، چونکە چرچل ئەوە نەبوو کە لەوێدا دەرکەوت.

سەبارەت ڕۆڵی تورکیا، لەوە دەچێ ئێستا زۆرتر ئاشکرابێت، بەڵام بە پێی هەندێ زانیاری لە لایەن پەرلەمانی ئەوروپییەوە، پێدەچێ لە گفتوگۆکانی ئەم دواییەی کۆنفرانسی ئاسایشی ئەوروپیدا باس لەوە کرابێ ڕۆڵێکی تایبەتی بدەنە تورکیا، بە تایبەتی لە مەسەلەی چارەسەرکردنی (ناگۆنۆکەرەباغ) و (ئازەربایجان)دا، لەبەر لایەنی نزیکی تورکیا لەو ناوچانەوە و لایەنی کولتووری و ئیمپراتۆرییەت. واتە ئەگەر ئیمڕۆ تورکیا ئەو ڕۆڵە نەبینێ کە چاوەڕوانی دەکرێ، ئەوا لە مەسەلەی سازش و ناکۆکییەکانی ئەو ناوچانەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێ و زەمینەشی بۆ خۆشدەکرێ و لە پاشەڕۆژیشدا ڕۆڵەکەی گەورەتر دەبێ، لێرەشدا پێدەچێ سەرنەکەوتنی یارمەتییەکانی تورکیا بۆ ئەو کۆمارانە نەگەڕێتەوە بۆ تورکیا خۆی و زیاتر پەیوەندی بە گۆڕانکارییەکانی سیستەمێکی تۆتالیتارییەوە هەبێ، کە خاوەنی

ژێرخانێکە ناتوانێ قبووڵی ئەو هەموو میکانیزمەی سەرمایەداری بکات کە لە تورکیا هەیە، بەڵگەش بۆ ئەمە ڕووسیایە کە تاکو ئێستا ناتوانێ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە قووڵکات، ئەگەرچی توانای لە ڕووی سوپەرمارکت و زۆر لایەنی ترەوەی هەبووە.

**بورهان یاسین:**

کاك عومەر باسی ئەوەی کرد کە ڕۆڵی تورکیا لە ناوەڕاستی ئاسیا و ناوچەی قەوقاز سەرکەوتوو نەبووە. لێرەدا من مەسەلەکە هەندێ ئاڵۆزتر دەبینم. پێش هەموو شتێك مەبەستم لە دەربڕینی ئەو بابەتە ئەوەبوو، ئایا ئەگەر تورکیا سەرکەوتووبێ لە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکدا لە مەنگولیاوە بۆ تورکیا، لە مەنگولیاوە بۆ بسفۆر و دەردەنیل، ئەوە لە بەرژەوەندی کورددایە؟ نەخێر، ئەوە نەك هەر لە بەرژەوەندی کورددا نییە، بەڵکو دژی بەرژەوەندییەکانی کوردە و ئێمە لەو کاتەدا ئەبینە کەمایەتییەك لە ئیمپراتۆریەتێکی تورکی گەورەدا. من تەنیا لەبەر گرنگی ڕۆڵی تورکیا لە ناوچەکە و گۆڕانکارییە ستراتیژییەکانی ئەو ناوچەیە هێمام بەو مەسەلەیە کرد. چونکە تورکیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە. من لە هەندێ سیمیناردا ئەوەم دەربڕیوە و لە لایەن شارەزایانەوە قبووڵ کراوە. تێزەکەی من لەسەر مەسەلەی ئاسیای ناوەڕاست دەبێتە هۆی تازەبوونەوەی نموونەی کۆن کە هەندێك پێی دەڵێن دووبارەبوونەوەی مێژوو. ئەو سێگۆشەیەی هێز کە ئاسیای ناوەڕاستی گرتبووە خۆی و لە ئەنجامیدا چەند شەڕێکی فارسی – ڕووسی و تورکی – ڕووسی دروست بوو ئێستا لە دروستبوونەوەدایە. ئیمڕۆ بابەت بابەتی ئێران و تورکیایە لەسەر ئەو ناوچەیە، سبەینێ ڕووسیاش دێتە ناو بابەتەکەوە. بۆیە دەبینین ئێستا ڕووسیا خەریکە ڕۆڵی خۆی لە بابەتی جۆرجیا و ئەرمینیا و ئازەربایجاندا زۆر دەکات. هەروەها تێهەڵکێشی ڕووسیا لەگەڵ ئۆکرانیا لەسەر کەشتی دەریایی. ئەوانە ئەوەمان نیشان دەدەن کە ئەو نموونەی سێگۆشە کۆنەی

هێزی تورکیا (دەوڵەتی عوسمانی) – ڕووسیا – ئێران خەریکە نوێ دەبێتەوە. بەهەرحاڵ، ڕۆڵی تورکیا تەواو نەبووە، بەڵکو زۆر ئاڵۆزە و ڕووی ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئاسایشی هەیە. ئەوەی، بۆ نموونە، من ئاگادارم سێ پڕۆژەی گواستنەوەی غاز و نەوتە لە تورکمانستان و کازاخستان و ئازەربایجانەوە، بە ڕێگای تورکیا، بۆ ئەوروپا. تەنیا گفتوگۆیەك هەبێ لەسەر ئەوەیە لە ڕێگەی ئێرانەوە بێنە تورکیا یاخود لە ڕێگەی جۆرجیاوە.

پەیوەندی ئەوروپا و ئەمریکا پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، باشترە بە هاوکاری و پێشبڕکێ ناوی بەرین، بە تایبەتی کە پێشبڕکێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نەما، ئیتر پێشبڕکێی ئەوان زەقتر دەبێتەوە. ئایا چۆن کورد دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکات؟ هەندێ جار ئاخاوتنێکی سەرکردەیەکی کورد، هێمایەکی هەڵە بۆ ئەمریکا کە دەیداتە ئەوروپا و بە پێچەوانەشەوە، کاریگەری خۆیان هەیە.

ئەو کتێبەی کاك خالید باسی کرد، کتێبەکەی ڕۆبرت ئۆلسۆن، بە وردی خوێندوومەتەوە، بەڵام تیایدا هیچ هێمایەك بە یاداشتەکەی چرچل بەدی ناکرێت و ئەوە ناڵێ کە چرچل ئەو فیکرەیەشی هەبووە، ئەوەش ناڵێ بۆ چرچل لە لایەکەوە ئەو یاداشتەی نووسیوە، کە لە دامودەزگای بڕیاری بەریتانیدا زۆر گرنگە، لە لایەکی دیکەشەوە بە شێوەیەکی کتوپڕ لە کۆنفرانسی قاهیرە دەگاتە سەر ئەو بڕوایە لەگەڵ مەسەلەی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی بێت. بەهەرحاڵ تێبینیەکە جوانە و نە ئەم و نە ئەویش بە کۆتایی نازانم.

**خالید نازدار زادە:**

پیاو دەتوانێ بڵێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتە پێش کۆنفرانسی قاهیرە جۆرێك بووە و پاش ئەوەش جۆرێکی دیکە، بە تایبەتی پاش مەسەلەی لۆزان.

**عومەر شێخ موس:**

چونکە تورکیا مەرجەکانی قبووڵ کرد و بە ئیمتیازی نەوتی ئەوان ڕازیبوو و بەر لە چوونە (عێبە الامم) مەبدەئیەن لەسەر مەسەلەی موسڵ لەگەڵیان ڕێکەوت. تەلەگرافەکانی ئەو سەردەمە، کە سێ چوار دانەن، زۆر بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کۆکس دەڵێ: دەبێ پەلە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا بکرێت و قبووڵمان نییە دوایخەن و بەزۆر بە عەرەبەکانەوەیان ببەستن.

**بورهان یاسین:**

لە لایەکی تریشەوە هەندێ پرۆسەی تر لە ناوچەکەدا هەبوون، وەك دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێز. لە مەسەلەی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیشدا ڕەهەندی ئیتنیکی و دینی زۆر گرنگن و ڕۆبرت ئۆلسۆن لە وتارێکدا باسی دەکات، هەروەها پشت ئەستوور بە هەندێ سەرچاوەی دیکە، ڕفیق سابیریش لە ژمارە پێنجی (رابوون)دا باسی ڕەهەندی مەزهەبی لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراقدا دەکات. واتە هاتنە نێوەوەی ڕێژەیەکی کورد کە سوننەیە بۆ ڕاگرتنی لەنگەربەستنی مەزهەبی لە عێراقدا. چونکە ئێران ئەو تێڕوانینەی هەبوو کە خوارووی عێراق زۆربەی شیعەیە و ناوەندی شیعەشی لێیە بۆیە دەبێ وابەستەی ئەوبێ.

**خالید نازدار زادە:**

دەبێ لێرەدا خواستی مەلیك فەیسەڵیشمان، وەك مەلیکێکی سوننی، لەیاد نەچێ کە خۆی خەڵکی ناوچەکە نەبوو و ترسی لە شیعە هەبوو نەك لەبەر ئێران، بەڵکو لە ترسی ئەوەی ئەو دەوڵەتەی دروست دەبوو، عێراقی عەرەبی، کە بە حساب دەبوو سەرپەرشتی دەوڵەتێکی سوننی بکات، خواستی ئەوەی نەبوو و سەرچاوەی ئەوەشی نەبوو، بۆیە داوای پێکەوەلکاندنی کوردی دەکرد.

من قسەیەکی تریشم هەیە سەبارەت پرۆفیشونالیزمی سیاسی (الحرفیە

السياسيه). پێویسته مرۆڤ ئەوەی لە بەرچاوبێ لە کوردستانی باشوور کە بزووتنەوەی سیاسی لە شاخ هاتۆتە شار و ڕووبەڕووی حوکمی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بۆتەوە، بە پێویست لە ڕەوتی سێ چوار ساڵێکدا ناچار دەبێ ئەو خەڵکانەی دەسەڵات دەگرنە دەست شارەزا بن، چونکە ئەگەر وانەکەن هەموو دەزگاکان نشوستی دەهێنن. من پێم وایە هەتا بزووتنەوەی کورد لە شاخ بێت، وەك کوردستانی باکوور، مەسەلەی پرۆفیشونالیزم جێ ناگرێت، چونکە شێوەی بیرکردنەوەی شاخ ڕێگە بەو شتانە نادات. کەسێکی پێشمەرگە خۆی لێپرسراوی سەربازی و سیاسی و ڕاگەیاندن و تیۆری و هەموو شتێکی بەشەکەیەتی، بۆیە ڕێگە بە کەسانی شارەزا نادات ڕۆڵی خۆیان ببینن، چونکە ئەگەر ڕێگەی دا ئەوا ڕەخنەش دەبێ و هەڵوێست دەربڕین بەرامبەر بەو مەسەلانە دەبێ کە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە. ڕاستە خەڵکانی سەربازی وامان هەیە کە دەتوانن بە ئاسانی لوغم دەربهێننەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆسەی شاخدا، بەڵام کە مەسەلەکە هاتە سەر شار دەگۆڕێ، بۆیە ئەگەر سیاسەتمەداران خەڵکانی شارەزای دەرەوەی حزبەکانیان لە خۆیان کۆنەکەنەوە، ناتوانن ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بەڕێوەبەرن، چونکە ماوەیەکی تر خەڵك داوای بوتڵە غاز و کارەبا و پێداویستییەکانی تر دەکات کە هەموو پێویستییان بە خەڵکی شارەزا هەیە.

**بورهان یاسین:**

زۆرجار ئەو پرسیارە دەکرێت: بۆ ئێمە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا سەرکەوتوو نین؟ بە بڕوای من، جگە لەوەی باسکرا، ئەوە سێ هۆی هەیە، یەکەم: دەوڵەت، وەك دامەزراوێك، بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەی ئێمەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ تاك پیواربووە یاخود نامۆ (مغتەریب) بووە، چونکە دەوڵەت هەمیشە وەك ئامرازی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و ئەشکەنجەدان و کوشتن بووە، بۆیە هەمیشە تاك ویستوویەتی لە دەوڵەت ڕابکات. واتە تاك لای ئێمە ئەو دەوڵەتە شارستانییەی نەدیوە و نەناسیوە کە لە مێشکی

ئێمەدایە و بیری لێدەکەینەوە. دووەم: خەباتی ئێمە زۆرجار و بە درێژایی مێژوو دژی دەوڵەت بووە، واتە تێکەڵکردنی خەبات دژی ڕژێم لەگەڵ خەبات دژی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت. بە جۆرێکی دیکە، زۆرجار ئەوە ڕوویداوە کە دامەزراوەکان بەرگی دەرەوەی ڕژێم بن و ڕژێم خۆی لە نێویاندا یا لە پشتیاندا بشارێتەوە، بۆیە لێدانی ئەو دامەزراوانە و لەناوبردنیان پێداویستییەك بووە بۆ گەیشتنە دەسەڵات. بە بڕوای من ئەو تێکەڵکردنە کارێکی چەوتە، هەروەکو ئەوەیە کە ئێمە بە منداڵی (لە تاقیکردنەوەکاندا) دەرنەدەچووین لە تاقیکردنەوە بەردمان دەگرتە پەنجەرەی قوتابخانە. سێیەم: لەبەر ئەوەی دروشمی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی باشوور کەم تا زۆر ئۆتۆنۆمی بووە. ئۆتۆنۆمی خۆی لە خۆیدا خەباتکردن نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، بەڵکو کاتێك ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا دێتە ئاراوە، بزووتنەوە دەچێتە سەر ئەو دامەزراوانەی لە ناوچەی کوردستان هەن و هەندێ فەرمانبەر لا دەبات و باقیەکەش دەپارێزێ. واتە لە بیری بزووتنەوەدا، وەکو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، لە خەباتی ڕۆژانەیدا، ئەوە نەبووە کە سبەینێ دەبێتە دەوڵەت.

**عومەر شێخ موس:**

بە ڕای من کێشەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە و هۆکاری تری هەیە. چونکە زۆر بزووتنەوەی دیکەش کە لە شاخ بوون و شارەزای زۆریشیان نەبووە، کاتێك هاتوونەتە سەر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆیان، توانیویانە لە ڕژێم چاکتری ئەنجامدەن، بۆ نموونە، چین و ڤێتنام و کوبا. بەڵام لە لای ئێمە بۆچوونێکی چەوت هەیە لەسەر دامەزراندنی دەزگا و دامەزراوی نیوترال (بێ لایەن) و زیاتر لەسەر بنچینەی حزبایەتی دەچنە ڕێوە، ئەوەش زیانێکی زۆر دەدات. واتە خەڵکی شارەزا ناخرێنە نێو دامەزراوەکانەوە و زیاتر لەسەر بنچینەی حزبی کاروبارەکان دابەش دەکرێن.

من لەگەڵ کاك خالیدام کە دەڵێ لە داهاتوودا ناچار دەبن پەنا بۆ

خەڵکانی شارەزا بەرن و خەڵکانی شارەزاش لە دواییدا ناچاریان دەکەن بۆچوونەکانیان قبووڵ بکەن.

سەبارەت بەوەی کاك بورهانیش، خۆ دانەنان بە ئەڵتەرناتیڤ و خەباتکردن بۆ ئۆتۆنۆمی، ڕاستە، چونکە لە چین و ڤێتنام و کوبا خۆیان بە ئەڵتەرناتیڤ دادەنا، بەڵام لای ئێمە ئەوە نەبووە و هەمیشە ئامادەیی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێم لە ئارادا بوو، بەڵام ئێستا مەسەلەکە گۆڕاوە و خاوەنی ئیدارەی هەڵبژێردراوی خۆمانین و داوای ڕووخاندنی ڕژێم دەکەین، لە کاتی گۆڕانی ڕژێمیشدا داوای فیدرالیەت دەکەین، بۆیە کەمێك ئومێد هەیە.

لە کۆتاییدا، لە لای ئێمە دیاردەیەکی زۆر سەیریش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئێمە و سیاسییەکانمان زۆر دژی ڕۆشنبیرانن، ئەمەش بە سووککردن و پاڵپێوەنانیان، بە سوود وەرنەگرتن لە توانایان. هەموو دەزانین ڕۆشنبیرانی وڵاتێك مێشکی ئەو گەلەن، ئەوەش دەبینین کە وڵاتی وا هەن بە ملیارد پارە لەسەر لێکۆڵنەوە و پشتیوانیکردنی خەڵکانی شارەزا و ڕۆشنبیر و بیرکارانی خۆیان سەرف دەکەن، چونکە بۆ ئایندە سوودبەخشن. بەداخەوە لە لای ئێمە نەك هەر یارمەتی نادرێن، بەڵکو گاڵتە و سووکایەتیشیان پێدەکرێ، بەڵام بێگومان ئەمە نابێ وامان لێ بکات کۆڵبدەین.

---

*⋆ سەرنجی خوێنەر رادەکێشین کە ئەم بابەتە لە کاسێتەوە گواستراوەتە سەر کاغەزو بە بێ پیاچوونەوە چاپ کراوە. سەرنجی تریش ئەوەیە کە بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سەرچاوەی زۆر بەکار هاتوون.*

# نەتەوە ی کورد و سیاسەتە کوردییەکان لە بەردەم جیهانێکی پڕ لە گۆڕاندا

**ڕۆژنامەی *پەیام* ژمارە ۱۵،۱۵/۵/۱۹۹۹**

**پێشەکی:**

چەند مانگێکی تر جیهانماڵئاوایی لە سەدەی بیستەم دەکات. بەڵکو شتێکی ڕێکەوت بێت، کە تەواوبوونی ئەم سەدەیە تەنیا هی ناو پەڕەکانی ساڵنامە نەبێت، بەڵکو کۆتاییهاتنی قۆناغێك و دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە بێت. ئەم قۆناغە تازەیەشیان دەمێکە لە ئاکامی هەندێ پێشەوەچوون و میکانیزم لە ئاست گۆڕانکارییە جیهانییەکان بە چەمکی سیستەمی نوێی جیهان و بەجیهانیکردن (عەولەمە) ناو دەبرێت. ئەم دوو چەمکەش، نەك هەر لە یەکتر جیا نین، بەڵکو بە چری تێکەڵاو بە یەکتر دەبن، بە ڕاستیش زۆر لە باس و خواسەکانمان دەربارەی ماوەی دوای تەواوبوونی جەنگی سارد لە ڕووی ئاسایش و ئابووری و ململانێی بەها ئایدیۆ — سیاسییەکاندا لە ژێر ناونیشانی بەجیهانیکردن، یان سیستمی نوێی جیهانی، دەکەین.

لەم وتارەدا هەوڵی هەڵسەنگاندنی چەند ڕووداوێکی گرنگ دەدەم، کە هەم لە باسی سیستمی نوێی جیهانیدا و هەم لە باسی بارودۆخی نەتەوەی

کورد و چارەنووسیدا گرنگییان هەیە.

خالی لێوەدەرچوون ئەوەیە کە وا گۆڕانکارییەکانی ساڵانی دوایی و ئەم ڕۆژانە و سبەینێیەکی نزیك بە قورسی مۆری خۆیان دەخەنە سەر تەواوبوونی ئەم سەدەیە و سەر بەشێکی باش لە سەدەی داهاتووش.

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا خوێندنەوەی کورد بۆ ئەم وەرچەرخانە و شێوەی تێگەیشتنی چۆنە و چەندە؟

(١)

لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە تا ئێستا لەگەل کۆتاییهاتنی سیستمی کۆنیش، کە هی جەنگی سارد بوو، لە ڕاستیدا سیستمێکی تازەی (جێگیربوو) دانەمەزراوە، بەڵکو لە حاڵەتی خەملاّن و بنیادنانیدایە، هەروەکو ٦ ساڵ بەر لە ئێستا لە وتارێکمدا نووسیومە کە سیستمی نوێی جیهانی لە پرۆسەی دامەزرانیدا بە کۆمەڵێك ئیمتیحاندا تێپەڕ دەبێت و گرنگترینیان ئیمتحانی یۆگۆسلاڤیا و عیراقن. ئاشکرایە کە ئەمڕۆش ئەم دوو ئیمتحانە بە خەستی لەسەر ڕێگەی دامەزرانی سیستمی نوێی جیهانیدان، بە تایبەت لەسەر ڕێگەی ئەمریکا کە دەخوازێت میعمار و بڕیاردەر بێت لەم سیستمەدا. بەم مانایەش سیستمی نوێی جیهانی زیاتر مەسەلەی دابەشبوونەوەی هێز و بنەماکانی هاوسەنگی هێز دەگرێتەوە، کە تیایدا ئەمریکا و لە دەوریشیدا ئەوروپای ڕۆژئاوا ئەکتەری هەرە گرنگن. شانبەشانی مەسەلەی هاوسەنگی هێز، کە کاکل و میکانیزمی سیستەمە، هەندێ شتی تریش هەن کە هاوکات شانبەشانی مەسەلەی هاوسەنگی هێز، ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لە سیستمی نوێی جیهانیدا. زێدەبوونی گرنگی بابەتی مافی مرۆڤ لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دا و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، هەندێ لەم شتە گرنگانەن. شانبەشانی ئەوەش ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر پرانسیپی سەروەری نەتەوەییدا هاتووە، بەو مانایەی کە سنووری دەوڵەتان چیتر ئەو شتە پیرۆزە نین، دەکرێت

هێزێکی وەکو ناتۆ، بە ڕەوایی وەرگرین لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان بە بێ ئەم ڕەواییە، ئەم سنوورانە بشکێنن. نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەکو پێشوو هەلسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی سەروەری نەتەوەییدا ناکات. هەڵبەتە لە چوارچێوەی بەجیهانیکردندا هاوکات هەندێ پرۆسەی تر لە ئارادان، کە دەتوانن تەئسیری گرنگیان هەبێت بۆ سەر سیستمی جیهانی، کە یەکێکیان شۆڕشی پەیوەندییەکانە بە تایبەتی لە بواری سەتەلایت و ئینتەرنێتدا.

(٢)

ڕێکەوتێکی مێژووییە کە پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا دامەزراندنی ناتۆ (NATO) یەکێك لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی هاتنەکایەی جەنگی سارد بوو، کەچی ئەمرۆ دوای تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر بوونی ئەم هاوپەیمانییە سەربازییەدا، تا ئێستاش ناتۆ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی جیهاندا، ئەو ڕۆڵەی کە نەك هەر ئەم ڕۆژانە گرنگی دەبێت، بەڵکو بۆ بەشێکی سەدەی داهاتووش.

لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی ئەپریلی ڕابردوو، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ناتۆدا، سەرانی وڵاتانی ئەندام لەم ڕێکخراوەدا کۆبوونەوەیەکی باڵایان لە واشنتۆن بەست. لە بری ئەوەی ڕۆژانی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئاهەنگگێڕانی یۆبیلی زێڕینی ئەم ڕێکخراوە تەرخان بکرایە، ڕاستەوخۆ و بە چڕی کۆبوونەوەکە بوو بە هی کار و گرنگییەکی عەمەلی تایبەتی وەرگرت، لەبەر ئەوەی:

١) کۆبوونەوەکە لە کاتێکدا بەسترا کە بۆمبابارانکردنی ناتۆ بۆ یۆگۆسلاڤیا لەوپەری توندوتیژیدا بوو؛

٢) کۆبوونەوە بە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی دوو دانە بەڵگەنامەی ڕەسمی تەواو بوو؛

٣) لەم کۆبوونەوەیەدا هەنگاوێکی گرنگ نرا بۆ گۆڕانکاریکردن لە ستراکتەری ناتۆدا، بە تایبەت لە مەسەلەی ئاسایش و بەرگری ئەورووپای ڕۆژئاوا و

دوارۆژی لایەنی ستراتیژی و سەربازی یەکێتی ئەورووپا.

هەڵبەتە لەم وتارەدا ناکرێت ڕاڤەیەکی قووڵ و فراوانی ئەم دوو دۆکومێنتە بکرێت. بەڵام گرنگە، لە لایەکی ترەوە، پێ لەسەر خاڵی سێی سەرەوە، واتە: گۆڕینی میکانیزمی بەرگری جیهانی ڕۆژئاوا دابگرین.

لەم گۆشەی بینینەوە، ڕاستەوخۆ ڕۆڵی تورکیا لە ڕووی ستراتیژی و پەیوەندییە سیاسییەکانی بە یەکێتی ئەورووپا و ناتۆوە گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرن. لە کۆبوونەوەی ناتۆی ئاماژە پێکراودا بڕیار درا، کە بنچینە دابنرێت بۆ شێوە میکانیزمێکی بەرگری و ئاسایشی تازە لە ژێر ناوی "ناسنامەی ئاسایش و بەرگری ئەورووپا (Europian Security & Defence Identity – ESDI) " لە ماوەی داهاتوودا و لە ئاکامی کارێکی زۆر لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە، ئەم دامەزراوەیە ڕووخساری تەواوی خۆی وەردەگرێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە بە هاتنەکایەی ئەم دامەزراوەیە، دوو گۆڕانی گرنگ دەکەونە پرۆسەی ڕوودانەوە:

١) زێدەبوونی ڕۆڵی ئەورووپا لە هاوکێشەی سیاسەتە نێونەتەوەییەکان و بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا؛

٢) گۆڕانێکی گرنگ لە ڕۆڵی تورکیا و ئاسۆی ئەم وڵاتە لە پەیوەندییە ستراتیژییەکاندا لەگەڵ جیهانی غەربدا بە تایبەت لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا پێ دەنێتە ناو پرۆسەی ڕوودانەوە.

لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە، کە بە هێنانەکایەی (ESDI) بنچینەیەکی سەربازی هاتە کایەوە بۆ یەکێتی ئەورووپا و بەو مانایەی کە یەکێتی ئەورووپا بە پێی ئەم دامەزراوەی ئاسایش و بەرگرییە مافی وەرگرتنی بڕیاری سیاسی پێ دەدرێت و بۆی دەبێت توانا سەربازییەکانی ناتۆ وەکو "زەخیرە" بەکار بهێنێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوە، ئەوەی کە ڕوو دەدات ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ڕۆڵ و دوارۆژی تورکیا. ڕاستەوخۆ بەو مانایەی کە لەبەر ئەوەی

تورکیا ئەندامی یەکێتی ئەوروپا نییە ئەوا ئەم وڵاتە بێبەش دەبێت لە تەئسیرکردنە سەر بڕیارەکانی ئەم دامەزراوە نوێیە، کە چوارچێوەکەی یەکێتی ئەوروپایە. ئەمە خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی گرنگە، چونکە لە دوای تەواوبوونی جەنگی ساردەوە تورکیا چالاکانە کارتی گرنگی ستراتیژی خۆی بۆ جیهانی غەرب بە تایبەت بۆ ناتۆ، بەکار هێناوە و لە سەپاندنی بۆچوونی خۆی لەمەڕ زۆر مەسەلەی سیاسی ئەم کارتەی خۆی لە ڕێگەی ئەمریکاوە بەکار هێناوە بەرامبەر بە یەکێتی ئەوروپا. بەڵام ئەمڕۆ کە دامەزراوێکی ئاسایش و بەرگری دێتە کایەوە و لەوێدا یەکێتی ئەوروپا دەبێت بە خاوەن بڕیاری خۆی لە ڕووی سەربازییەوە، ئەمە ڕێك کۆمەڵێك ئاکامی گرنگی دەبێت بۆ سەر تورکیا:

١) تورکیا لە هەندێ مەسەلەی گرنگ، لە ڕووی ئاسایش و بەرگری ئەوروپاوە، دەخرێتە پەراوێزەوە؛

٢) تورکیا مەجبوور دەبێت، بە بێ پشتگیری دامەزراوەی ئاسایش و بەرگری ئەوروپا کێشەکانی لە ناوچەکانی قۆقاز و ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات؛

٣) یۆنان پایەی بەهێز دەبێت بەرامبەر تورکیا بەو مانایەی کە یۆنان ئەندامێکی ئەم دامەزراوەیەی یەکێتی ئەوروپا دەبێت و پشتگیری ڕاستەوخۆی (ئەو دامەزراوەیە) مسۆگەر دەکات؛

٤) لەمەودوا یەکێتی ئەوروپا (ESDI) بەکار دەهێنێت بەرامبەر تورکیا، شانبەشانی کارتە سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسییەکانی، کەچی بە پێچەوانەوە تا ئێستا تورکیا بوو کە خۆی هەڵدەکێشا بەرامبەر یەکێتی ئەوروپا لەبەر گرنگی ئەو وڵاتە (واتە تورکیا) لە ڕووی ئاسایش و بەرگرییەوە.

دەکرێت لە دیدێکی کوردستانییەوە ئەوە بگوترێت، کە تورکیا لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەوروپا، تا ئێستا، لە مەوقفێکی بێهێزەوە دەجووڵایەوە، لەمڕۆ بەدواوە ئەم مەوقفە بێهێزتر دەبێت، بە مانایەکی تر

ئەو خاڵی لاوازییەی تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیدا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا هەردەم پێشچاو و هەستپێکراو بووە، لەمەودوا ئەم خاڵی لاوازییە خەستتر و چارەنووسسازتر دەبێت. ئەمە لە کاتێکدا کە پێشبینی ئەوە دەکرێت، دوای زێدەبوونی شەپۆلی ناسیۆنالیزمی تورکی، کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٨ی ئەپریلی ڕابردوو دەرکەوت، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەوروپا بەرەو گرژی بچن و گرێکوێرەکانی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی تورکیا، کە زۆریان بەیەکەوە بەستراون، ئاڵۆزتر ببن.

(٣)

هاوکات لەگەڵ تەشەنەکردنی قەیرانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو و هەندێ گۆڕانی گرنگ لە سروشتی ناتۆ و داهاتووی ستراتیژی بەرگری و ئاسایشی ئەوروپایی، ئیمتحانێکی تری سیستمی نوێی جیهانییە، کە لە نۆ ساڵ بەر لە ئێستاوە بەردەوامە، ئەویش مەسەلەی عیراقە.

وەکو ئاشکرایە لەیەکچوونێکی یەکجار زۆر و هەمەلایەن هەیە لە نێوان قەیرانی عێراق و مەسەلەی یۆگۆسلاڤیادا، لە ڕووی لەیەکچوونی هەڵسوکەوتی جەللاد و باری قوربانییەکانی ئەم دوو قەیرانەوە و بە تایبەتیش لە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەمریکادا.

ئەو ئاکامەی مرۆ دوای تێڕوانین و ڕاڤەکردنی ئەم دوو قەیرانە پێی دەگات ئەوەیە کە ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت جێگەی خۆی بگرێت، وەکو هێزی هەرە بڕیاردەر و میعماری سیستمی نوێی جیهان، ئەوا هیچ چارەی نییە دەبێت لەم دوو ئیمتحانەی عێراق و یۆگۆسلاڤیادا سەر بکەوێت. سەرنەکەوتنی لە یەکێکیاندا، یان لەوەش خراپتر لە هەردووکیاندا، بە شێوەیەکی چارەنووسساز ڕۆڵی ئەمریکا، وەکو بڕیاردەری هەرە گرنگ لە نەزمی جیهانی سبەینێدا، بە شێوەیەك سنووردار دەکات کە ئیدی ئەم زلهێزە ئەو ڕۆڵەی ئەمڕۆ دەیگێڕێت و لە ساڵانی دواییدا گێڕاوێتی، ناتوانێت سبەینێ بیگێڕێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە تێبینی دەکرێت، کە هەرچەندە ئەمریکا و ناتۆ بە توانایەکی زۆرەوە خەریکی یۆگۆسلافیای پێشوون، کەچی لە عیراق نەك هەر ئەمریکا فشاری خۆی بۆ سەر عیراق کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو زێدەتریشی کردووە. ئەوە نەك هەر لە ڕووی سەربازییەوە، بەڵکو لە ڕووی فشارهێنانی سایکۆلۆژی-سیاسیشەوە بۆ سەر ڕژێمی بەغدا. ئەمە لە لایەك، بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕژێمی عیراقیش خەریکە بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو بارەی کە تێیدایەتی.

لە ڕووی کوردییەوە دیارە هەوڵێکی ئەمریکا هەیە کە بە جیددی هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان تێکەڵ بکات بە هەڵمەتی خۆی و ئۆپۆسیزیۆنی عێراق بۆ سەر ڕژێم بەشێوەی خەستتر و چڕتر. دیارە ئەمریکاییەکان و ڕژێمی عیراقیش گەیشتوونەتە ئەم ئاکامە، کە بە بێ یارمەتی کوردەکان نە ئەمریکا و نە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی دەتوانن ڕژێم بە شێوەیەکی جددی تەهدید بکەن. هەر لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ گەلی کورد لە باشوور دووچاری حاڵەتێك بووە، کە لە لایەك فشار و پلانی ئەمریکا هەن بۆ ئیقناعکردنیان کە بکەونە ناو یارییەکەیەوە، لە لایەکی ترەوە عیراق بە هێماکردن بۆ بەکارهێنانی هێز، یان ئیقناعکردن بە هەندێ چارەسەری سیاسی، هەوڵ دەدات بۆ دوورخستنەوەی کوردەکان لە پلانەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕژێمی عێراق و دواڕۆژی عێراق. بە مانایەکی دیکە ئەمڕۆ گەلی کورد لە باشوور دووچاری دووڕیانێك (دووانە ئەڵتەرنەتیڤ) بۆتەوە، ڕێك ئەو بارە سیاسی — دیپلۆماسییەی لە دوای کۆچڕەوی ۱۹۹۱ دووچاری بوویەوە.

لێرەوە دەکرێت بگوترێت، کە بارودۆخی کوردستانی باشوور ئەمڕۆ یەکجار ناسکە و دوور نییە لە ئێستاوە تا ۷ی تەمموز (کاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق) ڕژێم پەلەقاژێیەکی سەربازی لە ڕووی باشووری کوردستاندا بکات، یان ئەگەر بتوانێت بە هەندێ چارەسەری کارتۆنی هەوڵی جددی بدات بگاتە ئاکامێك لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا، یان هەر نەبێت لەگەڵ یەکێکیاندا. ئیحتیمالی تریان چارەیەکی

کارتۆنییه له یەك لاوه و هەوڵدانه بۆ چەسپاندنی ئەم چارەسەره کارتۆنییه به هێزی سەربازی. بەرامبەر ئەم حاڵەته ئەز لەو باوەڕەدام:

١) ئێمەی کورد دەبێت باوەڕمان بەوه بێت، که ئەمریکا بەو ئاسانییه دەست ناکێشێتەوه له مەسەلەی عیراق و هەر ڕۆژێك تێدەپەڕێت ئەم قەناعەته خەستتر دەبێت.

زۆر به کورتی دواڕۆژی ڕۆڵی ئەمریکا لەو سیستمەی ئاماژەمان بۆ کرد و به تایبەتی له دواڕۆژی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قۆقاز و... عیراق به بازنەیەکی یەکجار گرنگ دەبینێت. گەیشتن بەو قەناعەته بۆ خاوەن بڕیارانی سیاسی له باشووری کوردستان مەسەلەیەکی یەکجار گرنگه. بەم قەناعەته ترس و گومان لەوەی ئەمریکا هەر ڕۆژێ دەست بکێشێتەوه، ئەوا باری کورد له باشوور دێته سەر سفر بەڵکو ژێر سفریش، نامێنێت. ئەمه ئەوه ناگەیەنێت، که کورد له باشوور به بێ مەرجی خۆی دەبێت به هەر شتێك ڕازی بێت، که ئەمریکا دەیسەپێنێت. به باوەری من کورد له باشوور کارتێکی دیپلۆماسی کاریگەری له دەستدایه و دەتوانێت بەم کارته نەك هەر بارێکی باشتر بۆ ئەو بەشەی کوردستان مسۆگەر بکات، بەڵکو ڕۆڵێکی پۆزەتیفانەشی هەبێت له باری باکووری کوردستانیش. بۆ سەرانی کورد له باشوور ناتوانن به ئەمریکا بڵێن: ئێمه ناتوانین شەری پ ك ك بکەین، چونکه ئەم شەڕه بەرەی کوردی و ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر ڕژێمی سەددام بێهێز دەکات و پ ك ك وەکو هێزێکی کوردی به شەڕ لەناو ناچێت و شەری ئێمه لەگەڵ پ ك ك دەبێته هۆی بێهێزبوونی مەوقفی ئێمه له ڕووی ڕەوایەتی سیاسی و دیموکراسییەوه له چاوی خەڵکی باشووردا؟! بەڵێ ئەوه مومکینه و ئەگەر ئەمریکا باشوورێکی بەهێزی دەوێت بەرامبەر ڕژێمی عیراق و ئەگەر ئەوه مەبەستێتی یا تەرحی ئەڵتەرنەتیڤێکی سیاسی بکات، بۆ بنهاتنی شەری پ ك ك بەرامبەر تورکیا!.

٢) دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەوه باش بزانن که هەردوو حکومەتەکەی سلێمانی و هەولێر، تا بڵێی نارەوان،

بەو دابەشبوونە و هەڵوێستی نانەتەوەییانەی ئەم دوو هێزە، یان حکومەتەدا، دەردەکەوێت کە نەك هەر لە پرۆسە و میکانیزمی ڕووداوەکان نەگەیشتوون و ناتوانن پۆزەتیڤانە کاری لەگەڵدا بکەن، بەڵکو بەردەوامییان لەم سیاسەتە چەوتەیاندا تەنیا زیان نەبێت بۆ دواڕۆژی کورد هیچی تر نییە. ڕاستە پارتی پێ لەسەر چەوتییەکی جددی دادەگرێت، کە داوای گەڕانەوە دەکات بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، ئەو هەڵبژاردنانەی بە پێی بەیانی مەسعود بارزانی لە ١٩٩٢/٥/٢٢دا ناشەرعین و ئەو لە لای خۆیەوە ئیعترافیان پێ ناکات. لە لایەکی ترەوە مادام پارتی هەر سوورە لەسەر ئەم مەسەلەیە با یەکێتی قبووڵی ئەوە بکات، بە شەرتی حکومەتی داهاتووی پارتی لە سێ بۆ شەش مانگ حکومڕانی بکات، واتە: تا هەڵبژاردن و زەمانەتێکی هەبێت بەرامبەر بە هەر پەشیمانبوونەوەیەك لە لایەن پارتییەوە.

هەڵبەتە ئەڵقەیەکی گرنگ لێرەدا پ ك ك خۆیەتی. ئەم هێزە کوردستانییە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە بۆ سەر مەیدانی سیاسی کوردستان، نەك هەر لە باکوور بەڵکو لە باشووریش. لێرەدا دەشێت بڵێم کە بۆچوونی ئەم هێزە لەمەڕ باشووری کوردستان و ئەزموونەکەی و گۆڕانەکانی ماوەی دوای تەواوبوونی جەنگی ساردو سیاسەتی ئەمریکا لە باشترین حاڵەتدا خاڵی نەبووە لە چەوتی و هەندێ جار چەوتی زۆر جددی. ئێستاش پ ك ك دەتوانێت بۆچوونی باشتر و واقیعبینانەتری هەبێت. بە هاوکارییەکی کوردستانیی ڕاستەقینە، هەر ئەمڕۆ باکوور و باشوور دەتوانن سوود لە کارتی باشووری کوردستان وەربگرن لە یارییە نێونەتەوەییەکەدا. ڕاستە ئەمریکا ڕۆڵێکی نێگەتیڤی هەبووە لەمەڕ باکووری کوردستان و پ ك ك، بەڵام بە تێگەیشتنێك و خوێندنەوەیەکی ڕێکتری ڕووداوەکان پ ك ك دەتوانێت ڕۆڵی پۆزەتیڤانەتر ببینێت لە وەرچەرخانێکی مێژووییدا... فەلەستینییەکان لە (پ ك ك)ەی ئەمڕۆ کەمتر دوژمنایەتیان نەبوو لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام هەندێ هەنگاوی گونجاو و تێگەیشتنی باشتر لە لایەن فەلەستینییەکانەوە، بە پێی کات و سیاسەتی گۆڕاو، ڕێگەی خۆشکرد بۆ

وەرچەرخان لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر کێشەی فەلەستینییەکان.

## دەرئەنجام

بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستی وەکو نەتەوەی کورد، پێویستییەکی بەڵگەنەویستە کە زێتر و قووڵتر ورد ببێتەوە لە مەسەلەی سیستمی جیهانی و ئەو پێشچوونانەی کە ڕۆڵی هەرە گرنگ دەبینن لە وەرچەرخانی پڕ لایەن و چارەنووسسازی کۆتایی ئەم سەدەیە و هاتنی سەدە/هەزارەی داهاتوو. مەرجێکی ئەمەش وردبوونەوە و تێگەیشتنی باشترە لەو ڕووداوانەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، کار دەکەنە سەر چارەنووسی نەتەوەی کورد.

قەناعەتێك زۆر گرنگە، کە لە ئاستی کوردستانی مەزن، سیاسییەکانمان و ڕۆشنبیرانمان پێی بگەن ئەویش ئەوەیە، کە سیاسەتە کوردییەکان هەرچەند کوردستانی بن لە تەرح و هەنگاو هەڵهێناندا، ئەوا ئاکامی پۆزەتیڤانەی زێتر دەبێت بۆ هەموو کوردستان و بۆ هەر پارچەیەك. لە کاتێکدا میکانیزمەکانی سەردەم ئەوە فەرز دەکەن، کە یەکە سیاسییە بچوکەکان توانای ژیان و مانەوەیان نابێت بە بێ هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵێ یەکەی تردا. کەچی، لە لایەکی ترەوە، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێ زیاتر کورد دووچاری ناوچەگەری و خۆخۆی سیاسی–حزبی بووە.

کورد ئەمڕۆ فرسەتی یارییەکی مێژوویی هەیە بە ڕێگەی باشووری کوردستان وەکو کارێکی سیاسی – دیپلۆماسی، ئەم یارییە دەبێت کوردستانی بێت. هەر حزبە بە تەنیا نەك هەر ناتوانێت ئەم یارییە ئاڵۆزە بکات، بەڵکو تەنیا ئاکامێکی ئەوە دەبێت کارتی کورد لەم یارییەدا بسووتێت.

بۆ بەجێهێشتنی ئەم سەدەیە و بۆ چوونە ناو سەدەی بیستویەك، تورکیا وەکو هێزێکی ئیقلیمی بە تایبەتی لە ساڵانی دواییدا، ویستوویەتی ئەوە بە ئەوروپاییەکان بسەلمێنێت کە ئەو دەتوانێت هێزێکی مسۆگەرکردنی ئیستقرار و ئاسایش بێت لە ناوچەیەکی نائارامدا. سەرکەوتنی تورکیا لەم

هەوڵەیدا دەبووە هۆی شکستێکی دیپلۆماسی بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لە تورکیا. دیارە ئەم هەنگاوەی ناتۆ لە هێنانەکایەی (ESDI) بۆ خۆئامادەکردن بۆ سەدەی بیستویەك لە شێوەی بنیادگوزاری بۆ میکانیزمێکی ئاسایش و بەرگری ئەوروپایی زەربەیەکی ستراتیژی بوو بۆ تورکیا.

تورکیا هەر لە زووەوە دیوارەکەی بەرامبەر جیهانی ڕۆژئاوا لە شووشە بووە و خاڵە لاوازەکانی لە ئەوروپاوە دیار بووە، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی دەگوترێت بەرامبەر دووڕوویی سیاسەتی ئەوروپاییەکان و هەڵوێستی دواییان بەرامبەر سەرۆکی پ ك ك دیسانەوە هەر ئەم ئەوروپایە دەکرێت، وە کە هەشە، هۆکارێکی هەرە کاریگەر بێت بۆ فشارخستنە سەر تورکیا. سەیر نییە ئەگەر بڵێین لە گفتوگۆ سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی تورکەکاندا، بە تایبەتی لەم ماوەیەی دواییدا، ئەوروپاییەکان گوناهبار دەکرێن بە دووڕوویی. پرسیار ئەوەیە ئایا کورد ڕاست دەکات یا تورك؟ هیچیان؟ هەردووکیان؟ یەکێکیان؟

بەش بە حاڵی خۆم وا دەزانم گرفتێکی مەزن ئەوەیە کە پ ك ك تا ئەمڕۆش لە جیهانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیدا و هەروەها بە هەڵسوکەوت لە سیستمی کۆنی کاتبەسەرداچووی جەنگی سارددا ماوەتەوە.

# بوون یان نەبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپاییدا چی دەگەیەنێت بۆ کورد؟*

**ڕۆژنامەی *پەیام* ژمارە ١٠، گەلاوێژی ١٩٩٨**

ڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٣ لە کۆنفراسی ئەوروپاییدا کە لە نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی پاڵێوراو بۆ ئەندامەتی لەو یەکێتییەدا لە لەندەن بەسترا، بڕیار درا کە تورکیا دەبێت وەکو ئەندامێکی خێزانی ئەوروپایی مامەڵە بکرێت. ئەو بڕیارە ڕێك دووپاتکردنەوی بڕیارێك بوو کە بەر لە ١٣٣ ساڵ لە چوارچێوەی پەیمانی پاریسدا درابوو و تیایدا هاتبوو کە دەوڵەتی عوسمانی دەبێت وەکو ئەندامێکی خێزانی ئەوروپی تەماشا بکرێت. هەردوو بڕیارەکە زیاتر موراڵین نەوەك *سیاسی* — عەمەلی.

ئەم دوو بڕیارە، هەرچەندە لە دوو کاتی جیاواز و لە بارودۆخی مێژوویی جیاوازدا دراون، بەڵام زۆر لەیەك دەچن، ئەوەی لەم باسەدا بە لای ئێمەوە گرنگە کە یەکێك لە خواستە هەرەگرنگەکانی دامەزرێنەری تورکیای مۆدێرن — موستەفا کەمال ئەتاتورك — ئەوە بوو، کە بە دوو شێوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا نزیك ببێتەوە:

١) هێنانەکایەی سیستەمێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی لە تورکیادا، کە لە هی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەچێت.

٢) کردنی تورکیا بە دەوڵەتێکی ئەوروپایی و ئەندامێکی تەواوی هەر یەکێتییەکی ئەوروپای ڕۆژئاوا.

هەڵبەتە گرنگە ئەوە بزانین کە تورکیا دوای حەفتا ساڵ لە هەوڵ و تەقەلای بێ ووچان، کە وەك دەوڵەتێکی ئەوروپایی تەماشا بکرێت، سەر نەکەوتووە و بە پێی هەندێك بۆچوون تورکیا ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك کەمتر فورسەتی بوونە ئەندامی هەیە لە یەکێتی ئەوروپادا، بەڵام ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی بۆمان دەردەخات کە تورکیا هەر لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە بە پێی پەیمانێك لەگەڵ بازاری هاوبەشی ئەوروپیدا، کە دوایی بوو بە یەکێتی ئەوروپا، بۆی هەبووە داوای ئەندامەتی بکات لە بازاری هاوبەش، هەر لەوکاتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیمانی یەکێتی گومرگ لە ساڵی ١٩٩٥دا لە نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپادا مۆرکرا، بەڵام هێشتا تورکیا زۆر دوورە لەوەی کە ببێت بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا.

ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی قبووڵنەبوونی تورکیا وەکو ئەندامێك لە یەکێتی ئەوروپادا ئەمانەن:

١) تورکیا ئابوورییەکی پڕ قەیران و بێهێزی هەیە، کە تیایدا بێکاری و لاوازی دراو و زۆر شتی تر ڕەنگ دەدەنەوە.

٢) بوونی چەند گیروگرفتێکی ئیقلیمی لە سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیادا، بۆ نموونە کێشەی قوبرس و پەیوەندییە نێگەتیڤەکانی لەگەڵ یۆناندا.

٣) لە ناو یەکێتی ئەوروپادا باوەری وا هەیە، کە ئەگەر تورکیا ببێت بە ئەندام لەو یەکێتییەدا ئەوا بەلای کەمەوە بە ملیۆنان خەڵکی تورکیا بە تایبەتی کورد ڕوو دەکەنە ئەوروپا، زیاتریش ئەڵمانیا، بۆ ژیان و کارکردن.

هەر ئەمەش یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی بەرهەڵستی ئەڵمانیایە بۆ بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا.

٤) توركیا لە ڕووی ئەمنی و ستراتیژییەوە دەبێت بە سەرئێشە بۆ یەکێتی ئەورووپا چونکە ئەم وڵاتە سنووری هاوبەشی لەگەڵ زۆر ناوچە و وڵاتی پڕ تەنگوچەڵەمە هەیە، وەکو ناوچەی قۆقاز، سوریا، ئێران، عێراق و دەریای ئیجە.

٥) توركیا یەكێكە لەو وڵاتانەی كە ناوبانگێكی خراپی هەیە لە بواری مافی مرۆڤ و دیموكراسی و مافە نەتەوەییەكانی كورددا.

ئەمانە و زۆر هۆی تر هەن. بەڵام پرسیاری هەرە گرنگ بۆ ئێمەی كورد ئەوەیە ئایا توركیایەكی ئەندام لە یەكێتی ئەورووپادا و بە پێچەوانەشەوە توركیایەكی دابڕاو لە ئەورووپا بۆ كورد چی دەگەیەنێت؟

گۆمانی تێدا نییە كەوا لایەنێكی گرنگی ململانێی كورد لەگەڵ ڕژێمە داگیركەرەكانی كوردستان، مەسەلەی ئەو پەیوەندییە هاوپەیمانییانەیە، كە لە نێوان ئەو ڕژێمانە و وڵاتانی جیهاندا دێنە كایەوە، بە تایبەتی زلهێزەكان و زۆر بە تایبەتیش لەگەڵ یەكبوونە ستراتیژی و ئابوورییەكانی جیهان، بۆ نموونە ناتۆ و یەكێتی ئەورووپا.

بێگومان لە ڕووی مێژووییەوە، گەر بڕوانینە ساڵانی بیستی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) و ماوەی نێوان جەنگی یەكەم و جەنگی دووەمی جیهانی دەبینین پەیوەندییەكانی ئەم ڕژێمانە لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا و تا ڕادەیەكیش یەكێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا بۆ كورد گرنگ بوون.

لە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانیەوە تا دەگاتە كۆتایی ساڵانی هەشتاكان، مەسەلەی جەنگی سارد و ئەو پەیوەندییە نێونەتەوەییانەی تیایدا هاتنەكایەوە زۆر گرنگ بوون بۆ مەسەلەی كورد و خەباتی سیاسی خەڵكی كوردستان. لەم گۆشەنیگایەوە، پەیوەندییەكانی ئۆردوگای ڕۆژئاوا بە سەركردایەتی ئەمریكا و ئۆردوگای ڕۆژهەڵاتیش بە سەركردایەتی یەكێتی سۆڤیەت بە ڕژێمە داگیركەرەكانی كوردستانەوە ڕۆڵێكی كاریگەری بووە لە شێوەی پێشەوەچوونی ململانێی كورد لەگەڵ ئەم ڕژێمانەدا.

که باس دێته سەر تورکیا و یەکێتی ئەوروپایی و مەسەلەی کورد، ئەوا ئەم بابەته گرنگییەکی زۆر لە ماوەی دوای تەواوبوونی جەنگی سارددا وەردەگرێت. لەگەڵ هاتنەکایەی بارودۆخی باشووری کوردستان لە دوای قەیرانی کوەیت و لە هەمان کاتدا زێدەبوونی ویستی تورکیا بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا و هاوزەمانیش کرانەوەی دەرگای ڕەخنە لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە بەرامبەر تورکیا لەمەڕ مەسەلەی مافی مرۆڤ و مەسەلەی کورد و دیموکراسیەت، ئەمانە هەمووی بارودۆخێکی تازەیان هێنایە ئاراوە، کە تیایدا پەنجەرەیەك بە ڕووی کوردستان و دۆزی کورددا کرایەوە. بە ڕاستیش لەم شەش حەوت ساڵەی دواییدا، جار لە دوای جار و بە ڕاشکاوی، یەکێتیی ئەوروپا لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ تورکیادا جەختی کردۆتە سەر ئەو ڕاستییەی، کە دۆزی کورد دەبێت بە شێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکرێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی پۆزەتیڤ بووە لە پێشەوەچوونی خەباتی کورد بە گشتی و لە باکووری کوردستان بە تایبەتی: لە لایەکەوە تورکیا هەنگاوی زۆر سنووورداری ناوە لەمەڕ دانىنان بەوەی، کە کێشەی کورد لەو وڵاتەدا هەیە و لە لایەکی ترەوە ئەگەر گۆڕانی بنەڕەتی نەکات لە سیاسەتیدا بەرامبەر بە کورد، ئەوا یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی مانەوەی ئەم وڵاتە لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا هەر بەردەوام دەبێت.

جەختکردنی یەکێتی ئەوروپا لەسەر چارەسەرکردنی سیاسییانەی مەسەلەی کورد و باشکردنی بواری مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت مەسەلەیەکی تاکتیکی نین، بەڵکو بۆ یەکێتی ئەوروپایی زۆر پرنسیپیە.

لێرەدا پرسیاری زۆر گرنگ ئەوەیە ئایا گەر تورکیا ببێت بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپاییدا بۆ کورد چی دەگەیەنێت؟

١) باکووری کوردستان کە بەشی هەرە گەورەی کوردستانە و بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی کورد لەو پارچەیەدا دەژین، بە بوونی تورکیا بە ئەندام، ئەم بەشە دەبێت بە بەشێك لە ئەوروپا و لە ئەنجامدا ئەو حەڵقە (تەوق)ە ئیقلیمیە کوژەرەی کە وڵاتانی داگیرکەر بۆ کوردیان هێناوەتە کایەوە، تێك

دەشكێت، یان هەر نەبێت درزێكی تێ دەكەوێت.
٢) باكووری كوردستان وەكو ناوچەیەكی دواكەوتووی توركیا و ئەورووپا بەشێكی باشی لە یارمەتی ئاوەدانكردنەوەی پێ دەگات.
٣) خەڵكی كورد وەكو گروپ و وەكو تاكەكەس دەتوانن بە ئاسانی گلەییەكانی خۆیان بگەیەننە دامەزراوە سیاسی و یاساییەكانی ئەوروپا، هەڵبەتە وەكو هاووڵاتی ئەوروپایی بە هەموو مافێكی هەر ئەوروپاییەكی ترەوە.

لایەكی تری ئەم پرسیارە ئەوەیە، ئایا نەبوونی توركیا بە ئەندام لەم یەكێتییەدا بۆ كورد چی دەگەیەنێت؟
١) چاوەڕوان دەكرێت، كە هەڵقەی كوشتن و خنكاندن بە دەوری كورددا لە لایەن ڕژێمە داگیركەرەكانەوە بەهێزتر و ترسناكتر ببێت، چونكە ئەو كاتە توركیا بە گشتی هەر نەبێت بۆ هاوسەنگیش بێت بەرەو پەیوەندییەكی بەهێزتر دەچێت لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و بە تایبەت جیرانەكانی كە داگیركەرانی تری كوردستانن.
٢) ئەگەر توركیا بگاتە قەناعەت، كە ئیتر نابێت بە ئەندامی یەكێتی ئەورووپا ئەوا دوور نییە سیاسەتی توندڕەوی و شۆڤینیستی خۆی چڕتر بكاتەوە.

لە ئاكامدا دەڵێین بوونی توركیا لەناو یەكێتی ئەورووپادا باشیەكانی زیاترن بۆ كورد تا خراپی و لەسەر كوردیش پێویستە بە لێزانی و شارەزاییەكی زۆرەوە كار لەگەڵ ئەم مەسەلە گرنگەدا بكات.

---

*★ ئەم بابەتە بە دوو هەڵقە ڕۆژانی ٢٢ و ١٩٩٨/٣/٢٩ لە گۆشەی (لە بەر ڕووناكی ڕووداوەكاندا) لە ڕادیۆی (ئاوات)ی شاری مالمۆی سویدەوە خوێنراوەتەوە.*

# ئۆرگانێکی (کۆنگرەیەکی) نەتەوەیی
# پێداویستیەکی مێژووییە

| |
|---|
| ڕۆژنامەی ***پەیام*** ژمارە٦، نەورۆزی ١٩٩٨ |

کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دواییش هاتنەکایەی ژمارەیەك دەوڵەت لە سەرەتای بیستەکاندا، بە وەرچەرخانی هەرە گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژمێردرێ. کۆتاییهاتنی جەنگ و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەکەوە هەلێکی باشی ڕەخساند بۆ هاتنەکایەی نەخشەیەکی سیاسی تازە لە ناوچەکەدا، لەسەر بنچینەی هاتنەکایەی سیستەمی (دەوڵەتی هاوچەرخ). لە لایەکی ترەوە ئەم هەلە نەك هەر سوودی گەلی کوردی تیا نەبوو، بەڵکو خراپتر (ئەمە دوور لە باس و مانای پەیمانی سیڤەر بۆ کورد) بووە هۆی ئەوەی کوردستان سەرلەنوێ دابەش بکرێتەوە، بەوەش حاڵەتێکی تازە بەسەر کورددا سەپێنرا، کە لە ڕووی سیاسی و ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی و بگرە لایەنی کولتووری و ناسنامەی نەتەوەییشەوە، حاڵەتێکی ئاڵۆز و ناهەمواری هێنایە کایەوە.

بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ئەو حاڵەتە سەپێنراوە و

بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی تواندنەوە. کە بەشێکی گرنگی پرۆسەی دامەزران و سازکردنی ئەم دەوڵەتە نوێیانە بوو، هەروەها بۆ قبووڵنەکردنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوە سەردەستەکان، کە لە ڕێی حوکمڕانیکردنی ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانەوە بەرجەستە دەکران، گەلی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر و لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا کەوتە سەرپێ و بە خەباتی جۆراوجۆر کەوتە بەرپەرچدانەوەی ئەو دەوڵەتانە و سیاسەتەکانیان لەمەڕ کورد.

لە لایەکی ترەوە، هەر زوو لە سەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیەوە، بەهۆی ڕێڕەوی، ڕازیبوون بە مانەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا و گونجاندنی دروشمە ساسییەکان لەگەڵ بارودۆخی سیاسی تازەخوڵقاودا بە توندی باڵی داگرت بەسەر خەباتی گەلی کورددا لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا.

لە ڕاستیدا گونجاندنی دروشمە سیاسییەکان، چ لە شێوەی لامەرکەزی، ئۆتۆنۆمی یان هەندێ مافی کولتووری سنووردارا بووبێت، ئاکامێکی ترسناکی هەبووە بۆ کورد. ڕازیبوون بە هەندێ مافی سنووردار ڕەواییدان بووە بە دابەشکردنی کوردستان. ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، واتە لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵی ڕابوردوودا، مەسەلەیەکی گرنگ و چارەنووسساز بووە بۆ کورد، لە ڕووی فەلسەفی و سیاسی و نەفسی و هەروەها سیاسەتی عەمەلی و دیپلۆماسی کوردییەوە. بە مانایەکی تر، ئەم حاڵەتە مانای ئەوە بووە کە وابەستەیی (تەبەعییەت)، هەر لە ڕووی خۆناساندنی سیاسی (political identification)ەوە بگرە تا خۆناساندنی کولتووری بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو قووڵایی بوونی کورددا ڕەگی داکوتاوە و حاڵەتی دابەشبوونی کوردستان لە نەخشەی جوگرافیدا بووە بە ڕاستییەك لەناو نەخشەی کەسایەتی سیاسی و نەفسی و کولتووری کورددا.

نەتەوە سەردەستەکان، بێجگە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و کوشتن و بڕین، سوودی زۆریان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە هەندێ لایەنی ئایدیۆلۆژی-سیاسیش بۆ پەرتکردنی جەستەی سیاسی و کولتووری گەلی

کورد، وەرگرتووە. جارێك بە بیانووی خەباتی هاوبەش دژی ئیمپریالیزم، جارێك ڕەچەڵەك و مێژووی هاوبەش (سیاسەتی شا پەهلەوییەکان) و جارێکی تریش بە بیانووی پاراستنی یەکێتی چینی (پرۆلیتاریا)ی ئەو وڵاتانەوە (حزب و گروپە مارکسیستەکان).

لە ساڵانی ڕابوردوودا، خەباتی سیاسی دژی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان، نەك هەر لە خەباتی پارچەکانی تری کوردستان جیا کراوەتەوە، بەڵکو زۆرجار لەسەر حسابی پارچەکانی تریش بووە. نموونەش بۆ ئەوە، هەڵوێستی سەرکردەی (شۆڕش)ی ئەیلوول بوو بەرامبەر جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە تایبەتی لە کۆتایی شەستەکاندا.

دیارە بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە، دەمانخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە، مەترسی ئەوەی کە خەباتی سیاسی لە کوردستاندا لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا ببێتە هۆی دروستبوونی (چەند نەتەوەیەکی کورد) لە بری یەك نەتەوەی کورد.

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە تێگەیشتنی هۆشیارانەی ئەو حاڵەتە و دەربڕینێکی نوێی سیاسی، لە چەشنی لێکۆڵینەوە لەو بارە سیاسییە و، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە و خەملاندنی نەتەوە و ڕێنماییکردنی بەرەو دواڕۆژێکی شایستە، دەبێ کارێك بێت لەسەر بنەمای بیر و بۆچوونی تازە و شێوازی کارکردنی تازە، لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، بنیات نرابێ. هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو ئامانجە ستراتیژییانە بێت، کە داخوازییە نەتەوەییە بنەڕەتییەکان، وەك یەك نەتەوەیی، دەربڕێ. دیارە ئەوەش کار و ئەرکی ئۆرگانێکی (کۆنگرەیەکی) کوردستانی سەرانسەرییە.

لە کۆتایی حەفتاکاندا، هەوڵێك بۆ یەکخستنی ڕیزی هێزە سیاسییەکانی کوردستان درا، بە مەبەستی هێنانەکایەی شێوەکارێکی کوردستانی هاوبەش لە شێوەی ئۆرگان یان کۆنگرەیەکدا، بەڵام ئەو هەوڵە ئاکامی نەبوو.

جارێکی تر، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، هەندێ دەمەتەقێی جددی دەربارەی هێنانەکایەی ئۆرگانێکی نەتەوەیی کوردستانی، کرا. ئەم دەمەتەقێ

و باس و خواسانه، به تایبەتی له گۆڤاری (پەیڤ)دا، بێ ئاکام نەبوون، هەر نەبێ له ڕووی فیکرییەوە. بەڵام ئەوانەش نەبوون به هەنگاوی عەمەلی بۆ هێنانەکایەی ئەو ئۆرگانه نەتەوەییەی که مەبەست بوو. له کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا هەوڵی عەمەلی دران بۆ دامەزراندنی ئۆرگانێکی کوردستانی گشتی که ببێته سەکۆ (platform)ێکی سیاسی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن. یەکێك لەم هەوڵانەی که به جددی تەماشا دەکرێن، دامەزراندنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – سوید) بوو، که له ستۆکهۆڵم له ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦دا، دامەزرا. پێشتریش (کۆنگرەی گەلی کوردستان) له لەندەن دامەزرابوو و ئەوەبوو له مانگی شوباتی ١٩٩٧دا لەگەڵ (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – سوید)دا یەکیان گرت و له ئەنجامی ئەم یەکگرتنەدا ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆ هەردووکیان قبووڵ کرا. ئەم دوو هەوڵه، وەك هەنگاوی یەکەم له لایەن خەڵکانی، له ڕووی حزبییەوە، سەربەخۆوە نراون و هەوڵدانیشی بەردەوامه بۆ هێنانەکایەی ئۆرگانێکی (یان کۆنگرەیەکی) کوردستانی سەرتاسەری.

نووسەری ئەو وتاره بڕوای به گونجاوی دەستووری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (سوید – بەریتانیا) هەیه بۆ ئۆرگانێکی کوردستانی سەرانسەری. نووسەری وتار ئەندامێکی کۆنگرەشه*. له لایەکی ترەوە خۆی بەرپرسی بۆچوونەکانی ناو ئەم وتارەیه، هەرچەنده ئەم بیر و بۆچوونانه لەگەڵ زۆربەی زۆری بۆچوونەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (سوید – بەریتانیا) یەك دەگرنەوە، بەڵام که وشەی کۆنگره لەم وتارەدا دێت ئەوا تەعبیر له هەوڵێکی کراوە دەکات له پرۆسەی کارکردندا بۆ هێنانەدی کۆنگرەیەکی سەرتاسەری و هەر لەبەر ئەوەش ڕوو دەدات که وشەی ئۆرگان له بری کۆنگره بەکار دێت یان به پێچەوانەوە.

زۆرجار له مشتومڕی سیاسیدا بۆ ڕەتکردنەوەی مەسەلەی پێداویستی هەبوونی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، هەندێ له حزبەکان بیانووی ئەوە دێننەوە که بارودۆخی ژیوپۆلیتیکی کوردستان مەودا نادات، کورد پێ بنێته ناو

ئەزموونی دامەزراندنی ئۆرگانێکی نەتەوەییەوە. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بە موغامەرەیەکی سیاسیشی لە قەڵەم دەدەن و لە ئەهوەنترین حاڵەتدا دەڵێن جارێ زووە و کاتی ئەوە نەهاتووە. بە پێی ئەو بۆچوونە بیر لە دروستکردنی ئۆرگانێکی کوردستانی سەرتاسەری دەبێتە هۆی ناڕەحەتکردنی داگیرکەرانی کوردستان و بیانوویێکیش دەبێ بۆ ئەوەی کاری هاوبەش دژی کورد بکەن.

ئەم شێوە بۆچوونە دەربڕینێکی نموونەییە بۆ باوەڕ بەخۆنەبوون و شێوە بەرگریکردنی لەرزۆك و کەسایەتی سیاسی لاوازی دەربڕانی ئەم جۆرە بیانووە.

لۆژیکی ڕاست و دروست ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان تەنانەت لە بوونی کورد و زمانەکەی و کولتوورەکەی ناڕەحتن. جا ئیتر ئێمەی کورد، ناڕەحتتریان بکەین یان نا، ئەوان نە سڵیان لە سیاسەتی تواندنەوە و لەناوبردنی هەموو دیاردەیەکی نەتەوەیی کوردی کردۆتەوە و نە لە داهاتووشدا سڵ دەکەنەوە.

بۆ نموونە: دامەزراندنی ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس، لە سەرەتای هەشتاکاندا و، خوێندنی کوردی لە یەکێ لە قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵمدا، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، لە لایەن هەندێ منداڵی پەنابەری کوردەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی تورکیا لە ئاستی باڵوێزخانەکانی و وەزارەتی دەرەوەیدا ناڕەزایی بەرامبەر فەرەنسا و سوید دەرببڕێ.

بەڵگەیەکی تر بۆ ڕەتکردنەوەی بیانووی ئەوەی کە گوایا ئەگەر کورد یەك بگرێ، دوژمنانی یەك دەگرن، ئەوەیە: لە ساڵانی سییەکاندا هیچ جۆرە یەکبوونێك تەنانەت لەیەکتر نزیکبوونەوەیەکی ئەوتۆش لە نێوان جووڵانەوە سیاسییە کوردییەکانی پارچەکانی کوردستاندا نەبوو، تا ببێتە هۆی بەستنی پەیمانی (سەعد ئاباد)ی ساڵی ١٩٣٧ لە نێوان عێراق، ئێران، تورکیا و ئەفغانستاندا، کە دوو بەندی ڕاستەوخۆی دژ بە کورد بوون. لە ڕاستیدا لە ساڵانی سییەکانەوە، تەنانەت، بۆ نموونە، لە باشووری کوردستاندا لە بری جووڵانەوەیەکی سیاسی یەکبوودا چەند ناوەندێکی سیاسی جووڵانەوە و

بەرهەڵستی کوردی هەبوون. لە باشووری کوردستانی ئەم ساڵانەی دواییشدا، شەری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نەك هەر نموونەیەکی بەڵگەنەویستی نەبوونی تەبایی و یەکگرتووییە، بەڵکو ئەو شەڕە بارودۆخێکی دوژمنایەتیکردنی سەرسەخت و دوورکەوتنەوە لە هەموو بەتەنگەوەهاتنێکی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردی، گەیاندۆتە ئاستێکی مەترسیدار، کەچی دەبینین هەر ئەو بارودۆخە بۆتە هۆکاری هەرە گرنگ بۆ کاری دوژمنانەی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دژی کورد. بە واتایەکی دیکە، ململانێ و شەری نێوان ئەو دوو لایەنە دەروازەکانی باشووری کوردستانی خستۆتە سەر گازی پشت بۆ داگیرکەران، بۆ ئەوەی ڕۆژێ بە یارمەتی پارتی و ڕۆژێکی تر بە یارمەتی یەکێتی، بە ئارەزووی خۆیان بێنە ناو خاکی کوردستان و، بەو شێوەیەی خۆیان دەخوازن و سیاسەتی کوردقڕکردن پیادە بکەن. بێگومان هێنانی ڕژێمی بەعس بۆ هەولێر لە ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦دا لە لایەن پارتییەوە، هەموو ڕیکۆرد (رقم قیاسی)یەکی شکاند.

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا خۆی دێنێتە گۆڕێ: بۆچی زۆربەی هێزە سیاسییەکان و جووڵانەوەکانی کوردستان هاوکاری لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا دەکەن، هاوکاریکردنێکی وا کە ببێتە هۆی تووڕەکردنی دوژمنی بەرامبەریان بە ڕادەیەك کە ئەو دوژمنە بکەوێتە تۆڵەسەندنەوە لە گەلی کورد بە کۆمەڵ، وەك کاردانەوە دژی ئەو هاوکاریکردنە؟ هەندێ نموونەی بەڵگەنەویستی هاوکاریکردنی هێزە سیاسییە کوردییەکان لەگەڵ یەکێك یان ژمارەیەك ڕژێمی داگیرکەر هەن، بەرامبەر ئەو ڕژێمەی کە دژی جەنگاون. ئاکامی ئەو هاوکارییانەش تۆڵەسەندنەوەی بە کۆمەڵ بووە لە لایەن ئەو ڕژێمەوە لە گەلی کورد.

بۆ ئەم حاڵەتە هەندێ نموونەی زیندووی ساڵانی هەشتاکان (کە پەیوەندییان بە جەنگی ئێران و عێراقەوە هەیە) هەن.

ئاشکرایە لە کاتی جەنگی عێراق و ئێراندا هاوکارییەکی زۆر توند لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق و ڕژێمی ئێراندا، دواتریش ئەم

ڕژێمە و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، دروست بوو.

بەهۆی هێرشێکی سەربازی ئێرانەوە بۆ سەر ناوچەی (حاجی هۆمەران) لە ساڵی ١٩٨٢دا، کە تیایدا هێزەکانی پارتی هاریکارییەکی چڕ و فیعلی مەیدانیان کرد، ڕژێمی عێراق، هاودەم لەگەڵ ئەو هێرشەدا، دەمودەست هەشت هەزار کەسی لە عەشیرەتی بارزانییەکان گرت و بەرەو چارەنووسێکی نادیار ڕاپێچی کردن، کە تا ئێستاش هەر بزر و بێ سەر و شوێنن. گومانی تێدا نییە، کە هەموویان یان بە کۆمەڵ گۆڕکراون یان بە هەر شێوەیەکی تر بێت لەناوبراون.

مەسەلەیەکی تریش، کە زوو یان درەنگ، دەبێ بێتە گۆڕێ مەسەلەی هەڵەبجەیە. ئەم مەسەلەیەش لە سەرەتادا دەبێ لە شێوەی پرسیارێکدا خۆی بخاتە ڕوو: ئایا هەڵسوکەوتی هێزەکانی (پێشمەرگە) لە ڕۆژانی بەر لە بۆردوومانکردنی هەڵەبجەدا بە چەکی کیمیاوی، چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە (تووڕە)کردن و هاندانی ڕژێمی سەددامدا، تا ئەو ڕادەیەی کە سڵ لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە هەڵەبجە نەکاتەوە؟ ئایا ئەگەر هێزی (پێشمەرگە) هاوکاری ئێرانی نەکردایە لە گرتنی هەڵەبجەدا، ئەم شارە هەر دەبووە ئامانجی چەکی کیمیاوی ڕژێمی عێراق؟ بێگومان هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە لێکۆڵینەوەی تایبەتی و بوێرانەی پێویستە. هەرچەندە وەکو سەرەتا دەتوانین بڵێین، عێراق بۆ تۆقاندنی ڕژێمی ئێران و ناچارکردنی بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕ بهێنێ، لە هەر جێگایەکی تریش بووایە، بە ئیحتمالی زۆر، چەکی کیمیاوی لە قەوارەی ئەوەی هەڵەبجەدا، هەر بەکار دەهێنا. دەتوانین بڵێین، بە بێ ئەو هاوکارییە دەکرا هەڵەبجە نەکرایەتە نیشانەی ئەو هێرشە کیمیاوییە.

پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەگەر ئەمڕۆ باری بابەتی لەبار نەبێ بۆ دامەزراندنی ئۆرگانێکی نەتەوەیی سەرانسەری، ئەی کەی دەبێت؟ گومان لەوەدا نییە، کە بارودۆخی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك گونجاوترە، بۆ ئەوەی کورد پێ بخاتە ناو ئەزموونێکی لەو چەشنەوە، واتە دامەزراندنی ئۆرگانێکی

کوردستانی سەرانسەری. لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی سارددا، جیهان پێی نایە ناو قۆناغێکی تازەوە، شێوە دینامیکێکی سیاسی، کەم یان زۆر، تازە هاتە کایەوە. تێکشکانی هێزی عیراق، هەر نەبێ لە پەیوەستەگی (Context)ێکی ناوچەییدا و، گۆڕانکارییە جیهانییەکانیش بوونەتە هۆی هاتنەکایەی زروفێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە دیتنێکی کوردییەوە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە کورد وەکو نەتەوە بتوانێ بە دینامیکێکی سیاسی تازە و لەسەر بنچینەی تێگەیشتنی ئەم گۆڕانکارییانە، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە هەرە بنچینەییەکانی خۆی وەك نەتەوە، بە سیاسەت و ستراتیژی یەکبووەوە بێتە مەیدان.

نەخشەی جوگرافی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تیایدا کوردستان دابەشکراوە و ژمارەیەك دەوڵەت لەسەر بنەمای ناڕەوا دروستکراون، چیتر ناکرێ بە گونجاو لەقەڵەم بدرێ.

ناڕەوایی ئەم جوگرافیا سیاسییە سەپێنراوەش دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی کوردستان لە لایەن هێزە کۆلۆنیالەکانەوە و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەست، کە لەسەر بنەمای زۆربە (majority)ی فارسی، تورکی یان عەرەبی، داڕێژراوە. هەروەها بۆ نەبوونی بەشداری و نوێنەرایەتییەکی دیموکراسییانەی کورد لەو وڵاتە دروستکراوانەدا.

لە باسی کۆنگرەدا، وەکو بیرۆکە چوارچێوەیەکی ڕێکخستنی کاری نەتەوەیی، بەر لە هەموو شتێك، گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە نابێ کۆنگرە دەربری ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و هەڵسوکەوتی حزبێك یان چەند حزبێك بێت. هەروەها کۆنگرە نابێ خۆی بە (بەدیل)ی حزبێك یان چەند حزبێك بزانێ، یان ڕەنگدانەوەی بارودۆخ وئەزموونی کورد بێت لە تاکە یەك پارچەی کوردستاندا.

کۆنگرە، دەبێ دەربڕینێکی سیاسی، نەتەوەیی، مێژوویی سەرانسەری ئەو چوارچێوە فیکری و سیاسی و دیپلۆماسی و ستراتیژییە بێت، کە تەواوی دۆزی کوردستانی مەزن تیایدا قاڵب دەگرێ.

کۆنگرە، نابێت ژمارەیەکی تر بێت لە لیستەی حزب و ڕێکخراوە و دامەزراوە و کۆمەڵە کوردییەکاندا، لە لایەکی تریشەوە نابێ سەرەنجامی کۆکردنەوەیەکی ماتماتیکی و ناڕەخنەگرانە بێت، بۆ ئەو هەموو حزب و هێزە سیاسییانە و... هتد.

کۆنگرە، بەر لە هەموو شتێ، ئۆرگانێکی سەرانسەرییە، کە پرۆژەیەکی فیکری و سیاوی دەخاتە ڕوو. ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە لە ڕابوردوو دەداتەوە و نیشانەی پرسیار دەخاتە بەردەم ژمارەیەکی زۆر لە شێوەی بیر و بۆچوون و ڕەفتاری سیاسی لایەنە کوردییەکان و بەشێکی زۆری ئەو بیر و بۆچوون و ڕەفتارانە ڕەتدەکاتەوە و، بەردەوامبوون لەسەریان بە بەردەوامبوونی شکست و هەرەسهێنان دەزانێ.

کۆنگرە، دەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە نەتەوەی کورد ببێ بە خاوەنی تەسەوور (vision)ێکی سیاسی-ستراتیژی، بۆ دواڕۆژی. ئەم تەسەوورەش تەنیا لە یەکبوونی کولتوور و زمان و بوونی ڕابوردووی هاوبەشەوە سەرچاوە هەڵناگرێ، بەڵکو دەبێ ئامانجێکی سیاسی یەکبوو لە ئارادا بێت. گرووپێکی ئەتنیکی، بە پێی زۆربەی بۆچوونەکان، ئەو کاتە وەك نەتەوە پێناسە دەکرێ کە بتوانێ ببێ بە خاوەنی تەسەوورێکی ستراتیژی - سیاسی خۆی لەمەڕ دواڕۆژی خۆی. کۆنگرەی نەتەوەیی، دەبێ جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبێ لە بەشی هەرە زۆری تاکتیك و ستراتیژ و شێوازی کارکردنی سیاسی و ئامرازەکانی خەباتی باودا، زۆر بە تایبەتیش مەسەلەی هەڵوێست لە پەیوەندیگرتندا لەتەك ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا.

مەسەلەیەکی گرنگ، ڕۆڵی حزبە سیاسییە (کوردستانییەکان)ە لە کاری کۆنگرەی نەتەوەییدا و لە دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەت و ستراتیژی کۆنگرەدا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا:

١) حزبەکان بە تەنیا، یان؛

٢) هێزە ڕۆشنبیرییە سەربەخۆکان و کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوە بە تەنیا، یان؛

٣) هەردوولای هاوکێشەکە پێکەوە دەتوانن بنەمای گەشەکردنی ئۆرگانێکی کوردستانی سەرانسەری بن؟

حزبە سیاسییەکان بە تەنیا، لە باشترین حاڵەتدا، دەتوانن بەرەیەکی کوردستانی پێك بهێنن، کە ڕۆڵی هەرە سەرەکی ئەوە بێ، شێوەیەك لە هارمۆنیزەکردن بهێننە کایەوە لە پەیوەندی نێوان حزبەکاندا.

لە هەمان کاتدا بە تەنیا، بوونی حزبەکان لە ناو کۆنگرەدا بە بێ قورساییەکی دیاری خەڵکانی لە ڕووی حزبیەوە سەربەخۆ، لە ڕۆشنبیران و دڵسۆزان، وا لە کۆنگرە دەکات ببێ بە سەکۆی ململانێی حزبەکان. لەو حاڵەتەدا، خۆبەزلزانی و بەکەمزانینی لایەنەکانی تر، سیفەت و ڕەفتاری هەندێ لەو حزبانە دەبێت. ترسیش لە بەپەراوێزبوون و قووتدان لە مناوەرەی سیاسیدا، گرفتی هەندێ حزبی تر دەبێت.

ئاکامێکی تریش ئەوەیە، کە هەر نەبێ بەشێك لەو حزبانە کۆنگرەی نەتەوەیی، وەکو تاکتیك، تەماشا دەکەن، نەك وەکو ستراتیژ. ئەوانە کۆنگرە بەکار دەهێنن بۆ جۆش و خرۆشدانی جەماوەر و چەند هێز و لایەنێکی تر بە مەبەستی بەهێزکردنی جێگای خۆیان بەرامبەر هێزە کوردستانییەکانی تر. یاخود کۆنگرە بەکار دەهێنن لە پەیوەستەگی ئەزموونی کورد لە یەك پارچەی کوردستاندا و تەنیا بەرامبەر بە یەکێك لە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، نەك هەموویان.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر ڕۆشنبیران وابزانن خۆیان بە تەنیا و بۆ هەتاهەتایە دەتوانن کارێکی سەرانسەری ستراتیژی لە جۆری ئۆرگانێکی نەتەوەییدا، بە بێ حسابکردن بۆ حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ئەنجام بدەن، ئەوا ئەمەشیان بەهەڵەداچوونە، ئەم کارە نزیکە لە نامومکین.

لە چوارچێوەی بەرسڤی ئەو پرسیارە سێلانەی سەرەوەدا، مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاکامەی کە کارکردن لەناو ئۆرگانێکی نەتەوەییدا، هەر نەبێ لە هەلومەرجی ئێستای عەقڵییەت و ڕەفتاری زۆر لە حزبەکاندا، نزیکە لە نامومکین. لە لایەکی تریشەوە پشتگوێخستنیان زۆر زەحمەتە. لێرەدا، دەبێ

ئەوە بڵێین کە پشتبەخۆبەستنی ڕۆشنبیران و پێداگرتنیان لەسەر ئەوەی کە تەنیا خۆیان و بێ گوێدان بە ڕۆڵی حزبەکان دەتوانن کاری ئۆرگانێکی کوردستانی بەڕێوەبەرن، لە مەودایەکی درێژدا لەوانەیە بارە سیاسییەکە بەرەو ئەوە ببات کە:

١) بەرەیەکی دژ بە حزبەکان، بە گشتی، دروست ببێ، کە ئەمەش گەوهەر و مەبەستی هەنگاوەکە نییە، یاخود:

٢) دوو بەدیل بێنە مەیدانەوە: بەدیلی ڕۆشنبیران و خەڵکانی، لە ڕووی حزبایەتییەوە، سەربەخۆوە بەدیلی حزبە سیاسییەکان (یان هەندێ لە حزبە سیاسییەکان)، کە ئەوەش دیسانەوە خۆی لە خۆیدا نابێ مەبەست بێت لە پرۆسەی خەملاندن و بوون و خەباتی ئەو ئۆرگانە سەرانسەرییەدا. بۆ سەرخستنی هەوڵی بەردەوام لە پێناو ئامانجی هێنانەکایەی ئۆرگانێکی نەتەوەیی سەرانسەری، پێویستە ڕۆشنبیران و خەڵکانی سەربەخۆ، بەر لە هەر شتێك، پرۆژەکە وەکو پرۆژەیەکی فیکری تەماشا بکەن، بە مانای بەردەوامبوون لەسەر باس و لێدوان لە بابەتی ئۆرگانی نەتەوەیی وەکو ئۆرگانێك، کە چوارچێوەکەی هەموو نەتەوەیە، کە مێژووییە، بەو مانایەی پەیدابوون و هاتنەمەیدانی ئەم ئۆرگانە دەبێ وەرچەرخانێکی گرنگ بێ لە مێژووی نەتەوەی کورددا و هەر بەو مانایەش، دابڕانە لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی پڕ هەرەسی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان.

ئەگەر ڕۆشنبیران بیانەوێ ئەزموونی ئەم ئۆرگانە سەرکەوتوو بێ، نابێ هەر لە سەرەتاوە بیر لە زیادکردنی ژمارە و کەڵەکەکردنی زۆروبۆر، بکەنەوە. بەڵکو بەڕاشکاوی جەخت لەسەر نوێخوازی و دابڕان لە کەسایەتی باوەڕبەخۆنەبوو و هەرەسهاوردوو بکرێ.

ئەو دروشم و ئامانجە بخرێنە ڕوو کە لە کۆتایی ئەم سەدەیە و لە سەدەی بیستویەکەمدا نەتەوەی کورد بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونتر دەبەن. جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە بیری نەتەوەیی (هەڵقوڵاو لە بیر و هەڵوێستی سەربەخۆوە) دەکرێ باشترین و سەرکەوتووترین ئامانجو هێڵی خەبات

داڕێژێ. کاتێکیش (چ درەنگ یان زوو) وەختی ئەوە هات کە ڕۆشنبیران و پسپۆرانی ناو کۆمەڵگای کوردستان (لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات) و خەڵکانی لە ڕووی حزبییەوە سەربەخۆ لە لایەك و حزبە سیاسییەکان لە لایەکی ترەوە، پێکەوە لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا کار بکەن، دەبێ بەڕاشکاوی ئەوە بخرێتە ڕوو کە بۆ ئەوەی ئەم ئۆرگانە کوردستانییە ئەو چوارچێوە نەتەوەییە بێ کە هەردوولا کاری تێدا بکەن، دەبێ حزبە سیاسییەکان ئامادە بن واز لە بەشێکی گرنگی سیاسەت و هەڵسوکەوت و شێوازی خەباتیان بێنن و بەوەش ڕازی بن کە ئەم ئۆرگانە نەتەوەییە ڕەخنەیان ئاراستە بکات و لە کاتی پێویستیشدا ئیجرای موناسیبیان بەرامبەر وەرگرێ.

بێگومان، هەندێ لەو خاڵانەی ڕێخۆشکەرن بۆ شیاوی و واقیعی بوونی کارکردنی هەر حزبێکی کوردستانی، لەناو کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا شانبەشانی خەڵکانی سەربەخۆ، کە دەبێ مەرج بن و ڕەچاو بکرێن، ئەمانەی خوارەوەن:

١) بە هیچ شێوەیەك، بە بیانووی تاکتیکەوە بێت یان هەر بیانوویەکی ترەوە، نابێ و ناکرێ حزبێکی کوردستانی خۆی بە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە گرێ بدات. بەو مانایەی ئەم هەنگاوە، بێ سێ و دوو، دەبێ خۆدەربازکردن بێت لەو پەیوەندی وابەستەییانەی کە لە نێوان حزب و جووڵانەوە سیاسییەکانی کوردستاندا و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا هەن.

٢) بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد لە تەواوی کوردستاندا بکرێ بە پرنسیپی هەرە بنچینەیی لە بیر و کاری حزبە کوردستانییەکاندا.

٣) ناکۆکییەکانی پلە دوو و لاوەکی وەکو شتێکی ئاسایی و سروشتی تەماشا بکرێن و بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و ئاشتییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. شێوازی ڕەفزکردنی یەکتری و بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، واتە شەری ناوخۆ بە (حەرام) تەماشا بکرێ.

٤) وازهێنان لە فیکرەی (حزبی پێشڕەو و حزبی پێشەوا و حزبی سەرکردە و

حزبی تاك) و خۆدوورگرتن له خۆبەزلزانین له ئاست جەماوەر و هێزەکانی تردا. ڕێزگرتنی هەر بیر و بۆچوونێکی جیا، ئەگەرچی هەلگرانیشی ژمارەیەکی کەمی جەماوەر بن.

٥) ڕێزگرتنی ڕای سەربەخۆ، بە تایبەتی ڕای خەڵکانی پسپۆر و لێزان، له لایەن حزبەکانەوە.

٦) چوارچێوەی فیکری ئۆرگانی کوردستانی دەبێ لەسەر بنچینەی هەندێ بەها (values) بنیات نرابێ، که بریتین له دیموکراسی و پلورالیزم و کۆمەلگای مەدەنی و کۆمەلگای دادپەروەر. دەبێ فەرمانڕەوایی لەسەر بنچینەی نوێنەرایەتی و ڕەوایی دیموکراسی و پاراستنی ماڤ کەمایەتییەکان و بە ئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ کوردی — کوردییەکان، دابڕێژرێ.

٧) بە ناڕەوازانین و ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان.

٨) مەسەلەی خۆ بە بەشێك زانین له هەر وڵاتێکی داگیرکەر (بەهۆی ئایدیۆلۆژی چینایەتییەوە بێ یان هەر هۆیەکی تر) ڕەت دەکرێتەوە. بوونی ناسنامەیەکی کوردستانی له لایەك و ناسنامەیەکی عێراقی، تورکی، ئێرانی و سوری له لایەکی ترەوە پێکەوە کارێکی نەگونجاوە.

٩) دەبێ ئەو حزب و رێکخراوانەی بەشداری له کۆنگرەدا دەکەن، ئەوە قبووڵ بکەن که زۆربەی ئەو کەسانەی کۆنگرە بەڕێوە دەبەن و نوێنەرایەتی دەکەن، خەڵکانی له ڕووی حزبییەوە، سەربەخۆ بن.

دیارە ئەم گۆڕانکارییانە له دیدی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ستراتیژی حزبە سیاسیەکانەوە هەر وا ئاسان نین و بە شەو و ڕۆژێك ناکرێن. بۆیە خەڵکانی سەربەخۆ دەبێ کاتی پێویستیان له بەرچاو بێت بۆ مەسەلەی گۆڕانکاری له هەڵوێست و سیاسەتی حزبەکاندا و هاوکاتیش بە ئاسانی نەکەونە ژێر کاریگەری هەندێ دروشم و هەڵوێستی ئیجابی کاتیی هەندێ له حزبەکانەوە بەرامبەر مەسەلەی ئۆرگان (کۆنگرە)ی نەتەوەیی کوردستان. کۆنگرەی نەتەوەیی، دەبێ تەنیا ئەو ئامرازە سیاسی و دیپلۆماسییە بێ که

تەواوی نەتەوەی کورد (لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە هەرە بەرزەکانی) لە خزمەتی خۆیدا (واتە لە خزمەتی نەتەوەی کورددا) بەکاری بهێنێ.

ئەم ئۆرگانە نەتەوەییە نابێت، بە هیچ شێوەیەك، تاکە حزبێك، هەرچەندە گەورە و خاوەن خەبات بێ، لە خزمەتی خۆیدا یان لە خزمەتی سیاسەتێکی تاکتیکی تەسکدا (بۆ نموونە گرێدراو بە ڕووداوێکەوە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا) بەکار بهێنێ.

---

*★ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ـ سوید لە بریارێکی کۆنفرانسی ئاساییدا لە مانگی نیسانی ٢٠٠٠ هەڵوەشایەوە وەکو ڕێکخستن، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ڕاگەیاندنی کۆنگرە لە مەر هەڵوەشانەوەی (لە بەشی بەڵگەنامەکان).*

# چاوپێکەوتن سەبارەت کۆنگرەی نەتەوەیی*

| رۆژنامەی *هەتاو* حوزەیران ـ تەمموز ١٩٩٦ |
| --- |

**هەتاو: بیرورات چییە بەرامبەر دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سوید؟**

◘ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سوید ڕووداوێکی گەلێك گرنگە لە پێشەوەچوونی جوولانەوەی ئازادیخوازی کوردستان. هەڵبەتە ئەم ڕووداوە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتییە نەك چەندی. بەو مانایەی کۆنگرە وەکو خواست و پێویست ڕێکخراوێکی تازە نییە کە ژمارەیەکی نوێ بێ و بخرێتە سەر کۆی ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و کولتووری و پیشەیی و یا دامەزراوی تر کە هەن، بەڵکو کۆنگرە، وەکو فیکرە و چوارچێوەی کارکردن، وەکو جوولانەوەیەکی سەرتاسەری کوردستانی تەماشا دەکرێ. هەر لەبەر ئەمەش و لەسەر پرنسیپە بنچینەییەکانی کۆنگرە، ئەم جوولانەوەیە چوارچێوە و پلاتفۆرمێکە بۆ کوردایەتی بە مانا هەرە فراوانەکەی. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ستۆکهۆڵم لە کۆنفرانسی یەکەمیدا، کە لە ١٩٩٦/١/٢٠ بەسترا، تەنها ئەڵقەیەکە لە پرۆسەیەکی بەرفراوان و سەرانسەری کە زۆر وڵاتی تریش دەگرێتەوە. بۆ

ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەر بدات لە هێنانەکایەی ئۆرگانێکی سەرانسەری ئەوا کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سوید لە پەیوەندییەکی کراوە و برایانەدایە لەگەڵ هەندێ هەوڵی دڵسۆزانەی تر کە لە ئارادان، ئەگەرچی ناویان هەبێ یان نا.

**هەتاو: ئایا تەئسیری کۆنگرە لە ڕووی جیهانی، ئیقلیمی و ناوەکی چییە؟**

◘ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان وەکو ئۆرگانێکی کوردستانی سەرانسەری دیارە تەئسیرێکی زۆری دەبێ لەم لایەنانەوە، بەڵام قووڵی و شمولییەتی تەئسیرەکە چەندە؟ دیارە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕادەی سەرکەوتنی کۆنگرە وەکو فیکرە و وەکو چوارچێوەی کارکردن. لێرەدا بەر لەوەی بچمە سەر ئەو لایەنانەی لەم پرسیارەدا هاتوون، دەمەوێ بڵێم کە تەئسیری کۆنگرە زیاتر گرێدراو دەبێ بە چۆنیەتی و نوێیی ئەم ئۆرگانە لە ڕووی فیکری و میکانیزمی کارکردن و ئامرازەکانی خەبات و ستراتیژی کوردستانی کە دایدەڕێژێ. قورسایی کۆنگرە بە ژمارەی ئەندامانی ناپێورێ، هەرچەندە بوونی جەماوەر زۆر گرنگە، بەڵکو توانای کۆنگرە بە بیر و مومارەسە بۆ گواستنەوەی خەباتی گەلی کورد لە پێناو ئازادیدا لەم حاڵەتەی کە تیایەتی بۆ حاڵەتێکی باشتر. لە ڕووی جیهانییەوە کۆنگرە دەبێ بە کەناڵی سیاسی و دیبلۆماسی یەکبووی نەتەوەی کورد لەسەر مەیدانی سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، کورد و خەباتەکەی دەگوازرێتەوە لە قۆناغی پارچە پارچە بوون و نەبوونی یەك دۆز بۆ قۆناغێکی تر کە کورد تیایدا یەك دۆزی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە پەیوەندییە جیهانییەکەشدا. لە ڕاستیشدا ساڵەهای ساڵە نەتەوەی کورد ئۆرگانێکی یەکبووی خۆی نەبووە کە لە مەیدانی نێونەتەوەییدا بیناسێ و ستراتیژەکەی بخاتە ڕوو. ئەو شێوە کارکردنی سیاسی و دیبلۆماسییە کە تا ئێستا باو بووە ئەوە بووە کە کورد لە جیاتی دەنگێك چەند دەنگێکی هەبووە، لە جیاتی یەك ستراتیژ چەند ستراتیژێکی هەبووە، لە جیاتی یەك شێوە کارکردن

چەندان شێوە کارکردن هەبوونە و لە جیاتی یەك مەرکەز چەندان مەرکەز هەبوونە... هتد. زۆر بە کورتی لە ڕووی نێونەتەوەییەوە ماڵی کوردی پێویستییەکی زۆری هەیە بە هارمۆنیزەکردنی دەنگ و خواستەکانی.

لە ڕووی ئیقلیمییەوە، دیارە دوو بۆچوون خۆیان هەڵدەدەنەوە: یەکێکیان ڕەشبینە و ئەوی تریشیان بۆچوونێکی تازە و زیاتر گەشبینە. بۆچوونی ڕەشبین ئەوەیە کە دامەزراندنی ئۆرگانێکی کوردستانی سەرانسەری و تێوەلکاندنی حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەم ئۆرگانەدا دەبێتە هۆی نەك هەر تووڕەبوونی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەڵکو دوور نییە ئەم ڕژێمانە بە پێی هاوپەیمانییەکی سەربازی هەنگاوێکی دوژمنانە بنێن بۆ هەر نەبێ لێدانی کورد. بۆچوونە تازەکە کە ئێمەی کۆنگرەی نەتەوەیی باوەڕمان پێیە ئەوەیە کە هەرچەند نابێ لە خەتەری هاوکاری و هاوپەیمانی ڕژێمەکان کەم بکەینەوە، بەڵام مێژوو وای پیشان داوە کە ڕژێمەکان لە دەرفەتی جیاجیادا بە بێ ئەوەی هیچ ئۆرگانی سەرانسەری یان هەتا بگرە هاوکاریش لە نێوان پارچەکانی کوردستان لە ئارادا بێت، هەر هەوڵی هاوپەیمانی و کاری هاوبەشی سەربازییان داوە بۆ لێدانی گەلی کورد. کاتی ئەوە هاتووە کە لە جیهان و وڵاتانی ئیقلیم بگەیەنین کە بوونی هارمۆنیا لە ناو ڕیزەکانی جووڵانەوەی ئازادی کوردستان دەبێتە هۆی هاتنەکایەی ئارامی لە ناوچەکەدا نەك پێچەوانەکەی. لای تریش ئەوەیە، هەروەك ئەمڕۆ دەیبینین پارچە پارچەیی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان زیاتر ڕێگای بەوە داوە کە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان نەك هەر خۆیان هەڵقورتێنن لە پەیوەندییەکانی جووڵانەوەکە لە ناوخۆدا، واتە لە نێوان پارچە جیاجیاکانی کوردستان، بەڵکو ئەم پارچەپارچەبوونە بۆتە هۆی تەبەعییەتی هەرنەبێ بەشێکی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکان لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ ئەم ڕژێمانەدا. بەڵێ یەکبوونی جووڵانەوەی ئازادی کوردستان دەشێ میکانیزمێکی تازە لە جۆرێکی تر و بیناکراو لەسەر دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانە بۆ دۆزی کورد بێنێتە کایەوە، بەڵام لە ڕووی ناوخۆوە، واتە ڕووە کوردستانییەکەی،

دەتوانین بڵێین کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەبێتە ئامرازێك لە بواری فیکری و پراکتیکدا بۆ بەهێزکردنی ناسنامە و کەسایەتی کوردی گرێدراو بە کوردستانی مەزنەوە. کۆنگرە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا، دەبێتە ئەو ئۆرگانە کە ستراتیژێکی کوردستانی دابرێژێ. ئەو ئۆرگانە دابەشبوونی کوردستان و کەسایەتی و دۆزی کورد قەبوڵ ناکات و خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئەم لایەنانە وەکو یەکبوو ببینێ و بخەملێنێ و کاری بۆ بکات.

لە هەفتا ساڵی ڕابردوودا، یا هەر نەبێ لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بوون و خەباتیاندا نەك هەر ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی کوردستانیان پێوە دیار بووە، بەڵکو لەوە خراپتر لە سیاسەتیاندا، زۆر یا کەم، ڕەواییشیان داوە بەم دابەشبوونە. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەیەوێ ئەم واقیعە مێژوویی – سیاسییە بگۆڕێ بە ڕەتکردنەوەی دیاردەی دابەشبوون لەسەر ئاستی فیکری، ناسنامە، کەسایەتی و هەروەها سیاسی.

**هەتاو:** چۆن کۆنگرە دەتوانێ میکانیزمێکی وا بێنێتە کایەوە کە ببێتە هۆی تێکەڵبوون و نزیکبوونەوەی زۆرترین رێژە لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە کۆنگرەدا؟

◘ لەو باوەڕەدام وەکو هەنگاوی یەکەم دەبێ کۆنگرە چاوی لەوە نەبێ کە چۆن زۆرترین ژمارەی ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان فیکرەی کۆنگرە قەبووڵ دەکەن، بە پێچەوانەوە، کۆنگرە دەبێ هەندێ لایەنی پرینسیپی کە پەیوەندی بە کۆنگرە و دۆزی کوردستانییەوە هەیە بە ئاشکرا بخاتە ڕوو، ببینێ ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم هێزانە ئامادەن ئەم پرنسیپانە قەبوڵ بکەن. بە ڕاستیش هەندێ مەرجی پێویست هەن لە بەردەم هێزە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی بتوانن ببن بە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئەم هێزانە دەبێ بە تەواوی واز بێنن لە سیاسەتی تەبەعییەت، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، دەبێ بێ سێ و دوو واز بێنن لە عەقڵییەتی یەکتر

کوشتن، جا ئەم یەکتر کوشتنە بە هەر هۆیەك بێت. دەبێ ئەم حزبانە بە ئاشکرا و وەکو ستراتیژ دابەشبوونی کوردستان ڕەتبکەنەوە. ئەمە و زۆر لایەنی تری گۆڕان پێویستن بۆ ئەوەی هێزە کوردستانییەکان بتوانن کاریگەرانە شوینی ئاسایی خۆیان بگرن لە ناو کۆنگرەدا.

**هەتاو:** دامەزراندنی کۆنگرە لە سوید؟

ئێمە هاتنەکایەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سوید وەك بەشێك لە پرۆژەیەکی زۆر مەزن، یا پرۆسەیەکی زۆر بەرفراوان دەبینین کە لە ئاکامدا هەر نەبێ زۆربەی ئەو هەولانە بگرێتەوە کە لە ئارادان بۆ هێنانە کایەی ئۆرگانێکی کوردستانی سەرانسەری، یان پێی بلێین کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان.

**هەتاو:** زۆر سوپاستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

---

*٭ئەم کۆنگرەیە لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٠٠دا هەڵوەشاوەتەوە. تکایە بڕوانە پاشکۆ: ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی دووەمی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – سوید لەمەڕ هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرە.*

# چەند سەرنجێك دەربارەی خەباتی چەكداری جووڵانەوەی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی باشوور

**گۆڤاری *یەكگرتن* ژمارە ١٥، ١٩٩٢**

**سەرەتا:**

ئەمە ماوەی چەند ساڵێكە بابەتی خەباتی چەكداری، وەكو میتۆد و ئامرازی جووڵانەوەی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی باشوور (كوردستانی عێراق) لە بیرما دێت و دەچێت. لە دەرفەتی جیاجیادا دەرگای ئەم بابەتەم كوتاوە، بەڵام ئەمە یەكەم جارە بە شێوەی وتارێكی نووسراو هەوڵی ئەوە دەدەم ئەم بابەتە بخەمە بەرچاو.

بۆ ئەوەی بتوانین مەسەلەی خەباتی چەكداری بە شێوەیەكی هەر نەبێ نزیك لە باسكردنی بابەتییانە بخەینە ڕوو, ئەوا مەرجێك هەیە دەبێت ڕەچاو بكرێت، ئەویش ڕووتكردنەوەی بابەتی باسەكەیە لە چوارچێوە و شێوازە *پیرۆزەكەی*. لە لایەكی ترەوە، كاتێك بە چاوێكی زیاتر واقیعیانە دەڕوانینە خەباتی چەكداری جووڵانەوەی نەتەوەیی، وەكو دیاردە و میكانیزمێكی فرەلایەن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە بە چاوێكی ڕێزەوە ناڕوانرێتە دوو دیاردەی گرنگ لەم میكانیزمەدا، واتە پیشمەرگە و شەهید.

جێگای خۆشحاڵی بوو وتارەکانی برایان (فازیل کەریم ئەحمەد) و (ڕەشاد میران) دەربارەی خەباتی چەکداری لە ژمارەکانی (٩، ١١، ١٢، ١٤)ی گۆڤاری (یەکگرتن)دا بخوێنمەوە. بە باوەڕی من هەردوو نووسەری ناوبراو دەرگای باسکردن و لێکۆڵینەوەی مەسەلەیەکی گرنگیان کردۆتەوە کە پێویستی بە دەمەتەقێ و لێدوانی زۆرتر هەیە. وتارەکانی برایان (فازیل کەریم ئەحمەد) و (ڕەشاد میران) لە دەوروبەری هەندێ لایەنی جووڵانەوە چەکدارییەکە خۆیان دەنوێنن. منیش هەمان مەسەلەی خەباتی چەکداری دەکەمە بابەتی ئەم وتارە، بەڵام بێ ئەوەی بکەومە ناو دەمەتەقێی برایانی ناوبراوەوە.

ئەم وتارەم زێتر شێوەی وتارێکی سەرپێی دەگرێتە خۆی، واتە کەمتر ئەکادیمی، دەڵێم ئەکادیمی، چونکە بە شێوەی ئەکادیمی بینینی دیاردەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد و کۆمەڵگای کورد و میکانیزمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پێویستییەکە کە لەم سەردەمەدا خۆی دەسەپێنێ. شایانی باسە، لە کاتی باسکردنی بابەتێکی وەك خەباتی چەکداریدا، وا باشە خۆمان لە هەندێ قالبی سیاسی لەوەوبەر ئامادەکراو بەدوور بگرین.

لەم وتارەمدا ناوی هەندێ کەس و لایەن دەبرێت. مەبەستمان لەم ناوبردنە لایەنگیریکردن یاخود دژایەتیکردن نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگیشە، کاتێك کوردێك وتارێك دەنووسێ یاخود شتێك دەردەبڕێ، پێویستە هەست بە هیچ ترسێك نەکات، چونکە بابەتێك کە ئەمڕۆ خەڵك ترسی هەبێ بە شێوەیەکی کراوە باسی بکات (جا لەبەر هەر هۆیەك بێ) ئەوا بێگومان لە دوارۆژێکی دوور یان نزیکدا هەر باسی دەکرێ. دڵنیام لەوەی ئەم وتارە دەبێتە هۆی (تووڕە)بوونی کەسانێك، بەڵام با ئەم هۆی تووڕەبوونە، کە هەندێ لایەنی ئەم وتارەیە، هەوڵدانێکی ئیجابی بێت و مەبەستیش (تووڕە)کردن نەبێت، بەڵکو وروژاندن بێت بۆ نووسین و دەنگکردنی زێدەتر.

## چوارچێوەی وتار:

لەگەڵ هەرەسهێنانی جووڵانەوەی چەکداری کورد لە کوردستانی باشوور لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا هەندێ گۆڕان بەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا هات، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە فرەلایەن و هەمەلایەن نەبوون بۆ ئەوەی ببنە مایەی وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیاری تایبەتی و بنچینەیی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بوون و بەردەوامی جووڵانەوەکە هەبوو. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکارییانەی هاتنە کایەوە، دەبوایە ببوونایە هۆی دابڕان لە جووڵانەوەی چەکداری ساڵانی (١٩٦١ — ١٩٧٥) و جووڵانەوەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا بهاتایە کە لە ڕووی میتۆد و شێوە و ئامرازی خەباتەوە شێوەی تری جیا لەوانەی ساڵانی بەر لە ١٩٧٥یان وەربگرتایە. بە بڕوای من، بەردەوامی هەمان میتۆد و شێوە و ئامرازی خەباتی ساڵانی (١٩٦١ — ١٩٧٥) بەردەوامی هۆیەکانی هەرەسهێنانی ئاداری ١٩٧٥ بوو، لەوەش گرنگتر بەردەوامی ئەو هۆیانە و مانەوەیان ڕێگایان بۆ هەرەسهێنانێکی تر (هەرەسهێنانی ١٩٨٨-١٩٨٩) خۆش کرد.

ئێمە پێمان وایە، یەکێك لەو پرسیارە هەرە گرنگ و بنەڕەتییانەی دەبوایە لەگەڵ هەڵسەنگاندن و دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی ساڵانی (١٩٦١ — ١٩٧٥) و لە بنیاتنانی خەباتێکی شێوە تازەدا بخرابایە ڕوو، سەبارەت بە خەباتی چەکداری بوایە، کە شێوەی سەرەکی بوو لە خەباتی جووڵانەوەی نەتەوەییدا. بەشی یەکەمی پرسیارەکە دەبوایە بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغی ساڵانی (١٩٦١ — ١٩٧٥) و لە ڕووی بینینی خەباتی چەکدارییەوە تەرخان بکرابایە و پرسیارەکەش دەبوایە هەر نەبەسترێتەوە بە لێکدانەوەی میکانیزمی سەربازی و پرنسیپی تەرازووی هێزەوە لە نێوان هێزی چەکداری کورد و هێزی ڕژێم. وا بزانم ئەم پرسیارە وەکو ڕێگاخوشکردن بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغی بەر لە ساڵی ١٩٧٥ دەیتوانی ببێتە یاریدەدەر بۆ دۆزینەوەی هۆیەکی زۆر گرنگ و سەرەکی بۆ هەرەسهێنانی جووڵانەوەی چەکداری کورد لە ئاداری ١٩٧٥دا. بەشێکی گرنگی ئەم هەڵسەنگاندنەش

دەبوایە دەربارەی کاریگەری کارپێکردنی خەباتی چەکداری و بارودۆخی شەڕ لەسەر ژیانی هەرنەبێ بەشێك لە خەڵکی بووایە (ئەو بەشەی کە بەمجۆرە خەباتەوە کەوتبووە ناوچەی شەڕ و نەبەردی سەربازییەوە) وە هەروەها ئەم کاریگەرییە لەسەر لایەنی شارستانیەتی ژیانی خەڵکەکە. هەروەها دەبوایە ئەم پرسیار و هەڵسەنگاندنە چارەسەری بابەتی سوودمەندێتی خەباتی چەکداری لە ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە بکردبایە.

وا بزانم لایەنێکی گرنگی ئەو پرسیارە دەبوا ئەوە بوایە: ئایا کارپێکردنی خەباتی چەکداری چ کاریگەرییەکی لەسەر کەسێتی و بڕیار و پراکتیکی سیاسی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور هەبوو؟ ئایا کاریگەری کارکردنی خەباتی چەکداری و ئەو هاوپەیمانیەتییە ناوچەیی و هەرێمایەتی و نێونەتەوەییانەی ئەم شێوە خەباتە سەپاندبووی بەسەر تەواوی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا چی بوو؟ ئەمجۆرە هاوپەیمانییە ئەگەرچی هۆکار و مەرجی پێویست بوون بۆ *ژیان و بەردەوامی* جووڵانەوە چەکدارییەکە لە کاتی دیاریکراودا و بە پێی هەندێ بارودۆخی دیاریکراو، بەڵام هۆکاری هەرە گرنگیش بوو بۆ *هەرەسهێنانی* جووڵانەوەکە. کەواتە دەبوایە پرسیارێك بەم شێوەیە بخرابایەتە ڕوو: ئایا کورد بەردەوام بێت لەسەر خەباتی چەکداری یان وازی لێ بێنێت؟ ئەگەر وازیشی لێ بێنێت، ئایا ئەلتەرناتیڤی (بەدیلی) ئەو شێوە خەباتە چی بێت؟.

## چەند خاڵێکی گشتی:

١) جووڵانەوەی چەکداری کورد لە کوردستانی باشوور لە ئەیلوولی (سپتامبری) ١٩٦١دا دەستی پێکرد. وانەبێ ئەم دەستپێکردنە لە لایەن خەڵکی خاوەن بیر و ناسراو بە هێڵی سیاسی ناو جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردەوە بووبێ، بەڵکو لە لایەن هێڵی خێڵەکی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك) بە تایبەتی و ناو کۆمەڵگای کوردەوە بوو بە گشتی. لە کاتێکدا بارزانی دەستیکرد بە نەبەردی سەربازی دژی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم،

مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) هێشتا لە بەغدا بوو هەوڵی ئەوەی دەدا کە خەباتی سیاسی بەردەوام بێت و دەست نەدرێتە چەك. ئەگەرچی زۆری پێ نەچوو (دوای چەند مانگێك) مەکتەبی سیاسیش بڕیاری ئەوەی دا پاڵبداتە شاخ و مەسەلەی خەباتی چەکداری وەکو ئامرازی خەبات قبوڵ بکات.

٢) ئەو هێزانەی لە بنەڕەتدا (چەکخواز بوون) زیاتر سروشتێکی خێڵەکی و تەقلیدییان هەبوو، بەڵام کە خەڵکانی ڕۆشنبیر مەسەلەی بەکارهێنانی چەکیان وەکو شێوازی سەرەکی خەباتی نەتەوایەتی پەسەند کرد، ئەوا لە ئەنجامدا پەسەندکردنەکە سەرکەوتنی هێزە خێڵەکی و تەقلیدییەکانی ناو کۆمەڵگای کورد بوو. بە شێوەیەکی گشتی دەرفەتی سەرکەوتنی ئەلتەرناتیڤی سیاسی وەکو شێوازی خەبات ئەو کاتە گەلێك کەم بوو. هۆی ئەمەش جگە لەوەی هێزە تەقلیدییەکان، وابەستە بە پەیوەندییە خێڵەکییەکان، ئەم شێوە خەباتە سیاسییەیان قبوڵ نەبوو، ئەوانەی لایەنگری خەباتیش بوون بە ئامرازی سیاسی، کەمایەتی بوون و نەیان دەتوانی حیساب بۆ هێزە تەقلیدییەکان نەکەن.

ئەوەی ڕاستی بێت، ڕاپەڕینەکەی ئەیلولی ١٩٦١ دەربڕین و شێوە هاوپەیمانییەکی نابەرامبەری نێوان توخمێك (ڕۆشنبیر و دانیشتوانی شار کە باوەڕیان بە خەباتی سیاسی هەبوو) و توخمێك (بەستراو بە پەیوەندییە خێڵەکییەکان کە زیاتر لە دەرەوەی شار بوون) بوو. لە ناو ئەم هاوپەیمانییەدا هێزە خێڵەکی و تەقلیدییەکان قورسایی و ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو. ئەنجامی ئەوەش تەواوی جووڵانەوەکە سروشتی ویست و خواست و پراکتیکی عەشایەری و بە سەربازیکردنی تەواوی پرۆسەی خەباتەکەی گرتە خۆی.

٣) بێگومان هۆیەکی گرنگ کەوا هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی یان نەتەوەیی هێز بەکار دێنێت زیاتر ئەوەیە کە بەرامبەر (دوژمن) خۆی بەهێز دەکات، یاخود بەرامبەر هیچ زمانێکی تر جگە لە زمانی زەبر تێ ناگات. جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشووردا، زۆرجار بەرامبەر

ڕژێمێك وەستاوە و داوای مافە ڕەواکانی میللەتی کوردی لێکردووە کە بە هێز هاتۆتە سەر حوکم و بە هێزیش دەیەوێ بمێنێتەوە، هەروەها بە زەبری هێز بە هەموو شێوەکانییەوە ڕووبەڕووی گیروگرفتە نیشتمانییەکان بۆتەوە، بە تایبەتی مەسەلەی کورد.

ئەوەی لە سەرەوە گوتمان هەمیشە بەهێزترین بەهانە و لێکدانەوە بووە بە دەست (لایەنگرانی زەبر)ەوە لە ناو جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورددا. (لایەنگرانی زەبر) دەڵێن: ئەگەر بێت و دوژمن بە چەك لێمان بدات و بە هێز بەرەو ڕووی داواکارییە نەتەوەییە ڕەواکانمان ببێتەوە، ئەوا (چارە نییە) دەبێ کوردیش بە چەك بەرپەرچی ئەم هەڵسوکەوتەی دوژمن بداتەوە. هەرچەندە لە مشتومڕی سیاسیدا دەکرێ زۆر کەس بە شێوەیەکی گشتی ئەو لۆژیکی لێکدانەوە و تێڕوانینە بۆ جەدەلیەتی بەکارهێنانی چەك بسەلمێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی لەوەدایە کە ئەم لۆژیکە زۆر سادە و یەك لایەنییە و زۆرجار ڕێگا لە بەهانە و لێکدانەوەی فراوان و هەمەلایەن و قوڵتر بۆ مەسەلەی بەکارهێنانی چەك دەگرێ. (لایەنگرانی زەبر) یاخود لایەنگرانی خەباتی چەکداری ئەوە دەخەنە ڕوو: ئەگەر دوژمن بە چەك لێمان بدات، بۆ کوردیش بە چەك وەڵامی نەداتەوە؟ وا بزانم ئەم بینینە نەوەك هەر یەك لایەنییە، بەڵکو مەسەلەی خەباتی چەکداریشی کردۆتە شتێکی (پیرۆز)، کە گومان پێکردن و پرسیار خستنە سەری، بە شێوە گوناهێك یان تاوانێك بەرامبەر تەواوی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم دەدرێ. بێگومان ئەم پەرستنی خەباتی چەکدارییە زیانی گەیاندووە بە توانستی بینینی مەسەلەکە، لەوەیش گرنگتر زۆرجار ڕێگای لە گفتوگۆی کراوە دەربارەی خەباتی چەکداری و بە (واقیعی)کردنی ئەم خەباتە وەکو مەسەلەیەکی سیاسی و نەتەوەیی زۆر (ئاڵۆز) گرتووە.

وا بزانم مەسەلەی بەکارهێنانی هێز لە بەرامبەر هێز (وەکو لە شێوەی سەرەوە خرایە بەرچاو) لە دەمەتەقێی سیاسیدا وا دەکات کە دەمەتەقێکە تەنیا شێوەی مشتومڕی بیزەنتی (مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە)

وەربگرێ. بە واتایەکی تر ئایا کورد بەر لە دوژمن دەستیکردووە بە بەکارهێنانی چەك یان دوژمن خۆی دەستی پێکردووە. هەرچۆنێك بێ دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە بەرامبەر (دوژمن)یش هۆ و بەهانەی خۆی هەیە بۆ بەکارهێنانی هێز، هەر وەك کورد هەوڵی ئەوە دەدات ڕەوایی بداتە میکانیزمی بەکارهێنانی هێز. بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە خەباتی چەکداری تەنیا لە هەندێ واژەی ڕەوابوون و ناڕەوابوون، حەقانیەت و ناحەقانیەتدا نەبینین، واتە لە گۆشەنیگای بەمۆراڵیکردنی سیاسەتەوە، بە تایبەتی لە نێوان هەموو لایەنەکانی تەرازووی هێزی نێوان هەردوو لایەندا، تەماشا نەکەین.

بۆ باسکردنی خەباتی چەکداری پرسیاری زۆر گرنگ هەن، یەکێك لەو پرسیارانە (بۆ نموونە): ئایا لە پرۆسەی بەکارهێنانی چەکدا چ ئەنجامێك وەدەست هاتووە؟ بە واتایەکی دی، ئایا دەرەنجامەکانی بەکارهێنانی چەك لە خەباتدا چی بووە؟ ئەم پرسیارە کاتێك گرنگی زێتر دەبێت کە دەرەنجامەکانی پرۆسەی خەباتی چەکداری لە ڕووی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردەوە هەڵسەنگێنین.

ئەگەرچی ناتوانین ڕاستەوخۆ بڵێین خەباتی چەکداری ڕێگاخۆشکەر نەبووە و کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوە سیاسییەکان نەبووە یان ئەم شێوە خەباتە نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی لە وەدەستهاتنی هەندێ دەستکەوتی مێژوویی لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورددا ببینێ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسییەکە و هەڵەکە ئەوەیە وا بزانین هەر دەستکەوتێکی سیاسی کە کورد وەدەستی هێنابێ ئەوا بە خێری چەك و هێز بووە. لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە زۆر باوە لە لای ئەو خەڵکەی لە چاویلکەی هێز و لوولەی تفەنگەوە دەڕواننە دەوروپشتیان و دیاردە سیاسییەکان دەبینن. زۆرجاری وا هەبووە (بۆ نموونە) کە باسی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کراوە، وەکو وەدەستهاتێکی سیاسی، ئەوا ڕاستەوخۆ گوتراوە میللەتی کورد لە عێراق بە زەبری چەك و هێز بەم

دەستکەوتە گەیشتووە. بۆ ئەمە هەندێك بەڵگە بە دەستەوەیە، لەوانە: مەسعود بارزانی ساڵی ١٩٨٩ لە ستۆکهۆڵم / سوید لە وتارێکدا ئەوەی دووپات کردەوە کە بەیاننامەی ١١ی ئادار بە هێزی چەك وەدەست هات. لە بۆنەیەکی تردا: لە کۆنفراسێکی کورددا لە پاریس (١٦و ١٩٩١/٣/١٧)، سامی عەبدولڕەحمان ئەوەی دووپات کردەوە کە بەیاننامەی ١١ی ئادار بە هێز وەرگیراوە. هەروەها دەتوانین ئەوەش بخەینە بەرچاو کە لە ساڵانی ١٩٧٠ — ١٩٧٤دا لە کوردستانی باشوور (ماوەی هاوپەیمانێتی نێوان پ.د.ك و ڕژێمی بەعس) لە کاتی خۆپیشاندانەکانی (پ.د.ك)دا هاوار دەکرا (بە لوولەی برنۆی پارتی وەرمانگرت حوکمی زاتی).

لێرەدا چەند پرسیارێك خۆیان قوتدەکەنەوە: ئایا پارتی و ئەو خەڵکانەی لە لوولەی برنەوەوە واقیعێکی ئاڵۆزیان دەبینی نەیان دەزانی میللەتی کورد ئەگەرچی هەندێ هێزیشی هەبێ کە بتوانێ کاریگەری بەسەر هەندێ بارودۆخی تەرازووی هێزەوە لەگەڵ دوژمندا بەجێ بهێڵێ، بەڵام هێز هەموو شتێك نییە و ناکرێ بە لۆژیکی هێز ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی وەکو ١١ی ئادار لێك بدرێتەوە؟

راستە ڕژێمی بەعس لە باوەڕێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە بە مافە ڕەواکانی کورد بەیانی ئاداری مۆر نەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ ئەم ڕووداوە تەنیا لە چاویلکەی هێزەوە تەماشا بکرێ، چونکە مۆرکردنی ئەو بەیاننامەیە دەرهاویشتەی قۆناغێك بوو لە مێژووی سیاسی عێراق و مێژووی سیاسی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور و پێویستە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی مۆرکردنی بەیاننامەکە لە لایەن ڕژێمەوە، گۆڕانکارییەکی هەمەلایەن ببینین کە پەیوەندی هەبوو بە:

١- ستراکتەری ناوەوەی ڕژێم و پەیوەندی نێوان توخم و کەسانی ناو بازنەکانی ناوەوەی ڕژێم لە ڕووی:

ا) ململانێی نێوان هێڵی سەربازی و هێڵی مەدەنی لە ناو ڕیزەکانی ڕژێمدا.

ب) تەرازووی هێز لە نێوان ئەوانەی خاوەنی باوەڕی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بوون بە هێزی سەربازی و ئەوانەی چارەسەری سیاسییان بە باشتر دەزانی.
٢- پەیوەندییەکانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئێران کە سروشتی دوژمنکارانەی هەبوو. ڕژێم وەستاندنی شەڕ لە کوردستان، وەك چارەیەکی هیچ نەبێ کاتی، بە باش دەزانی، چونکە بەوجۆرە کارتی کوردی لە دەست ئێران دەردەهێنا و هەڵوێستی خۆی پێ بەهێز دەکرد و وەك هەڕەشە بەرامبەر ئێران سوودی لێ وەردەگرت.
٣- دیسانەوە ڕووە جیهانییەکەی مۆرکردنی بەیاننامەی ئادار بۆ ڕژێم گرنگ بوو، چونکە ئەم هەنگاوە ڕێز و ڕەوابوونی جیهانی دەبەخشیە ڕژێمی بەعس.

مەترسی لۆژیکی بە هێز لێکدانەوەی ڕووداوەکان و مامەڵەکردنی دیاردەکانی دەوروپشت و ژیانی سیاسی (وەك لە نموونەکەی سەرەوەدا بینرا) لەوەدایە کە گریمان بە دوژمنیش بسەلمێنرێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە و لە کات وهەلومەرجێکی تایبەتیدا مل بۆ داواکارییەکانمان دانەوێنێ، ئەوا دەبێ‌ئەوەش لە بیر نەکرێ کە دوژمن بۆی هەیە جارێکی تر خۆی بەهێز بکاتەوە و ئەوەی بە هێز لێی سەندراوە بە هێز وەریگرێتەوە. بە مانایەکی تر، بە پێی ئەم لۆژیکی هێز بەکارهێنانە جووڵانەوەی چەکداری کورد دەکەوێتە ناو بازنەیەکی داخراوەوە، ئەویش بازنەی هێزە. دەرچوونیش لەم بازنەیە، بینینی تەواوی مەسەلەکانە بە شێوەیەکی دی.

با بێینە سەر پرسیارە سەرەکییەکەمان: ئایا دەرەنجامی هەمەلایەنی بەکارهێنانی چەك لە کوردستانی باشووردا بە درێژایی زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەباتی چەکداری چی بووە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە چەند لایەنێکی هەیە:
١) لە ڕووی ناوخۆییەوە (واتە لایەنی ناوەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و خەڵکی کورد بە گشتی لە کوردستانی باشووردا)؛

١) بەهێزبوونی شوێنەوار و قورسایی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەندێ توێژ لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا کە لە چەمکی هێز زیاتر نە باوەڕی بە هیچ ئامرازێکی تری خەبات دەهێنا و نە توانای ئەوەشیان هەبوو بە ئامرازی بیری سیاسی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بەرەو پێشەوە بەرن. ئەم توێژانە، چ بە پێوانەی ماددی و چ بە پێوانەی زهنیەت، خێڵەکی و تەقلیدی بوون. ئەم توێژانە لە کاتێکدا خەباتیان بۆ ئەوە دەکرد ستراکتەری تەقلیدی و بەسەرچوو بپارێزن و بهێڵنەوە، بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە باشترین شێوە دەپاراست. دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە مەرج نییە ئەوانەی بۆ هەڵگرتنی چەك و نواندنی لاوچاکی و مەیدانی جەنگ و کۆکردنەوەی ژمارەی زۆر خەڵك بۆ هەڵگرتنی چەك شیاو بن، بتوانن بە پێی پێویست لە هەلومەرجی قۆناغی ئاشتیدا (کە تیایدا پرۆسەی سیاسی و بەمەدەنیکردنی تەواوی جووڵانەوەکە پێویستە) سەرکردەی سەرکەوتوو و لێهاتوو بن. وتەیەکی بارزانی هەیە کە لە گوتارێکیدا بە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (The economist) (ساڵی ١٩٧١) داویەتی، دەڵێ: (زۆر ئاسانترە بۆ سەرکردەیەك بتوانێ سەرکردایەتی میللەتێك بکات لە کاتی شەڕدا تاوەکو لە کاتی ئاشیتدا. هەروەها زۆر ئاسانترە سەرکەوتن لە شەڕێکدا بەدەست بێ تاوەکو لە پەرەسەندنێکدا).

وەك چۆن ململانێی نێوان خەڵکانێك کە تەنیا باوەڕیان بە بەکارهێنانی چەك هەبوو لە خەباتی نەتەوەییدا و ئەوانەی دەیانویست زیاتر بە ڕێگای بیری سیاسی ئەم خەباتە بکەن، شتێکی دیاربوو، ئاواش ئەو ململانێیە لە قۆناغێکدا خۆی دەکێشێتە ناو چارەسەرە سیاسییەکانی مەسەلەکە و مۆرکردنی هەر پەیمانێکی سیاسی لە نێوان کورد و ڕژێمدا و هاتنەکایەی دەرفەتی کارکردن بە شێوەی ئاشتی و سیاسییانەش. (جێمس کینسەم)، کە ڕۆژهەڵاتناسێکە، لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی ئاداردا زۆر گەشبین بوو، چونکە ئەو لەو بڕوایەدابوو کە تەنانەت مۆرکردنی پەیمانەکە، سەرکەوتنێکی مێژووییە بۆ هێزە فیکری و سیاسییەکانی ناو جووڵانەوەی

نەتەوەیی کورد. (کینسەم) ناوی د. مەحمود عوسمان وەکو ڕەمزێك بۆ سەرکەوتنی هێزە فیکری و سیاسییەکانی ناو جووڵانەوەکە، لە ململانێی مۆرکردن یان مۆرنەکردنی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ دادەنێ. وەکو سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ جووڵانەوەی کورد، مۆرکردنی بەیاننامەی ئادار تای تەرازووی بە لای هێزە فیکری و سیاسییەکانی ناو جووڵانەوەکەدا شکاندەوە. بە مانایەکی تر، ئەم ڕووداوە دەشیا سەرەتای قۆناغێك بێت کە تیایدا لایەنگرانی بەکارهێنانی چەك لە خەباتدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پاشەکشە بکەن[1].

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنە سیاسییە نەبێتە هۆی بەهێزبوونی توخمی بیری سیاسی، واتە نەبێ بەهۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستپێشخەری بەدەستەوە بگرێ، توخمی عەشایەری و بازرگانەکانی جەنگ کەوتنە خۆیان. بە پێی نووسراوێك سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی (ڕاپەڕینە)کەی ئەیلولی ١٩٦١و هەرەسهێنانی ساڵی ١٩٧٥، هەوڵدان لە لایەن ئەم توخمانەوە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی پارتی لە کاتی ئاشتیدا زۆر شێوەی هەبووە:

١) نەبوونی ویستێکی ڕاستەقینە بۆ قبوڵکردنی ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان (ئەندام و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی کۆن)، چونکە قبوڵکردنی ئەمانە و کارکردنیان لە پارتیدا دەبووە هۆی بەهێزبوونی پارتی و هێڵی سیاسی ناو جووڵانەوەکە؛

٢) ڕێگاگرتن لە هەموو ڕیفۆرمێك یان جێبەجێکردنی هەموو یاسایەك لە کوردستاندا؛

٣) گرنگی نەدان بە بەیاننامەی ١١ی ئادار و خوڵقاندنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەمی جێبەجێکردنیدا؛

٤) زێدەکردنی ڕۆڵی بارەگای بارزانی لەسەر حیسابی پارتی؛

٥) دەست بەسەرداگرتنی کار وباری پارتی لە لایەن توخمە عەشیرەتییەکانی ناو جووڵانەوەکەوە، بۆ نموونە: بەشداریکردن لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا (ناوپردان — ١٩٧٠). وەك دەردەکەوێ سێیەکی ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا

ئامادەبوون و تەنانەت ڕۆلی گرنگیشیان هەبوو لە بنچینەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان پارتی نەبوون.

٦) کەمکردنەوەی ڕۆلی پارتی و بەهێزکردنی ڕۆلی دەزگای پاراستن لەسەر حیسابی ئەو[٢].

ب) لە ڕووی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، دەبوایە خەڵکی ئەو ناوچانەی بە ناو (ئازادکراو) بوون هەمیشە گرانترین باج بدەن بۆ بەردەوامی خەباتی چەکداری، واتە وەکو ئەنجامێك بۆ بەردەوامیی شەڕ لەم ناوچانەدا. ئەوانەی ئەم باجەشیان داوە زیاتر خەڵکێکی هەژاری ئەم ناوچانەبوون و باجەکەشیان بەم شێوانە بووە:

١) ئەم ناوچانە بێبەش بوون لە ڕێگاوبان و قوتابخانە و نەخۆشخانە و... شتێك کە ڕۆلی گرنگی بینێ لە نەبوونی ئەم خزمەتگوزاریانەدا، بەردەوامی بارودۆخی شەڕ بوو کە دوژمن پێی دەڵێ (بارودۆخی هەڵاوێردراو – استثنائی).

٢) لەم ناوچانەدا هەمیشە لە ململانێی نێوان جوتیار و ئاغا و دەرەبەگدا، (شۆڕش) بە دەگمەن لایەنی جوتیاری گرتووە... جوتیار دەبوایە سێیەك و دەیەك بدات. سەرباری ئەوە دەبوایە بە خواردن و جێی خەوتن خزمەتی پێشمەرگەشی بکردایە... ئەمەش تۆڵەسەندنەوەی دوژمنی دەهێنایە سەر ئەم خەڵکە هەژارە.

٣) بلاوبوونەوەی نەخوێندەواری بەهۆی نەبوونی قوتابخانەوە. هەروەها دابڕانی ئەم ناوچانە لە دەستهەڵاتی یاسا و سیستەمی دەوڵەت کە بە پرۆسەی دەیان ساڵ وای لە مرۆڤی ئەم ناوچانە کرد ببنە توخمێك کە گونجاندنی لەگەڵ سیستەم و یاسادا کارێکی زەحمەت بێ، ئەمەش زیانێکی مرۆڤایەتی بە ژیانی مەدەنی و شارستانییەکەی گەیاند. بۆ مرۆڤی ئەم ناوچەیە، هەروەك زۆربەی خەڵکانی چەك هەلگر، سەردانەواندن بۆ یاسا و دامەزراوەکانی دەوڵەت مانای سەردانەواندنە بۆ دوژمن، لە کاتێکدا تێکەلاوکردنی ئەم دوو شتە چەوتییەکی گەورەیە. ئەم شێوە ڕەفتارکردنە هەتا ئێستاش شتێکی

گرنگ و بەرچاوە لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور. ئەگەرنا، فرۆشتنی سەدان لە باشترین ئامێرەکان (شۆفل، بلدۆرزەر و شتی تر) بە ئێران و بە ئاگاداری پارتە کوردستانییەکان، بەڵکو (بە پێی هەندێ سەرچاوە) تێکەڵاوبوونی ئەم پارتە سیاسییانە لە پرۆسەی ئەم بازرگانییەدا مانای چی دەگەیەنێ؟ ئەوەی ئێمە ئاگادارین، ئەم پرۆسەی فرۆشتنە، کە من پێی دەڵێم (تاڵانکردنی ڕێکخراو)، ماوەی چەند مانگێکی هاوین و پاییزی ١٩٩١ بەردەوام بوو، وا بزانم (نەخۆشی) وێناکردنی هەر ئامێرێك، دامەزراوێك، دەزگای کارپێکردنێك وەك سومبلی ڕژێم و دوژمن، دەربڕی ئەو زهنییەتەیە کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە جووڵانەوەیەکی مەدەنی و بنیاتنەر دوور خستۆتەوە.

ج) لە کاتێکدا کە سیاسەتی ڕاگواستنی لادێکان لە سیاسەتی شۆڤێنیستی و بەعەرەبکردنی کوردستان، بە تایبەتی لە سایەی ڕژێمی بەعس و سەدامدا، جیا ناکرێتەوە، دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە یەکێك لە بەهێزترین بەهانەکانی ڕژێم بۆ ڕاگواستن، مەسەلەی *ئاسایش* (واتە ئاسایشی عیراق) بوو. واتە لە لایەکەوە لەسەر پرنسیپی جیاکردنەوەی ماسی لە ئاو، واتە پێشمەرگە لە خەڵك، لە لایەکی تریشەوە بۆ چۆڵکردنی ئەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنووری وڵاتە دراوسێکان کە بەهۆی بارودۆخی شەڕ لە کوردستان تێکەڵ دەبن بە ڕووداوەکانی ئەم شەڕەوە. بێگومان ڕاگواستنی لادێیەکانی کوردستان و هەندێ شاریش لە ساڵانی دوای ١٩٧٥ تەنیا تاقیکردنەوەیەکی عیراقی نییە، بەڵکو بەر لەوەی ڕژێمی بەعسی عیراق ئەم کارە بکات، چەند تاقیکردنەوەو نموونەیەکی تر لە وڵاتانی تر هەبوون کە زووتر پیادە کرابوون، بۆ نموونە: جەزائیر، ڤێتنام، چین... هتد. ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئەم تاقیکردنەوانە بوو، مەسەلەی *ئاسایش* بوو، واتە ڕاگواستنی لادێکان وەك ڕێگایەك بۆ لەناوبردنی هێزی چەکداری ئۆپۆزسیۆن (بە پێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی ماسی لە ئاو). تەنانەت تاقیکردنەوەی وڵاتێکی عەرەبی (سوریا) لە ئارادایە کە کۆنترە لە ئەزموونی عیراق لە

راگواستن و به مەبەستی بەعەرەبکردن بووە؛ مەبەستیش تاقیکردنەوەی سوریایە لە ساڵی ١٩٧٣ کە ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردەکانی بە مەبەستی (بە واتەی ڕژێم) دروستکردنی (پشتێنی سەوز) ئەنجام دا. ئەوەی جێگای باسە، ئەم تاقیکردنەوەیەی ڕژێمی سوریا بە دەگمەن لە ئەدەبیاتی پارتە سیاسییە کوردستانییەکانی عێراقدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشرێ، چونکە ڕژێمی سوری نەك هەر بە دوژمنێکی کورد لە قەڵەم نادرێ، بەڵکو لەو ئەدەبیاتانەدا سومبلی سیستەمێکی سیاسی پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەم ناتەبایی و بگرە ناکۆکییەش لە ڕەفتاری ڕژێمی سوریا و لە دەربڕینی پارتە سیاسییە کوردستانییەکاندا تەنیا یەك هۆ و لێکدانەوەی هەیە، ئەویش پێویستی ئەم پارتانەیە بە یارمەتی سوریا بۆ بەردەوامبوونی *خەباتی چەکداری* لە کوردستانی باشوور. واتە سوریا پێویستە بۆ بەردەوامی ئەم شێوە خەباتە وەکو یارمەتیدەری ماددی، کەناڵی گواستنەوەی یارمەتی بۆ کوردستان، قووڵاییەکی ستراتیژی بێ.

لێرەدا دەبێ پرسیارێك بێتە پێشەوە، ئەویش: ئایا بوونی ٢٠٠٠ پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٧٧دا، وەکو دەربڕێکی واقیعی بۆ تەواوی خەباتی چەکداری ئەوکاتە، ئەوەی دەهێنا ٢٨٠٠٠ خێزانی کورد لە پێناویدا بگواسترێنەوە، ئەویش ڕێك بە مەبەستی *دەرکردنی ماسی لە ئاو*، واتە جیاکردنەوەی پێشمەرگە لە بنکەی سەرەکی بوون و ژیانی کە جەماوەری ئەو لادێیانە بوو؟ ئەوەی ڕاستی بێت لە کاتی ئەو ڕاگواستنەدا هێزەکانی پێشمەرگە نەك هەر لە توانایاندا نەبوو (لێرە و لەوێ) کۆسپ بخەنە بەردەمی ئەم ڕاگواستنە، بەڵکو بەر لە ڕاگواستنەکە تازە لە شەڕێکی براکوژی ببونەوە (لە ناوچەی هەکاری)، کە ڕووداوەکەش دوایی بە (کارەساتی هەکاری) ناسرا. لێرەدا نامانەوێ گومان بخەینە سەر پێشینەکانی ئەم کارەساتە، کە لە ڕاستیدا بمانەوێ و نەمانەوێ خزمەتی پیلانەکانی دوژمنی کرد. بەڵام دەپرسین ئایا هەندێ لایەنی گومانلێکراو لە پشتی ئەم کارەساتەوە نەبوون و ڕۆلیان تیادا نەبینی؟ ئەم مەسەلەیە بۆ دەرفەتێکی دی

هەڵدەگرین، بەڵام بە باوەڕ بەخۆبوونەوە دەپرسین: ئایا ئەوەندەی هێزە چەکدارەکانی ئەوکاتە بوونە هۆ، هەر نەبێ لە ڕوانگەی ڕژێمەوە، بۆ ڕاگواستن، بە هەمان ڕێژە ئەو هێزە چەکدارانە توانییان ڕێگا لەو ڕاگواستنە بگرن؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر نەك بە هەمان ڕێژە نەیانتوانی بەرەنگاری ڕاگواستنەکە ببنەوە، بەڵکو لە راستیدا هیچ بەرەنگارییەکیش لە ئارادا نەبوو. بە مانایەکی تر، بوونی هێزی چەکدار توانی ببێتە هۆکارێکی هاندەر بۆ ڕاگواستن، بەڵام نەیتوانی ببێتە ڕێگری ئەم پیلان و کاری ڕاگواستنە.

کەواتە جووڵانەوەی چەکداری ئەوکاتە نەك هەر هێرشبەر نەبوو، بەڵکو نەیتوانی بەرگریکەریش بێت. لەوەش زیاتر، جووڵانەوەکەی ئەوکاتە تەنیا ناوی هەبوو، بەڵام بە کردەوە نەبوو. وا بزانم ئەمە ڕووخساری جووڵانەوەکە بوو بە گشتی لە قۆناغی دوای هەرەسهێنانی ١٩٧٥دا.

شایانی باسە، ئەوەی جووڵانەوەی چەکداری کورد پاش بەرپابوونەوەی لە ساڵی ١٩٧٦دا توانیویەتی ئەنجامی بدات ئەوەیە کە زیاتر دامودەزگا سەرکوتکەرە سەربازییەکانی دوژمنی هانداوە بۆ ئەنجامدانی تاوانی زیاتر، بێ ئەوەی توانیبێتی ڕێگا لەو تاوانانە بگرێ، بەهانەی زیاتری داوەتە دەستیان بۆ خراپکاری و وێرانکردنی زیاتر لە کوردستاندا... واتە جووڵانەوەکە توانیویەتی تەنیا مارەکە بریندار بکات نەك بیکوژێ. بە جۆرێکی دی، زێدەکردنی تووڕەیی دوژمن و پێبەخشینی ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێزی زیاتر و زیاتر.

د) ئەنجامێکی تری خەباتی چەکداری کە ناوەکییە ئەوەیە کە بە درێژایی چەندین ساڵ خەباتی چەکداری نەك هەر بووە لۆژیکی ڕەهای جووڵانەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی باشوور، بەڵکو ئەم خەباتە بووە شێوە ئینجیلێك (دیاردەیەکی پیرۆز) و بەرزترین پیرۆزی پێبەخشرا، ئەمە نەك هەر لە بواری ململانێی دوو هێز و تەرازووی هێز و مشتومڕی سیاسیدا، بەڵکو "پەرستنی" چەك و هێز خۆی خزاندۆتە ناو ئەدەبیاتیشەوە، تەنانەت ئەدەبی منداڵانیش... بۆچی کورد منداڵی خۆی وەها پەروەردە بکات، ئەگەر

پارچە قوڕێکی درایە دەست یەکسەر تفەنگێکی پێ دروست بکات؟ وا بزانم ئەمە ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و سایکۆلۆژیا و زهنیەتی هێزە. ئەنجامێکی ئەم پەرستنی خەباتی چەکدارییە ئەوەیە کە زۆر تێڕامان و چەمکی تا ڕادەیەك نەگۆڕاوی دروستکردووە، ئەویش ئەوەیە کە چەك تاقە ئامرازێکی بە کەڵکی خەباتە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لە دوائەنجامدا ڕێگای لە لەدایکبوونی ئەڵتەرناتیفی تر لە ئاستی بیرکردنەوە و پرۆگرامی سیاسی و مشتومڕی سیاسیدا گرتووە. لەو بڕوایەداین ماوەیەکی زۆرە کاتی ئەوە هاتووە بیر لە ئەڵتەرناتیفی خەباتی چەکداری بکرێتەوە و دەبێ ئەڵتەرناتیفی نوێ سەرهەڵبدات و لە لایەن هێزی نوێخوازەوە خۆی بنوێنێ. نوێخواز نەك بە مانای ئایدیۆلۆژی چەپ و ڕاست یان ڕادیکاڵ و کۆنپارێز، بەڵکو بە مانای ئەو شێواز و میتۆدەی کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد وەکو ئامرازی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەسەندی دەکات. ئەم هێزە نوێخوازانە لە کاتێکدا کاردەکەن بۆ گەڵاڵەکردن و پیادەکردنی شێوازێکی نوێی خەبات، دەبێ ئەوە بزانن کە لە لایەن ئەو توێژانەوە ڕێگایان لێدەگیرێ کە پایەی سیاسی – کۆمەڵایەتییان بە چەکەوە بەستراوەتەوە.

**ه)** دروستبوونی دیاردەی جاشایەتی لەگەڵ بوونی دیاردەی چەکداریدایە: دیاردەی جاشایەتی هاوشانی بوونی خەباتی چەکدارییە و تا خەباتی چەکداری بمێنێ ئەویش لە ئارادا دەبێ. کاتێ کوردێك دەبێ بە جاش، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بزانین بۆ دەبێ بە جاش؟ وەك زانراوە زۆرجار بە حوکمی دوژمنایەتی دوو عەشیرەت یا دوو کۆمەڵ یەکێك پاڵی بە پاڵی دوژمنەوە و ئەوی تریان بە پێویست پاڵی داوەتە پاڵ هێزی پێشمەرگە. ئەمجۆرە لایەن هەڵبژاردنە، لە ڕاستیدا جۆرێکە لە هاوپەیمانێتی سیاسی کە لە شێوازی هاوپەیمانێتی عەشیرەت و عەشیرەت دەردەچێ و شێوازێکی کەمێك نوێ وەردەگرێ: ئەمجارەیان هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕژێم یاخود دژەکەیدا، واتە جووڵانەوەی چەکداری کورد، دەبێ. لە ڕاستیدا دیاردەی جاشایەتی لایەنێکی تریشی هەیە، ئەویش مەسەلەی ڕاکردنە لە سیستەم و

ڕێگایەکە بۆ پاراستنی نفوزی سەرەك عەشیرەت و ئەوانەی لە ناو عەشیرەتدا خاوەنی پایەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتی جیاکارەن. سەرەك عەشیرەت لەم بارەدا سومبلی دەسەڵاتە و ئەو کەسەیە کە ڕۆلی گوێزانەوە و دەربڕینی لایەنگیری دڵسۆزانەی عەشیرەتەکەی بۆ ڕژێم دەبینێ. شایانی باسە، ئەو هۆکارەی وایکردووە عەشیرەتی فلانی ڕێگای هاوکاری لەگەڵ ڕژێمدا بگرێتەبەر و ئەویتریان هاوکاری لەگەڵ جووڵانەوەی چەکداری کورددا هەڵبژێرێ لە واژەناسی سیاسیدا دوو عەشیرەت یان سەرەك عەشیرەتی هێناوەتە کایەوە: یەکێکیان جاشە (خۆفرۆش)، ئەوی تریان پێشمەرگەیە (نیشتمانپەروەر). هاتنەکایەی ئەم دوو واژەیە بە پێویست دەرەنجامی پرۆسەیەکی سیاسی نییە کە جەوهەرەکەی نیشتمانپەروەری و دژەکەی بێت. بەڵکو بەری ململانێ و دوژمنایەتی عەشیرەتییە، ئەم دوژمنایەتییەش لە خزمەتی مانەوە و بەهێزبوونی سەرەك عەشیرەت و سترا‌کتەری عەشیرەتیدایە. دەتوانم بڵێم، سنوورێکی تەماوی و هەمیشە گۆڕاو هەیە لە نێوان ئەو عەشیرەتەی لایەنی ڕژێمی گرتووە (واتە جاشە) و ئەوەی لایەنی (شۆڕش)ی گرتووە (واتە پێشمەرگەیە). خاڵی *هاوبەشی* هەردوو عەشیرەت یەکە، ئەویش لە ئەنجامی هاوپەیمانێتی سیاسیدا لەگەڵ ئەم دیوە یان ئەو دیو، سەرەك عەشیرەت بەژەوەندی و نفوزی خۆی لە ناو عەشیرەتدا، بەڵکو لە ناو تەواوی کۆمەڵگادا، دەپارێزێ. بەم شێوەیەش لە هەردوو باردا هێزە تەقلیدییە عەشیرەتییەکان مەبەستیان مانەوەی سترا‌کتەری عەشیرەتییە، سەردانەنەواندنە بۆ حوکمی یاسا و پێڕەوینەکردنی شێوازی دەوڵەتی نوێ و دەزگا مەدەنییەکانیەتی.

٢) لە ڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵ ڕژێم (دوژمن)دا:

ا) ڕاستییەکی گرنگ ئەوەیە کە ڕژێمێکی دیکتاتۆری و سەربازخوازی وەك ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا، بە تایبەتی ڕژێمی بەعس، بە پێی سروشتی خۆی ناتوانێت لەگەڵ ئاشتیدا بژیێت. باشتر وایە بڵێین ئەمجۆرە ڕژێمە زیاتر لەگەڵ باری شەر و میکانیزمی بەکارهێنانی هێزدا دەگونجێ.

لەوەیش زیاتر، ئەمجۆرە ڕژێمە بەرژەوەندی لەگەڵ شەڕێکی سنووردار و بارودۆخی گرژبوونی سیاسیدا هەیە. چونکە ئەم بارودۆخە بەهانە دەداتە دەستی ئەم ڕژێمە بۆ ڕژاندنی تووڕەیی خۆی بەسەر خەڵکدا، لە ڕێگای بەکارهێنانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانەوە. لە ڕاستیدا، شەڕێکی سنووردار لە دیدی پرنسیپی تەرازووی هێزەوە ناهاوتا ئاقاری فاشی و عەسکەریتاری بەهێز دەکات و وەرەقەی زیاتری دەداتە دەست بۆ ئەوەی ئەم شەڕە سنووردارە بکاتە قوتابخانەی مەشق پێکردنی هێزەکانی و کارپێکردنی ویستە فاشیستییەکانی. واتە ئەم پرۆسەیە لە دوائەنجامدا لە خزمەتی خودی ڕژێمدایە... ئەوەی دیسان خزمەتی ئەم ڕژێمە دەکات، سوود وەرگرتنە لە کەشوهەوا (ئەتمۆسفێر)ی شەڕ و بەکارهێنانی بە شێوەی پڕوپاگەندە بۆ دروستکردنی باری سایکۆلۆژی دوژمنکارانە لە نێوان کەمایەتی (کورد) و زۆرایەتی (عەرەب)دا. دروستبوونی ئەم بارودۆخە سایکۆلۆژییەش بازنەی دوژمن فراوانتر و بەهێزتر دەکات.

ب) لەو بڕوایەدام، خەباتی چەکداری لە کوردستانی باشوور لە ساڵی (١٩٦١)ەوە تاکو ئێستا لەسەر ستراتیژێك پیادە کراوە کە لە ئەنجامدا خەباتە چەکدارییەکە کەمتر کاریگەربووە. لە بەرامبەر ئەمەدا، هەر ئەم ستراتیژی خەباتی چەکدارییە بۆتە هۆی ئەوەی ناوچە (ئازادیکراوەکان) ببنە نیشانێکی ئاسان بۆ هێزی دوژمن. مەبەست لەو ستراتیژیەتە شەڕکردنە لەگەڵ ڕژێم لە دەرەوەی بازنەکانی ناوەوەی ڕژێم. ئەمەش دیاردەیەکی نامۆی هێناوەتە کایەوە کە ئەویش شەڕکردنە لە (ڕۆخ)ێکی لاواز و کەم هێز لە بەرامبەر (چەق)ێکی یاخود ناوەندێکی خاوەن هێزی سەربازی و ئابووری و دیبلۆماسی و ڕاگەیاندنی زۆر زێدەتر لە هی ڕۆخ. بۆ باشتر تێگەیشتنی ئەم پەیوەندی و ململانێیەی نێوان ڕۆخ و چەق دەتوانین سوود لە تیۆری پرۆفیسۆری نەرویجی (**Johan Galtong**) وەربگرین کە بە تیۆری ستراکتەرالیزم (لە شێکردنەوەی پەیوەندیەکانی ڕۆخ و چەق) ناسراوە.

لە ڕاستیدا، ئەگەر خەباتی چەکداری یا بە مانایەکی تر نەبەردی

سەربازی لە خودی چەقدا نەکرێ، ئەوا خەباتە چەکدارییەکە دوور دەمێنێتەوە لە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بە برەو لەسەر بڕیار و هەڵوێستی ڕژێمی چەق بەرامبەر جووڵانەوە نەتەوەییە چەکدارییەکە. لەبەر ئەوە مەسەلەی گواستنەوەی خەباتی چەکداری لە ڕۆخی بێهێز و کەم کاریگەرییەوە بۆ چەق بۆ هەڕەشەکردن لە ڕژێمی چەق لە چەقەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، واتە لە نزیکەوە، یەکێکە لەو ئەڵتەرناتیڤانەی کە پێویست بوو بکەوێتە سەر مێزی مشتومڕی سیاسی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد پاش هەرەسهێنانی ئاداری ١٩٧٥، یان هەر نەبێ دوای ڕاگواستنی بەکۆمەڵی خەڵکی کورد پاش ئەم مێژووە. چونکە ئەم ڕاگواستنە زۆرەملێیە بارودۆخی پیادەکردنی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە دەیان جار گران کرد و کاریگەرییەکەشی لەگەڵ ئەم ڕاگواستنەدا دەیان جار کەمتر بوویەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە بارودۆخی قۆناغی دوای هەرەسهێنانی ١٩٧٥ وای پێویست دەکرد خەباتی چەکداری شێوەی تر وەربگرێ، واتە بگوێزرێتەوە بۆ چەق[٢]. ئەگەرنا باشتر وابوو لە قۆناغی دوای هەرەسهێنانی ١٩٧٥دا جارێکی دی دەست بە خەباتی چەکداری نەکرێتەوە، بەڵکو بە شێوەی جیددی بیر لە ئەڵتەرناتیڤی تر بۆ شێوەی خەبات بکرایەتەوە کە تەواو و بنەڕەتییانە لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕووخسارەوە لەگەڵ خەباتی چەکداریدا جیاواز بوایە. ئەوەی ڕاستی بێت، تەنیا دوای هەرەسهێنانی دووەم (لە ماوەی ١٧ ساڵدا)، واتە هەرەسهێنانی ١٩٨٨-١٩٨٩، هەندێ لە سەرکردەکانی کورد پەنجەیان بۆ ڕاستی بێسوودی چەك یان شێوە و ستراتیژی بەکارهێنانی ڕاکێشا. بۆ نموونە، مەسعود بارزانی لە وتارێکدا (ساڵی ١٩٨٩) لە ستۆکهۆڵم دەربڕی کە مەسەلەی کورد ئیتر بە چەك چارەسەر ناکرێ. هەروەها لەسەر شێوەی بەکارهێنانی ئەم چەکە نەوشیروان مستەفا لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری (بەربانگ)دا پەنجەی بۆ لاوازی ستراتیژی شێوە تەقلیدییەکەی خەباتی چەکداری ڕاکێشاوە. جێگای گرنگییە کە دەستنیشانکردنەکەی ناوبراو زیاتر دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەکەی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە بەرامبەر

چەق. نەوشیروان دەڵێ: دەبێ کورد لەمەودوا خەباتی چەکداری لە "ماڵی خۆیدا" (لە ڕۆخدا) نەکات، بەڵکو ئەم خەباتە بگوازێتەوە "ناوماڵی دوژمن" (ناو چەق).

لەوانەیە لایەنگرێکی خەباتی چەکداری پرسیار بکات و بڵێت: ئەی ئەگەر جووڵانەوەی چەکداری کورد نەیدەتوانی بە هێز و لە ڕۆخەوە کار بکاتە سەر بڕیاری سیاسی ڕژێم لە چەق، جووڵانەوەی چەکداری کورد چۆن توانی بارودۆخی بەسەر ڕژێمدا بسەپێنێ (ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥) و وای لێبکات ڕژێم لە ئاداری ١٩٧٥دا دەستبەرداری تەنگاوی عەرەب بێت بۆ شای ئێران؟ دەشێ خاوەنی پرسیارەکە بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە هێزی چەك (لە ڕۆخەوە) سەپاندی بەسەر عیراقدا پەیمانی (جەزائیر) لەگەڵ ئێران مۆر بکات و دەستبەرداری گەلێك شت و جێگا بێت. بە پێویست مەسەلەکە وا نییە، بەڵکو جارێکی تریش هەڵەیەکی گەورە دەکرێت ئەگەر وا بیر بکرێتەوە کە ناچاربوونی ڕژێمی عێراق بۆ مۆرکردنی پەیمانی جەزائیر دەستبەرداری لەبەر کاریگەری هێزی چەکی جووڵانەوەی کورد بوو. ئێمە هەوڵ دەدەین لێرەدا ڕووداوەکە تەنیا لە دیدی هێزی ڕووتەوە نەبینین و بیخەینە سەر ئاستێکی فراوان و چەند لایەنی تر:

١) ئەوەی جووڵانەوەی کورد لە شەڕی (١٩٧٤ – ١٩٧٥)دا تیایدا سەرکەوتوو بوو ئەوەبوو کە توانی ئێران تێکەڵاو بە شەڕەکەی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا بکات. ئەمەش نەك تەنیا بە شێوەی پشتگیریکردنی ئێران بۆ کورد، بەڵکو تێکەڵاوبوونی لە شەڕەکەدا بە شێوەی ناردنی هەندێ هێز (بە جلوبەرگی کوردییە). ئەم تێکەڵاوبوونەی ئێران هێمایەك بوو بۆ عیراق سەبارەت بە جددییەتی هەڵوێست و ترسی عیراق لە هەڵگیرسانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عیراق و ئێراندا. لە ڕاستیدا نەك هەر عیراق، بەڵکو ئێرانیش (بە پێی زۆر لێکۆڵینەوە) نەیدەویست بکەوێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆوە لەبەر (خاتری کورد)[٤].

٢) ئەوەی لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی (هێنری کیسنگەر)دا (The

(White House, Years ١٩٧٩ (لاپەڕە ١٢٦٥) دەرکەوتووە ئەوەیە کە جووڵانەوەی کورد نەك هەر لە کۆتایی ١٩٧٤ و سەرەتای ١٩٧٥دا لە ڕووی هێزی بە کردوەوە لە بارودۆخێکی ئاوادا نەبووە بارودۆخێك بەسەر حکومەتی عێراقدا بسەپێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەپێی کیسنگەر، مەترسی ئەوە هەبوو بەرەی پێشمەرگە بە تەواوی تێکبشکێ. ناوبراو دەڵێ بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد بیتوانیایە بەردەوام بێت (هەرنەبێ بەرگری لەو ناوچانە بکات کە بەدەستییەوە بوو) ئەوا کیسنگەر گوتەنی پێویستی بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار یارمەتی ئەمریکی هەبوو، کە ئەویش دەبوایە کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیاری لەسەر بدابایە. هەروەها دەبوایە ئێران ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕەکەدا بکردایە بۆ لایەنگیریکردنی کورد، ئەویش لە ڕێگەی دوو فەیلەقی هێزی نیزامییەوە. ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی ئەم تێکەڵاوبوونەی ئێران، شەڕێکی دوو دەوڵەتی دەبوو لە نێوان عێراق و ئێراندا، بەڵام ئەم دوو وڵاتە (عێراق و ئێران) ئامادە نەبوون بکەونە شەڕێکی ڕاستەوخۆی بەرفراوانەوە. نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە کیسنگەر لەوانەیە لەو بۆچوونەیدا بیەوێ بەهانە بۆ بڕیاری ئەمریکا سەبارەت بە ڕاگرتنی یارمەتی بۆ جووڵانەوەی کورد لە عێراق بهێنێتەوە و بەم شێوەیەش ڕەوایەتی بداتە ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا. هەرچۆنێك بێت، لە ڕاستیدا هێزەکانی پێشمەرگە ناچار کران لە ماوەیەکی کەمتر لە ساڵێکدا (لە ئاداری ١٩٧٤ەوە تاکو هاوینی هەمان ساڵ) خاکێکی زۆر بۆ هێزەکانی دوژمن بەجێ بهێڵن. تەنانەت لە قۆڵی هەولێرەوە، هێزەکانی پێشمەرگە هەر لە کۆڕێ تا ڕەواندوز و دەشتی دیانە و شاخەکانی زۆزك و... هتد لە پاشەکشەدا بوون. ئەمە تەنیا لە قۆڵێکەوە کە قۆڵی سەرەکی هێرشی دوژمن بوو و ئامانجەکەشی ناوچەی سەرکردایەتی بوو لە چۆمان، هەروەها بڕینی پەیوەندی هاتوچۆ بوو لە نێوان ناوچەی سەرکردایەتی و ناوچەی بادیناندا.

٣) پەیمانی جەزائیر (١٩٧٥) لەگەڵ عێراقدا پەیوەندی بە ڕۆڵی تازەی ئێرانەوە هەبوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کۆتایی شەستەکان و سەرەتای

حەفتاکان، بەهۆی کشانەوەی یەکجارەکی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس (ناوچەی کەنداو)، ئێران هەوڵی ئەوەی دا شوێنی بەریتانیا لە ناوچەکەدا پڕکاتەوە. بە باوەری دوو ئێرانناس (Farid – Saidi & Chubin) ئێران دەیتوانی ئەم ڕۆڵە تازەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداو، ببینێ. بۆ ئەم مەبەستەش ئێران دوو ڕێگای لە بەردەمدا بوو، یاخود بە دوو شێوە دەیتوانی ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێ:

١) بە ڕێگای خۆسەپاندن بەسەر ناوچەکەدا بەهۆی هێزی سەربازییەوە، ئەویش لە ڕێگای شەڕێکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ عیراقدا، چونکە عیراق بە هێزی بەکردەوەی ناوچەکە دادەنرا و دەیتوانی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا سنووردار بکات.

٢) بە ڕێگای دیبلۆماسی، ئەمەشیان بە شێوەی پەیمانی دوولایەنی یان چەند لایەنی لەگەڵ وڵاتەکانی ناوچەکەدا، یاخود دروستکردنی ڕێکخراوێکی ئاسایشی لە ناوچەکەدا کە تیایدا ئێران ڕۆڵی سەرەکی هەبێ[5]. بەڵام بە ڕای من ڕێگای سێیەمیش لە بەردەم ئێران هەبوو بۆ گەیشتنە ئامانجی بینینی ڕۆڵی جیاکارە لە ناوچەکەدا بیگرێتەبەر، ئەویش ڕێگای پێکەوەگرێدانی شەڕێکی سنووردار و ناڕاستەوخۆ بوو کە شەڕی بە وەکالەتی کورد بوو لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا. واتە ئێران یارمەتی کوردی دەدا بۆ ئەوەی خۆی بەری ئەم شەڕە بچنێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی دەستبەرداری عیراق بۆ تەنگاوی عەرەب و دانانی بە ڕۆڵی ئێران لە کەنداودا. شانبەشانی ئەم شەڕەش ئێران بەردەوامبوو لەسەر باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو و وڵاتە عەرەبییەکانی دی. لە هەمان کاتدا ئێران بەردەوام بوو لەسەر گفتوگۆی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕژێمی عیراق بۆ وەدەستهێنانی پەیمانێك لەگەڵیدا بە مەرجێك پەیمانەکە لە بەرژەوەندی ئێراندا بێت. دەرەنجامی پێکەوەبەستنی زیرەکانەی هەوڵ و تەقەلای دیبلۆماسییانە و شەڕی سنووورداری کورد لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا، ئێران سەرکەوتنی سیاسی لە

پەیمانی جەزائیردا (٦ی ئاداری ١٩٧٥) بەدەست هێنا.

٣) لە ڕاستیدا، بۆ لێکتر نزیکبوونەوەی عێراق و ئێران و مۆرکردنی پەیمانەکە، زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆڵی خۆیان بینی، هەندێکیان بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی و هەندێکیشیان بە ئامانجی هاوبەش: تورکیا، جەزائیر، سعودیە، مەغریب، ئوردون، میسر، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان[٦].

٤) لایەنە هەرێمی و نێونەتەوەییەکان، واتە ئەو پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێونەتەوەییانەی کە لەگەڵ و بەهۆی جووڵانەوە چەکدارییەکە دروست بوون:

بێگومان کارێکی زۆر قورسە، بەڵکو مەحاڵە، کورد بۆی بلوێ بە توانای خۆیی (ذاتی) خۆی بەردەوامی بدات بە خەباتە چەکدارییەکەی، بە تایبەتی ئەگەر شێوازی ململانێ چەکدارییەکە شەڕی بەرەیی و پارێزگاری بێت لە ناوچەی (ئازادکراو)، بە بێ یارمەتی دەرەوە. کەچی زۆرجار پارتە سیاسییەکانی ئەم خەباتە دەکەن و لە پرۆگرامی سیاسی و دروشمەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ جووڵانەوەی چەکداری کورد پشت بە تواناکانی میللەتی کورد خۆی ببەستێت و جەماوەر سەرچاوەی هێزی جووڵانەوەکە بێت. خەڵکانێکیش لە دەرەوەی ئەم پارتە سیاسییانە دەنگی ڕەخنەگرانە بەرز دەکەنەوە و دەڵێن دەبێ جووڵانەوەی کورد پشت بە تواناکانی میللەتی کورد ببەستێت. لە ڕاستیدا، چ ئەم پارتە سیاسییانە کە بە کردەوە پشتیان بە یارمەتی دەروە بەستووە، چ ڕەخنەگرانی ئەم شێوە پشتبەستنە بە یارمەتی دەرەوە (لیبیا، سوریا، ئێران...) چاو لەو ڕاستییە دەپۆشن کە پێڕەویکردنی شێوەی خەباتی چەکداری ئەو پێویستییانەی ئەم شێوە خەباتە لە ڕووی سەربازی، لۆجیستیکی، دارایی و پێویستی بە قوڵایی ستراتیژیەوە دەیسەپێنێ، خۆی بەرپرسیارە لەوەی کەوا پشتبەستن بە هێزە بیانییەکان ڕاستییەکی واقیعی و بابەتییە. ئەم هەلومەرجە بابەتییە وەك ڕەفیق سابیر دەڵێ ڕۆڵێکی

سەرەکی هەیە لە سەپاندنی (پاشکۆیەتی) بەسەر جووڵانەوەی چەکداری کورددا[٧].

**(ئەلتەرناتیف) چیە؟**

ئێمە لەو بڕوایەداین کە دەتوانرا بەر لەم قۆناغەی ئێستا جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی تیایدا باس لە ئەڵتەرناتیفێك بۆ خەباتە چەکدارییە تەقلیدییەکەی کورد لە کوردستانی باشوور بکرابایە. لەو بوارەشدا دەتوانرا دوو ئەڵتەرناتیف وەکو شێوەی تازە بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد بخرێتە سەر مێزی مشتومڕ و هەڵسەنگاندن:

١) گواستنەوەی شەڕ (نەبەردی پارتیزانی) لە ڕۆخەوە بۆ ناو خودی چەق[٨].
٢) وازهێنان لە خەباتی چەکداری و بیری بەکارهێنانی هێز وەکو شێوەی سەرەکی خەباتی نەتەوەیی کورد، ئەمەش هەرنەبێ دوای هەرەسهێنانی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی باشوور لە ئاداری ١٩٧٥دا.

بۆ پیادەکردنی ئەڵتەرناتیفی یەکەم وا دیارە دەبێ هەندێ کۆسپ و تەگەرە بخرێتە بەرچاو. تەگەرەیەکی گرنگ لە ڕێگەی گواستنەوەی ئەم خەباتە چەکدارییە بۆ چەق ئەو هێز و گروپە تەقلیدییانەن کە شێوەی خەباتی چەکداری لە ڕۆخ دەبەنە ڕێوە. بۆ ئەم هێز و گروپە تەقلیدییانە نەك هەر ئاسان نییە ئەم شێوە خەباتە بگۆڕن، بەڵکو تەنانەت بەمجۆرە گواستنەوە گۆڕانکارییە، شوێنەوار و بەرژەوەندی ئەوان لە ناو جووڵانەوەی کورددا زیانی پێدەگات. بە گواستنەوەی خەباتی چەکداری بۆ چەق ڕەوایەتی (شرعیەت)ی سەرکردە و هێزە تەقلیدییەکانی ناو جووڵانەوەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە ئەم گواستنەوەی خەباتە شێوەیەکی نوێی بیرکردنەوە و پلان و میکانیزمی نەبەردی سەربازی و کاری ڕێکخستن و شێوەی پێکهاتنی هێزی چەکداری دەخوازێ[٩]. لە لایەکی ترەوە گواستنەوەی شێوەی خەبات لە ڕۆخەوە بۆ چەق ئەوکاتە ئەنجام دەدرێ کە هێزە تەقلیدییەکان (لایەنگرانی

خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە) پاشەکشە بکەن و لە جێی ئەوان ئەو هێز و توخمانە گەشە بکەن کە خاوەنی دەستپێشخەری گۆڕینی ئەم ستراتیژە بن و بتوانن گۆڕانکارییەکە زامن بکەن.

بە بڕوای من ئەم ئەڵتەرناتیڤە، واتە گواستنەوەی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە بۆ چەق، پێویست بوو و نرخی پراکتیکی خۆی هەبوو کە دەبوایە باسی لێبکرایە و بکرایە ستراتیژی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور، بە تایبەتی پاش هەرەسهێنانی ساڵی ١٩٧٥. بە کورتی دەبووایە ئەم هەرەسهێنانە پێویستی بیرکردنەوە لەم جۆرە ئەڵتەرناتیڤە بکات بە حەقیقەت. هەرەسهێنانی سیاسی – سەربازی لە ژیانی زۆربەی میللەتانی تر و جووڵانەوە ئازادیخوازەکانی جیهان بۆتە هۆی دەستپێکردن و دەربڕینی ئەڵتەرناتیڤی نوێی خەبات. پێم وایە نموونەیەك کە دەشێ بۆ کورد گرنگ بێت و لێی بکۆڵینەوە، تاقیکردنەوەی فەڵەستینییەکانە لەگەڵ هەرەسهێنانی سەربازی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی (ساڵی ١٩٨٢) لە ئەنجامی هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان. ئەم هەرەسهێنانە، هەروەك یاسر عەرەفات لە چاوپێکەوتنێکدا باسی کردووە، سەرەتای ڕاپەڕین بوو، ئەگەرچی ڕاپەڕین لە کۆتایی ١٩٨٧دا بە کردەوە دەستی پێکرد. مەبەستی یاسر عەرەفات لەم ئاخافتنەیدا ئەوە بوو کە لەگەڵ هەرەسهێنانی ستراتیژی خەباتی چەکداری فەڵەستینییەکان لە ساڵی ١٩٨٢دا، بیری سیاسی فەڵەستینی کەوتە کارکردن بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ. دیارە ئەم عەقڵی فەڵەستینییە پێویستی بە پێنج ساڵ (١٩٨٢ –١٩٨٧) هەبوو تا بتوانێ شێوەیەکی تری خەبات گەڵاڵە بکات. ئەوە لە کاتێکدا ناکرێ دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە بارودۆخی خەملێنی هەلومەرجی ڕاپەڕینی فەڵەستینییەکان لە ناوەوە جیا بکرێتەوە. وا بزانم ئەگەر ڕاپەڕین چەند سەرکەوتنێکی بەدەست هێنابێ، ئەوا ئەنجامی گواستنەوەی خەباتی چەکداری و گۆڕینی بە شێوەی تری خەبات بوو، واتە گواستنەوەی لە ڕۆخەوە بۆ چەق. ئەوەی ڕاستی بێت، خەباتی چەکداری فەڵەستینییەکان لەوەدا بوو کە ئەمان دوو جار لە ڕۆخەوە خەباتیان دەکرد:

یەکێکیان لە ڕۆخی ئیسرائیلەوە، ئەوی تریان لە ڕۆخی هەندێ ڕژێمی عەرەبییەوە. خەباتی چەکداری لەم دوو ڕۆخەوە بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆر زیانی بە خەباتی فەلەستینییەکان گەیاند[١٠].

کە باس دێتە سەر ئەلتەرناتیڤی دووەم، واتە وازهێنان لە تەواوەتی لە شێوەی خەباتی چەکداری، لەو بڕوایەدایین کە دەبوایە ئەم هۆیانەی خوارەوە بەهانەیان بۆ وازهێنان لەم شێوە خەباتە بدابایە بەدەستەوە:

ا) لە پێشەوە باسمان کرد کەوا خەباتی چەکداری لە ڕۆخێکی کەم هێزەوە تەنیا خەباتێکی خۆکوژە و هیچ کاتێ نابێتە مایەی ئەوەی بە بێ هۆکاری تر (بە تایبەتی هۆکاری دەرەوە) بتوانێ شتێ بەسەر ڕژێمی چەقدا بسەپێنێت. دەڵێین خەباتی خۆکوژەیە، چونکە ماڵوێرانی بۆ هەرنەبێ خەڵکێك هێناوە کە لە ناوچە (ئازادکراوەکان) دەژین. دیسان خۆکوژییە، چونکە ئەم شێوە خەباتە زیاتر توانیویەتی دوژمن تووڕە بکات و ڕقی زێدەتر بکات.. لە سەرجەمی ئەم پرۆسەیەدا دوژمن چونکە خاوەنی هێزی زێدەترە لە هی کورد، هەردەم دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر زیانی زێدەتر بە میللەتی کورد بگەیەنێ.

ب) بە بڕوای من ئەو شێوە خەباتەی چەکدارییەی هەرنەبێ ٣٠ ساڵە ستراتیژی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بووە لە کوردستانی باشوور، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ هاتنەکایەی ناکۆکی و ناتەباییەك لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا؛ لە کاتێکدا کورد خەباتی دژی ڕژێمی چەق دەکرد، لە هەمان کاتدا خۆی دەبەستەوە بە چەقی وڵاتێکی دراوسێوە، بەڵکو زۆرجار (شاگردیش)ی بۆ ئەم چەقەی دووەمە دەکرد. تاقیکردنەوەی پشتبەستنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە عیراق بە ڕژێمی ئێران (چ لە کاتی ڕژێمی شا و چ لە کاتی ڕژێمی مەلاکاندا)، بگرە پاشکۆیەتی بۆ ئەم ڕژێمانە خۆی لە خۆیدا، حەز بکەین یان حەز نەکەین، جووڵانەوەی نەتەوەیی (ئازادیخوازی) کوردی لە جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازەوە گۆڕیوە بۆ جووڵانەوەیەکی (لە پراکتیکدا) وابەستە و گرێدراو بە بڕیار و ویستی دوژمنانەوە لە چەقی دووەم

(رژێمەکانی تاران). وا بزانم تەنیا مەرجێك بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد جووڵانەوەیەکی وابەستە نەبێ بە هێزی بیانییەوە، بە ڕژێمێکی دوژمنەوە لە چەقی دووەمدا، ئەوەیە کە کورد پێویستە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرێ. لە ڕاستیدا دەستهەڵگرتن لە خەباتی چەکداری، ڕزگارکردنی جووڵانەوەی کوردە لە پەیوەندی وابەستەیی بە چەقی دووەمەوە. ئەوانەی دەڵێن: دەکرێ خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە بکەین بە بێ ئەوەی بکەوینە باری وابەستەیی چەقی دووەمەوە، بانگەشەکەیان لەسەر بنچینەی ڕاستییە ئابووری و جیۆپۆلینیکی و جیۆستراتیژییەکانی کوردستان (واتە لە کوردستانێکی گەمارۆدراو بە دوژمنانی کورد لە هەموو لایەکەوە و نەبوونی توانست بە هیچ شێوەیەك بۆ گەیشتن بە ئاوێکی ئازاد یان گەیشتن بە جیهانی دەرەوە) بنیات نەنراوە. بە پێی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە دەبێ پەیوەندییەکان و یارمەتییەکان (واتە مەرجە هەرەگرنگەکانی بوون و بەردەوامی میکانیزمی جووڵانەوەی چەکداری) بە ناو خاکی چەقی دووەمدا تێپەرێ.. لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوە دەرکەوتووە کە کورد ناتوانێ تێچووی یەکجار زۆری خەباتی چەکداری بە توانا ئابوورییە خۆییەکان بباتە ڕێوە. لە باشترین باردا، لە کاتێکدا (١٩٧٠ — ١٩٧٥) جووڵانەوەی چەکداری کورد لە ڕووی ئابوورییەوە باشترین توانای هەبوو، ٩٥٪ دارایی جووڵانەوەکە لە سەرچاوەی دەرەوە دەهات. لەوکاتەدا بوودجەی جووڵانەوەکە ٤٨ ملیۆن دینار بوو، تەنیا ٥٪ی ئەم بوودجەیە لە ئابوونە و چالاکییەکانی (پ.د.ك)ەوە دەهات[١١]. کەواتە دەبێ ئەوە بزانین کە جووڵانەوەکە جارێ خۆی سەربەخۆ نییە، چونکە یەکێ لە مەرجە هەرەگرنگەکانی سەربەخۆیی ئەم جووڵانەوەیە ئابوورییەکی سەربەخۆیە کە تا ٩٥٪ی وابەستەبوو بە یارمەتی دەرەوەوە. شوێن و کات و ڕێکەوت و دابەشبوونی کوردستان وا خۆ دەنوێنن کە هەرکاتێ جووڵانەوەی چەکداری ئەوە نیشان بدات خەریکە دەبێتە هێزێکی کاریگەر، ئەوا زۆر شێوازی لەناوبردن و دامرکاندنەوە یا هەرنەبێ سنووردارکردنی ئەم جووڵانەوەیە هەیە:

١) به هێزی سەربازی و ئەگەر هەر نەبوو ئەوا بە پێکەوەگرێدانی هێزی سەربازی و مناوەرەی (گەمەی) سیاسی و دیبلۆماسی لە لایەن چەقەوە.
٢) بە پەیمانی هاوبەش، چ لە ڕووی ئاسایشییەوە یاخود سیاسی و سەربازییەوە، لە نێوان دوو چەق، یان زیاتر لە دوو چەقی دوژمن.

ج) بە پێی بەستنەوەی جووڵانەوەی چەکداری کورد بە چەقی دووەم و هەندێ هێزی هەرێمایەتی و زلهێزەوە، ئەوا بە ناچاری ململانێی کورد لەگەڵ چەقێکدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت بە بەشێك لە دوژمنایەتی و ململانێی هەردوو چەقەکە لەگەڵ یەکتردا. پێویست بە هیچ بەڵگەیەك ناکات ئەگەر بڵێین دوژمنایەتی ئەم دوو چەقە لەگەڵ یەکتر هەرچۆنێك بێت ڕەنگدانەوەی ویست و خواست و بەرژەوەندی میللەتانی سەر بەم چەقانە نییە، بەڵکو ئەم میللەتانە خۆیان بە دەست سیاسەتی عەسکەریتاری و شەڕخوازی و دیکتاتۆری ڕژێمەکانی ئەم چەقانەوە دەناڵێنن. لەبەر ئەوە تێوەگلانی جووڵانەوەی کورد لەگەڵ دوژمنایەتی ئەم دوو چەقە و بەستنەوەی ستراتیژیەت و چارەنووسەکەی بە پرۆسە و میکانیزمی ئەم دوژمنایەتییەوە دوو جار بە زیانی کورد و جووڵانەوە نەتەوەییەکەی تەواو دەبێت:
١) تێکەڵاوبوونی کورد بە شەڕی دوو چەق لەگەڵ یەکتر مانای زیانی مرۆیی و ماددی و سیاسی دەبەخشێت.
٢) لە دوژمنایەتی ڕژێمەکانی دوو چەقدا کورد لایەنگری هەرلایەك بێ مانای ئەوەیە خۆی دەخاتە بەرەی بەرگریکردن لە ڕژێمێك، کە لە ڕاستیدا بۆگەن و دژ بە گەل و ئامانجەکانییەتی. وا بزانم لای هەمووومان ئاشکرایە کە جووڵانەوەی چەکداری کورد لە عیراق بە شێوەیەك خۆی بە شەڕی عیراق — ئێرانەوە بەستەوە کە لە ڕاستیدا وایکرد جووڵانەوەکە ستراتیژییەتی خۆی بە پێی درێژەپێدانی پرۆسەی جەنگەکە و ئەنجامەکانی دابڕێژێ. بە واتایەکی تر، بوو بەهۆی ئەوەی چارەنووسی جووڵانەوەی گەلی کورد گرێ

بدرێ بە چارەنووسی جەنگەکەوە و کوردستان بکرێتە مەیدانی گەرمی جەنگێك کە نە گەلی کورد ئاگای لە هەڵگیرسان و درێژەپێدانییەتی و نە لە ڕاگرتنیدا پرسی پێدەکرێ و نەکەوتنیشی بە هەر لایەکدا قازانجێکی ڕاستەقینەی ئەوی تێدایە[١٢]. دەتوانم بڵێم: (چەپڵەلێدانی) جووڵانەوەی کورد بۆشەڕی عیراق و ئێران، بە شێوەی پارتە سیاسییەکانی ئەم جووڵانەوەیە، نەك هەر چەوتییەکی سیاسی و ستراتیژی بوو، بەڵکو گوناهێکی یەکجار گەورە بوو دەرهەق بە جەماوەری عێراق و ئێران: لاوان، منداڵان، دایکان، باوکان، کە شەو و ڕۆژ بۆ ماوەی هەشت ساڵ بە ئاگری ئەم شەڕە دەسووتان. شایانی باسە، تا ساڵی ١٩٨٧ تەنانەت بەیانێکی سیاسی پارتە کوردی و کوردستانییەکان بە شێوەی ئاشکرا داوای ڕاوەستاندنی شەڕی دوو ڕژێمی (فاشی)ی بەغدا و تارانی نەکردووە. تەنیا حزبی شیوعی عیراقی بە هەرێمی کوردستانییەوە ئاشکرا داوای ڕاوەستانی شەری دەکرد.. هەندێ لە سەرانی کورد ئەو کەس و گروپانەیان بە (خائین) ناودەبرد کە داوای ڕاوەستانی شەڕی عیراق و ئێرانیان دەکرد. لە گوتارێکی جەلال تاڵەبانیدا کە لەسەر کاسێت (وا بزانم لە نەمسا) لە مانگی شوباتی ١٩٨٨دا تۆمار کراوە، سێ جار لە کۆتایی کاسێتەکەدا ئەوە دەربڕدراوە کە ئەوانەی داوای وەستانی شەڕ دەکەن لە ڕیزی سەددام حوسەین دەوەستن. هەرچۆنێك بێت هەڵوێستی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان لە شەڕی عێراق و ئێراندا لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە، بەڵام لەم دەرفەتەدا کە هەرچەندە (زووە!) دەتوانم بڵێم مێژوونووسان ئەگەر ئەو لاپەڕەیەی مێژووی جووڵانەوەی کورد لە دواڕۆژدا بە ڕەش نەبینن ئەوا بە ڕازاوەشی نابینن و نەوەکانی داهاتووش شانازی پێوە ناکەن!. جووڵانەوەی کورد لە عیراق، بەهۆی پەیوەندییە وابەستەییەکەیەوە،

تووشی ناکۆکی و ناتەبایی یان باشتر وایە بڵێین ئیزدواجییەتێکی گەورە بووە: لە کاتێکدا جووڵانەوەکە خەباتی (دیموکراسی و ئازادیخوازی)ی کردووە دژ بە چەقی یەکەم، لە هەمان کاتدا دەستی خستۆتە ناو دەستی ڕژێمی چەقی دووەمەوە کە کەمترین ماڤ دیموکراسی و ئازادی لە وڵاتەکەی خۆیدا پێشێل کردووە. نەك هەر ئەمە، بەڵکو جاری وا هەبووە یارمەتی ڕژێمی چەقی دووەم دراوە بۆ نەك هەر دەمکوتکردنی دەنگی دیموکراسی و ئازادی چەقی دووەم، بەڵکو بۆ دەمکوتکردنی میللەتی کوردیش لەو وڵاتەدا (...).

د) هۆیەکی تر کە ئیمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر وامان لێدەکات لایەنگری وازهێنان بین لە خەباتی چەکداری ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ و دوای ئەو مێژووەش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و بەرفراوان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و ئەتمۆسفێری سیاسی جیهاندا هاتۆتە کایەوە:

١) تەواوبوونی جەنگی سارد، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێکدادانە ناوچەیی و هەرێمایەتییەکان هەبووە. ئەم کاریگەرییەش ئەوەیە کە خەڵکانێك کە بەشێکن لە پێکدادانی ناوچەیی و هەرێمایەتیدا بە باشتری دەزانن ئاشتییانە پێکدادانەکان چارەسەر بکەن. ئەگەرچی ئەم گشتیکردن (تعمیم)ە هەندێ هەڵاوێردە (استنا)ی تێدایە، وەکو شەڕی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیا و هەندێ شوێنی تر. ئەنجامێکی تری تەواوبوونی شەڕی سارد ئەوەیە کە ئیتر ویست و بایەخپێدانی زلهێزەکان بە لایەنگرتنی ئەم لایەن دژی ئەوی دی ئیتر وەکو خۆی نەماوەتەوە. زلهێزەکان (بە تایبەتی پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت) ئیتر بەم یان ئەو شێوەیە خۆیان دەکێشنەوە بۆ ئەوەی خۆیان خەریکی لایەنەکانی ڕێکخستنی سیاسەتی نێونەتەوەیی قۆناغی ئێستا و داهاتوو بکەن. پێم وایە، شەڕی ساردی نێوان دوو ئۆردوگای (سۆشیالیستی) و "ئیمپریالیستی" یارمەتیدەربوو بۆ هاتنەکایەوەی زۆر شەڕ و پێکدادانی ناوچەیی و هەرێمایەتی. زلهێزەکان لە بری ئەوەی خۆیان شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر بکەن، قۆناغێکیان

دەگواستەوە بۆ جیهانی سێیەم. بە تەواوبوونی شەڕی سارد، هۆیەکی زۆر گرنگی پشتگیری لە دەرەوە هاتوو بۆ ناو ئەم پێکدادانانە ڕۆلی خۆی لەدەست داوە. لەو بڕوایەدام شەڕی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەغدا (١٩٧٤ – ١٩٧٥) بە شێوەیەکی ئاشکرا بە شەڕی ساردەوە لکا. یارمەتییەکەی نیکسۆن و کسنگەر لە حوزەیرانی ١٩٧٢دا، کە ١٦ ملیۆن دۆلار بوو، درایە جووڵانەوەی چەکداری کورد تەنیا لە دیدی کیسنگەر و نیکسۆنەوە بوو بۆ بێهێزکردنی ڕژێمی عێراق، کە تازە (مانگی نیسانی ١٩٧٢) پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت مۆر کردبوو و بە بنکەیەکی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا دەژمێردرا[١٢].

٢) سەرجەمی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆتایی هەشتاکاندا هاتبوونە کایەوە، بە تایبەتی پاش تەواوبوونی شەڕی سارد، هەرنەبێ ئەوە دەگەیێنن کە لایەنەکانی هەر پێکدادانێکی ناوچەیی و هەرێمایەتی یارمەتی دەرەوەیان لەدەست دەدەن. بە مانایەکی تر، شێوەی خەباتی چەکداری هەر میللەتێك نەوەك لەمەودوا زەمینەی پشتگیری زلهێزەکان لەدەست دەدات، بەڵکو خەباتی چەکداری ئیتر زەمینەی پشتگیری سیاسی و مۆراڵیش لەدەست دەدات.

# پەراوێزەکان

(١) بڕوانە:

*James Kinsan: "The changing face of Kurdish Nationalism",* The New Middle East, Nr. ٢٠, May ١٩٧٠, Pp. ١٩.

(٢) الحزب الديمقراگی الكردستانی — اللجنه التحچيريه: *تقييم مسيره اليوره وانهيارها والدروس المستخلّه منها*. ١٩٧٧، لاپەڕە ١٥- ١٨

(٣) تا ئێستا تەنیا هەوڵێکی جیددی دراوە سەبارەت بە مەسەلەی گواستنەوەی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە بۆ چەق. بڕوانە: عیّمت شريف وانلی، "حول الاستراتيجيه السياسيه والعسكريه للحركه الوگنيه الكرديه"، گۆڤاری *الدراسات الكرديه*، ژمارە ١-٢، ساڵی دووەم، کانونی دووەم ١٩٨٥، ل ٧-٤١، بە تایبەتی ل ٣٧-٣٨

(٤) بڕوانە:

*Amin Saikal: The Rise & Fall of the Shah, (Princeton, ١٩٨٠), p. ١٧٠; Majid Khadduri; The Gulf war, (New York, ١٩٨٨), p. ٦١; & The Observer, May ٤, ١٩٧٥).*

(٥) بڕوانە:

Shahram Chubin & M. Farid – Saidi, *Recent Trends in the Middle East politics & Iran's Foreign policy options.* (?? ١٩٧٥), p. ٧٨

(٦) بڕوانە:

Sa'ad Jawad: "RECENT Developments in the Kurdish Issue". لە Tim Niblock, ed. *Irak: The contemporary state, (London, Ithaca press, ١٩٨٢), p. ٥٧.*

التجمع الوگنی العراقی، *المعاهده العراقيه الايرانيه الّخيره خيانه وگنيه قوميه كبری*، من منشورات التجمع الوگنی العراقی، أواسگ ١٩٧٥، ێ ٦.

(٧) بڕوانە: ڕەفیق سابیر، "کارەساتەکەو فیکری پەیڕەو"، گۆڤاری *ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم*، ژمارە ٢٢ / ٢٣، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ١٩٩٠، ل ٤٨-٥٩ بە تایبەتی ل ٥٢-٥٤.

(٨) عیّمت شريف وانلی، "حول الاستراتيجيه السياسيه والعسكريه للحركه الوگنيه

الكرديه"، گۆڤاری *الدراسات الكرديه*، ژماره ۱ –۲، ساڵی دووەم، كانونی دووەم ۱۹۸۵، ل ۳۷.

(۹) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۷ – ۳۸.

(۱۰) لەو بڕوایەداین كە مەسەلەی ڕاپەڕینی فەڵەستینییەكان لە ناو خاكی ئیسرائیلدا، واتە لە چەقدا، وەكو ڕێگایەك بۆ گواستنەوەی خەبات لەرۆخەوە بۆ چەق، لە ڕوانگەی بەراوردكردنی ئەو مەسەلەیەوە لەگەڵ واقیعی جووڵانەوەی چەكداری كوردەوە پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

(۱۱) الحزب الديمقراگی الكردستانی – اللجنه التحچيريه، *تقييم مسيره الپوره وانهيارها والدروس المستخلّه منها*. ۱۹۷۷، لاپەڕە ٦٣.

(۱۲) ڕەفیق سابیر، "كارەساتەكەو فیكری پەیڕەو"، گۆڤاری *ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم*، ژمارە ۲۲ / ۲۳، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ۱۹۹۰، ل ٥٤.

(۱۳) بڕوانە:

"Pike Report: The CIA Report the President Doesn't to Read" *The Village Voice*, Feb. ١٩٧٦, p. ٧١

# ئایا کاتی ئەوە هاتووە پ.ک.ک. واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت؟★

**رۆژنامەی *پەیام* ژمارە١٢، دیسامبەری ١٩٩٨**

نامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ سەرانی تورکیا، پەیامێکی دیپلۆماسییە. پەیامی دیپلۆماسیش بەهێزی یان بێهێزی لەوەدایە، کە ئایا ئەو پەیامە لە کاتێکی گونجاو و بۆ لایەنێکی گونجاو دەنێردرێت یان نا؟

وا دیارە ئەمڕۆ نە کات و نە لایەنی وەرگری پەیامەکە، گونجاون. لە ڕووی کاتەوە دەتوانرێت بگوترێت: ئەم پەیامە لە کاتێکدا دەنێردرێت، کە پ.ک.ک. بەهۆی جیابوونەوەی سەرکردەیەکی لەشکری، واتە شەمدین ساکیك، لە بارێکی لاوازدایە و لەشکری تورك ئامادەیە بۆ ئۆپەراسیۆنێکی گەورە لە باکووری کوردستاندا. هەروەها لە کاتێکدایە کە ژەنەڕاڵەکانی لە هەرکاتێکی تر زیاتر کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی هەیە، لەم هەلومەرجەدا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان کات بە گونجاو و لەبار دەزانێت و دەیەوێت بەو پەیامە بە ڕژێمی تورکیا بڵێت: کە ئەمڕۆ شەڕخوازێك کە شەمدین ساکیکە وازی لە پ.ک.ک. هێناوە و ئەم خۆی تەنها ئاشتی دەوێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم

بۆچوونەی ئوجەلان سادە و لەبارچووە.

ئەی لایەنی وەرگری پەیامەکە بۆچی لەبار نییە؟

بێگومان لەبەر ئەوەیە کە تا ئێستاش تورکیا ڕەفزی ئەوە دەکات، کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی سیاسی نەتەوەیی ببینێت. تورکیا هەر وا دەزانێت کە مەسەلەی کورد مەسەلەی دواکەوتوویی ناوچەی کوردستانە لە ڕووی کۆمەلآیەتی و ئابوورییەوە. واش پێدەچێت کە کاتێکی زیاتر پێویست بێت، تا تورکیا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسی و نەتەوەییە و دەشبێت لەم گۆشەی بینینەوە بیری لێبکرێتەوە و پلانی چارەسەرکردنی بۆ دابنرێت.

بە مانایەکی دیکە: سکرتێری گشتی پ.ك.ك. عەبدوڵلا ئۆجەلان، نامەی داواکاری بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە کاتێکی نالەبار و نەگونجاودا بۆ لایەنێکی نالەبار و نەگونجاو ناردووە. ئەو لایەنەی نەك هەر ئەو داواکارییە وەرناگرێت و بە جۆرێکی پۆزەتیڤانە کاری لەگەڵدا ناکات، بەڵکو ئەو پەیامی شەڕڕاگرتنە بە بێهێزی پ.ك.ك. دەزانێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا قەناعەتی تورکیا بەهێزتر دەکات، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیەوە لە ماوەیەکی کەمی داهاتوودا پ.ك.ك. لەناو دەبات. ئەوەش وا دەکات، کە نەك هەر ئەم پەیامی شەڕڕاگرتن و خواستی دەستپێکردنی دیالۆگێکی ئاشتییانە لە نێوان هەردوو لایەندا هیچ باشییەکی نەبێت، بەڵکو بە زیانیش بۆ پ.ك.ك. بگەڕێتەوە.

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە: ئایا تورکیا یان هەرنەبێت بەشێکی گرنگ لە دەسەڵاتدارانی تورکیا حەز دەکەن ئەم شەڕە لەگەڵ کورددا کۆتایی بێت؟

نووسەری ئەم وتارە، گومانی هەیە لەوەی تورکیا حەز بە بڕانەوە و کۆتاییهێنانی ئەم شەڕە بکات. ئەو بۆچوونەش لەسەر ئەم خاڵانە بنیات نراوە:

١) لەشکری تورك، بە تایبەتی ژەنەراڵەکان و پیشەسازی سەربازی و هێزە ڕاستڕەوە شۆڤێنیستەکان و بەشێك لە بیرۆکراسی تورکی و مافیای ئەو وڵاتە،

هەموویان بە بوونی شەڕێکی سنووردار لە کوردستاندا گوزەرانیان باشترە و بەرژەوەندییەکانیان باشتر دەپارێزرێن. لە راستیدا بۆچوونی وا هەیە، کە لە بنەڕەتدا ئەم توخمانەن کە ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکەن.

٢) بە بەردەوامبوونی شەڕ، تورکیا باشتر دەتوانێت ڕەوایی بە شەڕی لەناوبردنی گەلی کورد لە تورکیا بدات. بەوەی کە وشەی تیرۆریزم خراوەتە پاڵ خەباتی چەکداری پ.ک.ک.، ڕژێمی تورکیا توانیویەتی بە ئاسانی پشتگیری بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدەست بهێنێت، بە تایبەتی ئەمریکا.

لێرەدا چەند پرسیارێك دێنە پێشەوە: ئایا کاتی ئەوە هاتووە پ.ک.ک. بە شێوەیەکی تر بیر بکاتەوە؟ ئایا کاتی ئەوە هاتووە، کە بوێرانە گومان بخرێتە سەر سوود و گرنگی چەك و فەلسەفەی زەبروزەنگ؟ ئایا کاتی ئەوە هاتووە بیر لە بەتەواوی وازهێنان لە چەك بکرێتەوە و پەیامێك بەم مانایە بۆ کۆمەڵگای جیهانی بنێردرێت، نەك بۆ شەڕخوازانی ئەنقەرە؟

ئەز باوەڕ دەکەم، کە دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە پ.ک.ک. بەتەواوی واز لە چەك بهێنێت و هەموو قورسایی خۆی بخاتە سەر چالاکی و کەناڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان.

بە نیسبەت فەلەستینییەکانەوە لە ساڵی ١٩٨٨دا کات لەبار بوو، بۆ ئەوەی بڕیار بدەن چیتر زەبروزەنگ پەیڕەو نەکەن و چەك بە لایانەوە چووە مێژووەوە.

وا دەزانم بۆ پ.ک.ک. ساڵانی ١٩٩١ — ١٩٩٢ کات گەیشتبوو، کە بەتەواوی واز لە چەك بهێنێت و چیتر پ.ک.ک. لایەکی هاوکێشەکە نەبێت لە سووتاندنی کوردستاندا لە ئاگرێکدا کە خۆکێشانەوە لێی نەك هەر قەوارەی ماڵوێرانی لە باکووری کوردستان زۆر کەمتر دەکاتەوە، بەڵکو بگرە بە وازهێنان لە چەك، کورد دەکەوێتە سەر ڕەوتی هێرشی دیپلۆماسی و تورکیاش دەکەوێتە حاڵەتی بەرگری دیپلۆماسی.

بە ڕاستیش ئیسرائیل لە هەر پێنج شەڕەکەدا لەگەڵ عەرەبدا بە سەرکەوتوویی دەرچوو، بەڵام بڕیاری فەلەستینییەکان بە وازهێنان لە

بەکارهێنانی چەك، ئیسرائیلی تووشی گەورەترین سەرلێشێوان و بگرە شکستهێنانی دیپلۆماسیش کرد.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پ.ك.ك. بەتەواوی دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێت و بەوەش کارتی ڕەوایی شەڕی قەڵاچۆکردنی کوردان لە دەست تورك، کە بە بیانووی شەڕی دژ بە تیرۆریزمەوە دەیکات، دەربهێنێت. هەروەکو چۆن فەلەستینییەکان توانییان کارتی ڕەوایی شەڕ لە دەست ئیسرائیلییەکان دەربهێنن. چونکە تازە چیتر مەسەلە شەڕ نییە دژی تیرۆریستە فەلەستینییەکان، بەڵکو *ئاشتییە لەگەڵیاندا*.

بە وازهێنان لە چەك، کورد لە باکوور خۆی لە پێوەندی وابەستەیی بە ڕژێمی سوریا و هەندێك ڕژێمی تریشەوە ڕزگار دەکات و خەبات دەبێت بە خەباتێکی خۆماڵی. لایەکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە پ.ك.ك. سەرکەوتوو بووە لە جۆش و خرۆشاندنی جەماوەر لە باکووری کوردستاندا و مۆبیلیزەی کردوون و ناسنامەی ئیتنیکی و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستاندا بەهێز کردووە. پ.ك.ك. ئەمانەی هەموو تا کۆتایی هەشتاکان بەدەست هێنا، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکانەوە جووڵانەوەی پ.ك.ك. زیاتر خولانەوە بووە بە دەوری خۆیدا و بگرە تووشی قەیرانیش بووە. بە مانایەکی دیکە، ئەگەر سەرکردایەتی پ.ك.ك. بیەوێت لەم ڕاستییە بگات، خەباتی چەکداری مانا و دەوری بەسەر چووە!

---

*⭑ ئەم وتارە بە بۆنەی ئەو نامەیەوە نووسراوە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٩٨) ئاراستەی حکومەتی تورکیای کردو تێیدا داوای کرد لە ڕێگای دیالۆگەوە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت. (ئەم تێبینیکردنەی کات گرنگە چونکە ئەوە دیاری دەکات کە وتارەکە مانگی نیسانی ١٩٩٨ نووسراوە واتە بەر لە دەرچوونی ئۆجەلان لە دیمەشق).*

# شكست و سياسەتی گۆڕینی شكست بە "سەركەوتن"*

| |
|---|
| **ڕۆژنامەی *پەیام* ژمارە ۲۱، فیبایەری ۱۹۹۸** |

**(ئۆجەلان بە ئیعترافەكانی و زۆر لە ڕاگەیاندنەكانی، دوو جەزرەبەی داوە لە مەسەلەی كورد. یەكێكیان لە مێژووەكەی و ئەوی دیكەشیان لە داهاتووە سیاسیەكەی مەسەلەكە. وازهێنان لە خەباتی چەكداری نابێ بڕیاری شەو و ڕۆژێك بێ، ئەگەر ئاوهاشی لێهات ئەوا نابێتە ڕووداوێكی پۆزەتیڤانە لە پرۆسەیەكی دوورودرێژدا، بەڵكو دەكرێ بە نێگەتیفیش بگەڕێتەوە. چەك دانان دەبێ بەر لە هەموو شتێ دەربڕێكی گۆڕانی ئایدیۆلۆژی و كولتووری و سیاسی و هەندێ حیسابی ستراتیژی بێ. هەروەكو چۆن خۆئامادەكردن لەو ڕووانەی سەرەوە وەخت و كۆششی پێویستە هەروەها لە ڕووی نەفسیشەوە وەخت و كۆششی زۆری دەوێ).**

## پێشەكی:

ڕووداوەكانی پەیوەست بە باكووری كوردستان و بە تایبەتی پەیوەست بە پ.ك.ك. لە دوو ساڵی دواییدا گفتوگۆیەكی زۆر هەڵدەگرێ و دەكرێ لە گۆشەبینی وو ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە تەماشا بكرێن. لە خیتابی سیاسی پ.ك.ك. لەگەڵ ئەو شكستەی كە تووشی هاتووە، بە تایبەتی دەستگیركردنی سەرۆكەكەی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)، كەوتۆتە هەوڵدان بە ڕێگەی سیاسەتی

پێشکەشکردنی تەنازول دوای تەنازول بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ئەو شکستەی کە تێی کەوتووە بگۆڕێ بە (سەرکەوتن). پ.ک.ک. ئەم سیاسەتەی ناوناوە ستراتیژی نوێ، کە لە ڕاستیدا نە ستراتیژە نە نوێشە. لە لایەکی ترەوە بۆچوونێکی سەربەخۆیانە ناتوانێ ئەوە بشارێتەوە، کە ئەو ئاکامەی پ.ک.ک. پێی گەیشتووە شکست و بنبەستە. بەم مانایەش گەلی کورد بە تایبەت لە باکوور باجی شکستەکە و لەمەش زیاتر باجی هەوڵدانی پ.ک.ک. بۆ گۆڕینی ئەم هەرەسە بە (سەرکەوتن) دەدا. بەم مانایە لە پرۆسەی گۆڕینی شکست بە سەرکەوتنێکی سیاسی کە تیایدا پ.ک.ک. وەکو لایەنێکی خاوەن ڕەوایی نوێنەرایەتی لە دیالۆگدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیادا بناسرێ و لەسەر بنچینەی باسکردن لە هەندێ ماف بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان باجێکی سیاسی ترسناك دەدا، بە بێ ئەوەی ئەم ئامانجانەشی بەدەست هێنابێ.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر ئەم هەوڵانەی دوایی پ.ک.ک. لە هێنانەکایەی باسوخواس لەسەر مەسەلە ئاشتی و دیموکراسی لە تورکیا وەکو بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی خەباتی زیاتر لە ٢٠ساڵی ئەم حزبە و بە تایبەتی خەباتە چەکدارییەکەی لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم هەوڵانە و مەغزاشیان بۆ دوارۆژی جووڵانەوەی ئازادیخواز لە باکووری کوردستان.

خاڵێکی گشتی و سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە، کە بۆ تێگەیشتنێکی چاکتری ڕووداوەکانی ئەمڕۆی پەیوەست بە خەباتی پ.ک.ک. هەڵسەنگاندنێك و تێڕوانینێکی جیددی پێویستە بۆ دوێنێی پ.ک.ک. لە ڕووی سروشتی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستن و بە تایبەتیش ستراتیژ و تەکتیکی جووڵانەوەکەوە.

(١)

ئاشکرایە دەرپەڕاندنی ئۆجەلان لە سوریا و دواییش گیرانی لە لایەن تورکیا و هاوکارانییەوە تا ئێستاش، هەرنەبێ لە لای پ.ک.ک. تەفسیرێکی

یەکلایەنی و نوقستانی بۆ کراوە، بەو مانایەی کە دەرپەڕاندنی ئۆجەلان و گیرانی هەردەم لە ڕاگەیاندنەکانی پ.ک.ک.دا تەنیا جخت لەسەر ئەوە کراوە کە ڕووداوەکانی پەیوەست بە دەرپەڕاندنی ئۆجەلان (لە سوریا) تا دەستگیرکردنی و بگرە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی دواڕۆژی ئەو، تەنیا لە گۆشەبینینی پیلان (کۆمپلۆ)وە بووە. بە واتایەکی دیکە دەستپێك و بەردەوامی ڕووداوەکان بە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیل و... هتد لێك دەدرێتەوە.

من دەخوازم هەر زوو ئەوە بێژم کە پیلان (conspiracy) چەمکێکە کە لە زانستی سیاسەت و پەیوەندی سیاسی نێوان دەوڵەتاندا بەکار نایەت، بەڵکو چەمکێکی یاساییە و مێژووی بەکارهێنانیشی لە بواری یاسادا بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. بەڵام بەرامبەر ئەمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی زۆری جار هەڵسوکەوتی زلهێزێك، وڵاتێك، سەرکردەیەك، یان حزبێك تا دەکرێ دەخرێتە ناو چوارچێوەی *پیلانەوە*. ئەمە زۆر هۆی مێژوویی و کولتووری و سیاسی هەن، کە لێرەدا دەرفەت نییە باسیان لێوە بکەین. لای دووەمی مەسەلەش ئەوەیە کە ئەمە بۆچوونێکی چەوتە کە سیاسەت و هەڵسوکەوتی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا لەمەڕ کورد یان پ.ک.ک. یان هەر مەسەلەیەکی تر وەکو پیلان تەماشا بکرێ. ئەمریکا ساڵانێکی زۆرە (پ.ک.ک.) بە حزبێکی تیرۆریست لەقەڵەم داوە و دەستخۆشی و پشتگیری ئاشکرای لە تورکیا کردووە لە شەڕیدا لەگەڵ (پ.ک.ک.)دا و پێویستی بە پیلان داڕشتنیش نەبووە لەم سیاسەتەیدا. جگە لەمە ئەمریکا بە تایبەت دوای تەواوبوونی جەنگی سارد لە هەر جێگایەك و کاتێکدا ویستبێتی بە ئاشکرا بە گژ هەر وڵاتێ، یان گروپێکدا چووە، کە ویستبێتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە لە بینینێکی کوردییەوە دەکرێ دوور لە مەسەلەی هەڵوێستوەرگرتن (بە مانای دژ، یان لەگەڵ سیاسەتی "پ.ک.ک.")سیاسەتی ئەمریکا لە دژایەتیکردنی (پ.ک.ک.)دا هەرنەبێ پیادەکردنی سیاسەتێکی دووڕوویانە بووە.

بەڵام دیسان دووڕوویی سیاسەتی زلهێزێك یان هەر دەوڵەتێك نەك هەر سروشتییە، بەڵكو ڕاستتر وایە بڵێین ناسروشتی ئەوەیە كە سیاسەتی دەوڵەتان دووڕوو نەبێ. باشتریش وایە ئەم (ڕاستییە) لە گۆشەبینینێكی مۆراڵی (اخلاقی)یەوە تەماشا نەكرێ بەڵكو لە ماهیەت و سروشتی "سیاسەت" خۆیەوە هەڵبسەنگێنرێ. بە باوەڕی من لە بری ئەوەی پ.ك.ك. مێشكی خەڵكی كورد پڕ بكات بە وشەی پیلان (كومپلۆ) و بەم شێوەیەش ڕێگە بگرێ لە بەر هەر شێوە بۆچوونێكی تر، چاكتر وابوو كە لە ماوەی ساڵانێكی دوورودرێژ، بە تایبەتی لە كۆتایی ساڵانی ١٩٨٠كان و سەرەتای ١٩٩٠كانەوە:

١) لە سیاسەتی ئەمریكا باشتر بگات؛

٢) بە پێی تێگەیشتنێكی ڕێكوپێك ئەم سیاسەتە هەوڵی بدایە خۆی بگونجێنێ و لە بری ئەوەی خۆی لە ئاستی دروشم یا سیاسەتی عەمەلیدا بخاتە سەنگەری دژ بە بەرژەوەندییەكانی ئەمریكاوە خۆی بگونجاندایە یان هەموو جختێكی بكردایە كە ئەم جووڵانەوەیە بە هیچ شێوەیەك دژی ئەمریكا و بەرژەوەندییەكانی نییە.

لە ڕاستیدا ئەوەی كە كۆمیتەی ناوەندی (سەركردایەتی) پ.ك.ك. لە سەرەتای ئابی ١٩٩٩دا ڕایگەیاند كە بەڵێ پ.ك.ك. ناخوازێ دژایەتی بكا لەگەڵ ئەو سیستەمە نوێیە جیهانییەی كە لە ژێر سەركردایەتی ئەمریكا فۆرم دەگرێ، كەچی لە لایەكی ترەوە دەمەتەقێ لەمەڕ سیستەمی نوێی جیهانی و پرۆسەی هاتنەكایەی سیستەمێكی نوێ هەرنەبێ ٨ – ٩ ساڵە بەردەوامە. بەڵام كە ئەم ڕاگەیاندنەی پ.ك.ك. درەنگ دێ، ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕووداوی تازە نین لە ڕووی هاتنەكایەی ئەم سیستەمە بەڵكو ئەو بارەی پ.ك.ك. تێی كەوتووە تازەیە. ئاشكرایە كە بە هەندێ هۆكاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی – سایكۆلۆژی و هۆكاری پەیوەست بە جوگرافیای سیاسی خەباتی (پ.ك.ك.)ەوە ڕێگربوونە، كە ئەم ڕاگەیاندنەی پ.ك.ك. لە ساڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١دا نەیەت، بەڵكو ٨ – ٩ ساڵ دواتر كە لە جیهانی

سیاسەتدا جیاوازییەکی زۆر دەکا. بەڵێ لە جیهانی سیاسەتدا یەك دانە هەفتەش کاتێکی زۆرە، بەڵێ هەندێ جار چەند سەعاتێکیش (بگرە سەعاتێکیش) زۆرە. زۆر بە کورتی ڕوانین و تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەمریکا و ژمارەیەك لە وڵاتانی تر لە چوارچێوەی چەمکی پیلان بێ نرخکردن و بەکەمبینینی سیاسەتی ئەم وڵاتانەیە و ئامادەکردنی عەقڵی مرۆڤی کوردە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی سادە و بێ تێڕوانینێکی قووڵ و بە ئاسانی زۆربەی زۆری هەڵسوکەوتە سیاسییەکانی وڵاتانی تر لەمەڕ مەسەلەی کورد لە ناو بازنەی *پیلاندا* ببینێ و هیچی تر.

بە باوەڕی من ئەسڵی مەسەلەی شکستی پ.ك.ك. و گەیشتنی خەباتی سیاسی و چەکداری ئەم حزبە بەم بنبەستەی کە پێی گەیشتووە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ لەناکاو پچڕانی ئەو بازنە سیاسی و ستراتیژییەی کە جووڵانەوە چەکدارییەکەی پ.ك.ك. تێی کەوتبوو، هەروەك چۆن جووڵانەوە چەکدارییە کوردییەکان تێی کەوتبوون/کەوتوون.

لە دەستپێکدا پێویستە بگوترێ کە پێکهاتەکانی ئەم بازنەیە دوو دانە نیوە بازنەن: نیوەیەکیان خەباتی جووڵانەوە چەکدارییەکەیە لەگەڵ ڕژێمێکی داگیرکەر، واتە خەباتە بۆ ئازادی بەمەش جووڵانەوەکە سیفەتی ئازادیخواز دەدات بە خۆی! بەڵام نیوەی تری بازنەکە هاوپەیمانی ستراتیژییە (کە جووڵانەوە خۆی پێی دەبێژێ *ستراتیژی قۆناغ* یاخود تاکتیك) کە دێتە کایەوە لە نێوان جووڵانەوە چەکدارییەکە و داگیرکەرێك یا چەند داگیرکەری تر. ئەمە ڕێك دیالێکتیکی خەباتی چەکداری جووڵانەوەی ئەیلولی باشووری کوردستان (١٩٦١ — ١٩٧٥) بوو و ئەمەش دیسانەوە دیالێکتیك و میکانیزمی هەرە گرنگی ڕاپەڕینی چەکداری پ.ك.ك. بووە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە. بۆچی دەڵێم دیالێکتیك؟، چونکە دوو نیوە بازنەکە لە حاڵەتی دژایەتییەکدان لەگەڵ یەکتردا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە میکانیزمێکدا یەکتر تەواو دەکەن و پێویستن بۆ یەکتر، لە لایەکی تریشەوە پێویستی ئەو ڕژێمە داگیرکەرە هاوپەیمانانە بە بەکارهێنانی کارتە کوردییەکە (جووڵانەوە

چەکدارییەکە) بۆ گوشار خستنە سەر ڕژێمە داگیرکەرەکەی تر. ئەم هاوپەیمانییە ستراتیژییە (کە ڕاسترە بڵێین تەبەعیەتی جووڵانەوەی چەکدارییەکە بۆ ڕژێمێکی یان چەند ڕژێمێکی داگیرکەری کوردستان) نەك هەر ناسروشتییە بەڵکو ڕێك ماهیەتی ئەو جووڵانەوە چەکدارییە لە جووڵانەوەیەکی ئازادیخواز و خەباتکار بۆ ئازادی دەگۆڕێ بە جووڵانەوەیەکی نائازاد لە بوون و دید و بڕیارەکنیدا. ئەم هاوپەیمانییە ڕێك چارەنووسی جووڵانەوە چەکدارییەکە دەخاتە ناو دەستی ڕژێمە داگیرکەرە هاوپەیمانەکەوە. جگە لەمەش داگیرکەر هەر لە سەرەتاوە خۆی ناخاتە ناو هاوپەیمانییەك ئەگەر ئەم جووڵانەوەیە هەر زوو، لەبەر خاتری بەردەوامی هاوپەیمانە ستراتیژییەکە، ئامادە نەبێ دەستبەرداری دروشمی کوردستانی ئازاد و بەرژەوەندییەکانی جووڵانەوەی کورد نەبێ لەو پارچەیەی کوردستان کە ئەو ڕژێمە هاوپەیمانە داگیری کردووە.

ئاکامێکی گرنگی تری ئەم شێوە هاوپەیمانییە دیسان ئەوەیە کە تاکتیك (کە بە بۆچوونی جووڵانەوەکە سیفەتی هاوپەیمانییەکەیەتی لەگەڵ داگیرکەری تر) نەك هەر لە حاڵەتی هاوئاهەنگی (**harmony**)دا نییە لەگەڵ ستراتیژی جووڵانەوەکە کە ڕزگاری کوردە، بەڵکو پەیوەندییەکە ڕێك لەسەر بنچینەی نەگونجان و دژایەتی بنیات دەنرێ. ئەوەی کە ڕوو دەدات ئەوەیە کە لە پرۆسەی بەردەوامی هاوپەیمانییەکەدا ستراتیژ دەبێ بە قوربانی تاکتیك و لە ئاکامیشدا ئەوەی ڕوو دەدات هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییەکەیە و شکستی جووڵانەوەکەیە.

هەڵبەتە گرنگە ئەوەش بڵێین کە ئەم شێوە هاوپەیمانییەی نێوان جووڵانەوەی چەکداری کوردی و ڕژێمێك یان چەند ڕژێمێکی داگیرکەر هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرجەستەبوونی حاڵەتی دابەشبوونی کورد و دۆزەکەی و نیشتمانەکەی، کورد لە ئاکامدا لە ڕووی سایکۆلۆژی و سیاسییەوە نەك هەر قبووڵی ئەم حاڵەتی دابەشبوونە لە ناو کەسایەتی خۆی و کەسایەتی نەتەوەییدا دەکات، بەڵکو خۆشی دەگونجێنێ لەگەڵ حاڵەتی ڕەواییدان بەو

شێوە هاوپەیمانییە، کە تیایدا داگیرکەری هاوپەیمان دەکرێ بە دۆستی پلە یەك و جووڵانەوەی کورد لە پارچەکەی تر، یان پارچەکانی تردا بەم پێیە دەکەونە خانەی ناحەز و بگرە، هەندێك جار، پەیوەندی دوژمنایەتیش...

وا دەزانم نەك هەر کاتی ئەوە هاتووە، بەڵکو زۆر درەنگیشە کە شکستی جووڵانەوە چەکدارییەکانی ئەم سەردەمە و بە تایبەتی ئەمەی پ.ك.ك. دەبێ بخرێنە ئەم چوارچێوەیەی سەرەوە و پ.ك.ك. خۆشی، لە بری خلافڵاندنی جەماوەری کورد بەوەی کە گوایە ئەوەی ڕوویدا تەنیا ئاکامی پیلانێکی نێونەتەوەیی بوو، باشترە کەوا پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشێ.

خەباتی چەکداری ساڵانێکە ئەو میکانیزمەی گرتۆتە خۆ، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا و بڕیاری سوریا بۆ کۆتاییهێنان بەو هاوپەیمانییەی لەگەڵ پ.ك.ك. و دەرپەڕاندنی ئۆجەلان بۆ دەرەوەی سوریا مەسەلەی هەرەگرنگ و سەرەکین لە ڕوونکردنەوەی شکستی پ.ك.ك. ودەستگیرکردنی سەرۆکەکەی. پەنجەڕاکێشان بۆ ئەم ڕاستییە نەك هەر یارمەتی پ.ك.ك. دەدا کە باشتر لە ڕووداوەکان بڕوانێ، بەڵکو یارمەتیشی دەدا بۆ خۆدوورگرتن لە گەڕانەوە بۆ هەمان *بازنەکەی دوێنێ*: پێشتر لەگەڵ سوریا، ئەمڕۆ لەگەڵ ئێران و سبەینێش لەگەڵ عێراقدا و... تاد. دیارە بە هەرحاڵ بەها ئایدیۆلۆژییەکانی پ.ك.ك. و ئەو کولتووورە سیاسییەی کە ساڵەهایە سەرچاوەی پەروەردەی حزبی و ئیلهامە بۆ بڕیار و هەڵسوکەوتی ئەو حزبە هۆی هەرەگرنگن بۆ ئەوەی پ.ك.ك. تەفسیری پیلان بۆ شکستی هەڵبژێرێ لە بری پێداچوونەوەیەکی بابەتییانەی ئەو خەباتە چەکداری و سیاسییەی کە تا ئێستا پیادەی کردووە. خۆلادان لە پێداچوونەوەیەکی لەم شێوەیە بە چەوتییە ستراتیژییەکانی پ.ك.ك. و خۆدوورخستنەوە لە گیانی ڕەخنە لە خۆ گرتن تەنیا سروشتی نادیموکراتییانەی جووڵانەوەکە پیشان دەدا و ئەوەی کە بە پلەی یەکەم لەم پرۆسەیەدا زیانی پێ دەگا نەتەوەی کورد و دۆزە ڕەواکەیەتی.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە نابێ بە مانای بەهیچکردن و بێبایەخکردنی

خەباتی چەکداری بێت، بەڵکو هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی.

خەباتی چەکداری پ.ك.ك. توانی ڕۆڵێکی گرنگ ببینێ لە مەسەلەی بەهێزکردنی هەستی باوەڕبەخۆبوون لە لای گەلی کورد لە باکووری کوردستان و ڕۆڵی بەدەنگهێنان ببینێ لە مەسەلەیەکدا کە ساڵەها بوو بێدەنگ کرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەرنەبێ، جگە لەو تێڕامانەی سەرەوە لە ئاستی هەڵسوکەوتی ستراتیژدا، پ.ك.ك. لەگەڵ ئەم شێوە خەباتەیدا چەند تەسەورێکی لا دروست بووبوو کە بێگومان چەوت بوون.

١) کە پ.ك.ك. خەباتی باکووری کوردستانی لە سفرەوە گەیاندوە بە حاڵەتی تەحەدداکردنی شۆفێنیزمی تورکی و ... تاد. ئەگەر فەرز بکەین پ.ك.ك. لە سفرەوە خەباتی دەست پێکردووە، کە هەرگیز وا نییە، دەبێ لە خۆبووردوویی (موسا عەنتەر)یش بخەینە حسابەوە کە دەڵێ تا کێشەکە گەیشتە ئاستی سفریش زۆر قوربانی و خەباتی پێویست کرد !؛

٢) دەبووایە پ.ك.ك. هەر زوو خەباتی چەکداری وەك ئامرازێکی تاکتیکی تەماشا بکردایە نەوەك ستراتیژی: بەو مانایەی کە خەباتی چەکداری دەتوانێ هەندێ شتی سنووردار بەدەست بهێنێ، وەکو مەسەلەی بەهێزکردنی هەستی تەحەددا لای جەماوەری کورد و یارمەتیدان بۆ بووژاندنەوەی سایکۆلۆژی بەرخۆدان لای ئەم جەماوەرە و ...هتد؛

٣) دەبێ پ.ك.ك. هەر زوو هەستی بە لایەنە وێرانکەرەکەی ئەم شێوە خەباتە بکردایە بە مانای ئەوەی ئەم شێوە خەباتە تەنیا ئامرازی تووڕەکردن بوو بۆ دوژمن و ئەم شێوە خەباتەیش خۆی ڕەوایی دەدا بە سیاسەتی وێرانکاری دوژمن لە کوردستاندا، نەك ئامرازەکە توانای هەیە ئەم دوژمنە ناچار بکا و چۆکی پێدابدا. ڕاگواستنی ملیۆنان کورد و وێرانکردنی "زیاتر لە" ٣٠٠٠ لادێ لە باکووری کوردستان تەنیا بە سیاسەتی شۆفێنیزمی تورکیا تەفسیر ناکرێ، بەڵکو ئەم ڕاگواستنە بەشێکە لە کاردانەوەکانی ڕژێم بەرامبەر *خەباتی چەکداری*. لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە تەنیا ژمارەی ئەو لادێیانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ – ١٩٩٩ وێران کراون

زیاترن له ژمارەی ئەو لادێیانەی که له نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩٦ وێران کراون.

٤) ئەو ڕاستییەی که پ.ك.ك. زیاتر له ئاستی پڕوپاگەندە کاری لەگەڵدا کردووە ئەوە بووە که دەڵێ ژەنەراڵەکانی تورکیا دەخوازن شەڕ هەبێ له کوردستان. هەڵبەتە ئەمە ڕاستییەکه و بە لێکۆڵینەوەی تورکەکان خۆیان سەلمێنراوە. بەڵام له لایەکی ترەوە من گومانم هەیە که پ.ك.ك. له گۆشەبینینێکی ترەوە جگە له هی پڕوپاگەندەیی لەم دیاردەیەی ڕوانیبێ، ئەگەر نا دەکرا ڕۆژێك له ڕۆژان سەرکردایەتی ئەم حزبە خۆی بە جورئەت بخستایەتە ڕووی ئەم ڕاستییە و بیگوتایە: **ئێمە چیتر شەڕێك ناکەین که بە دڵی ژەنەراڵەکانی تورکیا بێ!.**

(٢)

دوای ئەوەی که عەبدوڵڵا ئۆجەلان گەیشتە ڕۆما جموجووڵێکی گەرمی دیپلۆماسی هەمەلایەن دەستی پێکرد: گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئیتالیا و تورکیا؛ دەرچوونی هەندێ پێشنیار له ئەورووپاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد له چوارچێوەی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا؛ چالاکی بەگوڕی کوردەکان بۆ فشار خستنە سەر وڵاتانی ئەورووپا بە تایبەت ئیتالیا بۆ دانی مافی پەنابەری بە ئۆجەلان و له پاڵیشیدا داواکردن بۆ چارەکردنی کێشەی کورد؛ فشاری ئەمریکا بۆ سەر وڵاتانی جیهان، بە تایبەتی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، که بە هیچ شێوەیەك مافی پەنابەری بە ئۆجەلان نەدرێ بۆ قەناعەتپێکردنی تورکیا و جیهانی ڕۆژئاوا بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد له تورکیا. دیارە لەو چالاکییە دیپلۆماسییە هەمەلایەنانەدا مەسەلەی هەوڵی ئۆجەلان بۆ خستنەڕێی پرۆسەیەکی ئاشتی گرنگی تایبەتی وەردەگرێ.

هەوڵەکانی ئۆجەلان کۆمەڵێ خەسڵەتی گرتە خۆ لەمانەش:

١) تەنازولێکی بێ وێنەی ئوجەلان له دروشمە سەرەکییەکانی پ.ك.ك. که له ڕاستیدا زووتر دەستی پێکردبوو، بەڵام له ڕۆما شێوەیەکی تازەی گرتەخۆ ؛

٢) لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی ئاشکراتر و بگرە چارەنووسسازتریش دواڕۆژی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە چارەنووسی پ.ك.ك. و ئۆجەلانەوە گرێ درا. ئەم پێشوەچوونەش دیارە هەندێ هۆی هەن لەوانە مەرکەزیەتێکی زۆر توند بەردەوام کولتووری ڕێکخستنی پ.ك.ك. بووە و لە ناو ئەم مەرکەزیەتەشدا ئۆجەلان جێگەی هەرە مەرکەزی و تایبەتی هەبووە.

لە ڕاستیشدا زۆرجار بەکارهێنانی ووشەی سەرۆکایەتی لە بری سەرۆك، بۆ ناوهێنانی ئۆجەلان یا ئاماژەکردن پێی، بەڵگەیەکە کە پ.ك.ك. وەکو کۆیەکی سەرکردایەتی تەماشای ئۆجەلانیان کردووە نەك وەکو تاکێك لە ناو کۆدا. هۆی تریشیان شێوەی تێڕوانینی پ.ك.ك. و ئۆجەلان بۆ ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانە بوون کە لە ئەوروپا و جێگەی تر بەرپا بوون. هەرچەندە هەموو چالاکییەکان بە زەرورەت بۆ پشتگیری لە پ.ك.ك. و ئۆجەلان نەبوون، بەڵام لە لایەن پ.ك.ك. و ئۆجەلانەوە وا پێشوازی لەو چالاکییانە کرا وەکو ئەوەی ئەم چالاکییانە گشتیان پشتگیری بن بۆ شەخسی ئەو. دیارە ئەم حاڵەتەش باوەڕبەخۆبوونێکی لای ئۆجەلان دروست کرد و بووە هۆی لەخۆباییبوونێکی لەڕادەبەدەر. بە مانایەکی تر، چارەنووسی کێشەی کورد لە تورکیا لە هەموو ڕۆژێ زیاتر کەوتە دەست پ.ك.ك. و چارەنووسی (پ.ك.ك.)ەش لە هەموو کاتێ زیاتر کەوتە دەست ئۆجەلان. هۆیەکی تریشیان بۆ حاڵەتی گرێدانی تەواوی مەسەلەکان بە چارەنووسی ئۆجەلانەوە ئەوە بوو کە ئۆجەلان کەوتە ناو مەرکەزی میدیا و گرنگیپێدانی ڕەسمی و ناڕەسمی جیهانییەوە. دیارە لەم کاتەدا ئۆجەلان ئەم پێشوەچوونانەی خستە کار بۆ قوتارکردنی پ.ك.ك. بە گشتی و خۆی بە تایبەتی لەو بنبەستەی کە پێی گەیشتوون لە ڕێگەی پێشکەشکردنی تەنازول لە دوای تەنازول. ئاکامی تری ئەم حاڵەتەش ئەوە بوو کە ئەم گرێدانەی چارەنووسی مەسەلەکان بە تەواوەتی بە ئۆجەلانەوە وای کرد کە لەگەڵ دەستگیربوونی ئۆجەلان تەواوی ئیرادەی پ.ك.ك. و چارەنووسی کێشەی کورد لە باکوور دەستگیرکران.

ئەو داواکارییانەی ئۆجەلان، کە ناوی پرۆژەی ئاشتی لێنرا، لە باشترین حاڵەتدا تەنازولێکی مێژوویی بوون، کە کێشەی کوردیان لە تورکیا لە چوارچێوەی کێشەیەکی نەتەوەیی دەرکرد و کردی بە کێشەیەك کە دەکرێ لە سنووری چەند هەنگاوێکی حکومەتی تورکیادا چارەسەر بکرێ.

بە باوەڕی من نەك هەر خستنەڕووی ئەم داواکارییانە نەبوونە مایەی کاردانەوەیەکی موناسب لە لای تورکیاوە، بەڵکو هەر خستنەڕووشیان بەم ناوەرۆك و شێوەیە شتێکی زێدە و بۆ دۆزی کوردیش زیانبەخش بوون. لە ڕاستیدا هیچ کەس و لایەنێك (تورکیا هەر هیچ!) لە ئۆجەلان پرسیاری نەکردبوو ئایا داواکارییەکانتان چین؟ بەو مانایە دەکرا ئۆجەلان داوای دوو شتی سەرەکی بکا ،کە وەڵامدانەوەیان بە ئەرێنی (پۆزیتیڤانە) ڕێگەی خۆش دەکرد بۆ قۆناغی دووەم کە تیایدا داواکارییەکانی دەخستە پێش چاو ئەو دوو شتەش:

١) پ.ك.ك. داوای دیالۆگ بکا و مەبەستیش لە دیالۆگ هێنانەکایەی ئاشتی بێ...؛

٢) بۆ ئەوەی ئەم دیالۆگە مومکین بێ، دەبوو پ.ك.ك. ڕەوایەتی سیاسی وەرگرێ و سیفەتی نوێنەرایەتی بدرێتێ.

دیارە ئەم دوو قۆناغە کاتی خۆی (لە کۆتایی هەشتاکاندا) پرۆسەیەك بوون، کە ڕێکخراوەی ئازادیخوازی فەلەستینی (PLO) پێیدا تێپەڕ بوو بەر لەوەی باس بێتە سەر خستنە سەر ڕووی داواکارییەکانی فەلەستینییەکان. ئەوەشی لێرەدا گرنگە بگوترێ ئەوەیە کە بەر لەوەی دیالۆگ و بە ڕەوایی زانینی (PLO) مومکین بێ لە چاوی ئیسرائیل و ئەمریکاییەکانەوە پێویستی کرد کە لە ساڵی ١٩٨٨ سەرۆکی (PLO)، یاسر عەرەفات، ڕایگەیەنێ کە ئیتر فەلەستینییەکان واز لە چەك دەهێنن و لە بری زەبروزەنگ ڕێگەی دیالۆگ و چارەی سیاسی دەگرنە بەر. دیارە ئۆجەلان ئەو پرۆسەی تەنازول دوای تەنازولەی کە لە ڕۆماوە دەستی پێکردووە تا ئێستا بە مەبەستی ئەوە بووە کە بە کەمترین حەددی داوا، تورکەکان ڕازی بکا کە بکەونە دیالۆگ

لەگەڵ ئەو و حزبەکەی. هەر بە پەیوەندی لەگەڵ نموونەی فەلەستینییەکان و بەر لەوەی بچینە سەر باسی ئەو قۆناغەی کە لە دەستگیرکردنی ئۆجەلانەوە دەستی پێکردووە، دەبێ بگوترێ کە بەشێکی گرنگ لە ڕاگەیاندنەکانی ئۆجەلان لە ڕۆما، بە تایبەت لەمەڕ مەسەلەی وازهێنان لە خەباتی چەکداری، ناڕوونی و دژایەتییان تێدا بەدی دەکرا. هەرچەندە چەند ڕۆژێك دوای گەیشتنی بە ڕۆما، ئۆجەلان ڕایگەیاند کە پ.ك.ك. ئامادەیە واز لە چەك بهێنێ، بەڵام چەند ڕۆژێکی تر دوای ڕاگەیاندنەکە لە حاڵەتی کاردانەوەی نەرێنی (نێگەتیڤانە) لە لایەن تورکیاوە ئەوا پ.ك.ك. ئامادەیە شەڕ چڕتر بکاتەوە.

ئەم دژایەتییەی نێو ڕاگەیاندنەکان هەندێ شت دەردەخات:

١) هەر زووتریش هەرنەبێ لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەکرێ باس لە دوو بۆچوون بکرێ لە ناو پ.ك.ك.دا یەکێکیان جەخت دەکاتە سەر شەڕ و حەسمی سەربازی و ئەوی تریان هەرنەبێ زیاتر گرنگیدان بە شێوەی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسییە. هەڵبەتە ئەم دوو شێوە بۆچوونە هەریەکەیان جوگرافیای سیاسی خۆیان هەیە: ئەو لایەنەی جەختی دەکردە سەر قورسایی لایەنی سەربازی لە خەباتدا ئەو کادر و ئەندامانە بوون کە لە مەیدانی خەباتی چەکداریدا کارا بوون، بەڵام لایەنی جەختکەر لەسەر لایەنی سیاسی – دیپلۆماسی بەشی زۆری ئەو کادر و ئەندامانە بوون کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا چالاکییان دەکرد و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شارەزاییان زیاتر بوو بوو لەمەڕ ئەو دەرفەتانەی کە خەباتی سیاسی – دیپلۆماسی دەتوانێ بیانخوڵقێنێ. لە شێوە بۆچوونێکی وادا هەڵبەتە نە دەتوانین هێڵێکی (قەتعی) بکێشین لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا و نە دەشتوانین بڵێین کە ئەم دیاردەیە بە هەمان قەوارە و هەمان مەودا لە جێگای خۆی وەستاوە، بەڵکو ئەم دیاردەیە لە گۆڕانی بەردەوامیدا بووە لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنەی قورسایی دەدا بە لایەنی سیاسی – دیپلۆماسی. هۆیەکی گرنگی ئەم گۆڕانەش ئەوەیە کە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، بە تایبەت بە هۆی

بەكارهێنانی هەلیكۆپتەری جەنگی (كۆبرا و سیكورسكی) هاوسەنگی هێز ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرژەوەندی لایەنی تورك لە جەنگدا دەگۆڕا. جگە لەمەش، وەكو پێشتر لەم وتارەدا باس كرا تا دەهات لایەنی وێرانكاری جەنگەكە چڕتر دەبوو، ئەمەش نەك هەر بۆ خەڵكی مەدەنی بە تایبەت لە لادێكان تراژیدیا بوو، بەڵكو بۆ هێزەكانی (پ.ك.ك.)ەش مەرجەكانی خەباتی چەكداری ڕۆژ دوای ڕۆژ سەختتر دەبوون. دیارە دەرپەڕاندنی ئۆجەلان و هاتنی بۆ ڕۆما ڕووداوێك بوو كە لایەنی سیاسی — دیپلۆماسی بە زەرورەت بەهێزی كرد بە ڕادەیەك كە ئۆجەلان هەر لە ڕۆماوە باسی فڕێدانی چەكی كرد.

(٣)

بابەتی وازهێنان لە خەباتی چەكداری گرنگییەكی تایبەتی وەردەگرێ لەم وتارەدا. پێشەكی باشترە ئەوە بڵێم كە من بە گشتی هەڵوێستێكی ڕەخنەگرانەم بوو بەرامبەر خەباتی چەكداری، لە وتارێكدا لە (گۆڤاری یەكگرتن، ژمارە ١٥، ١٩٩٢) بە شێوەیەكی فراوانتر تیشكم خستۆتە سەر بابەتی خەباتی چەكداری، یەكێ لەو مەسەلانەی كە دێنە پێشەوە ئەو پرسیارەیە: ئایا هێزێكی كوردی بۆ دەست دەكا بە خەباتی چەكداری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەكو بڵێی ئۆتۆماتیكییە: (دوژمن ناچاری كردووین كە دەست بدەینە چەك). هەڵبەتە ئەم شێوە وەڵامە زۆرجار بەكار هاتووە بۆ ڕەواییدان بە بەكارهێنانی چەك لە ململانێدا لەگەڵ ڕژێمی داگیركەردا. وا دەزانم ئەم شێوە وەڵامە لە دەمەتەقێی ڕەوایی یان ناڕەوایی چەكهەڵگرتن دەتوانێ پاساوێك بداتە دەست ئەوانەی كە بانگەشە بۆ خەباتی چەكداری دەكەن. بەڵام، لە لایەكی ترەوە، ئەم وەڵامە هەرگیز ناتوانێ خاڵە لاوازەكانی پرۆسەی خەباتی چەكداری بشارێتەوە كە لەوانە:

١) خەباتی چەكداری (ڕەوایی) دەدا بە دوژمن بۆ زێتر كاولكردنی كوردستان؛

٢) هەر ئەم پرۆسەی خەباتی چەكدارییە هۆیەكی هەرە گرنگە بۆ هاتنەكایەی تەبەعیەتی جووڵانەوە چەكدارییەكە لە هاوپەیمانیدا لەگەڵ

دوژمنێك یان چەند دوژمنێکی داگیرکەردا؛
٣) ئەم جۆرە خەباتە ڕێك ئەو شتەیە کە ڕژێمێکی فاشیست، شۆڤێنیست یا عەسکەرتاری پێویستییەتی بۆ ڕەواییدان بە سیاسەتی نادیموکراتییانەی و بەهێزکردنی جەمسەری سایکۆلۆژی نەتەوەی سەردەست، بەوەی کە ئەو جووڵانەوە چەکدارییە وەکو هەڕەشەیەکی فیزیکی و ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو دەوڵەتەی کە دەربڕی پرۆژەی سیاسی ئەم نەتەوە سەردەستەیە. لە ڕاستیشدا هەر ئەم توخمانەن بە تایبەت ژەنەراڵەکان کە ناخوازن کۆتایی بە شەڕ بێ لە تورکیا؛
٤) لە حاڵەتی جووڵانەوەی چەکداری پ.ك.ك.دا، تورکیا بە جوانی لەوەدا سەرکەوت کە هەرنەبێ پشتگیری جیهانی ڕۆژئاوا مسۆگەر بکا بۆ دژایەتیکردن و گەمارۆدانی دیپلۆماسییانەی ڕاپەڕینی چەکداری پ.ك.ك.، لە ڕێگەی ئەوەوە کە سیفەتی *تیرۆریزم* بخاتە پاڵ ئەو جووڵانەوەیە. سەرکەوتنی تورکیا لەم بوارەدا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە تورکیا ئەندامی ناتۆ بووە و بە گشتی لە جیهانی ڕۆژئاواوە نزیکە بەڵکو زێدەڕۆیی پ.ك.ك. خۆی لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ تا مەدەنییەکان و بگرە ساڵانی زوو ئەندامانی یاخیبووی (پ.ك.ك.)ەشی دەگرتەوە. هەڵبەتە پەیوەندی و هاوکاری سیاسی و ستراتیژی پ.ك.ك. لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی و ئایدیۆلۆژی خەباتیدا، بە هەندێ وڵات و هێزەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەرەی پشتگیری تیرۆریزم یان بە تیرۆریست ناسرابوون، ڕۆڵی نێگەتیڤی هەبوو لەم بوارەدا.

ئەم خاڵانەی سەرەوە، وەکو هەندێك لە خاڵە لاوازەکانی خەباتی چەکداری، لە هەمان کاتدا هۆکاریشن بۆ گەیشتنی خەباتی پ.ك.ك. بە تایبەتی چەکدارییەکەی بەم بنبەستەی کە پێی گەیشتووە. ئەم باسەی سەرەوە گرنگە بۆ چوونە ناو باسی دانانی چەك یاخود وازهێنان لە خەباتی چەکداری.

پێشەکی وا دەزانم لە نێوان هەڵگرتنی چەك و دواییش وازهێنان لە

خەباتی چەکداری لەیەکچوونێك هەیە بەو مانایەی کە دەکرێ هەنگاوەکان کاردانەوە و هەڵوێستی بە پەلە و دوور لە دیراسەتی قووڵ و فراوان بن و بە پێچەوانەشەوە دەکرێ هەنگاوەکان لە ئاکامی لێوردبوونەوە و دیراسەکردنەوە بهاوێژرێن. دیارە لەو حاڵەتەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین کە هی (پ.ك.ك.)ەیە بڕیار لەسەر هەڵگرتن و دانانی چەك زیاتر ڕەنگدانەوەی هەنگاوی بە پەلەن، کە زێتر خەسڵەتی کاردانەوە بە خۆوە دەگرن. وا دەزانم ئەم بۆچوونە لەمەڕ هەڵگرتنی چەك، لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە.

کە باس دێتە سەر بڕیاردان لەسەر وازهێنان لە چەك دیارە دیسان پەیوەندی بە بارودۆخێکی تایبەتییەوە هەیە کە پ.ك.ك. تێی کەوتووە، بە تایبەتی لە ئاکامی دەستگیرکردنی ئۆجەلان، بەو مانایەش کاردانەوە و بڕیارێکی ناسروشتییە. دیارە تا ڕادەیەکی زۆریش لەبەر ئەوەیە زۆر لایەن، بە تایبەتی ڕژێمی تورکیا، باوەڕیان وایە ئەم چەکدانانە بڕیارێکی ستراتیژی نییە و، لەبەر ئەوەش هەنگاوەکە جێی باوەڕی ڕژێمی تورکیا نییە.

بە باوەڕی من پرسیارەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئایا واز بهێنرێ لە خەباتی چەکداری یان نا، کە دەبووایە دەمێکە وازی لێبهێندرایە، بەڵکو پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەم وازهێنانە لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەل و هەمەلایەن دەدرێ وە ئایا هەنگاوەکە ستراتیژییە یان نا، ئەگەر نا، بۆچی؟ پرسیاری تر ئەوەیە ئایا ئەو کاتە گونجاوە (کە نە زوو بێ و نە درەنگ)، کە تیایدا جووڵانەوە واز لە خەباتی چەکداری بهێنێ؟ پرسیاری تر، ئایا دانانی چەك وەکو پەیامێکی سیاسی — دیپلۆماسی ئاراستەی کێ دەکرێ، ژەنەراڵەکان یاخود کۆمەڵگای جیهانی و بە تایبەتی جیهانی ڕۆژئاوا؟

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارانە و پرسیاری تریش لەم شێوەیە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرن. من وتارێکم لەم ڕۆژنامەیدا (*پەیام*، دیسەمبەری ۱۹۹۸) کە شەش مانگ بەر لە دەرپەڕاندنی ئۆجەلان (لە سوریا) نووسیبووم، بڵاو کردۆتەوە. ئەوەی لە وتارەکەدا هاتووە، کە ئەویش بانگەشەبوو بۆ وازهێنان لە شەڕی چەکداری، زووتر لە ساڵانی ۱۹۹۱ — ۱۹۹۲ وەکو بیر و بۆچوون دەرمبڕی بوو،

بەڵام ئەو کاتە پ.ک.ک. هەر بۆچوونێکی لەو جۆرەی بە توندی ڕەت دەکردەوە. زۆر بە کورتی جارێکی تر دەخوازم لێرەدا بڵێم کە فڕێدانی چەک، وەکو ئەڵتەرناتیڤێکی ستراتیژی نەک وەکو کاردانەوەیەك بە هۆی بارێکی تایبەتییەوە، لە کۆتایی هەشتاکاندا و هەرنەبێ لە سەرەتای نەوەدەکاندا بۆ پ.ک.ک. کاتی هاتبوو. دیسان دەڵێم دانانی چەك وەکو ئەڵتەرناتیڤی ستراتیژی لەسەر ئەو بنچینەیە دەکرا کە بە هۆی وازهێنانی پ.ک.ک. لە چەك:

١) ئەم جووڵانەوەیە خۆی ڕزگار بکا لە هاوپەیمانییەك کە لە ڕاستیدا میکانیزمێکی تەبەعیەتە بۆ دوژمنی (دەرەجە دوو) کە سوریایە؛

٢) دانانی چەك، دانانی سنوورێك دەبوو بۆ پرۆسەیماڵوێرانی و ڕاگواستن و ... هتد؛

٣) بە دانانی چەك ژەنەراڵەکان بێچەك دەکران و هەموو هێزی سەربازی تورکیا بێ مانا دەکرا و کارتی تیرۆریزمیش لە دەست شۆڤێنیستەکانی تورکیا دەردەهێنرا، بەم شێوەیە خەباتی کورد لە (سیفەتی) تیرۆریزم ڕزگار دەکرا، کە دەمێکە بەسەر خەباتی کورد لە باکووردا سەپێنراوە و بووەتە گرێ و بارگرانی. بە مانایەکی دیکە تورکیا دەخزێنرایە گۆشەیەکی تەسکەوە و لە ڕووی نێونەتەوەییەوە بە بێ کارتی (بەرگری) دەمایەوە؛

٤) ئەو گوڕانکارییە هەمەلایەنانەی کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بووەتە ڕاستییەکی سەر مەیدانی سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و ئیدی مەودای بە شێوە خەباتی چەکداری تەسکتر و تەسکتر کردۆتەوە و ڕێگەی خۆشتر کردووە بۆ خەباتی سیاسی کورد، بە تایبەت لە تورکیا.

ئەڵتەرناتیڤێکی ستراتیژی بۆ دانانی چەك دەبووایە ئەم خاڵانە و زۆر شتی تریشی بخستایەتە حسابەوە و بگاتە ئەو ئاکامەی کە هەرچەندە چرکەی یەکەمی چەکدانان دەبێتە هۆی دەربڕینی شێوەیەك لە هەستی سەرکەوتن لە لای ژەنەراڵەکان و فەرمانڕەوایانی ئەنقەرە، بەڵام لە مەودای

دووردا هەر ئەم چەکدانانە هۆکارێکە بۆ بێماناکردن و بە پەراوێزکردنی هێزە شەڕخوازەکان لە تورکیا.

بەو مانایە هەرچەندە بڕیاری دانانی چەك لە لایەن (پ.ك.ك.)ەوە زۆر درەنگ هات و بەسترابوو بە حاڵەتی بنبەست و شکست و تەنازولی سیاسییەوە لەمەڕ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەڵام دیسان بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی فڕێدانی چەك و گەڕان بە دوای ئەڵتەرناتیڤدا تاکە ڕێگەیە. لێرەوە دەخوازم بڵێم کە گەڕانەوەی پ.ك.ك. بۆ خەباتی چەکداری و پاشگەزبوونەوە لە دانانی چەك کارەساتێکی ئینسانی و سیاسی نەبێ هیچی تر نییە، چونکە خەباتە لە هەمان ژینگە و لە هەلومەرجەکانی پێشوودا و بە خاڵە لاوازەکانی پێشووەوە.

ترس و نیگەرانی من لە گەڕانەوە بۆ بازنەی پێشوو لە ئەو خاڵانەی خوارەوە پێهەڵدەگرێ:

١) دانانی چەك خۆئامادەکردنێکی دەروونی سیاسی پێویستە و پرۆسەی فێربوون و قەناعەتی کادر و چەکهەڵگرەکان دەخوازێ. چەك بۆ زۆر کەس فەلسەفە و قەناعەت و ناسنامەیە، هەڵگێڕانەوەی ئەم هاوکێشەیە و گۆڕینی مەسەلەیەکی قورسە و کات و ئامادەکاری دەوێت.

٢) ژەنەراڵەکان و هێزە شەڕخوازەکان دەخوازن شەڕ بەردەوام بێ. بۆ فاشیزم شەڕێکی سنووردار *زەرورەتە*؛

٣) هێزە ئیقلیمییەکان، بە تایبەت ئێران، ڕۆڵێکی خراپیان دەبێ و حەز دەکەن شەڕ و سەرئێشەیەك هەبێ بۆ تورکیا. ئەو ئیحتیماله لە حاڵەتی ئێراندا لەگەڵ بەهێزبوونی توندڕەوەکاندا لە بازنەی دەسەڵاتدا، بەهێزتر دەبێ؛

٤) نەفەسکورتی پ.ك.ك. و بە تایبەت هی سەرۆکەکەی، کە دەخوازن بەرهەمی دانانی چەك دەمودەست ببینن؛

٥) لەوانەیە ترسی پ.ك.ك.، لەوەی کە گرووپێکی لێ جیا ببێتەوە و بگەڕێتەوە سەر خەباتی چەکداری، وا بکا کە ئیدی تەواوی پ.ك.ك. لە بڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە، چونکە هەر گرووپێکی تر جیا بێتەوە لە

پ.ك.ك. و بەردەوام بێ لە خەباتی چەكداری و پشتگیری جەماوەریش بەدەست بهێنێ ئەوا پ.ك.ك. ڕەوایی سیاسی لەدەست دەدا. دیارە پ.ك.ك. لەبەر سروشتە ئایدیۆلۆژییەكەی و كولتوورە سیاسی و ڕێكخراوەییەكەی ڕێگە بە پێشووەچوونێكی ئاوها نادا!.

(٤)

هەر لەگەڵ دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا مەسەلەکان کەوتنە قۆناغێکی تازەوە: دژایەتییەكی توند لە نێوان ئەم ڕووداوە وەکو دەرفەت لە لایەك و وەکو بەردەوامی بۆ پرۆسەی شكست لە لایەكی تر. باوەڕی خۆم وا بوو كە ئۆجەلان فورسەتی هەبوو ببێ بە نیلسون ماندیلای كورد. دیارە كە ئەمە نەبوو بە ڕاستی هەرنەبێ دوو هۆی سەرەكی هەبوون:

١) ئۆجەلان هەموو هەوڵێكی خستە سەر خۆنەجاتدان لە مردن (سێدارەدان)؛

٢) لە ڕاستیدا ئۆجەلان هەڵوێستی سیاسی بەهێزتر بوو لەوەی خۆی تەقدیری دەكرد. بە مانایەكی تر ئۆجەلان، هەرنەبێ تا ماوەیەكی زۆریش دوای تێپەڕبوون بەسەر دەستگیربوونیدا، هەڵوێستی خۆی زۆر لاوازتر هەڵسەنگاندووە لەوەی كە لە ڕاستیدا هەبوو وە پێویست بوو ببینرێ. هەڵوێستی بەهێزی ئۆجەلانیش ڕێك دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی كە توركیا دیوارەكانی بەرامبەر ئەوروپا و جیهانی ڕۆژئاوا لە شووشەن و چی لەودیو ئەم دیوارە شووشەیەوە ڕوو دەدات دەبینرێ و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لێ وەردەگیرێ.

سەركردایەتی پ.ك.ك.، هەر زوو دوای گرتنی ئۆجەلان، بڕیارێكی پڕ لە جێگای خۆی دەركرد، ئەوەی كە پ.ك.ك. گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە نابێ كە لە لایەن ئۆجەلانەوە دەردەچن... دیارە هەر زوو ئەم سەركردایەتییە لەم بڕیارەی خۆی، لە پراكتیكدا، پاشگەز بووەوە. هەر زووش دەركەوت كە ئۆجەلان لە پەیوەندی و لە یەكگەیشتنێكی (پشت پەردە)ی چڕدایە لەگەڵ (توركەكان): بە كورتی هەر لایەنێك كۆمەڵێ كارتی لە دەستدا بوون كە

بەرامبەر یەکتر یاری پێ بکەن. یەکێ لەو ئاکامانەی کە لەم یارییە کەوتەوە ئەوە بوو کە سەرکردایەتی پ.ك.ك. بایدایەوە و نەك ئەم جارەیان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئۆجەلان بوون بەڵکو سەد لە سەد و بێ هیچ دواکەوتنێك ئەو فەرمانانەشیان جێبەجێ دەکرد. ئەم پێشووەچوونە جارێکی تر ئەوەی دەرخست کە پ.ك.ك. چەندە ڕێکخراوێکی مەرکەزییە. بە دەرەجەیەکی وا کە نەك هەر پ.ك.ك. گوێڕایەلی قسەکانی ئۆجەلانە بەڵکو ئامادەشە خۆیشی و نەتەوەی کوردیش بخاتە ئەو گرتووخانەی کە ئۆجەلانی تیایە... دیارە ساڵەهای ساڵە ئۆجەلان گەریلاکانی خۆی بەوە پەروەردە کردووە کە چۆن پێشبڕکێ بکەن لە مەیدانی قوربانیداندا بەڵام هاوتەریب هەموو توانایەکی خۆیشی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی کە چۆن، لەسەر حسێبی هەرچییەك بێ، خۆی نەبێتە قوربانی.

لە پرۆسەی گیران و دادگاییکردنی ئۆجەلاندا زۆر بابەت هەن پێویستیان بە لێکۆڵینەوە هەیە. بەڵام شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئۆجەلان لە ژێر دروشمی (*کۆماری دیموکراتیك*)دا دەخوازێ ئەوە ڕابگەیەنێ کە بە دیموکراتیبوونی تورکیا، کە لە چوارچێوەیدا کورد ماف بەکارهێنانی زمانی خۆی هەبێ و لە هەڵبژاردن و دامەزراوە ڕەسمییەکاندا بە یەکسانی بەشداری بکا، مەسەلەی کورد چارە دەکرێ. هەر لە ڕۆژی بانگەشەکردنەوە بۆ کۆماری دیموکراتیك، پ.ك.ك. بە شێوەیەك بەرگری لەم دروشمەی ئۆجەلان دەکا وەکو ئەوەی کە ساڵەهای ساڵ بێ پ.ك.ك. بۆ ئەم دروشمە خەباتی کردبێ و ئەم هەزاران کەسەی کە کوژراون، ئەو ملیۆنەها کەسەی کە ڕاگوێزراون لە پێناوی تورکیایەکی دیموکراتیکدا بووبێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە بە شێوەیەکی ناڕەخنەگرانە هەندێ نووسەر و ڕۆشنبیری کوردیش (بۆ نموونە: کەمال میراودەلی لە پرۆگرامی سەکۆی ئازادی میدیا تی ڤی ڕۆژی ۱۹۹۹/۹/۲۹) ئەم کۆماری دیموکراتیکە تیۆریزە دەکەن و بانگەشە بۆ قبووڵکردنی دەکەن. ئەز دەخوازم بەم شێوەی خوارەوە هەندێ بیر و بۆچوون دەربڕم لەمەڕ دروشمەکەی ئۆجەلان، کە کەمال میراودەلی پێی دەبێژێ *پەرەسترۆیکا* !:

١) تكايه خوێنەر چەوت لێم حاڵی نەبێ: سیستەمی دیموكراسی شێوەیەكی هەرە باشی ڕێكخستن و بەیەكەوە ژیانە، چونكە، وینستن چەرچڵ گوتەنی، لەو سیستەمە باشترمان نییە. بەڵام بە زۆر لێكۆڵینەوەی زانستی سەلمێندراوە كە بۆچوونی لیبرالی (كە گوایە پێشكەوتنی كۆمەڵ بە ڕەوتێكی مۆدێرن—لیبرال—دیموكراتدا چارەی ململانێ ئیتنیكییەكان دەكا) بۆچوونێكی چەوتە. لە جیهانی ڕۆژئاوادا، كە وڵاتەكانی پێشكەوتووترین سیستەمە دیموكراسییەكانی جیهان پێك دەهێنن، تا ئێستا ژمارەیەكی زۆر لە ململانێی ئیتنیكی—نەتەوەیی یان بێ چارەسەر ماونەتەوە یان نیوەناچڵ چارە كراون، هەندێك لەو ململانێیانە شێوازی خوێناویشیان بەخۆوە گرتووە. بەریتانیا كۆنترین سیتەمی دیموكراسی جیهانە، كەچی تا دوێنێییەكی زۆر نزیك نەك هەر بە میكانیزمی دیموكراسی نەیتوانی مەسەلەی ئیرلاند چارە بكا، بەڵكو ململانێكە دەربڕینێكی خوێناویشی بەخۆوە گرتبوو. هەندێ نموونەی تریش وەكو مەسەلەی باسك لە ئیسپانیا و كیوبك لە كەنەدا و ... تاد، نموونەی زیندوون كە بە مۆدێرنكردن و دیموكراسی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی ناكرێن !؛

٢) مەسەلەی نەتەوەیی بەر لە هەر شتێ پرسێكە كە ڕێك ئیرادەی سیاسی نەتەوەیی كاكڵ و بنچینەیەتی. هەتا ئەگەر لە فەرزێكدا سیستەمێكی دیموكراسیش لە توركیا بەدەست بێت، كە بەدەستهاتنیشی لەبەر هەندێ هۆی مێژوویی و سیاسی و كولتووری زۆر توانا و كات دەخوازێ، دیسان كورد هەر بە كەمایەتی دەمێنێتەوە، سیستەمی دیموكراسیش هی زۆربەیە جا با ئەو زۆربەیە (٥١٪)یش بێ. كورد لە باشترین حاڵەتدا لە سایەی سیستەمێكی دیموكراسیدا ژمارەیەك ئەندامی پەرلەمانی دەبێ و حوكمی شارەوانییە كوردییەكان دەكات و (...) كە ئەمەش لە مەسەلە چارەنووسازەكاندا ناتوانێ زۆر شت بگۆڕێ. لە تەمەنی كۆماری توركیادا هەرنەبێ ٥٠ ساڵە سیستەمی فرەحزبی هەیە، بەڵام بەشی كوردستان لەو ٥٠ ساڵە و ساڵانی پێشتریش لە مامەڵەكردنی كۆلۆنییەك زۆر خراپتر بووە. لە ڕاستیدا توركیا یەكەم وڵاتی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە هەر لە سییەکانەوە دەستی کردوە بە پێشخستنی پیشەسازی قورس، بەڵام دوای نزیکەی ٨٠ ساڵ لە تەمەنی کۆماری تورکیا تا ئێستاش لە تەواوی باکووری کوردستاندا هیچ شوێنەوارێکی پیشەسازی قورس نییە. لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٤٥ کە گەرمترین ساڵانی مۆدێرنکردنی تورکیان، لەم هەموو ساڵانەدا هیچ شێوە وەبەرهێنان، نە پیشەسازی و نە کشتوکاڵی، لە باکووری کوردستان نەکراون. بە پێی ڕاپۆرتێکی تورکی (١٩٩٨ بڵاو بۆتەوە) ئەفریقا و ئەوروپا لە تورکیا دەگەنە یەك: ئەفریقیا بەشە کوردی و ڕۆژهەڵاتەکەیە و ئەوروپاش بەشە ڕۆژئاواکەیە، بە تایبەتی بەشە هەرە رۆژئاواکەی. ئەم ڕاپۆرتە لەسەر توێژینەوەیەکی (هەموو لایەنەکانی ژیان) بنیاتنراوە کە لە لایەن پرۆژەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNDP) ساڵی ١٩٩٨ ئەنجام دراوە. دیسان بە پێی توێژینەوەیەکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەموو ساڵێ بڵاو دەبێتەوە (کورتکراوەکەی HDI)، لە ساڵی ١٩٩٨دا تورکیا ٨٦هەمین دەوڵەت بوو لەمەڕ بەدەستهێنانی ڕادەی پێشووەچوونی ئینسانی لە ڕووی چۆنێتی و چەندایەتییەوە. پرس ئەوەیە ئایا کە تورکیا پێشکەوتووترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت (جگە لە ئیسرائیل) ئایا بۆ لە کۆی ١٧٤ وڵات جێگەی (٨٦)ەکەی بەرکەوێ: وەڵامەکەی، بەڵێ لەبەر ئەوەی بەشێك لەم وڵاتە (کە بەشە کوردییەکەیە) هێشتا، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری چۆنێتی و چەندایەتی ژیانەوە، هەر ئەفریقایە. ئەگەرنا گەر تەنیا بەشە پێشکەوتووەکەی (تورکییەکەی) تورکیا حیساب بکرایە ئەوا ئەو بەشە هەرنەبێ جێگەیەکی لە دەوروبەری پلەی ٣٠ لە کۆی ١٧٤ دەست دەکەوت. لەمەش زیاتر بە پێی ڕاپۆرتێکی حزبی فەزیلە کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٩ دراوەتە پەرلەمان، ئاستی داهاتی خێزانێك لە ناوچە کوردییەکان ١٠٪ی داهاتی خێزانێکە لە ڕۆژئاوای تورکیا. حزبی فەزیلە بە پێی ئەو ڕاپۆرتە داوا دەکا کە (خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا) بە شێوەیەکی ڕەسمی وەکو ناوچەی کاریسە (disaster area) ڕابگەیەندرێ.

ئەوانەی سەرەوە بەشێکی زۆر کەمن لەو ڕاستییانەی کە باری کورد لە تورکیا دەردەخەن جگە لەو هەموو شتانەی کە هەموومان وەك کورد دەیزانین... تورکیا لە باری سیاسەتی ڕەگەزپەرستی ("**apartheid**")، لە هەندێ لایەن، لە سیستەمی کۆنی ئەفریقای خوارووشی تێپەڕ کردووە. دەبێ هەر لەبەر ئەوەش بێ نیلسۆن مەندیلا ڕەفزی ئەوەی کرد خەڵاتی (ئەتاتورك)، لە ناوەراستی نەوەدەکان، وەربگرێ.

ئۆجەلان دەیتوانی لە بەرگرییەکەیدا هەرنەبێ بەشێك لەم وێنە تاریکەی ژیانی کورد لە تورکیادا بخاتە ڕوو. مرۆ دەتوانێ بە ئاسانی بڵێ و ئۆجەلانیش دەیتوانی بڵێ، کە ئایا ساڵەهای ساڵە تورکیا کوردەکان بە جوداخواز لەقەڵەم دەدا ئەی تورکیا خۆی چ شتێکی باشی بۆ کوردەکان ئەنجام داوە بۆ ئەوەی ئەو کوردانە جیاخواز نەبن؟ ئایا تورکیا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردستان وەکو بەشێکی لە جیا جیاتر نەکردووە؟ ئەگەر تورکیا نزیکەی ٨٠ ساڵە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورددا کردبێ، ئایا ئەم وڵاتە هیچ شێوە ڕەواییەکی ئەوەی هەیە کە کوردستان پارچەیەك بێ لێی؟؛
٣) بەدەستهاتنی سیستەمێکی دیموکراسی (*کۆماری دیموکراسی*) لە تورکیا دەتوانێ شتێکی تیا بێ بۆ کورد کە ئەویش بەردەوامی داگیرکردنە: دوێنێ بە زەبری ئاگر و ئاسن، ئەمڕۆ بە بانگەشە بۆ کۆماری دیموکراتیك و سبەینێیش لە ژێر (شەرعیەتی دیموکراتیدا).

### دەرەنجام

تەفسیرکردنی دەرکردنی ئۆجەلان لە سوریا بە شێوەیەکی چەوت بە بەکارهێنانی چمکی پیلان (کۆمپلۆ) نەك هەر یارمەتیدەرێکی پۆزەتیڤانە نییە بۆ تێگەیشتنی ڕووداوەکان، بەڵکو بگرە ڕێگەگریشە لە بەردەم تێگەیشتنی مەنتیقی و مەعقولی ڕووداوەکان. ئۆجەلان و پ.ك.ك. بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕژێمی سوریا کەوتنە ناو بازنەیەك کە ڕێك لە هی هاوپەیمانییەکەی جووڵانەوەی ئەیلولی باشووری کوردستان (١٩٦١ – ١٩٧٥)

لەگەڵ ئێران دەچوو. بەو پێیەش ئەو ئاکامەی ئۆجەلان و پ.ك.ك. پێی گەیشتن نەك هەر سەیر نەبوو، بەڵکو *سروشتی* و *چاوەڕوانکراویش* بوو.

دیسان ڕووداوەکان وایان دەرخست کە پ.ك.ك. خۆی لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی و جوگرافیای سیاسی حەشار دابوو کە بە ئاکام زیانبەخش بوو بۆ خۆی و دەشکرا زۆر زووتر خۆی لەم چوارچێوەیە ڕزگار بکردایە.

بە دەستگیربوونی ئۆجەلان، پرۆسەی شکست مەدایەکی تازەی وەرگرت کە نەك ئەم پرۆسەیە دەربڕی بێماناکردنی ئەو هەموو قوربانییەی کە ساڵانێکە دەدرێن لە باکووری کوردستان، بەڵکو شکستەکە مۆرکی نێگەتیڤیش بە توندی دەخاتە سەر داهاتووی دۆزی کورد، بە تایبەتی لە باکووری کوردستان.

ئۆجەلان بە ئیعترافەکانی و زۆر لە ڕاگەیاندنەکانی دوو جەزرەبەی داوە لە مەسەلەی کورد. یەکێکیان لە مێژووەکەی و ئەوی دیکەشیان لە داهاتووە سیاسیەکەی مەسەلەکە. وازهێنان لە خەباتی چەکداری نابێ بڕیاری شەو و ڕۆژێك بێ، ئەگەر ئاوهاشی لێهات ئەوا نابێتە ڕووداوێکی پۆزەتیڤانە لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا، بەڵکو دەکرێ بە نێگەتیڤیش بگەڕێتەوە. چەکدانان دەبێ بەر لە هەموو شتێ دەربڕێکی گۆڕانی ئایدیۆلۆژی و کولتووری و سیاسی و هەندێ حیسابی ستراتیژی بێ. هەروەکو چۆن خۆئامادەکردن لەو ڕووانەی سەرەوە وەخت و کۆششی پێویستە هەروەها لە ڕووی نەفسیشەوە وەخت و کۆششی زۆری دەوێ. بەدەستهێنانی بەرهەمە پۆزەتیڤەکانی چەکدانانیش دیسان کات و لەخۆبووردنی زۆری دەوێ. دیارە بڕیاری چەکدانانی پ.ك.ك. تا ڕادەیەکی زۆر کتوپڕ بوو، لەبەر ئەوەشە سەرکردایەتی پ.ك.ك. و بە تایبەت ئۆجەلان بەرهەمی کۆنکرێتی بە پەلەی ئەم هەنگاوەیان دەوێ. دیارە مەسەلەکانیش لەوە ئاڵۆزترن کە بە زوویی بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ئەم چەکدانانە ببینین. ئەگەر ئەسلەن بیشیبینین. یاخود بگەڕێنەوە بۆ بازنەی پێشوویان !

بە باوەڕی من کاتی ئەوە هاتووە کە کورد بە جیددی ئەو تێزە

(بەڵگەنەویستە) کە (بەڵێ دیموکراسی مەسەلەی نەتەوەیی چارە دەکا) بخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و ڕەدی بکاتەوە. دیموکراسی سیستەمێکە دەبێ خەباتی بۆ بکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا یەك دانە نموونەش نییە لە جیهاندا سەلماندبێتی کە بە دیموکراسی مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر کرابێ... لە حاڵەتی باکووری کوردستان و پرۆژە ئاشتییەکەی ئۆجەلاندا کە کۆماری دیموکراتیکە، لە باشترین حاڵەتدا گۆڕینی داگیرکردنی باکووری کوردستان لە (رەوایی عەسکەریی)یەوە دەگۆڕدرێ بە (رەوایی دیموکراسی). لە باری ئابووری تورکیادا کە ئەمڕۆ ١٠٠ ملیار دۆلار قەرزی دەرەوە و ٤٠ ملیاریش قەرزی ناوەوەی هەیە کەی دەتوانێ و ئەگەر بشتوانێ کەی دەخوازێ ملیارەها دۆلار لە کوردستاندا سەرف بکا بۆ پێشکەوتنی کوردستان تا لە ئەفریقاوە بیگەیەنێتە ئەوروپا؟ لە ژێر سێبەری ڕەوایی دیموکراسیدا نەك هەر کاربەدەستانی تورك باکیان لە پێشخستنی کوردستان نابێ، بەڵکو مژینی سەرچاوە و سامانی کوردستان میکانیزمی پەیوەندییەکان دەبێ.

کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی (**internal colonialism**) دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییانەیە لەسەر پەیوەندییەکانی سکۆتلاند و بەریتانیا (ساڵانی ١٥٣٦ — ١٩٦٦). ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەردەخا، کە دوای سەدان ساڵ لە سیستەمی پەرلەمانی لە بەریتانیا و گەیشتنی ئەو دیموکراسییە بە سکۆتلاندیش، هێشتا پەیوەندییەکان (لە نێوان بەریتانیا و سکۆتلاند) هەر بە چمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی ناو دەبرێن. ئەی باشە بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری کوردستان چی بووترێ؟

# شەڕی خۆکوژی لە کوردستانی باشووری کوردستان و چەند تێبینییەك

**ڕۆژنامەی *هەنگاو* ژمارە١٢، دیسامبەری ١٩٩٤**

دوابەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە مایسی ١٩٩٢دا و دوای ئەمیش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، میکانیزمی سیاسی لە کوردستان لە شێوەی پەیوەندییەکی سێگۆشەیی پێك دەهات کە سەرێکیان مەسەلەی دیموکراسی، سەری دووهەمیان حزبە سیاسییەکان و سەری سێهەمیان دامەزراندن و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بوو. لە کاتێکدا کە دەبوایە حزبە سیاسییەکان بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بوونایە و ئامرازێك بوونایە بۆ پتەوکردنی ڕەوتی دیموکراسی و پاراستنی پرنسیپە بنچینەییەکانی، کەچی بە پێچەوانەوە چ پرۆسەی دیموکراسی و چ دامەزراوەکانی دەوڵەت کران بە ئامرازی دوو حزبە خاوەن هێز و دەسەڵاتەکە، واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو. نەك تەنها حزب و بەرژەوەندییە تەسکەکانیان لە سەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بوون بەڵکو حزب خۆی دەزگای دەوڵەت بوو، مەسەلەی دیموکراسیش دەرکەوت کە تا ڕادەیەکی زۆر تەنها ڕووکەشێك بوو کەچی مەسەلە بنچینەییەکە پاراستنی

بەرژەوەندییە حزبییەکان بوو. لێرەوە تا ڕادەیەکی زۆر تاقیکردنەوە بەناو دیموکراتییە گەلییەکان، کە کەم یان زۆر تاقیکردنەوەی وڵاتانی بەناو سۆسیالیست بوون، دووپات کرانەوە.

ئەم دوو حزبە سەرەکییە خاوەن دەسەڵاتە وایان دەزانی کەوا مەسەلەی گواستنەوەی خەباتی شاخ بۆ شار و گۆڕینی لە جووڵانەوەیەکەوە کە کەم یا زۆر *دژی دەوڵەت* بووە بەردەوام کاری دەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، بۆ جووڵانەوەیەك کە کار بکا بۆ دامەزراندنی دامودەزگای دەوڵەت و پێنانە ناو پرۆسەی دیموکراسی. وا دەزانرا کە عەقڵییەتی شاخ دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی فیکری بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و چەسپاندنی حوکمی یاسا. لێرەدا وا دەزانین بەشێکی گرنگ لە بنەمای ئەم عەقڵیەتە لە ڕاستیدا پێڕوانین و هەڵسوکەوت و بیر و بۆچوونی سەرکردەکانە لە کاتێکدا بەشێکی زۆریان تەنانەت لە ڕێگای هۆبەوە (ئارەزووەوە) سیاسەتیان کردووە بە پیشەیان، لە جیهانێکی دەوروبەر تەسکدا پێگەیشتوون، لە ناو میکانیزمی خەباتی شاخدا سیاسەتیان کردووە و هەر دەرسێکی سیاسەت بۆ ئەوان زۆر جار ئەنجامی پەنجە سووتانی میللەتەکەمان بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەردەبڕن کە سەریان لە هەر بابەتێك دەردەچێ و چارەی هەر گیروگرفتێکیان پێیە. هیچ جاریش وەڵامیان بۆ پرسیار (نازانم) نییە ! پرسکردن لای ئەم شێوە سەرکردەیە (عەیبە) و نوقسانییەکی گەورەیە. لە جیهانی ئەم شێوە سەرکردەیەدا پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان زۆرجار وەکو پەیوەندی نێوان چەند خێڵێك دەبینرێ و، یا هەندێ پرنسیپی گشتی وەکو فروفێڵ بنچینە و میکانیزمی هەرە گرنگیەتی. لە جیهانی ئەم سەرکردەیەدا جێگەی ڕاوێژکردن و گوێ لە ڕای دووەم گرتن نابێتەوە، گەر جاروباریش پرس بکەن، یا ئەوەتا بۆ جوانییە یا ڕاوێژی ئەو کەسەی پرسی پێکراوە نرخی بۆ دانانرێ. ئایا بۆچی گەلێکی وەکو فەلەستینییەکان، کە ڕادەی خوێندەواری لە ناویاندا لە هەموو وڵاتانی عەرەبی زیاترە و ڕادەی هوشیاری سیاسی لە ناویاندا گەلێ بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ گەلانی عەرەب و

خاوەنی ڕێکخراوێکی بەهێزی یەکگرتوون کە ئەمیش لە زووەوە زۆر کاروباری ڕاپەڕاندوون کە ڕاستییەکی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت بوون. کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستیانەشدا ئەمڕۆ فەڵەستینییەکان، دوای ڕێکەوتنی (ئۆتۆنۆمی) لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا (ڕێکەوتنی ئۆسلۆ ١٩٩٣)، دەمەتەقێ و مشتومڕێکی گەرمیانە دەربارەی شێوە و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی. دەنگێکی یەکجار بەهێزی ناو ڕیزەکانی ڕووناکبیر و پسپۆڕەکانی فەلەستینی دەربڕی ئەو باوەڕەیە کەوا ئەوانەی تا دوێنێ جڵەوی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینیان ڕادەکێشا و سەرکردایەتییان دەکرد ئیدی ناتوانن لە هەلومەرجی تازەدا، واتە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگای دەوڵەتدا هەمان توانا بنوێنن. لە لایەکی ترەوە ئەمجۆرە مشتومڕەش بەگەرمی نەکەوتۆتە ناو گەلی کوردەوە لە کوردستانی باشووردا، بە پەیوەندی لەگەڵ تاقیکردنەوەك لە بەڕێوەبردنی جێگای سەرسووڕمانە، سەرکردەکانمان، جیا نین لە سەرکردەی گەلانی تر، موعجیزە نین کە بتوانن لە هەموو هەلومەرجێکی مێژووییدا و بە هەمان توانا سەرکردایەتی گەل بکەن و پێداویستەکانی کاری سیاسی شارەزایانە و سەرکەوتووانە بەجێ بگەیەنن. لە تاقبکردنەوەی کوردستانی باشووردا نەوەك هەر سەرکردەکانمان بە پێی پێویست ژیر و شارەزا نین، بەڵکو لەمەش زیاتر قبووڵیان نەبووە کە شێوازی ڕاوێژکاری وەکو شتێکی پێویست بکەن بە یەکێ لە پێویستییەکانی کاری سیاسی ڕۆژانەیان. بە ڕاستی خەڵکی بۆی هەیە پرسیار بکات کە ئایا گەر حکومەت و پەرلەمان هەن ڕۆلی یاسایی مام جەلال و کاك مەسعود چییە؟ بۆچی ئەمان لە سەرەوەی قانون و پەرلەمان و حکومەت بن؟

لە کاتێکدا ئەم ڕاستییە ناشاردرێتەوە کە بارودۆخی کوردستانی باشوور چەندی بڵێی تایبەتە و پێویستی بە کۆکردنەوەی زۆرترین و فراوانترین تواناکانە و حکومەتی کوردستان وەك حکومەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناتوانێ مامەڵە بکات، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە ئەم دوو سەرکردەیە دەتوانن هەموو شتێ بن. لەگەڵ ئەم چەند تێبینییەی سەرەوە دەربارەی

هەندێ لایەنی کەسایەتی سایکۆلۆژی و کولتووری سیاسی سەرکردەکانمان دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەشێکی زۆر لە سەرنەکەوتنی تاقیکردنەوەی باشووری کوردستان ئیفلیج (شەلەل)بوونی میکانیزمی سیاسی بارودۆخی ململانێ و نامۆیی (غیاب)ی دەسەڵاتی (فعلی) پەرلەمان و حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوت و شێوەی بیرکردنەوەی ئەم دوو سەرکردەیە. لە ڕاستیشدا زۆر جار وا دێتە بەرچاو کە ئەم دوو بەڕێزە شانۆگەری یاری دەکەن نەوەك سیاسەت دەکەن لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی بەرزی جەماوەر. لەم شانۆگەریەدا هەندێ جاریش ئەوەی تریان نووسەرە و ئەمیان دەرهێنەر. لە لای خەڵکی شانۆگەری لەسەر شانۆ دەکرێ کەچی لە لای ئێمە شانۆگەری لەسەر زەمینەی واقیع پێشکەش دەکرێ و پەردەکانی شانۆش لە ئەژمار نایەن. لە ڕاستیدا جێگای سەرسووڕمانە کە سەرکردەیەك بۆ ماوەی سی (٣٠) ساڵ زیاترە لەگەڵ عەقڵیەتی براکوژیدا، نەوەك هەر ژیابێ، بەڵکو پێی پەروەردەی سیاسی کرابێ و لەمەش زیاتر بە گیانی براکوژیش پەروەردەی خەڵکی دەوروبەری خۆی کردبێ بتوانێ ڕۆژێك لە ڕۆژان پاپۆڕی گەل بەرەو قەراغی ئاسایش ببات. لە وڵاتانی بەڕاست دیموکراسی وەزیرێك یا سەرەك حزبێك تەنانەت لەسەر نووسینی نامەیەکی نەگونجاو یا دانی ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەگەری نەگونجاو زۆر بە ئاسانی واز لە کاری خۆی دەهێنێ و نەگونجاوی خۆی بەرامبەر کارەکەی بۆ تەواوی خەڵك دیار دەکات. سەرکردەی کورد سەرکردەی هەرەسی ١٩٧٥ بوون، هی ماچکردنی دیکتاتۆر بوون، هی خۆڕانەگرتن بوون بەرامبەر هێرشەکەی سوپای ڕماوی سەدام کە تیایدا ڕاپەڕینە گەلییەکەی کوردستانی باشوور تێکشکا، هی براکوژی بوون و هی شاگردیکردن بوون بۆ ڕژێمە هەرە بۆگەنەکان، ئەم سەرکردایەتییە چۆن دەتوانێ سەرکردەی ئازادی و مافی مرۆڤ و بیناکردنی پرۆسەی دیموکراسی بێ؟ سەرکردەکانمان بە ڕادەی یەکەم هەردوو (سەرۆك) دوای ئەم براکوژییەی دوایی، کە نەوەك براکوژی بوو بەڵکو خۆکوژی بوو، گەلکوژی بوو، پڕکردنەوەی لاپەڕەیەکی ڕەش بوو لە مێژووی گەلی کورد و کوشتنی

تاقیکردنەوەیەك و دەرفەتێکی مێژوویی زێڕین بوو، ئەوا دەبێ هەرنەبێ بۆ یەکجار لە مێژووی ئەم سەرکردانەدا واز لە لێپرسراوێتی بهێنن. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەم دوو سەرۆکە بە تەواویش واز نەهێنن و نەگونجاوی خۆیان تا ئەبەد بۆ خەڵك رانەگەیێنن، بۆ هەرنەبێ وەکو جەمال عەبدولناسر (کە دوابەدوای هەرەسی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە شەڕی حوزەیران ١٩٦٧دا داوای وازهێنانی کرد)، بۆ هەرنەبێ گەر بۆ دوو سێ ڕۆژیش بێ واز نەهێنن؟... ئەگەر بۆ شانۆگەریش بێت، بۆ نا؟

مەسەلەیەکی گرنگ کە لە ئاکامی ئەم شەڕی خۆکوژییەی ئەم دواییەدا ڕوون بۆتەوە، مەسەلەی بەکارهێنانی *زەبر* لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەر، لەگەڵ دەوروپشت، لەگەڵ بگرە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، لە بەرامبەر هاوپەیمان لە کاری سیاسیدا و هەتا بگرە لەگەڵ پیادەکردنی پرنسیپەکانی بەناو دیموکراسی و مافی مرۆڤیش. لێرەدا گرنگە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کەوا بەکارهێنانی زەبر و هەڕەشەکردن و بەهێز بیروڕا سەپاندن، بەردەوامییە یا هەرنەبێ ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بەکارهێنانی چەکە لە پرۆسەی خەباتی نەتەوایەتی کورددا، واتە خەباتی چەکداری. لە لایەکی تریشەوە بەکارهێنانی چەك لە تاقیکردنەوەی خەباتی نەتەوایەتی کورددا نابێ تەنها وەکو دەربڕێکی فیزیکی یاخود ماددی بۆ کاری سیاسی یا ئامراز بۆ وەدەستهێنانی هەندێ ئامانجی سیاسی تەماشا بکرێ، بەڵکو لە لای کورد هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەك تێکەڵاوییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ لایەنە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی سایکۆلۆژی تاقەکەسدا هەبووە. کۆمەڵگای کوردەواری، چونکە کەم یا زۆر کۆمەڵگایەکی باوك سالاری بووە و لەبەر ئەوەی چەمکەکانی پیاوەتی و ناپیاوەتی، بە غیرەت و بێ غیرەت ئازا و ترسنۆك بریتی بوون لە هەندێ بەهای سەرەکی لە پەیوەندییەکانی کەس لەگەڵ کەسێکی تر ئەوا لە هەردوو حاڵەتدا پیاوەتی و هێز شتی بنەڕەتی بوونە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا. ئێمە وا دەزانین خەباتی

چەکداری لەم ئاو وەهوا کولتووری و سایکۆلۆژییەدا لە کاتی خۆیدا بەرپا بووە و لە زۆر حاڵەتیشدا خەباتی چەکداری چ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەربڕی سیاسی—ڕێکخراوەیی ئەم هەواوکەشە کولتووری و سایکۆلۆژییە بووە. لە ڕاستیشدا خەباتی چەکداری لە لایەکی تریشەوە بۆتە هۆکارێك بۆ نەك هەر مانەوەی ئەم لایەنە کولتووری و سایکۆلۆژییە، بەڵکو هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزبوونیشی. گرنگ وایە لۆژیکی هێز براگەورە بێت و چەکەکانیش نەوەستن: دوێنێ لە ڕووی دوژمن ئەمڕۆ لە ڕووی یەکتری...

بەکارهێنانی هێز لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدی، هەروەکو کۆمەڵگای کوردەواری، دەشێ دەربڕی پیاوەتی و مێرچاکی بێت بەڵام لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا کورتهێنانی فیکرە و کەمی حیکمەیە. زۆرجار لە کۆمەڵگای کوردەواریدا وەڵام نەدانەوەی زەبر بە زەبر، خۆلادان لە سەندنەوەی تۆڵە و خۆکێشانەوە لە ململانێیەك کە هێزی تێدا بەکارهێنرابێ ئەوا *ترسنۆکی* دەگەیەنێ.

لە لایەکی ترەوە لە تاقیکردنەوەیەکی سیاسی وەك ئەمڕۆی کوردستانی باشوور لۆژیکی بەیەکەوە ژیان ناکرێ تەواوکەری مەنتیقی هێز بێت. ئایا دەکرێ تاقیکردنەوەی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ بەردەوامی خەباتی چەکداری بێت و بە عەقلیەتی زەبر پیادە بکرێت؟ ئەگەر حزبە سیاسییەکانمان لە ئەمڕۆی کوردستانی باشوور بیانەوێ بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن ئەوا ئەمان لە تاقیکردنەوەی دیموکراسی لە جیهاندا تەنانەت شاز دەبن. دامەزراندنی دەوڵەت، حوکمی یاسا، چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ تەنها پرۆسەیەکی (مەدەنی)یە و هیچی تر. ئەوانەی کۆیلەی عەقلیەتی بەکارهێنانی زەبر و چەکن لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان، چ کەسێك بێت یا خێزانێك خێڵەکی بێ وەیا سیاسی، هیچ کاتێك ناتوانن ببن بە مایەی داهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی (civil society)، ڕاستییەکەی ئەوەیە کەوا ئەوانەی ئەم عەقلیەتی چەکە زاڵە بەسەر کاری سیاسییاندا هەرگیز ئەوە دەزانن کە بەرژەوەندییە

تایبەتییە تەسکەکانیان لەگەڵ بنیات نانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی یاسا دەکەونە مەترسییەوە و بەڵکو بە توندیش لێدەترسن. دیارە بەم مانایە پرۆسەی ڕووداوە گرێدراوەکان بە شەڕی خۆکوژییەوە بە هەموو شێوەکانی لە کوردستانی باشوور تەنها دەربڕی پێشبڕکێیەکی توندوتیژە لە نێوان کولتوور و سایکۆلۆژیا و پەروەردەکردن و سیاسەتی زەبر لە لایەك بەرامبەر بە سایکۆلۆژیا و کولتوور و پەروەردە و سیاسەتی بەمەدەنیکردن لە لایەکی ترەوە.

جا بۆ ئەوەی جارێکی تر و چەند جاری تریش دووچاری شەڕی براکوژی نەبینەوە چەند ڕاگەیاندنێکی هاوبەشی ڕۆژنامەنووسی، دەرکردنی چەند بەیاننامەیەك، چەند دانیشتنێکی پەرلەمان یا حکومەت، وەیا مورکردنی چەند پەیمانێك بەس نین. لە ڕاستیشدا لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتی، حەوت دانە پەیمان، ئەگەر زیاتریش نەبن، هەبوون لە نێوان ئەم دوو حزبەدا (پەیمانی بەرەی کوردستانی، پەیمانی دوو سەرۆك، پەیمانی دوو مەکتەبی سیاسی دوو حزبەکە و... هتد). ئێمە لێرەدا بەو ئاکامە گەیشتووین کە بۆ دووپات نەبوونەوەی شەڕی براکوژی و بەکارنەهێنانی زەبر، بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵەگایەکی مەدەنی ڕاستەقینە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کولتووری و سایکۆلۆژی و فێرکردن و پەروەردەی سیاسی پێویستە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا شۆڕشێك دەخوازێ لە کەسایەتی کۆمەڵ و کەسایەتی تاکەکەس، با ئەم شۆڕشە سپی بێ و لە هەموو لایەکەوە دەست پێ بکا... با باوەڕ بەوە بێنین کە پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ و پەیوەندییەکانی جیهانی ئەمڕۆمان لەسەر دوو وشەی پیاوەتی و ناپیاوەتی و ئازایەتی و ترسنۆکی بنیات نەنراوە. کە دەزانین بەکارهێنانی زەبر کورتبینی و کورتهێنانی فیکریە، با هەوڵ بدەین ئاسۆی فکرمان فراوانتر بکەین، لەو مەدا فراوانەدا چارە بۆ گیروگرفتەکانمان بدۆزینەوە، ئەگەر چارەش نەبوو با ئەو مەدایە فراوانتر و فراوانتر بکەین.

مەسەلەیەکی تری گرنگ لە باسی براکوژیدا (کە دەتوانرێ وەکو هۆیەك

بۆ ئەم شەڕی براکوژییە تەماشا بکرێ) مەسەلەی نەبوونی یا هەرنەبێ زۆر کزی و لاوازی چوارچێوەیەکی فراوانتر لە چوارچێوەی حزبایەتییە، کە ئەمیش چوارچێوەی *کوردایەتییە*. لە ڕاستیدا هەرچەندە لە سیاسەتی دیارکراوی ئەم دوو حزبەدا (پارتی و یەکێتی) مەسەلەی کوردایەتی بنچینەیەکی گرنگە، بەڵام پەیوەندی و هاوکاری نێوانی ئەم دوو حزبە ئەم ڕاستییەی نەسەلماندووە. هەرنەبێ گەر باسی ماوەی دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم بکەین تێبینی دەکرێ کە بەردەوام ئەم حزبە کاری کردووە بۆ خۆ بەهێزکردن لەسەر حیسابی حزبی تر یا بە پێچەوانەوە، وە بەهێزبوونی هەردووکیشیان هەردەم لەسەر حیسابی دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەت و بەرژەوەندی جەماوەر بووە. بە مانایەکی تر کاری سیاسەتی ئەم دوو حزبە نەوەك چوارچێوەی (حەوشی) کوردایەتی بەهێز و فراوانتر نەکردووە، بەڵکو ئەم حەوشە لە ناوەوە پارچە پارچە بووە و لە ڕووی دەریشەوە چەپەرەکەی بێهێز و ڕووخاوتر بووە. لێرەدا گەر کوردایەتی وەك چوارچێوەیەکی فکری نەتەوەیی تەماشا بکرێ و حکومەتی هەرێمیش وەکو دەسکەوتی مێژوویی خەباتی کوردایەتی، ئەوا دەتوانین بڵێین حکومەتی هەرێم ئەنجامی کۆکردنەوەیەکی ماتماتیکی نییە کە زێدە لە ڕادەی پێویست لە چەند وەزارەت و دائیرەیەك پێك هاتبێ بەڵکو کۆرپەی پرۆسە دوورودرێژەکەی کوردایەتییە. بە مانایەکی تر هەوڵدانی ئەم دوو حزبە بۆ بەهێزکردنی خۆیان لەسەر حیسابی بێهێزی پەرلەمان و حکومەت، لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی جەماوەر، گەر وردبینانە تەماشای بکەین ئەوا لەسەر حیسابی ئەم دوو حزبە خۆشی تەواو بووە. ئەم ململانێی خۆ بەهێزکردنە، بە کورتی *خۆکوژیش* بووە. بۆ نموونە لە پێشبڕکێکردنی ئەم دوو حزبە بۆ زێدەکردنی ژمارەی ئەندامان و دۆستانیان ئەوا بگرە پەنایان بردۆتە بەر کۆنە خۆفرۆش و هەلپەرست و گومانلێکراو... هتد. ئەمە پرۆسەیەکی *کوشندەیە*، *خۆکوژە*: بۆ نموونە لە کاتێکدا مامۆستایان لە کوردستان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن، باری ئابوورییان تا بڵێی خەراپە، دوو

حزبە دەسەڵاتدارەکە لە جیاتی پشتگرتن و یارمەتیدانی ئەم توێژە گرنگە، هەزاران و دە هەزاران کەس چەکدار دەکەن و موچەیەکی زۆر باشتریش لە هی مامۆستایانیان پێ دەدەن. لە لایەکەوە هاوارمانە ئابلۆقەمان لەسەرە و جەماوەر برسییەتی و کەچی لە لایەکی تریشەوە ئەم پرۆسەی چەکداریکردنە پیادە کراوە. ئەم چەکداریکردنە بۆچی؟ لە پێناوی کێدا؟ ئایا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی جەماوەر؟ بۆ ڕزگارکردنی شاری کەرکوك؟ یا بۆ خۆکوژی؟

ئەمەی لە کوردستان دەکرێ دابەشکردنی وڵاتی کورد و شەخسیەتی نەتەوەیی کوردە بەسەر (میرنشینی) پارتی و (میرنشینی) یەکێتیدا مەسەلەی گۆشەگیری و ناوچەگیرێتی زۆر تەسك لەم شەڕی براکوژییەی دواییدا دەرکەوت. ئێمەی کورد بۆچی گلەیی بکەین لە ڕژێمە داگیرکەرەکان کە کوردستانیان دابەش کردووە، ئەمجارە لە پرۆسەی شەڕی براکوژیدا کوردستانی باشوور چەقۆی دابەشکردنی لێ ڕاستکرایەوە، ئەگەر نەڵێین کرا. ئێمە لەو بڕوایەداین کە جووڵانەوەی (یا باشتر وایە بڵێین جووڵانەوەکانی ١٩٧٦)، کەم یا زۆر، لەسەر بنچینەی دابەشکردنی کوردستان بوو بۆ دوو ناوچەی چالاکی، هی پارتی و یەکێتی. وا دیارە تراژیدیای هەکاری لەسەر سنووری نێوان ئەم دوو ناوچەی چالاکییە ڕووی دا. کەچی ئەمڕۆ دابەشبوونی کوردستانی باشوور زۆر لایەنی قووڵ و ترسناکتر دەگرێتە خۆی. کەوا لەم شەڕی خۆکوژییەدا کوردایەتی و کەسایەتی نەتەوەیی کوردی یەکەم قۆچی قوربانی بوو. کوردایەتی کرا بە لاشەیەك و بەسەر ڕژێمە کوردکوژەکانی ناوچەکەدا بەش کرا. لە ساڵانی پێش پارتە سیاسییەکانمان یارمەتییان لە وڵاتێکی دوژمنی کورد وەرگرت دژ بە ڕژێمی بەغدا، کەچی لەم شەڕەدا پێشبڕکێ کرا لە نێوان حزبەکاندا بۆ ئەوەی هەریەکێ بە پێی توانا ڕژێمێك یا چەند ڕژێم بکێشێتە لای خۆی. وە تەنها مەرجێکیش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەوە بوو کە هەر حزبێ دەبێ کوردایەتی وەکو لاشەیەکی قوربانی، لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە تەسکەکانی، لەسەر مێزی

حوكمڕانانی ڕژێمە داگیرکەرەکان پێشکەش بکات...

لایەنێکی تری گرنگی ئەم شەڕی خۆکوژییەی کوردستانی باشوور ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە بخرێتە قاڵبی مێژوویی خۆیەوە، نەوەك بە پەیوەندی شاقوولی (عمودی) واتە لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو، بەڵکو بە پەیوەندییەکی ئاسۆیی (ئوفوقی) واتە لەگەڵ ڕووداوەکانی هاوچەرخی جیهاندا، وە یەکێ لە شێوەکانی ئەم (بە مێژوویی)کردنەش گرێدانی تاقیکردنەوە و ڕووداوەکانی کوردستانی باشوورە بە ئەوەی کە پێی دەگوترێ سیستەمی نوێی جیهانی. لە کاتێکدا دەزانین کە سیستەمی نوێی جیهانی وەکو شێوە و میکانیزمی پەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتان و شێوازی بنیاتنانەوەی هاوسەنگی هێز لە ئاستی جیهانییەوە، ئەمەش دوای هەڵوەشانەوەی سیستەمە کۆنەکە لەگەڵ لەناوچوونی ئۆردوگای سۆسیالیستی و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت. ئەوەی گرنگە لە باسکردنی سیستەمی نوێی جیهانیدا چەند شتێکە:

١) ئەم سیستەمە هێشتا بە تەواوەتی جێگای خۆی نەگرتووەی ماوەیەکی تریشی پێ دەچێ تا جێ دەگرێ؛

٢) هەلومەرجی ئێستای سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان هەندێ دەرفەت بە میللەتی کورد دەدەن بۆ باشتر و چالاکانەتر خۆنواندن لە مەیدانی سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتییدا. ئەگەر ئەم سیستەمە تازەیە جێ بگرێ و بنچینە سەرەکییەکانی دابمەزرێن بە بێ ئەوەی کورد توانیبێتی شتێ بە شتێ بکات و گۆڕانێك لە بەرژەوەندی جووڵانەوە نەتەوەییەکەیدا بەدەست بێنێت، ئەوا گەلی کورد بۆ جارێکی تریش، بەهەل لەدەستدان، دەبێ بۆ ماوەیەکی تر چاوەڕوان بکات تا جیهان جارێکی تر گۆڕانێکی بنەڕەتی تر بە خۆیەوە دەبینێ. ئەوەی ڕاستی بێت هەر لە کاتی دابەشکردنی کوردستانەوە بەر لە نزیکەی ٧ ساڵ تا ئێستا گەلی کورد چاوەڕوانی هەژانێکی بنەڕەتی دەکرد چ لە ڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چ لە ئاستی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم هەرێمە کە کوردستانی مەزن بەشێکی گرنگییەتی. لەگەڵ جەنگی کوەیت و تا ڕادەیەکی زۆر تێکشکاندنی

مەكینەی جەنگی دەوڵەتی عێراق (وەكو هۆكارێكی بنەڕەتی بۆ ئەو هەژانە مێژووییە) دەرفەتێكی بێ هاوتای بەخشی بە میللەتی كورد بە تایبەتی بۆ كوردستانی باشوور. ئەگەر مەسەلەی سیستەمی نوێی جیهانی ببەستینەوە بەم هەژانەی ئاماژەی بۆ كرا ئەوا دوو لایەنی دەرفەتی مێژووییمان بۆ دەردەكەون. لێرەدا دەبێ بگوترێ كە شەڕی براكوژی لە كوردستانی باشوور نەوەك هەر دەبێتە هۆی كوشتنی چەند كەسێك، ماڵوێرانی چەند خێزانێك، بەڵكو لە ڕاستیدا تەقاندنی هەر گوللەیەك لەم شەڕی خۆكوژیەدا گوللەنانە بەم هەل و بوارە مێژووییەوە كە هەفتا ساڵ زیاترە گەلی كورد چاوەڕوانی دەكات. بۆ ئەوەی گەلی كورد بتوانێ شتێ بەدەست بێنێت تەنها سیستەمی نوێی جیهانی و هەژانەكە (وەكو دەرفەت) بەس نییە. بەڵكو ئەم سیستەمە ئەو پێویستییە دەسەپێنێ كە جووڵانەوەی نەتەوەیی كورد نوێیی تێبكەوێ و هەندێ پرۆژە و بیری نوێتر بكەونە مەیدانی خەبات، پێویست بە كەسایەتییەكی نەتەوەیی نوێ دەكات و دەرفەتیش پێویست بە خەڵكانێكی بەتوانا و لەخۆبوورد و زۆر هۆشیار دەكات، خەڵكێكی دەوێ كە لە بیر و ڕەفتار و كرداری سیاسییاندا بەرژەوەندی جەماوەر سەرپشك و بنچینە بێت.

# کاتێك بەها نەتەوەییەکان دەبنە قوربانی

**ڕۆژنامەی *پەیام*   ژمارە ٢٧ و ٢٨، سپتەمبەر و ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠**

ئەم شەڕی براکوژی (خۆکوژی)یەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکەم ململانێی خوێناوی نییە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا و لەوە دەچێ ئاخریش نەبێت. هیواخواستن، کە ئەمە دوا ململانێی خوێناوی بێت، بەس نییە، ئەگەرچی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەم هیوایەی هەیە. لە ڕاستیدا لە تێڕوانینێکی لایەنە جۆراوجۆر و ئاڵۆزەکانی جووڵانەوەی سیاسی لە کوردستان و وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەدا لێیان، دەتوانین چەند هۆکارێکی هەرە گرنگ دەستنیشان بکەین بۆ شەڕی خۆکوژی، کە لەوە ناچن وا بە ئاسانی لەناو بچن:

١) کولتووری سیاسی کە تیایدا ململانێ و چەك لە یەکتر ڕاستکردنەوە باڵادەستە، نەك دیالۆگی ئارام و دیموکراسییانە؛

٢) ئەو پەیوەندییانەی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەیبەستن لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان؛

٣) باڵادەستی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و ناوچەگەری و نامۆیی بەها نەتەوەییەکان، لە بڕیار و هەڵسوکەوتی سیاسیدا. هەڵبەتە جگە لەمانە زۆر هۆکاری تریش هەن کە دەبێ لە هەر حاڵەتێکی تایبەتیدا دەستنیشان بکرێن.

لە میدیای (پ.ك.ك.)دا لە ماوەی دواییدا ئەوە بەرگوێ دەکەوێ کە گوایە یەکێتی نیشتمانی لە شەڕەکەیدا بەرامبەر پ.ك.ك. ئامرازێکی کاریگەری پیلانێکی نێونەتەوەیی و ئامرازی دەستی ڕژێمی تورکیایە، بۆیە یەکێتی ئەم شەڕە بۆ داگیرکەران دەکات. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەشەوە، یەکێتی وای لە خەڵك گەیاندووە کە پ.ك.ك. دەستدرێژکەرە و پێویستە لەسەری کە باشوور یان هەرنەبێ هەندێ لە ناوچەکان جێبهێڵێ. دیارە لەم شێوە ناساندنەیاندا، یەکێتی و پ.ك.ك. دەخوازن وا لە خەڵك بگەیەنن کە ئەم شەڕە دەکرێ بە ئاسانی بە چەمکی خێر و شەڕ یان دەستدرێژکەر لە لایەك و غەدرلێکراو لە لایەکی ترەوە ببینرێ، دیارە ئەم شێوە ناساندنەی هەردوو لایان، سادەیە و دوورە لە ڕاستی و هەرنەبێ خۆی لە لایەنی لێکدانەوەی بەرپرسیارانە و نەتەوەییانە لا دەدات.

لە بابەتی شەڕی براکوژیدا، دەبێ بەر لە هەرشتێ باس لە زیانە کوشندەکانی شەڕ بکرێ و بە ئاشکرا دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە ئەم جۆرە شەڕانە چەندە برینی ستراتیژی و ئایدیۆلۆژی کوشندە لە جەستەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردستاندا دروست دەکەن و چەندە زیانبەخشن بۆ کەسایەتی نەتەوەیی لە ڕووی ناوەوە و دەرەوەی ئەم کەسایەتییەدا. دەبێ هەر شەڕێکی نێوان هێزەکانی کوردستان ببنە هۆی ئەوەی کە هەرنەبێ ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی بیری نەتەوەیی بە هەندێ نیشانەی پرسیاری جددییەوە بێنە قسە.

هەندێ لەو پرسیارانە ئەوەن: ئایا گەر دوو هێز بانگەشەی نەتەوەییبوون و کوردستانیبوون و دیموکراسیبوون بکەن، چۆن دەبێ وا بە ئاسانی ئەم هەموو چوارچێوە و بەهایانە (نەتەوەیی و دیموکراسی و کوردستانی) تێکبشکێنن و وەکو دوو دوژمنی سەرسەخت بەرامبەر یەکتر

بجەنگن؟ چ یەکێتی و چ پ.ک.ک.، هیچیان لە سەد کەمتر بۆ خۆیان دانانێن، کە کاتێ باس دێتە سەر ئەم بەهایانە. بەڵام، لە لایێکی ترەوە، ئەوەی ڕاستی بێت لە ڕووی لێکۆڵینەوەی زانستی (مێژوویی – سیاسی)یەوە سەلمێنراوە کە دوو دانە سیستەمی دیموکراسی لە هیچ حاڵەتێکدا بەرامبەر یەکتر ناجەنگن و لە مێژووشدا ڕووی نەداوە.

یەکێتی نیشتمانی پێشەنگی مۆدێرنیزم و دیموکراسی بۆ خۆی قبووڵە، هەرنەبێ لە هاوکێشەی باشووردا، (پ.ک.ک.)ەش دەخوازێ ببێ بە داهێنەر و ئەستێرەی پرشنگدار لە پرۆسەیەکی بە دیموکراسیبووندا لە تورکیا، گەر وایە، چۆن دەبێ ئەم دوو هێزە بەرامبەر یەکتر بجەنگن؟ ئایا بۆچی پ.ک.ک. تا ساڵێك لەمەوبەریش وەك هێزێکی کوردستانی دەرەجە یەك هەڵسوکەوتی لەگەڵ یەکێتیدا دەکرد و لە پرۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی سەر بە خودی خۆی (پ.ك.ك.)، بە بەردی بناغەی دادەنا؟ دیارە بەرامبەر بەوەش یەکێتی تا دوێنێیەکی نزیك لە پەیوەندییەکی چڕ و خورتدا بوو لەگەڵ پ.ك.ك.، کەچی ئەمڕۆ دەبێ بە هێزی چەك باشوور بەجێبهێڵێ.

ئەوەی لەم شێوە هەڵسوکەوتە دەردەکەوێ، ئەوەیە کە بەڵێ بەها نەتەوەییەکان دروشمی کاتی و تاکتیك و ڕووکەشن و ئەوەی کە کاکڵی میکانیزم و پاڵپێوەنەرە، بەرژەوەندی تایبەت و هاوپەیمانی ئیقلیمییە لەگەڵ داگیرکەران و خۆگونجاندنە لەگەڵ نەخشەی ژیۆستراتیژی ناوچەکەدا، کە باڵادەست و براوە تیایدا، هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانن. . .

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستە ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی بیری نەتەوەیی بە کۆمەڵێ نیشانەی پرسیاری ڕەخنەگرانە و بوێرانەوە بێنە دەنگ، ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر ڕووی ڕاستییەکان و زامن دەبێ بۆ دووپات نەبوونەوەی شەڕی خۆکوژی.

مرۆ دەکرێ بپرسێ ئایا گەر پ.ك.ك. هاتۆتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئیدی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی تورکیایەکی یەکگرتوودا چارەسەر دەکرێت، بۆچی دروشمی بەشداریکردن لە ئیدارەی فیدراڵی باشووردا بەرز

دەكاتەوە؟ ئایا ئەمە دژایەتییەكی كوژەر نییە؟

ئایا یەكێتی كە تا دوێنێ لە هەوڵدانیدا بۆ جێپێلەقكردنی پارتی، پێویستی بە شێوە هاوئاهەنگییەك هەبوو لەگەڵ پ.ك.ك.، بۆچی ئەمڕۆ بۆ هەمان مەبەست لە توركیا نزیك دەبێتەوە و بەرامبەر پ.ك.ك. دەكەوێتە سەنگەری دوژمنایەتییەوە؟

## ئایا دەرفەت هەیە ئاشتیش خۆی تاقی بکاتەوە؟

**گفتوگۆی رۆژنامەی *پەیام* ژمارە ١٢، دیسەمبەری ١٩٩٨**

لە ١٩٩٨/٩/١٧دا بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتۆن ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان — یەکگرتوودا مۆر کرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە یەکێکە لەو ڕووداوە گرنگانەی دوای دامەزرانی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩١. گرنگییەکەی لە دوو ڕوانگەوە جێگەی باسە، یەکەمیان: پاش چوار ساڵ شەڕ و بەفیڕۆدانی ئیمکاناتی نەتەوایەتی و لەدەستدانی گەلێک دەرفەتی مێژوویی، پارتی دیموکراتی کوردستان — یەکگرتوو و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕوویان کردە شێوازی سیاسی و ناچەکداری بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خۆیان، واتە جارێکی دیکەش ئەزموون بۆ بەستی شەڕ و ئەقڵی شەڕخوازی سەلماندەوە. دووەمیان: بەشداری ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەو ڕووداوەدا، هەروەها دانی متمانەی بەو دوو هێزە بۆ یارمەتی بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە وڵاتدا. بەهەرحاڵ، بۆ بەڕێوەبردنی ئاشتی و چەسپاندنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن پێویستە جووڵانەوەی ئاشتی و هێز و زمانی ئاشتی

بێتە کایەوە، تاکو ڕێگە لە شەڕ بگیرێت و پاشەکشە بە هێزی شەڕ بدرێت. بۆ لێدوان و شیکردنەوەی ئەم ڕووداوە، هەروەها لێکدانەوەی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە و گیروگرفتی ناوەکی و دەرەکی لەسەر ڕێگای چەسپاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، سێ پرسیارمان ئاراستەی بورهان یاسین، پشکۆ نەجمەدین و کەریم حیسامی کرد.

١) ئەو ڕێککەوتننامەیە چۆن دەنرخێنن؟

٢) بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە چ کۆسپ و تەگەرەیەك لە بواری ناوخۆ و دەرەوەدا دەبینن؟

٣) چۆن بوو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان – یەکگرتوو گەیشتنە ئەو ئاکامە، کە گیروگرفتەکانیان لە ڕێگای وتووێژدا چارەسەر بکەن؟

وەڵام١/ ئەوەی لە واشنتۆن ئەنجام دراوە لە لایەن زۆر شارەزاوە وەکو ڕاگەیاندن (statement)ێکی هاوبەش دەبینرێت. بەهەرحاڵ، دەکرێت پێی بڵێین ڕاگەیاندن، یان ڕێککەوتن. بێگومان (ڕێککەوتنی واشنتۆن) سەرکەوتنێکە بۆ ئەزموونی کوردستانی باشوور، کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بەهۆی شەڕی خۆکوژییەوە ئیفلیج بووبوو و خەریك بوو زیندەبەچاڵ دەکرا. ناڵێم شەڕی ناوخۆ، چونکە هەڵوێستم هەیە، تەنانەت هەندێك پسپۆڕی بیانییش هەر ئەم چەمکەی خۆکوژی (suicide)یان بۆ ئەم شەڕە بەکار هێناوە. هەڵبەتە بەرقەراربوونی ئاشتی هیوایەکی تازە بە جەماوەری کوردستان دەبەخشێت، باوەڕبەخۆبوون و ئومێدێك بە دواڕۆژ بوونێکی پێ دەدات. لە ئاست (عێراقییەوە) ئەوا ئەو ئاشتییە بە پشتگیری و زەمانی ئیداری ئەمریکایی هۆیەك دەداتە سەرکردەی پارتی و یەکێتی، کە مەوقفیان بەهێزتر بێت، بەرامبەر بەغدا، هەرچەندە هەڵوێستە ئەسڵییەکە، کە بنچینەیەکی مێژوویی و سیاسی خۆی هەیە، واتە: نەپچڕانی پەیوەندییە لەگەڵ بەغداو بگرە تەئویلکردنە سەریەتی. لە ڕووی ئیقلیمییەوە ئەم

ئاشتییە، چونکە ڕۆڵی ئەمریکای تیادا زەق و ئاشکرایە، دیسان مەوقیفی کورد لە کوردستانی باشوور هەرنەبێت هەندێك بەهێزتر دەکات بەرامبەر ئەکتەرە ئیقلیمییەکان، وەکو تورکیا، ئێران و، سوریا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە پەیوەندی پارتی و یەکێتی بەو هێزانەوە کەم دەبێتەوە. هۆیەکی گرنگی تریش لە خەسڵەتی ئەم دوو حزبەدایە، کە ناتوانن بە بێ پارە و پشتگیری ئیقلیمی بژین. لە لایەکی ترەوە ڕاستە ئەم سێ دەوڵەتە دژی ئەزموونێکی سەرکەوتوون لە کوردستانی باشووردا، بەڵام هەر یەکێکیش لەم وڵاتانە بۆچوونی خۆی لەمەڕ مەسەلەی کورد و سیاسەتە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکانەوە هەیە. لە ئاستی نێونەتەوەییشەوە، ڕێککەوتنی واشنتۆن، ئینجا جێبەجێ بکرێت یان نا، هۆکارێکی گرنگە لە پرۆسەی بە نێونەتەوەییکردنی کێشەی کورد بە گشتی. لە ڕاستیدا (هۆکاری ئەمریکایی) لە کێشەی کورد لەم حاڵەتەدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لە جارانی پێشوو، بە تایبەتی لە کاتی حەفتاکاندا. پەیوەندییەکان زیاتر بە نهێنی و لە ڕێگای ئێرانەوە و لەسەر دەستی سێ ئای ئەی (CIA) بوون. کەچی ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا و لەسەر دەستی تەواوی ئیدارەی ئەمریکی و تێکەڵاوبوونی بوو. وا دەزانم لە ئاستی کوردستانی مەزندا و لە مەودایەکی دوور یان نزیکدا، ئیدی ئەمریکا ڕۆڵی زیاتری دەبێت لە کێشەی کورددا. ئیتر ئەوە دەکەوێتە سەر کورد خۆی چۆن دەتوانێت لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژ و کاری هاوبەش لەگەڵ ئەم ڕۆڵ و هۆکارەدا کار بکات. بەهەرحاڵ، وا دەزانم دوورخستنەوەی تورکیا (بە پێی هەندێ سەرچاوە بە ئانقەست لە لایەن کورد و ئەمریکاوە لەو پەیمانی ئاشتیە) مەسەلەیەکی گرنگ دەداتە دەستەوە: وا دەزانم لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا بەم کارە (چێلێکی موقەدەس) سەر بڕا، یان هەرنەبێت چەقۆی لێ ڕاست کرایەوە.

وەڵام٢/ هەڵبەتە ئەم ڕێککەوتنە زیاتر لایەنە ڕەسمییەکەی پێکهاتن وئاشتبوونەوە دەگرێتە خۆی. لایەنێکی تر، کە گرنگی لە لایەنە ڕەسمییەکە

کەمتر نییە ئەوەیە، کە ئەم ڕێککەوتنە پێویستە دەربڕی حاڵەتی باوەڕبەیەکترکردنی پارتی و یەکێتی بێت. بە مانایەکی تر کۆسپی هەرەگەورە لە ڕێگای جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنەدا باوەڕ بە یەکتر نەبوونە.

کۆسپێکی تر مەسەلەی دوو سیاسەتی جیایە، کە لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە زۆرجار (بگرە بەر لە داگیرسانی شەڕی خۆکوژیش) پیادە دەکرا. لە ڕووی مەسەلەی چارەنووسی کوردستانی باشوورەوە، پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا، پەیوەندییە کوردستانییەکان بە تایبەت لەگەڵ کوردستانی باکووردا و هەروەها لە سیاسەتە ئیقلیمییە نێونەتەوەییەکاندا. بۆ ئەوەی جیاوازی لە بیر و کاری سیاسی لەم ئاستانەدا نەبێتە هۆی گرژی لە نێوان ئەم دوو هێزە و نەبێتە تەگەرە لە ڕێگای ئاشتیدا، ئەوا پێویستە ئاستی لەیەکترگەیشتنی ئەم دوو هێزە لە ڕووی جیاوازی سیاسییانەوە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانەتر کاری لەگەڵدا بکرێت و گرنگتریان ئەوەیە کە زۆر لە بڕیار و هەنگاوە سیاسییەکان هی پەرلەمان و حکومەت بن لە بری ئەوەی هی حزبەکان بن. بە مانایەکی تر: دەبێت هەندێ شت لە ئاستێکی نەتەوەیی و ڕەسمییەوە هەڵوێستی لێ وەربگیرێت. لە بری ئەوەی لە لایەن دوو حزبەوە هەریەك بە جیا و لەمەش خراپتر هەریەك لە دژی ئەوەی تریان. وا دەزانم ئەم ئیشکالییەت و گرفتەی کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا بەر لە شەڕی خۆکوژیش هەبوون، لەگەڵ شەڕی خۆکوژیدا توندتر و ترسناکتر بوون، بەداخیشەوە دوای ڕێککەوتنی ئاشتیش ئەو گیروگرفتە هەروا بەردەوامە.. وەکو گوترا دەبێت مەسەلە چارەنووسسازەکان بدرێنە دەست حکومەت و پەرلەمان. بۆ ئەوەی ئەمەش مومکین بێت، دەبێت پەرلەمان و حکومەت هێز و توانای لە حزبەکان زیاتر بێت. بۆ نموونە: حکومەت یارمەتی دارایی بدات بە حزبەکان، نەك بە پێچەوانەوە. شەرعیەتی دیموکراسی بالادەست بێت، نەك دەسەڵاتی حزبەکان. شتێك لەمانە، کە دەتوانێت یاریدەدەری ئەم گۆڕانکارییانە بێت، بەشداربوونی ڕاستەوخۆی مەسعود بارزانی و جەلال

تاڵەبانییە لە پەرلەمان و حکومەتدا، نەك وەکو ئێستا کە ئەم دوو سەرکردەیە لە دەرەوە و لە سەرووی حکومەت و پەرلەمانەوەن. تەگەرەی تر دەلکێت بە ڕووە کوردستانییەکەی ئەزموونی باشوور و پەیوەندییە کوردستانییەکانی پارتی و یەکێتییەوە هەریەك بە جیا و لە ڕێگەی ئیدارەی کوردییەوە، بە تایبەتی لەگەڵ باکووردا. لێرەدا مەسەلەیەکی هەرە گرنگ هەڵوێستە بەرامبەر پارتی کرێکارانی کوردستان. هەڵبەتە لە لایەکەوە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی ئەوە قبووڵ بکات، کە پ.ك.ك. لە خەباتیدا هیچ حیسابێك بۆ ئەزموون و باری ناسکی ژیۆپۆلیتیکی کوردستانی باشوور ناکات. لە لایەکی تریشەوە هەڵوێستێکی نانەتەوەیی و ناکوردستانییە کاتێك یەکێتی و پارتی، بە تایبەتی ئەوەی دوایی باس لە *سەروەری و ڕەوایی* سنوورەکانی عێراق بکەن. لە کاتێکدا خۆیان لە حاڵەتێکی تردا بە خۆیان ڕەوا دەبینن کە هێزەکانی ئێران و تورکیا بهێنن بۆ ناو خاکی کوردستان و لە نێوان هەڵوێستی ناواقعییانەی پ.ك.ك. و هەڵوێستی ناکوردستانییانەی پارتی و یەکێتیدا، دەبێت شێوەی لەیەکترگەیشتنێکی کوردی — کوردی هەبێت. وا دەزانم ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆ دوای دەرچوونی پ.ك.ك. لە سوریا گرنگی زۆر زیاتر دەبێت، چونکە لەمەودوا تورکیا فشاری زێدەتر و خەستتر دەبێت لەسەر کوردستانی باشوور، بە بەهانەی ئەوەی کە ئەوی دوابنکەی پارتی کرێکارانە. کەچی ئێمە ئەوەش دەزانین، کە ئامانجی سەرەکی تورکیا لە فشارەکەی بۆ سەر کوردستانی باشوور ڕاستەوخۆ ئەزموونی ئەو بەشەیە. (پ.ك.ك.)یش کوردستانی باشوور بەجێ بهێڵێت فشاری تورکیا هەر بەردەوامە، ئەوکاتە بە بەهانەی تر و بە ئامرازی تر (وەکو تورکمان — وەکو بەهانە و ئامراز). تەگەرەی تریان ڕژێمی بەغدایە، بە قەناعەتی من تا ئەو ڕۆژەی کوردستانی باشوور نەبێتە بنکەیەك بۆ چالاکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ئەمریکاییەکان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا، ئەوا دەسەڵاتدارانی بەغدا وەکو خەتەرێکی جیددی تەماشای کوردستانی باشوور ناکەن. بەڵام هەرکاتێك کوردستانی باشوور باوەشی کردەوە بۆ چالاکییەکانی دژ بە ڕژێمی بەغدا،

ئەوکاتە دوور نییە ڕژێم بە موغامەرەیەکی عەسکەریش مامەڵە لەگەڵ کوردستانی باشووردا بکات. وا دیارە هۆشیارییەکی هەستپێکراو هەیە لە لایەن سەرکردەی پارتی و یەکێتییەوە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە. بەهەرحاڵ، ئەگەر ئەمریکا فشار بۆ هێزە کوردستانییەکان بێنێت، کە باوەشی باشوور بکەنەوە بۆ چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەمریکاییەکان، ئەوکات ڕێککەوتنەکەی واشنتۆن بەس نییە بۆ ئەم بارە تازەیەی کە پێشبینی دەکرێت. بۆ پێشەوەچوونێکی لەو جۆرە لە یەکگەیشتنێکی تازەتر پێویستە، کە ئەو تێگەیشتنە سێقۆڵی دەبێت: ئەمریکا و کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. هەندێ لەو خاڵانەی، کە لە لایەنی کوردییەوە دەبێت ببێت بە بنچینەی هەر ڕێککەوتنێکی سێقۆڵی بۆ نموونە:

١) زمانی بەهێزتر و ئاشکرا لە لایەن ئەمریکاوە بۆ کوردستانی باشوور؛

٢) فراوانکردنی ناوچەی ئاساییش تا هەموو ناوچە کوردییەکان بگرێتەوە؛

٣) پێزانینێکی ڕەسمی و بێ سێ و دوو لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بە هەموو داواکارییەکانی نەتەوەی کورد لەبەر ڕۆشنایی هەندێ ڕاستی و دیاردەی نوێی ناو مەیدان.

من وای بۆ دەچم، کە دوای ئەم قەیرانەی دوایی گرنگیدانی ئەمریکا بە ئۆپۆزسیۆن و کورد لە باشوور زیاتر دەبێت و لەوانەشە ئەم پێشەوەچوونە سەر لە هەندێ پرۆژەی سیاسی ئەمریکایی نوێ بدات، کە لەوێدا کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دوو توخمی هەرەگرنگ دەبن. هۆی گۆڕانێکی نوێش لە سیاسەتی ئەمریکادا لەمەڕ مەسەلەی عێراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەرامبەر بە عێراق، جارێکی تریش پیشان درا کە مومکن نییە. ئەمریکا بە زەحمەت پشتگیری بۆ کۆ دەکرێتەوە بۆ کاری عەسکەری بەرامبەر بە عێراق، کەچی ئەوکاتەی پشتگیری پێویست کۆ دەکاتەوە و زەبری سەربازی مومکن دەبێت، عێراق تەنازول دەکات.

وا دەزانم ئەمریکا ڕازی نییە چیتر لەسەر ستراتیژی پێشووی بڕوا بەرامبەر بە عێراق. تەگەرەی تر لە ڕێگای ئەم ئاشتییەدا هێزە

ئیقلیمییەکانن. بێگومان ئەو هێزانە لە ڕووی عەسکەری، ئابووری، سیاسی و دیپلۆماسییەوە کاریگەرییان هەیە. ئەم کاریگەرییە دەکرێت ڕاستەوخۆ و بە تەنیا بێت، یاخود هەرسێ دەوڵەت پێکەوە (تورکیا و ئێران و سوریا) لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی هێزێکی ئیقلیمی (کە زیاتر تورکیا دەگرێتەوە) بە مەبەستی تێکدانی ئەزموونی کوردستانی باشوور لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی. ڕووی دیکەی کاریگەری ئەم هۆکارە ئیقلیمییە لەسەر کوردستانی باشوور بە تایبەتی و کوردستانی مەزن بە گشتی.

بەردەوامبوونی پارتی و یەکێتی لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکان، کە خەسڵەت و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی دەگرێتە خۆی لە لایەك و نەبوونی هیچ جۆرە لەیەکگەیشتنێك و میکانیزمێکی دیالۆگ و پرس بە یەکتریکردن لە ئاستی نەتەوەییدا، بە تایبەت لە نێوان باشوور و باکووردا، هەردەم ڕێگا خۆشتر دەکات بۆ زیادبوونی ڕۆڵی تێکدەرانەی هێزە ئیقلیمییەکان بە تایبەت تورکیا و ئێران تەگەرەیکی ترن کە جارێ ئیحتمالی پێشهاتنی زۆر کەمە، ئەوەیە کە ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی ئەمریکا بە هۆیەك یان هۆیەکی تر کەم ببێتەوە، یان نەمێنێت، ئەمەش هەر نەبێت لە دوو ڕووەوە. یەکەم: کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکا، نەمانی ئەو فشارەیە لەسەر پارتی و یەکێتی کە ئاشتییەکەی مومکین کرد، هەروەها نەمانی زەمانی ئەمریکاییشە و هۆکارێکی سایکۆلۆژی و سیاسییە لە پەیوەستەگی کوردی و عێراقی و ئیقلیمییەوە. دووەم: لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکادا، ڕۆڵی نێگەتیڤانەی هێزە ئیقلیمییەکان زیاتر دەبێت. بەڵام هەروەکو ئاماژەم پێکرد ڕۆڵی ئەمریکا بەرەو زیادبوون و چڕبوونەوە و ئاشکراتر دەچێت، وەکو ئاکامێکی ئەم سێ قەیرانانەی دوو ساڵی دوایی لەگەڵ عێراق، کە هی دواییان لە کاتی ئەم گفتوگۆیەشدا هەر بەردەوامە. ئیحتمالێکی تر کە پێشبینی دەکرێت، ئەمریکا لەمەودوا ڕاستەوخۆ هەوڵ بدات بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەپریلی ١٩٩١ واتە: ژمارەی ٦٨٨ بە توندی بێنێتە گۆڕێ و جەختی لەسەر بکات.

وەڵام٣/ دەتوانرێت ڕێککەوتنی واشنتۆن بە ئاکامی ئەو قەناعەتە دابنرێت، کە لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە دروست بووە: ئیتر هیچ لایەنێك بەهێز ناتوانێت لایەنەکەی تر لەناو بەرێت، یاخود تەواوی ویست و خواستەکانی لەسەر فەرز بکات. لە لایەکی ترەوە ئەم قەناعەتە بەس نەبوو بۆ ئەوەی ئاشتی بێنێتە دی بە بێ هۆکارێکی تازە و چارەنووسساز بۆ مەسەلەی ئاشتی، ئەویش ڕۆڵی ئەمریکا بوو. بە گشتی وای بۆ دەچم، لە مەسەلەی بەیەکگەیشتنی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بازرانی لە واشنتۆن، دەبێت پەنجەش ڕابکێشین بۆ:

١) هەوڵەکانی ئاشتی، کە پێشتر درابوون بە تایبەت ئەوەی مامۆستا عەزیز محەممەد؛

٢) فشاری جەماوەری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان؛

٣) مەسەلەی هەرەگرنگ، کە هۆکارێکە لە ئاستی کوردستانییەوە دەبینرێت، مەسەلەی *هاوسەنگی هێزە*. دوای ئەوەی کە یەکێتی هەولێری لەدەست دا، هاوسەنگی هێز لە ڕووی سیاسی، عەسکەری و ئابوورییەوە بە توندی بە لای پارتیدا شکایەوە، بەڵام دوای گەرمبوونی شەڕی نێوان پ.ك.ك. و پارتی، فشار بۆ سەر پارتی زێدە بوو بە تایبەت لە ماوەی چەند مانگێکی بەر لە ڕێککەوتنی واشنتۆندا. ئەمە و هەندێ هۆکاری تر وایان کرد، کە هاوسەنگی هێز تا ڕادەیەك ئەو شێوازە وەربگرێت، کە تێیدا دیالۆگ لەسەر ئاشتی و هەردوولا مەرجەکانیان بخەنە سەر مێزی باس لەسەر بنچینەی هاوسەنگی گۆڕاو مومکین بێت.

هەڵبەتە ئەو شتەی کە ڕاستەوخۆ ڕێککەوتنی واشنتۆنی مومکین کرد ڕۆڵ و فشاری ئەمریکا بوو. من دوودڵ نیم لە ڕۆڵی فشاری ئەمریکا بۆ سەر پارتی و یەکێتی، ئەم ڕۆڵە هی قسەی خۆش و قەناعەتپێهێنان نەبوو. ئەمە هەرچەندە پارتی و یەکێتی دەیانەوێت خەڵك وا تێبگەیەنن، کە مەسەلەی فشار لە ئارادا نییە. من لەگەڵ ئەم شێوە بۆچوونەی مەسعود بارزانیدا نیم،

که دەڵێت گوایا ئەمریکا پێویستی بە سەرکەوتنێك هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوە ڕۆلی ئاشتیپێکردنیان بینی. مەسەلەکە دەبێت لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی واقعیدا ببینرێت، بەو مانایەی کە ئەمریکا پێویستی بە وەرەقەی کورد هەیە، تاوەکو فشارێکی سیاسی–دیپلۆماسی بەرامبەر بە عیراق بەکاری بهێنێت، دوایی ئەوە دەرکەوت کە ئەمریکا ناتوانێت (یا ڕاستتر بڵێین ناخوازێت) هێزی سەربازی بەرامبەر بە عیراق بەکار بهێنێت. پێم وایە گرنگیدانێکی سەرلەنوێ بە ئۆپۆزسیۆنی عیراق و کردنەوەی ڕادیۆی (عیراقی ئازاد) و کارکردن بۆ هێنانەکایەی ئاشتی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەمووی دەڕژێتە ناو ئەو هەوڵی بۆ فشارخستنە سەر ڕژێمی عیراق.

دەرئەنجام، ڕێککەوتنی واشنتۆن دەرفەتی بۆ کورد ژیاندەوە لە کوردستانی باشوور و قەیرانەکانی یەك لە دوای یەك لە نێوان عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان هێزی نوێی خستۆتە گیانی ئەو دەرفەتە و کاتی زیاتری پێ بەخشیوە. بێجگە لەمەش، پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ ئیدارەی کورد لە کوردستانی باشوور و بوونی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ٦٨٨ و ٩٨٦ دیسان دەرفەتی کورد بەهێزتر دەکەن. لە لایەکی ترەوە تا ئێستا ئەم دەرفەتە بە باشی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی کورد نەقۆزراوەتەوە. ئاشتییەکەی نێوان یەکێتی و پارتی و بگرە پەرلەمان و ئیدارەیەکی نوێ مەرج نییە زامنی ئەوە بن، کە ئەم دەرفەتە بە باشترین شێوە بقۆزرێتەوە. ئەوەی کورد لە باشوور پێویستییەتی، نەك هەر ئاشتییەکە کە تەنانەت هی ڕاوەستانی خوێنڕێژی و وەستانی تەقەی تفەنگ بێت، بەڵکو ئاشتییەکە کە تێیدا پیادەکردنی پرەنسیپە دیموکراتییەکان و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای یاسا و زەمینەتی بە دیالۆگ چارەسەرکردنی گرژییە سیاسییەکان ڕەچاو بکرێن. هاوکات مەسەلەی باوەڕبەیەکتربوون لە نێوان پارتی و یەکێتی و مامەڵەکردنی ئامانج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بە مەسەلەی هەرە بنچینەیی، شتی هەرە گرنگن لە بەرقەراربوونی ئاشتییەکی ڕاست و دروست.

له لایەکی ترەوە پێویستە پارتی و یەکێتی خۆیان لە هاوکێشە و زەینیەتی کوشندە ڕزگار بکەن، کە تیایدا لایەنەکانی ململانێ هەر دەستکەوتێکی لایەکەی تر بە زەرەری خۆی دەزانێت و هەر زەرەرێکی ئەو لایەش بە سوودی خۆی دەزانێت. ئەمە ڕاست و دروست ئەو هاوکێشە و زەینیەتە سیاسییە بوو، کە زاڵ بووە بەسەر پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتیدا و هۆیەکی هەرە گرنگی گرژی و ململانێ بووە لە نێوانیاندا. بە واتایەکی تر: هۆیەکی گرنگی سایکۆلۆژی–سیاسی شەڕی خۆکوژی نێوان ئەم دوو لایەنە بووە. یەکێك لەو شتانەی، کە بە جددی ئاشتییەکەی ئەمڕۆ دەخاتە مەترسییەوە، بەردەوامی ئەم هاوکێشە و زەینیەتەیە لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا. بە پێچەوانەشەوە خۆڕزگارکردن لەم هاوکێشە و زەینییەتە زەمانێکی هەرەگرنگی بەردەوامی ئاشتی و سەرخستنی ئەزموونی کوردە لە باشوور.

# راپرسێك دەربارەی ململانێی (ی.ن.ك.) و (پ.ك.ك.)*

**گۆڤاری *گزینگ* ژمارە ٣٠، زستانی ٢٠٠١**

دەبێ بەر لە هەرشتێك ئەوە دەستنیشان بكەین كە سنووركێشانێكی ڕەها و جوێكەرەوە لە نێوان هۆكارە دەرەكی و ناوەكییەكانی شەڕی نێوان یەكێتی نیشتمان و پارتی كرێكارانی كوردستان كارێكی ئاسان نییە. بە مانایەكی تر شێوەی جیاكردنەوە و ناساندنی هۆكارە دەرەكی و ناوەكییەكان وەكو دوو كۆمەڵە هۆكاری لەیەكتر جیا، لەسەر شێوە بۆچوونی تیۆری و خاڵی لێوەدەرچوونی ئایدیۆلۆژی ئەو لایەنەی یا ئەو كەسەی كە جیاكردنەوەكە دەستنیشان دەكات دەوەستێت. بۆ نموونە: لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونێكی نەتەوەیی—كوردستانیدا دۆزی كورد وەكو پێكهاتەیەكی یەكبوو، كوردستانیش وەكو نیشتمانێكی یەكبووی جوگرافی—ئێتنیكی—سیاسی دەبینرێت. لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەوە، هۆكارە دەرەكییەكان لە هاوكێشەی ناوچەیی — ئیقلیمیدا وڵاتە داگیركەرەكانی كوردستانن و لە هاوكێشەی نێونەتەوەییشدا وڵاتانی تری جیهانن. بەڵام ئەو بۆچوونەی كە لەسەر بنچینەی بە ڕەوابینینی سنوورە دابەشكەرەكانی كوردستان دامەزراوە و دۆزی كورد وەك شتێكی

یەکبوو نابینێ و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ کێشەی کورد لە هەر وڵاتێکدا (تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا) بە جیا چارەسەر بکرێ، ئەوا هۆکاری کوردی یا کوردستانی لە دەرەوەی سنوورەکانی هەر وڵاتێکی داگیرکەر هۆکارێکی دەرەکییە. لە لایەکی ترەوە بە بۆچوونێکی نەتەوەیی و کوردستانییانە هەر هۆکارێکی کوردی یا کوردستانی لە هەر وڵاتێك بێت بە پەیوەندی لەگەڵ پارچەیەك یا پارچەکانی تری کوردستان تەنیا هۆکاری ناوەکین.

ئەوەی لە سەرەوە گوتمان تەنیا گرنگییەکی تیۆری ڕووتی نییە، بەڵکو لە جیهانبینی و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکانی ناو مەیدانی کوردستاندا ئەو دوو شێوە بۆچوونە نەك هەر ڕۆلی گرنگ بەڵکو هەندێ جاریش چارەنووسساز دەبینن. لێرەدا مرۆ دەتوانێ بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەو دوو شێوە بۆچوونە هەندێ پرسیار بکات: ئایا یەکێتی نیشتمانی پێی وایە پ.ك.ك. ئەکتەرێکی دەرەکی (باکووری)یە و بەزۆر هاتۆتە ناوەوەی (باشوور) و نایەوێ بەجێیبهێڵێ؟ یا پێی وایە دەرەوە و ناوەوە نییە و هەمووی هەر خاکی کوردستانە وماڵی نەتەوەی کوردە؟

گومان لەوەدا نییە کە ینك ئەوەی نیشانداوە کە پ.ك.ك لە دەرەوە هاتووە و دەبێ بە هەر نرخێك بێت بچێتە دەرەوە. کەواتە، دەرپەڕاندنی پ.ك.ك لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەکەوە لای ینك بۆچوونێکی چارەنووسسازە. لە لایەکی ترەوە ئاڵۆزی و ناڕوونییەك لە هەڵوێست و سیاسەتی (پ.ك.ك)دا بەرامبەر باشووری کوردستان هەیە. هەر لەو ڕۆژەی لە ئاکامی جەنگی کەنداو و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئەو بەشەی کوردستانەوە دەرفەتێکی مێژوویی هاتە کایەوە. پ.ك.ك خواستوویەتی لەسەر حسێبی ئەو بۆشاییە سەربازی و ئیدارییەی لە باشوور دروست بووە خۆی بەهێز بکات. هەر بۆ ئەو مەبەستەش بوو کە بە توندی بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد و دەکات کە هەر هێزێکی کوردستانی و هەر کەسێکی کورد بۆی هەیە لە هەر پارچەیەك و لەسەر هەر بستە ئەرزێکی کوردستان خۆی ڕێکبخا و کاری

سیاسی و سەربازی ئەنجام بدات. بەڵام پ.ک.ک ئەم بۆچوونەی خۆی تەنیا وەك تاكتیك پیادە كردووە و ویستوویەتی لە ڕێگەی بانگەشەوە بۆ ئەم پرنسیپە، ڕەوایی بە بوونی سەربازی خۆی لە باشووردا بدات و ناڕەوایی بخاتە پاڵ هەوڵەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، دواتر پارتی دیموكراتی كوردستان و ئێستەش یەكێتی نیشتمانی بۆ دەركردنی پ.ك.ك لە باشووری كوردستان. لە ڕاستیدا، لە پراكتیكدا پ.ك.ك بە تایبەت لە ساڵانی هەشتاكان و سەرەتای نەوەدەكاندا، نەك هەر كەمترین ڕادەی تەحەممولی پیشان نەداوە بەرامبەر هێزە كوردستانییەكانی دەرەوەی باكووری كوردستان بەڵكو بگرە كەمترین ڕادەی تەحەممولیشی نەنواندووە بەرامبەر هێزە كوردییەكانی باكووری كوردستانیش (جا بۆ پ.ك.ك چاوەڕوانی لەوە زێتر بێت لە مەر سیاسەتی هێزەكانی باشوور).

دیارە ڕاستییەكانی سەر مەیدانی جوگرافیای سیاسی كوردستان و بارە جیۆستراتیژییەكەی و خۆگونجاندنی هێزە سیاسییەكانی كوردستان لەوانیش پ.ك.ك خۆشی لە ڕووی پراكتیكەوە دژ بەو پرنسیپەی پ.ك.ك خۆیان نواندووە. ئەوەی كە بو نموونە، لە ٩ ساڵی ڕابردوودا ڕاستییەكی ژیۆسیاسی بووە، ئەوە بووە كە ئەو فڕۆكانەی پارێزگاری ڕۆژانەیان لە خەڵكی باشووری كوردستان كردووە، لە توركیاوە فڕیون و توركیاش ڕۆڵێكی گرنگی لە جەنگی دووەمی كەنداو و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر عێراقدا هەبووە. كەواتە دژایەتییەكی گەورەیە ئەگەر لە هەمان باشووردا هێزێك هەبێ و لەوێوە چالاكییە سەربازییەكانی دژ بە توركیا ئەنجام بدات. دژایەتی دووەمیش ئەوەیە كە ئەو زلهێزەی گرنگترین ڕۆڵی لە دوای تەواوبوونی جەنگی ساردەوە هەبووە كە ئەمریكایە، بەهۆی ئەم بارە ژیۆسیاسیەیەوە بەرژەوەندییەكانی تا ڕادەیەك لەگەڵ باشووری كوردستان و بە ڕادەیەكی زۆریش لەگەڵ توركیادا یەكی گرتووەتەوە و لە دۆخی دژایەتیدا بووە لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی كوردستان لە باكوور، بە تایبەتی پ.ك.ك.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كە پ.ك.ك لە هەوڵدانیدا بۆ تێگەیشتن

لەو سیاسەتەی ئەمریکا و هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی، خۆی بە هەندێ بەها و چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی زەمانی جەنگی ساردەوە گرێداوە. بەو پێیە وا تێدەگات ئەوەی کە ئەمریکا لە باشوور کردوویەتی و دەیکات پیادەکردنی پیلانێکی ئیمپریالیستییە و نابێت ئەکتەرە کوردییەکان بە پێی ئەو پیلانە بجووڵێنەوە. بەڵام ڕوانگە سیاسییەکە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بەو لێکدانەوە یەکلایەنی و کاتبەسەرچووە ببینرێت و شی بکرێتەوە.

لە ڕاستیدا پێکهاتەی هاوکێشە سیاسی و ستراتیژییەکەی دوای جەنگی دووەمی کەنداو شێوەی سێگۆشەیەکی وەرگرتووە کە سەرێکی ئەمریکا و تورکیایە، سەرێکیشی باشووری کوردستان و سێیەمیشی بریتییە لە پ.ک.ک. پەیوەندییەکانی نێوان هەر سەرێکی ئەم سێگۆشەیە و سەرێکی تری یا دوو سەرەکەی تر سادە و نەگۆڕ نین، بەڵکو لە گۆڕانێکی بەردەوامدان (دوژمن دەبێ بە دۆست (وە بە پێچەوانەش)، ئەکتەرەکان جێگە دەگۆڕن و دروشمە ستراتیژی و هاوپەیمانییەکان لە گۆڕانێکی بەردەوامدان)، دیارە ئەم میکانیزمە پڕ لە گۆڕان و دراماتیکییە تا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی و هەڵوێستی نێوان هێزە کوردییەکان. پ.ك.ك لە بوون و هەڵسوکەوتی ٩ساڵی ڕابردوویدا بەردەوام ویستوویەتی بوونی خۆی لە باشووردا وەکو فشارێك بۆ سەر ئەمریکا و تورکیا بەکار بهێنێت و پیشانی بدات کە دەتوانێت لەسەر ڕێگەی بەجێهێنانی پلانەکانیاندا کۆسپ و تەگەرە بێت. ئەم هێزە دەیخواست لە ڕێگەی ئەو بوون و فشارەیەوە بە زۆرەملیش بێت وا لە لایەنەکان بکات حسێبی بۆ بکەن. تا لەسەر ئەو بنچینەیە بتوانێ هاوکێشە سیاسی—ستراتیژییەکە لە بەرژەوەندی خۆی ڕێك بخاتەوە. بەڵام بە بۆچوونی من بوونی پ.ك.ك لە باشووردا زێتر دەربڕی ئەو قەیرانەیە کە ئەو هێزە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانەوە خۆی تێی کەوتبوو. فشاری پ. ك. ك لە باشوور بە درێژایی ئەو ساڵانە بە هیچ شێوەیەك بە قازانجی خۆی تەواو نەبووە. ئەگەر ئەمە بە مانای فشاری ناڕاستەوخۆ بووبێت بۆ

چۆکدادان بە تورکیا یا هەرنەبێ بۆ سەرئێشە دروستکردن بۆی، ئەوا دیسان مەبەستی خۆی بەدەست نەهێناوە. ڕووداوەکان بە پێچەوانەوە بەسەر (پ.ك.ك)دا شکاونەتەوە:

١) فشارەکە لە زەرەری باشوور بووە و لە ئاکامدا لە قازانجی تورکیا تەواو بووە؛

٢) نەك هەر تورکیای بێهێز نەکردووە بەڵکو ڕۆلی تورکیای زێدەتر کردووە، بە تایبەتی لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا خۆی و ئەمریکادا. فشاری پ.ك.ك لە باشوورەوە، بەرامبەر تورکیا، لە کاریگەرترین دۆخدا، لە هاوکێشەی ستراتیژیدا ناکرێ شتێك بێ، چونکە شەڕی پ.ك.ك لە باشوورەوە دژی تورکیا شەڕێکە لە ڕۆخی ڕۆخەوە ئەنجام دەدرێت، واتە باشوور دەبێتە ڕۆخی باکووری کوردستان کە ئەمیش بە دەوری خۆی ڕۆخی تورکیایە. بە هەمان شێوە فشاری پ.ك.ك لە باشووردا بە هیچ شێوەیەك نەیتوانی ببێتە فشار لەسەر ئەمریکا، بەڵکو ئاکامێکی ئەو سیاسەتەی پ.ك.ك زێتر خەستبوونەوەی پەیوەندییەکان و یەکخستنی بەرژەوەندییەکان و پتر لەیەکگەیشتنی تورکیا و ئەمریکا بوو، لە دژایەتیکردنی (پ.ك.ك)دا.

لە لایەکی ترەوە، ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە سیاسەتی ینك و پدك سەبارەت بە ئەزموونی باشوور و مەسەلە نەتەوەییە گرنگەکان دروست و بەرپرسیارانە بووە. یەکێتی نیشتمانی و زۆر بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە قبووڵکردنی خاڵی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی تورکیا لە پرۆسەی ئاشتی نێوانیاندا، بە تایبەتی پەیمانی واشنتۆن، لە ڕووی پرنسیپەوە ئەوەیان قەبووڵکردووە و کاریشیان بەو پرنسیپە کردووە کە بە زۆری چەکیش بێت پ.ك.ك لە باشووری کوردستان دەرکەن. ئەمەش ئاوی گۆمە شێواوەکەی باشووری کوردستانی شێواوتر کردووە. پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر هۆی تایبەتی خۆی، بە ڕاشکاوی و بە بەردەوامی ئەوەی دەربڕیوە کە پ.ك.ك *لە دەرەوە هاتووە* و دەبێ خاکی باشووری کوردستان بەجێبێڵێ و بچێتە دەرەوە (بۆ باکووری کوردستان). ئەگەر یەکێتی و پارتی

بیانوویان ئەوە بووبێ لە دەرکردنی پ.ك.ك کە گوایە بوونی ئەو هێزە لەو پارچەیەی کوردستان ئەزموونی ئەو بەشە دەخاتە مەترسییەوە، ئەوا ئەو بیانوویە کەمترین ڕادەی ڕاستی و ڕەوایی تیادا نییە، چونکە ململانێی یەکێتی و پارتی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا زیاتر زیانی بە ئەزموونی باشوور نەگەیاندبێ کەمتری نەگەیاندووە.

بە مانایەکی تر ئەگەر پارتی و یەکێتی ئەوەندە خەمخۆری باشوور و ئەزموونەکەین ئایا بۆ خۆیان ماوەی پێنج ساڵە کەوتوونەتە گیانی یەکتر و جەستەی هەرچی دیاردەی نەتەوەیی و نیشتمانیشە پارچەپارچەیان کردووە؟ بەڵام بەرامبەر ئەمەش چەوتی و کورتهێنانی سیاسەتی پارتی و یەکێتی لە باشووری کوردستان، بە هیچ شێوەیەك مانای ڕەواییدان نییە بە بوونی پ.ك.ك لەو بەشەی کوردستان: بوونی پ.ك.ك لە باشوور، نە قازانجی بۆ ئەزموونی باشوور هەیە و نە خێریشی بۆ باکوور تێدایە، بەڵکو ئەو بوونە زەرەربەخشینە بە هەردوو ڕەهەند..

جگە لە باری ژیۆسیاسی کوردستان، سیاسەتی پ.ك.ك خۆیشی، هەرنەبێ لە دوو ساڵی دوای دەسگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نەك هەر لە ڕاستی دروشمی ئەو حزبەی (کە گوایە "هەر هێزێکی کوردستانی و هەر کوردێك دەکرێ لە هەر پارچەیەکی کوردستان و لە هەر کوێیەکی ئەم وڵاتە ببێ و خەبات بکات") دەرنەخست، بەڵکو سیاسەتی ئەم حزبە بە تەواوەتی دژ بەم پرنسیپە تەواو بوو! لەوەی پێی دەگوترێ ستراتیژی نوێی پ.ك.ك کە ئەو حزبە بە ڕاشکاوی دەخوازێ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا لە چوارچێوەی یەکگرتوویی ئەم وڵاتەدا بکرێ. ئەم ستراتیژە، بە کردار، ڕێك هیچکردنی لایەنە کوردستانییەکەی (پ.ك.ك)یە کە ساڵانێکە بانگەشەی بۆ دەکات. کەواتە هەرنەبێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا بوونی پ.ك.ك لە باشوور تاکتیکێکە و لەگەڵ ستراتیژی هێزەکانی باشوور و ستراتیژی نوێی خۆشی یەك ناگرێتەوە، بەڵکو لە پەیوەندییەکی دژایەتیدایە لەگەڵیاندا.

بە چڕکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە گوترا، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: نە

بۆچوونی پ.ك.ك دەربارەی باشوور کە لە لایەن ئەم هێزە خۆیەوە بە کردار ڕاستییەکەی نوێنراوە، دروست بووە و نە بۆچوونی یەکێتی و پارتیش لەمەڕ مامەڵەکردنیان لەگەڵ بابەتی ئەزموونی باشوور و (پ.ك.ك)دا.

هەڵبەتە لە تێگەیشتنی هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکانی شەڕی نێوان پ.ك.ك و (ینك)دا، دەبێ هەوڵی پێکەوە بینینی ئەو هۆکارانە بدرێ، بەو مانایەی کە سەرچاوەی ئەم هۆکارانە، یا هەرنەبێ کاریگەری نێگەتیڤانەیان لە یەك جۆرە سیاسەتەوە هەڵدەقوڵێ ئەویش نامۆیی پرەنسیپی ستراتیژی کوردستان و کوردستانیبوونە. لە ڕاستیدا نە هەڵوێستی حزبەکان بەرامبەر یەکتر نێگەتیف و بە خوێنڕشتن تەواو دەبێ و نە هێزە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکانیش دەتوانن ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤە ببینن ئەگەر سیاسەتی هێزە کوردستانییەکان سیاسەتێك بێ لەسەر بنچینەی ستراتیژی کوردستانی / کوردستانیبوون داڕێژرابێت. بە پێچەوانەی ئەم سیاسەتە کوردستانییەشەوە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەر شتێ بکەن کاردەکەن لە پێناوی مانەوەی بەرژەوەندییە تەسکەکانیاندا، لەو حەڵەتەدا هیچ ڕێگرێك لە بەردەمیاندا نامێنێ لە بەکارهێنانی چەك بەرامبەر هێزێکی تر، یان تەنانەت لە هاوکاری و هاوپەیمانیش لەگەڵ هێزێکی داگیرکەردا بۆ لێدان و لەناوبردنی هێزێکی تری کوردی. کەواتە دەکرێ ڕۆلی نێگەتیڤانەی زۆر لە هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکانی درێژبوونەوە و ڕەنگدانەوەی پراکتیکی هەمان سیاسەتی خۆپەرستی هێزە کوردییەکان بێت. بە باوەڕی من یەکبوونی ئەم هۆکارانە لەم ساڵانەی دواییدا، بە جوانی دەرکەوتووە: کاتێ پارتی و یەکێتی (بە تاك یا کاتی خۆی بەیەکەوە لە چوارچێوەی حکومەتی ئیقلیمی کوردستاندا) ویستیان بە فشار و ڕۆلی کاریگەرانەی تورکیا و ئەمریکا، پ.ك.ك لە باشووری وڵات دەربکەن. لێرەدا ڕۆلی ئەمریکا و ڕژێمی ئەنقەرە (کە پێیان دەبێژین هۆکاری دەرەکی) لە سیاسەتی ئەو دوو هێزە (پارتی و یەکێتی)دا بە هیچ جۆرێك جیا ناکرێتەوە. بە تایبەتی شێوەی بۆچوونیان بۆ دۆزی کورد و نیشتمانی کورد. کە ئایا دوو دیاردەی

پارچەپارچەن یان یەکگرتوو؟ ئایا تاران و ئەنقەرە و دیمەشق پایتەختی وڵاتانی داگیرکەرن یان چەند وڵاتێکی دراوسێ؟

ئەگەر یەکێتی و پارتی بە هێزی خۆیان یا بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ تورکیادا پ.ك.ك دەربکەن، ئەوا هەردوو حاڵەتەکە دەربڕی هەمان بۆچوونی ئەو دوو حزبەن: پ.ك.ك بە هەر نرخێك و شێوەیەك بێت دەبێ باشوور بەجێبهێڵێ، چونکە باشوور مەیدان و وڵاتی ئەم حزبە نییە. بەرامبەر ئەمەش پ.ك.ك تەنیا مانەوەی لە باشووردا بە گرنگ دەزانێت، هەر وەك پێشتر گوترا ئەگەرچی ئەم مانەوەیەش لەسەر حسێبی ئەزموون و ئارامی و چارەنووسی باشووریش بێت.

هەروەها، دەتوانرێ پەنجە بۆ هەندێ هۆکاری تری گرنگ ڕابکێشرێ کە بەستنەوەیان بە باری ژیۆسیاسی و مەودا و بواری چالاکی و حەوانەوەی هێزە سیاسییەکانەوە پڕ ماناتر دەبن و ڕۆڵی کاریگەرانەیان زێتر دەبێ. هەڵبەتە لە پێش ئەم هۆکارانە و لە هەموویان گرینگتر مەسەلەی کولتووری سیاسی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە. لەم کولتوورە سیاسییەدا ڕەوشت و تەقلیدی دیموکراسییانە و تەحەممولکردنی یەکتر (tolerance) و دیالۆگی ئارام کزن و بە باشی لە ناو هەڵسوکەوتی ئەم هێزانەدا جێگەی خۆیان نەکردووەتەوە. ئەم هێزانە کە ساڵانێکی زۆرە بە هێزی چەك لە مەودایەکی جوگرافی – سیاسیدا، جێگەی خۆیان کردووەتەوە و هەریەکەیان بە پەیوەندی لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان، ناسنامەیەکی بۆ خۆی بەرهەم هێناوە، بە هەمان چەك ئامادەن لە بەرامبەر یەکتریشدا ئەم مەودا جوگرافی–سیاسی و ناسنامەیە بپارێزن.

بە بڕوای من، مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ مەسەلەی کولتووری سیاسی هێزە سیاسییەکان ببەستێتەوە بە بۆچوونی هێزە کوردستانییەکان لەمەڕ مەسەلەی یەکبوون یا پارچەپارچەبوونی کوردستان و دۆزی کورد. بە مانایەکی تر، پرسیار ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك هێزە کوردستانییەکان تەحەممولی یەکتر دەکەن؟ ئەوە دەکەوێتە سەر، یەك: بوون یا نەبوونی

(بێهێزی یا بەهێزی) نەریتی دیموکراسی لای ئەم هێزانە؛ دوو: شێوەی دیتنی یەکتر، بەو مانایەی کە ئایا هەریەك لەم هێزانە تەنیا خزمەتی هەندێ ئامانجی سنووردار دەکا و خۆی بە هەندێ ئامانجی سنووردار و پارچە زەوییەکی دیاریکراو/ناوچەیەکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە و دەناسێ یا بە پێچەوانەوە ناسنامەی خۆی بە تەواوی کوردستان و ئامانجیشی بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە گرێ دەدات؟

مرۆڤ دەتوانێ ئەو دوو خاڵەی سەرەوە کە لە سێ شێوەی جیاجیادا دەربڕێ، لە هاوکێشەیەکی دینامیکیدا بەیەکەوە ببەستێتەوە و بیانخاتە ڕوو، کە بە پێی کولتووری سیاسی و دیدی نەتەوەییانە یا پێچەوانەکەی (نانەتەوەییانە/ناکوردستانییانە) پەیوەندی هێزە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتردا، شێوەیەکی تایبەتی لەم سێ شێوەیە دەگرنە خۆ یان دەکرێ بگرنە خۆ:

شێوەی یەکەم: حزبی (ا) وا دەزانێ کە هەر سەرکەوتنێکی حزبی (ب) شکستە بۆ ئەو، شکستەکانیشی سەرکەوتنە بۆ خۆی.

شێوەی دووەم: حزبی (ا) وا دەزانێ نە سەرکەوتنی حزبی (ب) بە زەرورەت شکستە بۆ ئەم، نە شکستەکەشی سەرکەوتنە بۆ خۆی.

شێوەی سێیەم: حزبی (ا) وادەزانێ کە هەر سەرکەوتنێکی حزبی (ب) کە هێزێکی کوردییە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت بنچینەیەکە بۆ سەرکەوتنی کورد، شکستەکەشی شکستە بۆ کورد. واتە بە مەنتیقێکی ئەرەستوویی سەرکەوتنەکانی (ب) سەرکەوتنیشە بۆ (ا) یان بە پێچەوانەوە شکستەکانیشی شکستن بۆ ئەم. بە مانایەکی تر، پێوەری قازانج و زاینی(ا) و (ب) بە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا، بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و دۆزی کوردستانە و هیچی تر.

دەتوانین بڵێین لاوازی نەریتی دیموکراسی و نامۆیی یەکتر تەحەممولکردن (بە تایبەتی کە مەودای جوگرافی لە نێوانی هێزەکاندا لادەچێ یان سفرە) لە پەیوەندی هێزە سیاسییەکاندا، لە هەڵوێستیاندا

بەرامبەر یەکتر، هەروەها قبوولکردنی سنووره دابەشکەرەکانی کوردستان و لەوەش خراپتر نەریتی ناوچەگەری تەسك و لاوازی بیروباوەڕی نەتەوەیی وایکردووە کە شێوەی یەکەم لە هاوکێشەی پەیوەندییەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان زاڵ بێت.

هەڵبەتە باشترین شێوەی هاوکێشەی پەیوەندییەکان، کە دەبێ بەردەوام خەباتی بۆ بکرێ، شێوەی سێیەمە کە پرنسیپ تیایدا گیانی دیموکراسی و نەریتی کوردستانیبوونە. بەڵام تا هێزەکان لە پەیوەندییەکانیاندا و لە جیهانبینییەکانیاندا دەگەنە شێوەی سێیەم، پێویستە بە شێوەی دووەمدا تێپەڕ ببن، کە ئەمەش کات و وزە و خەباتی زۆری دەوێ. دیارە گەیشتن بە شێوەی دووەمیش خۆی لە خۆیدا هۆیەکی گرنگی کەمکردنەوەی گرژییە لە پەیوەندییەکاندا.

لە ڕاستیدا کاتێ کە شێوەی یەکەم لە پەیوەندییەکان باڵادەست بێت، هێزەکان لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەکتردا لە شەڕێکی سارددان، گۆڕانی ئەم شەڕە لە ساردەوە بۆ گەرم تەنیا پڕیشکە ئاگرێکی چکۆڵەی بەسە.

وا دەزانم لە کەشوهەوایەکی سیاسیدا کە میلیتاریزم، کورتهێنانی نەریتی دیموکراسی، نەبوونی دیالۆگ، ڕەتکردنەوەی ئەویتر و نەبوونی چوارچێوەیەکی فراوان تیایدا باڵادەست بن، ئەوا ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم شەڕە هەر لە ئارادا دەبێ و ڕێگەش بە شەڕی خۆکوژی داهاتووش ناگیرێ. باشترین بنەما بۆ ئاشتییەکی کوردستانی، نەریتی دیموکراسییە. زەمانەتیش خۆگرێدانە بە هەندێ بەهای نەتەوەیی—کوردستانییەوە: یەکەمیان قبوولکردنی یەکتر، دووەمیان پرنسیپی (شکستی هەر هێزێکی کوردستانی شکستە بۆ هێزەکانی تر یا پارچەکانی تر). ئەم پرنسیپە زامنێکی هەرە باشە بۆ ئاشتی و هاوئاهەنگی لە هەڵوێستدا. بۆ نموونە، دەبێ پ.ك.ك بگاتە ئەو بڕوایەی کە شکستی ئەزموونی باشووری کوردستان شکستە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد. لە هەمان کاتدا دەبێ پارتی و یەکێتیش بگەنە ئەو بڕوایەی کە ناتوانن وا بە ئاسانی پ.ك.ك لە تێکچوونی ئەزموونی باشووردا گوناهبار

**بكەن، چونكە خۆیان بەر لە هەر هێز و لایەنێكی تر لە شكستی ئەزموونی ئەو بەشەی كوردستان بەرپرسن.**

**بە مانایەكی تر، تا ئەو ڕۆژەی هێزە سیاسییەكانی كوردستان لەسەر هەندێ پرنسیپ وەكو هێڵی سوور (پێوەری نەتەوەیی—كوردستانی) ڕێكنەكەون، ئەوا دەرگای پشتبەستن بە داگیركەر لەسەر پشت دەبێ و براكوژیش بەردەوام.**

---

***★ ئەم نووسینە لە سەرەتا گفتوگۆیەك بووەو لە مانگی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٠ لە سایتێكی كوردیدا بڵاو كراوەتەوەو گفتوگۆكە لە لایەن خوالێخۆشبوو (گۆران قەرەداغی)یەوە ئەنجام درابوو، وە سەرنجی خوێنەر رادەكێشین كە گفتوگۆكە دەرئەنجامی كردنی كۆمەڵێ پرسیار بوون. بۆ گونجاندنی گفتوگۆكە بۆ گۆڤاری (گزینگ) پرسیارەكان لابراون.***

# پاشکۆ

# راگەیاندنی کۆنفرانسی دووەمی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان — سوید

## لە مەر هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرە

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دوای هەوڵێکی زۆر، چەندین پەیوەندی و کۆڕ و کۆبوونەوە و بانگەشەی میدیایی لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی دووەم — ژەنیوەری ١٩٩٦دا، بە بەشداربوونی ٧٥ کەس لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید دامەزرا.

بارودۆخی ئەو دەمە: کۆتاییهاتنی سەردەمی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێی جیهانی، ناکارامەیی سیاسەتی سەرکردایەتی پارتە کوردییەکان (لەدەستدانی دەرفەتی دوای جەنگی کەنداو و ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان)، فەتیسکردنێکی گشتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە چوارچێوەیەکی تەنگی دەسکەوتی پارتایەتی و شەڕی براکوژی و سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داگیرکەران لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی بزاڤەکە، هێمایەك بوون بۆ پێویستی بزاڤێکی نوێی کوردستانی سەربەخۆ و سەرانسەری.

دۆزی هاتنەکایەی ئاوەها بزاڤێك لە ناو کوردە ڕۆشنبیر و کوردپەرەوەرە ناحزبییەکاندا بووبووە مەکۆی مشتومڕ و دیالۆگێکی تا ڕادەیەك فراوان، کە هێدی هێدی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی لە سوید لێ ڕسکا. پێشتر

چەندین ڕێکخراوی دی: کۆنگرەی گەلی کوردستان لە بەریتانیا، کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان – فینلاند – جەواد مەلا – دامەزرابوون. ئەو ڕێکخراوانە کەم و زۆر کاریگەرێتییان لە پرۆسەی هاتنەکایەی کۆنگرەدا لە سوید هەبوو، بە تایبەتی کۆنگرەی گەلی کوردستان لە بەریتانیا.

(ك.ن.ك. – سوید) هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە یەکگرتنی ئەو کۆنگرانەی لە کۆنگرەیەکی گشتی و فراواندا پێ ئەرکێکی نیشتمانی پیرۆز و پێویست بوو. بۆیە دوای چەندین پەیوەندی و هەوڵێکی زۆر توانرا هەنگاوی یەکەم لەو بوارەدا بهاوێژرێ و ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان کۆنگرەکانی بەریتانیا، فینلاند و سویددا لە ٦ی شوبات – فێبریوەری ١٩٩٧دا مۆر بکرێ و بڵاو بکرێتەوە، کە ئیدی بەداخەوە سەرەڕای هەوڵێکی زۆری کۆنگرەمان بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونی یەکگرتنە، نە ڕەفتاری پێکرا و نە هەنگاوێکی تری بە دوادا هات.

دوابەدوای ئەو ڕێککەوتنە سێقۆڵییەمان پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (پ ك د و) بە ئەکتیڤی کەوتە بانگەشەی دامەزراندنی کۆنگرەیەکی کوردستانی سەرانسەری، زۆربەی کەسایەتی و گروپ و پارتە سیاسییەکانی بە کۆنگرەشمانەوە بۆ ئەو مەبەستە دەنگکرد. کۆنگرەمان سەرەڕای تێگەیشتنی مەبەست و پێزانینی ڕۆڵی (پ ك ك) تێیدا، بە دەم بانگەوازەکەوە چوو، لە کۆبوونەوەی برۆکسلی کۆتایی مانگی مایسی ١٩٩٧دا لە ڕێگەی نوێنەرێکەوە ئامادە بوو. دواتر کۆنگرەمان باری سەرنج و داخوازییەکانی خۆی لە ١٥ی تشرینی یەکەم – ئۆکتۆبەری ١٩٩٧دا بە نامەیەك پێشکەش بە (پ ك د و) و بانگەشەکەرانی کۆنگرە سەرانسەرییەکە، کە ئێمە بە پرۆسەی برۆکسل ناوی دەبەین، کرد. لەو نامەیەدا:

یەکەم: جەختێکی زۆرمان لەسەر پرنسیپی سەربەخۆیی، کوردستانی، یەکبوونی دۆزی کورد، هاوخەباتی و هاوئاهەنگی نەتەوەی کورد کرد.

دووەم: داوای سەبەرخۆیی تەواوی ئەو پارت و گروپ و تاکەکەسانەمان

کرد که له دامەزراندنی کۆنگرە سەرانسەرییەکەدا بەشداری دەکەن، لەگەڵ وەڵامدانەوەی نامەکان. چونکە پێمان وابوو هیچ پارت و ڕێکخراو و دەستەیەك بە کۆڵێ پەیوەندی و وابەستەگییەوە بە ڕژێمە داگیرکەرەکانەوە، ناتوانێ نەك هەر بەردی بناغە، بەڵکو مشتی خۆڵیش بێ لە پرۆژەیەکی نەتەوەیی کوردستانی ڕاستەقینەدا.

(پ ك د و) نامەکەی کۆنگرەمانی پشتگوێ خست و کۆنگرەشمان لە پێناوی ڕێزلێنانی پرنسیپە کوردستانییەکان و سەربەخۆییدا، کە دەبوو بەردی بناغە بووبان، چیدی بەشداری نەکرد.

پرۆسەی برۆکسل بە هەمان ناوی کۆنگرەمانەوە (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) کۆنگرەیەکی لێ کەوتەوە، کە بە ناوی کوردستانی و سەربەخۆییەوە عیراقی، ئێرانی، تورکیایی و تەنانەت هەرێمچییانیشی گرتەخۆ و بۆتە بەشێك لە تاکتیکی لایەنێك و لەسەر ئاستی یەك وڵاتی داگیرکەر، بە پانتایی سیاسەتێکی ناکوردستانییانە، پیادە دەکرێت، ئەو کۆنگرانەش کە ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ کۆنگرەماندا مۆر کردبوو، ك.گ.ك — بەریتانیا مەحف بووەوە، (ك.ن.ك)ەکەی جەوادی مەلاش بێ دوعاخوازی خۆی کێشایەوە.

ئەو دەرفەتەی شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان ڕەخساندیان ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستتەنگتر دەبێ، شەڕی ڕاستەوخۆی کوردکوژی تەنیا دۆخەکەی لە گەرمەوە گۆڕدراوە بۆ سارد و هەمیشە تەقینەوەی لە ڕەگی بناگوێ نزیکترە. ڕووداوەکان تێکڕا، بە تایبەتی لە تورکیا و باکووری کوردستان پەیتا پەیتا ڕاستی و دروستی دۆزی بزاڤێکی کوردستانی سەربەخۆ دەسەلمێنن. ئەمڕۆ هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر لە ئالی تیۆرییەوە لەوە گەیشتووە کە سەرفرازی نیشتمانی بە پارت و ڕێکخراوی ناسەرفراز، هەرێمخواز و کەم و زۆر وابەستە بە داگیرکەرانەوە فەراهەم نابێ، کەچی لە ئالی پراکتیکدا کوردستانیبوون و ئازادیخوازی تەنیا کەفوکوڵێکی کاتی و هەڵچوونێکی کەمخایەنی دوای ڕووداوێکی جەرگبڕ.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانیش لە سوید نەك هەر وەك پێویست گەشەی نەکرد، بەڵکو لە گەڵێ ڕووەوە، بە تایبەتی لە ئالی ڕێکخستن و چەندایەتییەوە هەر بەدوادا هاتووە. ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی زیاد لە ٤ ساڵان بەسەر کۆنفرانسی دامەزراندنیدا بە بەشداری ٧٥ ئەندام، لە کۆنفرانسی دووەمدا بە ئامادەبوونی تەنیا ١٤ ئەندام، دوای مشتومڕ و دیالۆگێکی دوورودرێژ، دوای گەلێك پێشنیاز و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو قەیرانەی تێی کەوتووە، هیوابڕاو دەبێ و زۆربەی زۆری دەنگ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دەدا.

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان — سوید لە کۆنفرانسی دووەمیدا، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوێکە لە هەلومەرجێکی هەڵچووی سەردەمێکدا هاتۆتەکایەوە کە پتر هەست و سۆز و دڵسۆزی بۆ نیشتمان تێیدا هۆکاری کاریگەر و بڕیاردەر بووە، تا بیر و دۆز و توێژینەوەی پلانێکی سیاسی زانستی، نەك بڕیاری پاشەکشەکردن لە دۆزی کوردستانی و سەربەخۆیی و سەرانسەری بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمان.

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (ك ن ك — سوید) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوێکە کە نەدەکرا لە بارودۆخێکی هەم گشتی و هەم تایبەتی پاسیڤدا مەرجەکانی گەشەکردنی بەرەو کۆنگرەیەکی سەرانسەری پڕبەپڕی ناوەکەی بۆ دابین بکرێ، بۆیە کۆنفرانسی دووەم بە ئازایەتییەکی سیاسی و هۆشمەندییەکی نیشتمانییەوە هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژارد لە بەرامبەر درێژەپێدانی ناوێکی پیرۆز و ناوەرۆکێکی لاوازاد، کە سەرەنجام ئەزموونێکی تاڵ و مێژوویەکی ترسێنەر بە میرات بەجێبهێڵێ. لێرەدا دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە هەڵەوشاندنەوەی (ك ن ك — سوید) بە هیچ شێوەیەك، تەنانەت بۆ بەشدارانی بڕیارەکەش مانای ماڵئاواییکردن ناگەیەنێ لەو پرنسیپ و بیرۆکانەی کە کاتی خۆی لەبەر ڕۆشناییاندا کۆنگرە دامەزرا.

کۆنفرانس، هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی گۆنگرەی نەتەوەیی کوردستاندا، بە گشت کوردستانییەکی ئازادیخواز ڕادەگەیەنێ، کە

هەرچەندە هەڵوەشاندنەوەی هەر ڕێکخراوێك کەم تا زۆر کارێکی نەگەتیف دەکاتە سەر سایکۆلۆژی دۆستانی ڕێبازی ڕێکخراوەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆنگرە بە نیازی هەوڵدان بۆ چەسپاندنی تێگەیشتن و تێڕوانینێکی نوێ بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد هاتبووە مەیدانەوە و ئێستا کە بەهۆی ئەو هۆکارانەی لەم ڕاگەیاندنەدا هێمایان بۆ کران، ئەو ڕۆڵەی پێ ناگێڕدرێ، هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەی پێخستنە سەرپشتی دەرگایەکی نوێیە بۆ دیالۆگێکی نوێی بەرفراوانتر و زانستییانەتر، بۆ ڕەخساندنی مەودایەکی دی بۆ هەموو ئەو کوردستانییانەی داهاتووی نیشتمانەکەیان مەبەستە.

**کۆنفرانسی دووەمی**

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – سوید**

**٢٩ی نیسان – ئەپریلی ٢٠٠٠**

## نووسـەر لەچەند دێڕێکدا

• ساڵی ١٩٥٦ لە باشووری کوردستان هاتۆتە دنیاوە.

• بەشی زۆری ژیانی خۆی لە شارۆچکەی دیانای سەر بە ڕەواندز بردۆتەسەر.

• ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ بەشی مێژووی لە زانکۆی موسڵ تەواوکردووە.

• لە ساڵی (١٩٨٣)وە لە سوید دەژی.

• ساڵی ١٩٩٥ خوێندنی باڵای تەواوکردووە بە تێزێکی دکتۆرا دەربارەی بابەتی کورد لە سیاسەتی زلهێزەکاندا.

• ژمارەیەك لێکۆڵینەوە و وتاری بە زمانی جیاجیا بڵاوکردۆتەوە.

ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی (لوند)ی سوید.